پڕۆژەی تیشك

٢

TISHK
تیشك

نەزانیی و بێشەرمیی

بەشێك لە چەواشەکارییەکانی
مەریوان هەڵەبجەیی
لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا

عومەر کەمال دەروێش

چاپی سێـیەم

٢٠٠٦

www.tishkbooks.com

پرۆژەی تیشک

نەزانیی و بێشەرمیی

بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی

لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا

عومەر كەمال دەروێش

ناوەڕۆك

پێشەكی پڕۆژەی تیشك
پێشەكی
بەشی یەكەم: دەستكاریی كردنی دەقەكان و شێواندنیان
بەشی دووەم: وتە لاوازو بێ بنەماكان
بەشی سێیەم: پێغەمبەران و خێزانەكانیان تۆمەت و خراپە خستنە پاڵیان
بەشی چوارەم: ناڕێكی و دژایەتی لە نێوان نووسینەكانیدا
سەرچاوەكان

ناوی کتێب: نــەزانیی و بێشــەرمیی بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شــەرع و ژن)دا.

نووسەر: عومەر کەمال دەروێش.

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

چاپ: سێیەم

تیراژ: ٢٠٠٠

ژمارەی سپاردن: ٢٠٨ ساڵی ٢٠٠٦.

بەناوی خوای گــەورەو میهرەبان

پێشەکی پرۆژەی (تیشك)

جێگای دڵخۆشی بوو, کە یەکەم بەرهەمی پرۆژەی تیشك (بە ئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە, یان هەڵەنامە ؟) دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە ناوەندە رۆشنبیریی و ئەکادیمییەکان و خوێنەرانێکی زۆر دەستخۆشییان لێکردین و هانی بەردەوامبوونیان داین.

ئەم دەنگدانەوە و پێشوازیلێکردنە, بەڵگەی واقیعیبوون و پێویستیی گۆرەپانی رۆشنبیری کوردییە بەم جۆرە پرۆژانە, هاندەری ئێمەش بوو بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو ئەرکو ئامانجانەی, کە لە سەرەتای پرۆژەکەدا رامانگەیاند.

بە پێویستی دەزانین دووپاتی بکەینەوە, قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆژەیەمان بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەو نەزانینانەیە, کە بەبێ بەڵگە لەسەر ئایینو مێژوو کولتووری کوردیی دروست دەکرێنو بە شێوازێکی بابەتییو زانستییانە, موناقەشەی راو بۆچوونەکان دەکەین و بێ دەمارگیریی, وەڵامیان دەدەینەوە.

وەڵامی "نەزانیی و بێشەرمی..." دووەم بەرهەممان دەبێت, هەرچەندە لە بەرنامەدا نەبوو بەو خێراییە وەڵامی (مەریوان) بدرێتەوە، چونکە کتێبەکەی لە لاوازترینی ئەو نووسینانەن, کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا, بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام بڵاوکراونەوە، بەڵام ئەو هەڵڵایەی لە سەری دروستکراو قەبەکردنی نووسەر و کتێبەکەی, بە مەرامی سیاسیی، هاندەرمان بوون, کە تۆرە برِی بۆ بکەین. هەڵبەتە کەسایەتیی مەریوان و بابەتەکەی، پێش ئێمە زۆریان لە سەر نووسرا، نەك لەو هەلانەی بەرامبەر بە ئایین دەیانکات، بەڵکو دەربارەی دەستپیسیی و درزیی ئەدەبیی و ناڕەوایی ئەو شاباشانەی, کە سیاسییەکان پێیان بەخشی.

ئەم بەرهەمەی ئێمە, خۆی لەو ئاقارانە نادات و بەجێیان دەهێڵێت بۆ نزیکانی مەریوان، ئەگەر سیاسەت رێگر نەبێت، ئەوان دەتوانن لەو بوارانەدا زۆر راستی روون بکەنەوە.

لاوازیی لایەنی ئەکادیمیی و فکریی کتێبەکە و ئەو کەلێنە ناقۆڵایانەی, کە لەو بوارەدا تێیکەوتوون، دوا دەخەین بۆ نووسینێکی دیکە.

ئەم بەرهەمە, تەنها بەشێك لەو هەڵانە دەستنیشان دەکات, کە مەریوان تیایاندا گلۆڵە بووە و شەرمیش ناکات, کە بە بێ زانیاریی و شارەزایی, دەم لە مەسەلەیەك دەکوتێ, کە هیچی لێ نازانێت، تەنانەت نەشیتوانیوە ئەوەی لەملاولا کۆیکردۆتەوە، بە ئەمانەتەوە نەقڵی بکات, یان دایرێژێتەوە، لە راستیدا ئەمە ئەوپەڕی بێشەرمییە.

لەوەش زیاتر، ئەو رووهەڵماڵراوییەی لە نووسینەکەیدا هاتووە و بێ لزووم دەیەوێت بیسەلمێنێت پابەندی هیچ ئەدەب و نەریتێك نییە، دیسان بێشەرمیی نووسەر دەردەخات.

لە راستیدا, نەشارەزایی و شەرمنەکردن لەو نەشارەزاییە، دیارترین نەخشی نووسینەکەن، بۆیە ناوی "نەزانیی و بێشەرمیی" پڕ بە پێستی نووسەرو نووسینەکەیەتی.

دیسان دەیڵێینەوە, پرۆژەی (تیشك) موڵکی هەموو خامەیەکی رەسەن و هەموو نووسەرێکە, کە مەبەستی بێت راستییەکان بخاتە روو، بێ ئەوەی رەچاوی لایەنی سیاسیی و حزبیی هیچ نووسەرێك بکات، چونکە پرۆژەی (تیشك) پرۆژەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنە و مەبەستێتی لەو رووەوە پارێزراو بێت.

tishkbooks@yahoo.com

پێشـــەكی

ئیسـلام، كـە خـۆی دەبینێتـەوە لـە دوو سەرچـاوەی سـەرەكی و گـرنگ، ئـەوانیش قورئـان، كـە وتـەی خـوای پەروەردگاری زاناو ئاگادارە بەهەموو شتێك، هـەروەها لەگـەڵ وتـەو كردارو ڕەفتارە شیرین و پڕ واتاكانی سـەروەری مرۆڤایـەتی موحەممـەد ﷺ كەلـە ڕێگەیـەكی ڕاسـت و دروسـتەوە یەكلابوبێتـەوە، ئـەم دوو سەرچـاوەیە تـەعبیر لـە ناوەڕۆكی ئیسلام دەكەن و هەركەس بیەوێت، بزانێت كە ئیسلام چییەوچۆنەو چی دەوێ و چی پێیە؟، پێویست دەكات بگەڕێتەوە سەر ئەو دوو سەرچاوە ڕەسەن و بێخەوشە، تا ئیسلام وەك خۆی بناسێ، ئەمە هـەر وەك چۆن فـەرمان دراوە بە گشت باوەڕداران كە لەم دوو سەرچاوە پیرۆزەوە ڕێنموونییەكانی خۆیان وەرگرن، وەك: ﴿ **قُلْ أَطِيعوا اللّه والرسولَ** ﴾ آل العمران/٣٢، ﴿**وأَطِيعوا اللّه والرسولَ لَعلَّكُمْ تُرْحمونَ**﴾ آل العمران/١٣٢.

بەهەمان شێوەش، فەرمان دراوە، كە ئەم پەیامەش بۆ خەڵكی ڕوون بكرێتەوەو نیشانیان بدرێـت. ﴿ **قُلْ هٰذِه سـبِيلِي أَدْعو إِلَى اللّهِ علَى بصِيرةٍ أَنَا ومنِ اتبعنِي وسبْحانَ اللّهِ وما أَنَا مِن الْمشْرِكِين**﴾ یوسف/١٠٨.

هەر بۆیە دەبێ بڵێین: گەر وایە ئیسلام باس لە چی دەكات؟

ئیسلام، مرۆڤـی وەك بەهایـەكی بـەنرخ و بنەمایـەكی ژیـان داوەتـە قەڵـەم، چونكە خـوای گـەورە توانایـەكی لاشـەیی وهزریـی ئـەوتۆی پێـداوە، كـە بـەردەوام بێـت لـە خۆگونجاندنـدا. بەڵگـەشمان ئەوەیـە، كـە ئـەركی بەرپرسـیارێتی پێسپاردووە.

ئیسلام، لە مەسەلەی نەژادی مرۆڤدا، هەموو شتەكانی كۆتایی هێناوە بەوەی كە دەگەڕێتەوە سەریەك سەرچاوەو لە ڕووی دروست كردن و(بیۆلۆژی) یەوە یـەكێكن و بەشـی دەرەوەی مرۆڤـەكان ناخوێنێتـەوە، وەك: درێـژی و كورتی بـاڵاو ڕەگەزەكانی و.......هتد، خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ **يا أَيها الناس إِنا خلَقْناكُم من ذَكَرٍ وأُنثَى وجعلْناكُمْ شعوبا وقَبائِـلَ لِتعارفُوا إِن أَكْرمكُمْ عِند اللهِ أَتْقَاكُم**﴾الحجرات/١٣.

واتە: "ئەی خەڵكینە بەڕاستی ئێمە ئێوەمان لە پیاوو ئافرەتێك دروست كردووە، ئێوەمان كردە نەتـەوە نەتـەوەو هـۆز هۆز، تا یەكتر بناسن و كردەوەی چاكە بكەن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا، خۆپارێزترینتانە".

لەم ڕوانگەیەوە، مرۆڤ گاڵتە بە برا مرۆڤەكانی ناكات و زوڵمیشـی لێ ناكـات و ڕقیشـی لێـی نییـە، مافـەكانی پێشێل ناكـات، بـەو مانایـەی كـە ئـەو مرۆڤـی شارسـتانیەتەو خـوای گـەورەش ڕێـزی لێگرتـووەو بـە گـەورەتری گرتـووە بەسـەر زۆربەی دروست كراوەكانیدا.

ئیسلام، لە بەرئەوەی حەقیقەتی مرۆڤ یەكێكە، بۆیـە ئیسـلام پێویستی كـردووە، كـە مافـەكانی ڕەچـاوی یەكسـانی تەواو بكرێت، لەبەردەم قەزایەكی دادپەروەری بێلایەن، كـە كەرامـەتی مـرۆڤ بپـارێزێ و هۆكارەكـانی تـرس و ڕاڕایـی و دوو جەمسەری دوور بخاتەوە.ئەمە مەسـەلەیەكە قورئـان و سـوننەت ئاگاداریـان كـردووین لـە گرنگیێتـی، نـەك تـەنها بۆ موسڵمانان، بەڵكو بۆ سەرجەم مرۆڤەكان، لەو سۆنگەیەوە كە مرۆڤن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ **يا أَيها الَّذِين آمنـوا كُونوا قَوامِين بِالْقِسْطِ شهداء لِلّهِ ولَوْ علَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوالِدينِ والأَقْربِين إِن يكُنْ غَنِيا أَوْ فَقَيرا فَاللّه أَوْلَى بِهِما فَـلا تتبِعـوا الْهوى أَن تعْدِلُوا وإِن تلْووا أَوْ تعْرِضوا فَإِن اللّه كَانَ بِما تعْملُونَ خبِيرا**﴾ النساء/١٣٥.

واتە: "ئەی كەسانێ كە باوەڕتان هێناوە دادگەرو بە ئینساف بن، لەبەر خوا شایەتی بدەن، هەرچەندە بە زیانی خۆتان، یا دایك و باوك و نزیكەكانتان بێ، جا چ ئەوان دەوڵەمەند یا هەژار بن، چونكە خوا بۆیان باشترە، جا لـە بـەر ئەمە بە دوای هەواو هەوەسدا مەڕۆن، كە لە دادگەریی (لە شایەتی دان لە سەر حـەق) كـەلا ئـەبن و لادەدەن، ئەگـەر لـە حـەق مل بابـدەن و بـەرگری لێنەكـەن و دوای بخـەن، یـا ڕوو لـە دەربڕینـی وەربگێـڕن، بەڕاسـتی خـوا بـەوەی دەیكـەن بەئاگایە".

هـەروەك دەفـەرموێ: ﴿...ولا يجْرمنكُمْ شنآنُ قَوْمٍ على ألاّ تعْدِلوا اعْدِلوا هو أقْرب لِلتقْوى واتقوا اللهَ إن اللهَ خـبِيرٌ بِمـا تعْملونَ﴾المائدة/٨.

واتە: "دوژمنایەتی لەگەڵ تاقمێك, واتان لێ نەكات دادوەری نەكەن, دادوەری بكەن, ئەوە لە تەقواوە نزیكترە".

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: "ئەوانەی پێش ئێوە, كـاتێ تیاچوون, كـە گـەورەكانیان دزییان دەكرد, وازیـان لێ دەهێنان, كاتێكیش بێدەسەڵاتێك دزی دەكرد, سزایان دەدا, سوێند بە خوا, گەر فاطمە ی كچی موحەممەد دزی بكات سزای دەدەم, بە دەست بڕینی" (إنما أهلك الذين من قبلكم, إذا سرق فيهم الشريف تركوه, وإذا سرق فيهم الضعيف أقاموا عليه الحد, فوالله لو أن فاطمة بنت محمد سرقت لقطعت يدها)[١].

ئیسلام, كاری لەسەر ئەو كەسانە پێویست كردووە, كە دەتوانن كار بكەن و ئیجتیهادی تیادا بكەن, چونكە هەر لـەو كاتـەوە خـوای گـەورە بـەدی هێنـاوین, ئـەو وزەیەشـی پێبەخشیوین, كـە پێویستمانە بـۆ ئـەم كـارەو سـەرهەڵدانی بەرهەمـەكانی, خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ هو الذي جعلَ لكُم الأرْض ذَلولًا فامْشوا فِي مناكِبِها وكُلوا مِن رزْقِـهِ وإليْـهِ النشور﴾ الملك/١٥.

واتە:"خوا زاتێكە زەوی بۆ ئێوە رام كردووە, بەهەر شوێن و جێگەیەكی دەتانەوێ بـڕۆن, جۆرەهـا كـارو كەسـابەت و بازرگانی بكەن و لە رزقی خوا بخۆن, وە گەڕانەوەش هەر بۆ لای خوایە".

ئیسلام, بڕیاری خاوەنداریێتی تاكە كەسی داوە, بەچەند كۆت و زنجیرێكیش پـەرژینی كـردووە, هـەر لـە ژیانی ئـەو كەسەوە تا دوای مردنیشی, تا نەبێتە ئامێرێك بۆ خستنە ژێربارو كۆبوونـەوەی سامانی گوێزراوە لـە چنگی كۆمەڵە كەسانێكی هەلپەرست.

هەروەها ئیسلام بڕیاری خاوەنداریێتی گشتیشی داوە, پێغەمبەرﷺ چوار شتی دەستنیشـان كـردووە, كـە هـەموو لایەكمان تیایدا هاوبەشین (ئاو, لەوەڕگا, سوتەمەنی و خوێ)[٢].

ئیسلام, پێیوایە ئایین ڕاستییەكە پەیوەستە بە دڵ و قوڵایی ویژدانەوە, بۆیە بێ فشاری دەرەوە, پێویستە قەناعـەتی خۆی بۆ دروست ببـێ, چونكە بەندایـەتیكردن لـە ئیسـلامدا بۆ خـوای گەورەیـە, باشـترین دیـاردەی ئـەم بەندایـەتی كردنەكەش (دڵسۆزیی و خۆشەویستیی و ملكەچییە), ئا لێرەوە ئیسلام ئـاییینی بۆ ئـازادیی ویژدانـەكان جێهێشـتووە, داواش لە خەڵكی ناكات بەزۆر بێنە ناو ئیسلامەوە, خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿ لا إكْراهَ فِي الدين قد تبين الرشْد مِـن الغي فَمنْ يكْفُرْ بِالطاغوتِ ويؤْمِن بِاللهِ فَقدِ اسْتمْسك بِالعرْوةِ الوثْقى لا انفِصام لها واللهُ سمِيع علِيم﴾ البقرة/٢٥٦.

واتە: "بۆ قبوڵ كردنی دین هیچ زۆر لێكردنێك نییە, چونكە ڕێگـای ڕاسـت (بڕوا)و ڕێگـای خـوارو سەرلێشـێواویی (كوفر) دەركەوتووە".

ئیسلام, هانی مرۆڤی داوە, كە بە ڕاشكاویی و بێ ترس, بۆچوونی خۆی دەرببڕێ, ئەو ئایەتانەشی, كـە لـە قورئانـدا هاتوون باشترین گەواهی لەسەر بیركردنـەوەو خستنەگەڕی ئازادیی بیر دەدەن, ئەوانـەش كـەم نین, كە تێبینی ڕەخنـە ئامێزی خۆیان هـەبووە لـە خزمـەتی پێغەمبـەرداﷺ.وەك ئـەوەی لـە (سـوڵحی حودەیبییـە)دا ڕوویـدا لەسـەر گەڕانـەوە, ئیعتیراض گرتنی هەندێك لەسەر نوێژكردنی لەسەر گۆڕی (عبدالله بن ئوبەی) كە لەسـەر دووڕوویـی مـرد, باشـترین بەڵگەیە بۆ ڕێزگرتنی ئیسلام لە مرۆڤ.

ئیسلام, هەمیشە داكۆكی لە ژیانی ئـەو مرۆڤە كردووە, كـە ڕێزی لێگرتووەو كردوویەتییە جێنشینی سـەر زەوی, خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ولكُمْ فِي القِصاص حياةٌ يا أولِي الألْبابِ لعلكُمْ تتقونَ﴾ البقرة/١٧٩.

---

[١] صحيح, جامع الصغير, رقم (٢٣٤٤).

[٢] الاموال: لأبي عبيد, ص٤١٣.

واتە: "ئەی خاوەن ژیران و هۆشمەندان تۆڵە وەرگرتنەوە ژیانی تێدایە".

ئەوە ئیسلامە, کە ڕێزی بۆ مرۆڤ داناوەو هەڕەشە لە بکوژانی دەکات بەوەی, کە ئەگەر کەسێ بکوژرێ, بە دەستی چەند کەسێك, دەبێ هەر هەموویان بکوژرێنەوە, وەك ئەو کۆمەڵەی کە لە تۆڵەی کوشتنی کەسێکدا لە یەمەن کوژرانەوە, چونکە هەموویان بەشداربوون لە ناوچوونی تەنها یەك مرۆڤ, عومەری کوڕی خەتتاب وتی: "گەر هەموو خەڵکی(سەنعا) بەشداربونایە لە کوشتنی ئەو کەسەدا, هەموویانم لە تۆڵەیدا دەکوشتەوە, کە حەوت کەس بوون و هەر حەوتیانی کوشتەوە".[٣]

ئیسلام, خاوەنداریێتی حەڵاڵ کردووە لە سنوری ڕەواو شەرعیو سەرچاوەکانیدا, وە لە پێناوی پاراستنی ڕێزیدا سزای توندی داناوە بۆ (دز), هەروەها ئیسلام سزای گەورەی داناوە بۆ ڕێگرەکان و ئەوانەی خراپەکاریی لەسەر زەوی بڵاودەکەنەوەو خەڵکی دەتۆقێنن و ئاشتی کۆمەڵگا دەشێوێنن, خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ انما جزاء الذِين يحـاربونَ اللّه ورسولَه ويسْعوْنَ فِي الأَرْض فَسادا أَن يقَتلُواْ أَوْ يصلبواْ أَوْ تقَطع أَيدِيهمْ وأَرْجلُهم منْ خِلافٍ أَوْ ينفَوْاْ مِن الأَرْض ذَلِك لَهمْ خِزْي فِي الدنْيا ولَهمْ فِي الآخِرةِ عذَاب عظِيم﴾ المائدة/٣٣.

واتە: (بەڕاستی سزای کەسانێك کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و فەساد لە زەمیندا ساز دەکەن ئەوەیە, کە (بکوژرێن, یان لەدار بدرێن, یان دەس و پێیان ڕاست و چەپ ببڕدرێت, یان شار بەدەربکرێن, ئەمە بۆ ئەوان ڕووڕەشی و ڕسواییە لە دونیاو دوا ڕۆژیشدا تووشی سزای گەورە دێن).

ئیسلام, داوای مامەڵەی باش لەنێوان مرۆڤەکان دەکات, بە مافێکی چەسپاویان دادەنێت, خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَا ينْهاكُم اللّه عن الذِين لَمْ يقَاتِلُوكُمْ فِي الدين ولَمْ يخْرِجوكُم من دِيارِكُمْ أَن تبروهمْ وتقْسِطُوا إِلَيهِمْ إِن اللَّه يحِب الْمقْسِطِين﴾ الممتحنة/٨.

خوا لە چاکە کردن لەبەرامبەر ئەوانەدا, کە لەگەڵ ئێوەدا لەسەر دین نەجەنگاون و لەشارو وڵاتتان دەریان نەکردوون, نەهیتان لێناکات و دادپەروەر بن, بە ڕاستی خوا دادوەرانی خۆش دەوێ).

ئیسلام, بەکۆمەڵ سزادانی خەڵکی ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە هیچ کەسێ لەبری تاوانی کەسێکی دی لۆمە ناکرێ, خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ولَا تزِر وازِرةٌ وِزْر أُخْرى﴾فاطر/١٨.

واتە: "وە هیچ کەسێ باری تاوانی کەسی تر هەڵناگرێ".

زۆر بە کورتی:

ئیسلام, پەیامێکی هەمە لایەنەیە, هاتووە بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵکی لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ دروستکارەکەیان و چۆنێتی لێ تێگەیشتنیان لێیو مامەڵە کردنیان لە هەموو بوارەکانی ژیانی دونیا, هەر لەو کاتەی هێشتا لە سکی دایکیاندان, چۆنێتی بە خێوکردنیان, پەروەردە کردنیان, گەورەبوون و تەواوی پێویستییەکانی دونیایان, بە هەموو بوارەکانەوە بە گەورەو بچوکەوە, خۆشی و ناخۆشی, چاك و خراپی, هەر هەمووی بۆ دەستنیشان کردوون, گەرچی لێرەدا ئەمە باسی سەرەکی ئێمە نییە, بەڵام وەك ڕێ خۆشکردنێك ئەم چەند شتەمان نووسی بۆ ئەوەی بڵێین:

ئیسلامێك بەو هەموو فراوانی و هەمە لایەنەوە, کەسانێکی وەك (مەریوان) دەیانەوێ, ئیسلام بێدەنگ بێ لەبەردەم کارێکی زۆر پێویست و گرنگ لەلای مرۆڤایەتی, کە ئەویش مەسەلەی (سێکس)ە, ئیسلام وەك (قورئان و سوننەت), بەمافێکی ئاسایی و زەروریی خۆی دەزانێ, کە قسە لە سەر کارێکی وەها هەستیار بکات, بەو جۆرەی کە ئیسلام باسی کردووەو ڕێگەی بۆ داناوە, نەك وەکو مەریوان دەیەوێو ویستویەتی و هەوڵی بۆ داوە.

ئەوپەڕی شانازیی و مایەی گەورەیی ئیسلامە, کە ئەو لایەنە گرنگەی مرۆڤایەتی فەرامۆش نەکردووە, هەر وەك چۆن تەواوی لایەنەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتی ڕەچاوکردووەو بایەخی خۆی پێداوەو ڕێگەی بۆ داناوە.

---

[٣] تفسير القرطبي, ج٢, ص٢٥١.

تەواوێتی ئیسلام لەوەدایە, کە هەموو لایەنەکانی پێویستی مرۆڤایەتی تێدا باس کراوەو پلان و نەخشەسازیی بۆ کراوە, لەلایەن خاوەنی هەموو بوونەوەرو بە پێغەمبەرەکەیدا گەیاندویەتی, تا مرۆڤایەتی لێ ئاشنا بێت و بە بەرنامەکاریی خۆیان بەڕێوە بەرن.

لەپاش ئەمە:

کتێبی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) لە نوسینی مەریوان هەڵەبجەیی, کاتێك خوێندمەوە, لە پێشدا, وامزانی (مەریوان) هەوڵیداوە ڕاستی بەیان بکات بۆ خوێنەر, بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئەو مەبەستەی نییە, بەڵکو مەبەستی ناشیرین کردن و بێزراوکردنی ئەو پەیامە جوانەیە, کە بە درێژایی چواردە سەدە, ڕۆژ لە دوای ڕۆژ, عاشقانی زیاتر دەبن, وام دەزانی مەریوان, یەکێکە لە قەڵەم بە دەستە چاونەترس و دەستپاك و قەڵەمپاکەکان, کە مەبەستییەتی زانیارییەکی نوێ ببەخشێ بە خوێنەری کورد, بەڵام بە داخەوە مەریوان ترسنۆکانە, بە قەڵەمی ژەهراویی و دەستی پیسەوە ئەو نوسینەی نوسیوە, چونکە (مەریوان) هەر وەك درۆی بە دەم ئیسلامەوە کردووە, دزیو چەواشەکاریشی ئەنجامداوە, کە لە نوسینی بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا زۆر بە ڕوونی بەدەردەکەوێ, جگە لەوەی نەفامیی خۆشی بە ڕوونیی لە هەموو لایەکدا والاکرد, کە بەڕاستی (مەریوان) نەخوێندەوارە, بێسەلیقەیە, خەڵەفاوە, زۆر سێکسییە, چونکە هەندێ شت کە باسی لێدەکات کتوپڕو بێ ئەملاولا پەیوەستی دەکات بە (سێکس)ەوە, بۆ نمونە بڕوانە: بڕگە (٥و٩) لە بەشی یەکەمدا.

مەریوان و نوسینەکەی و مەبەست لێی

مەریوان, بە حوکمی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە لە سۆزیی دایك و باوکایەتی بێبەش دەبێت و دواتر دەبرێتە بەشی چاودێریی بێنەوایان, واتە هەر لە سەرەتای لا کردنەوەیدا بێبەشبووە لەو مافانەی, کە هاوڕێکانی هەیانبووە, ئەم بێکەسییە وا لە (مەریوان) دەکات هەر لە منداڵییەوە هەست بە "ڕووخان" و "کەمتر تێکەڵاویی نێو خەڵکی" بکات, ئەمەش بە پێی زانستی دەروونزانی وا دەکات کەسێك دەرچێت, کە لە ژیانیدا(فاشل)بێت, ئەمەش هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە پێوەی دیاری دەدات, کە ناتوانێ بەردەوامی بە خوێندنی ئاسایی خۆی بدات و دواتر بە ناچاری پێش ئەوەی بگاتە پۆلی سێیەمی ناوەندی, دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت, پاشان ڕوو لە سەربازیی لە سەربازگەکانی حکومەتی (بەعس)دا دەکات, ئەمیش بۆ خۆی گرێیەکی دەروونیی دیکەی دروست کرد لەلای (مەریوان), لەپاش ڕاپەڕین و ئاڵۆزبوونی باری دارایی زۆربەی خەڵکی کوردستان, مەریوان, یەکێك بوو لەو هەزاران کەسەی کە کەوتبووە بەر هێرشی گرانیی و هەژاریی و بێدەرامەتی, ئەم هۆکارانە بمانەوێ و نەمانەوێ, گەر کەسێکی بکوژو ڕێگر بە فیعلی دروست نەکات, بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆی دەخاتە نێو هەزرو بیرییەوە, پاش چەند هەوڵێك لە هەڵەبجەو دواتر لە سلێمانی, بۆ دەستەبەر کردنی بژێویی ڕۆژانەی, کە لەمەشدا بەخت جارێکی تر یاوەری نەبوو, وەك دەڵێن: "بەرە هەموو جارێ لای تەنکییەوە دەدڕێ". مەبەستم تەنها ڕوونکردنەوەی باری دەروونیی و کەسێتی مەریوانە, نەك شتی تر, بۆیە ناچار مەریوان دەست دەکات بە نووسین, هەر جۆرە نووسینێك, بەڵام ئیتر لێرەوە مەنفەزی خۆ خاڵی کردنەوەی گرێ دەروونییەکانی دەست پێدەکات, خۆ کردن بە کەسێکی دی و موکافئە وەرگرتن بەناویانەوە, ماوەیەك بەردەوام دەبێ, تا دوا جار لەکاتی موکافئە وەرگرتنەکەدا, کەشف دەبێت کە ئەم مەریوانە ئەو مەریوان هەڵەبجەییە نییە, کە لە تاران سەرقاڵی کارەو جارجارەش نووسین دەنوسێ بۆ ئەم گۆڤارو ئەو ڕۆژنامەیە, مەریوان دەزانێ مەبەستم چییەو ئەگەر ئەم دێرە بخوێنێتەوە تێدەگات کە چ ڕۆژێکی ناخۆش بوو ئەو ڕۆژە! زانایەك دەڵێ: هەندێ کەس بۆ ئیسلام دەژین و هەندێکیش بەسەر ئیسلامەوە. جا مەریوان لە کەسی دووەمە, دیارە بۆ بژێویی دەستخستن باشترین شت ئەوەیە لەسەر ئیسلام بنوسیت!, چونکە کەسانێك هەن خۆشییان لەسەر ئەم بابەتانە دێت و یارمەتی دەریشن, مەریوان دەستیکرد بە نووسین لەسەر ئیسلام, "دەروازەکانی ئایین"و چەند نووسراوێکی تر, تا نوسینی "خوێننامە"کەی, کە لەم جارەدا توانی تاڕادەیەك بەشێکی بچوك لە مەبەستەکانی بهێنێتەدی, کە بریتیبوو لە

(وەرگرتنی پارچە زەوییەك لە سلیمانی)، وەك دەستخۆشی و بەخشش لەسەر ئەو کتێبەی، جگە لە چەند هەزار دینارێکی سویسری ئەو کات، ئەمە وای لە مەریوان کرد زیاتر لەم بابەتەدا خۆی خەریك بکات، چونکە لە هەموو کارەکان و هەوڵەکانی تر بەختی چاکترە تیایدا!.

مەریوان، لە ڕووی زانستی دەروونناسییەوە کەسێکی نەخۆشە، بەڵام ئەوەی باشە مەریوان وەك خەڵکی تر ئەو نەخۆشییە بە پەلاماردانی خەڵکی و چونە سەر جادەکان دەرنابڕێت، بەڵکو بەنووسین ئەو هەستە خاڵی دەکاتەوە، نووسینەکانی جوانترین شاهیدن!، بەتایبەت ئەم کتێبەی ئێستای، من وا دەبینم، هەر واشە کە دەبێت مەریوان کتێبێکی تر بنووسیت، تا ئەوپارچە زەوییەی، کە وەك بەخشش وەریگرتبوو، ئەوەندە بەخشش و دیاری وەربگرێت کە بتوانێت بیکات بە خانوو.

مەریوان، بۆ چەواشە کردنی خەڵکی سەرچاوەیەکی زۆری لە سەرچاوە ئیسلامییەکان هێناوە، کە من پێموایە تەنها بۆ قەرەباڵغی و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، هەر بۆ نمونە لە باسی (موتعەی نیکاح) زیاد لە (١٥) سەرچاوە دەنوسێ، کە من دڵنیام هیچ یەکێ لەو سەرچاوانە ناچێت بەلای ڕەوایی (موتعە)و ئەو مەبەستانەی، کە مەریوان نوسیویەتی. لە جێگەی خۆیدا بەچاکی لەسەری دەدوێم.

کاری من لەسەر کتێبەکە

بە گشتی نووسینەکەی مەریوان خۆی لە چەند بەشێکدا دەبینێتەوە، کە من بەم جۆرە دابەشم کردووە:

١-دەستکاریی کردنی دەقەکان و شێواندنیان، هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە مەریوان:

أ-بە سەقەتی و ناڕێکی و دوور لە هیچ بنەمایەکی زانستیی کردویەتی بە کوردی و مانای کردووە، بۆ نمونە: بڕگەکانی: (٢و٩و ٣٠).

ب-ئاماژەی داوە بەسەرچاوە، بەڵام لەو سەرچاوەیەدا بوونی نییە، بۆ نمونە: بڕگەکانی: (٣٣و٥٤).

ج-دانە پاڵی قسەو دەقێك دوور لە خاوەنەکانیان، بۆ نمونە: بڕگەکانی: (١٩و٢٤و٣٦).

د-قرتاندنی بەشێك لە دەقەکە، کە بەهۆیەوە واتاکە دەشێوێت، بۆ نمونە: بڕگەکانی: (٣٧و٧١).

چەندین کاری سەرسوڕهێنەری تری هاوشێوەی ئەمانە.

٢-وتە لاوازو بێ بنەماکانی، ئەمەش هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە مەریوان هێناونی، بەڵام:

أ-یان لاوازن لە ڕووی زانستی فەرموودەناسییەوە.

ب-یان بێ بنەمان، یان هەڵبەستراوەو دروستکراوە.

٣-باسی پێغەمبەران و خێزانەکانیان، کە ئەمەش قسە کردنە لەسەر:

أ-ئەو باسانەی کە مەریوان لە (تەورات)ەوە هێناویەتی.

ب-ڕوانینی قورئان بۆ پێغەمبەران و هاوسەرەکانیان و وتەی زانایان لەسەریان.

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لەسەر بەشی یەکەم.

مەریوان، لەم بەشەدا، کە دەتوانم بڵێم سەرجەم کتێبەکەی گرتۆتەوە، بەڵام من تەنها (١٨٩)جێگەم دیاری کردووە، کە قسەی لەسەر بکەم، بە ڕاست کردنەوەو ڕوونکردنەوە لەسەری، دەنا گەر مەبەستم بوایە، هەر هەموو دێڕو دوو دێڕێك قسەی خۆمم لەسەر دەکرد، بەڵام وەك دەڵێن: "مشتێك نمونەی خەرمانێکە"، بۆیە داوا لەو کەسانە دەکەم، کە بەتایبەتی بەشی یەکەم دەخوێننەوە، زۆر ورد سەرنج لە وەڵامەکان بدەن کە نوسراون، بە دەستەواژەی "دەڵێین:" دەستم کردووە بە وەڵامدانەوەی هەر بڕگەیەك، کە هەیە، جاریوایە قسەم زۆر لەسەر وەڵامەکە نەکردووە، واتە بەراورد کردنەکەیم جێهێشتووە بۆ خوێنەر، لە بەر ئاشکرایی وەڵامەکەو گەڕانەوەی کات، بۆنمونە: بڕگەکانی: (١٩)و(٢٢)و(٨٢).

هەروەها دەکرێ ئەم بەشی یەکەمە, وەلامێکی گشتی بێت بۆ سەرانسەری کتێبەکە, چونکە لەم بەشە زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەقانە ڕاستکراونەتەوەو وەلامی شیاوی خۆیان دراوەتەوە, کە مەریوان بنەمای کارەکەی لەسەر دروست کردووە, بۆیە دەکرێ بڵێین: هەر ئەنجام و(إستنباط)ێك, یان قسە کردنێك کە مەریوان لە پێش, یان لە پاش هێنانی دەقەکە کردوویەتی, پووچەو بێبایەخە, چونکە هەر شتێ لەسەر پووچ بنیاتنرا ئەو شتە پووچە.

من لێرەدا,,لەم بەشەدا, ئەمەوێت بڵێم: کەسێك ئاوەها چەواشەکارو بوختانچی و فێڵبازو درۆزن بێت, ئایا ڕەوایە باوەڕ بە نووسینەکانی بکرێت؟, بێگومان نەخێر.

کەواتە, با بۆ خەڵکی دەرکەوێت, کە مەریوان زۆر نەزانە, هەر نووسینێکی لەوەو پێش, یان لەمەو دوا, گەر نووسی, لە حاڵی ئەم نووسینەی ئێستای باشتر نییە و هەمان چەواشەکاریی تێدا پەیڕەو دەکاتەوە.

لە کۆتایشدا دەڵێم: ویژدانی زیندووی هەموو کەسێکی ژیر دەکەمە دادوەرو تەنها با خۆی بڕیار لەسەر (ڕەوشت, زانیاریی, کەسایەتیی, دەروون و .....تاد)ی مەریوان بدات.

بەشی یەکەم

دەستکاریی کردنی دەقەکان و شێواندنیان

دەگێڕنەوە:

جارێك كابرایەك زۆر ڕقی لە مەلای مزگەوتەكەی خۆیان دەبێت, بۆیە هەرچەندە هەوڵ دەدات لەلای خەڵكی ناشرینی بكات و خەڵكی لێ بتەكێنێتەوە, هەوڵەكانی پووچ دەبێتەوە, تا ڕۆژێك (مەلا)كە لەوتاری هەینیدا باسی (فیرعەون) بۆ خەڵكەكە دەكات, كە چەندە ستەمكارو خوێنڕێژە....تاد, باسی ئەوەیان بۆ دەكات و دەڵێت: (فیرعەون) ئەوەندە لە خۆی بایی بوو بوو دەیوت: "(أنا ربكم الاعلى) من خوای هەرە گەورەی ئێوەم". كابراكەش ئەم قسەیە بە فرسەت دەزانێ, تا خەڵكی لە دژی (مەلاكە) هان بدات, دەچێت یەخەی (مەلاكە) دەگرێت و دەڵێت: خەڵكینە ئەم (مەلا)یە دەركەن و سزای بدەن, خۆ بە گوێی خۆتان گوێتان لێی بوو ئەو كوفرە گەورەیەی كردو وتی: "من خوای هەرە گەورەی ئێوەم". (مەلا)كەش دەڵێ: ڕاوەستە كابرا خوا بتگرێ بۆ بوختانم بۆ دەكەی, من كوا شتی واموتووە, من وتوومە: فیرعەون بە گەلەكەی دەوت:".....". تۆ بۆچی باسی (فیرعەون)ەكەت لابرد.

جا من, وا دەبینم (مەریوان)یش, لە نووسینی ئەو كتێبەیدا, بەدەردی هەمان كابرا چووە, لەو كتێبەدا, هاتووە چەندین دەقی قورئان و سوننەتی شێواندووە, بە وێنەی ئەو كابرایە, بگرە خراپتریش, هەندێك جار ئاماژەی بە سەرچاوەیەك كردووە, بەلام یان ئەو سەرچاوەیە شتی وای (هەر تیا نییە), یان (بەجۆرێكی ترە), یان هاتووە هەر لە خۆیەوەو بەبێ ئەوەی ئەو دەقە بەهیچ جۆرێك بچێت بەلای ئەو واتایەدا, ئەم ئاوەها ئەو واتایەی لێكداوەتەوە, نەك تەنها دەقە قورئانی و سوننەتەكان, بەڵكو لە كاتی گواستنەوەی دەقێك, یان باسێك لە سەرچاوەیەكەوە, هاتووە دەستكاریی كردووەو خۆی چۆنی پێباش بووبێت, ئاوەها نووسیویێتییەوە.

جا بۆ ئەوەی ڕاستی ئەم قسانەمان بۆ هەموو لایەك دەركەوێت, هەموانیش بزانن, كە (مەریوان) چ ناپاكییەكی كردووە لەو نوسینەیدا لە بەرامبەر پەیامی خواو ئیسلام و سەرچاوەكانی, ئێمە یەك بە یەك, بەبێ دەستكاری, نوسینەكەی (مەریوان)دێنین و پاشان بەدواداچوونی بۆ دەكەین.

١ – لە لاپەڕەی (٤و١٩٣)دا, فەرموودەیەك باس دەكات, كە پێغەمبەر ﷺ لە ڕێگە ئافرەتێك دەبینێت.....

مەریوان, بەم شێوەیە واتای كردووە: "جارێكیان پەیامبەر لە كاتی ڕۆشتندا چاوی بە ژنێكی جوان دەكەوێ و(عەورەتی ڕەق) دەبێ, خۆی پێناگیرێ و بە(پەلە)خۆی دەگەیەنێتە ماڵەوە....". لەدواییدا دەقە عەرەبییەكە بە سەرچاوەوە دەنووسێت.

دەڵێین:

خەڵكینە ئێستا با پێكەوە دەقە عەرەبییەكە بخوێنینەوە, بزانین وایە وەك (مەریوان) وتویەتی, فەرموودەكە لە جابرەوەیە, دەڵێ: "أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) رأى امرأة فأتى امرأته زينب....".

من بە ئێوە دەڵێم: لە كوێدا باسی "عەورەتی ڕەق دەبێ" هاتووە؟, ئەمە زیادەیەكەو لە بۆچوونی خۆیەوە دەریبڕیوە, چونكە وەك شتێكی ئاشكرایە لە لای پیاوان مەرج نییە هەركات پیاو چاوی بە ئافرەتێكی جوان بكەوێت یەكسەر (عەورەتی ڕەق)بێت, چونكە ڕاكێشانی سەرنجی جوانی ئافرەت پەیوەندی بە(عەورەت)ەوە نییە. مەگەر نازانرێ, كە كەسی واهەیە (عەورەت) ی بڕاوە, یان لەبەر پیری, یان هەر هۆیەكی تر عەورەتی ڕەق نابێت, كەچی سەرنجی بۆ لای ئافرەت دەچێت, بەڕاستی ئەم جۆرە ڕاڤەیە تەنها لە كەسێكی زۆر سێكسییەوە وا ڕاڤە دەكرێ, دەنا تا ئێستا ڕاڤەی وا كەس نەیكردووە[4].

مەریوان, گلەیی لەو كەسانە دەكات كە بەویستی خۆیان و لەسەر بنەمای بۆچوونی سەقەت واتای شتەكان دەكەن, دەڵێ: "لەلایەكی دیكەشەوە وەرگێڕێكی عەمامە بەسەر بەناوی ئایین و شارەزایانەوە لەسەر ویست و ئارەزووی خۆیان

[4] بۆ تەواوی دەقە عەرەبییەكە بڕوانە: صحيح مسلم: كتاب النكاح، باب: ٢ رقم الحديث (١٤٠٣)و ابو داود رقم (٢١٥١) و الترمذي رقم (١١٥٨).

تەفسیرو تەرجەمەمان بۆ دەکەن کە یەك لەبەری ماناکانیان لەسەر خورافەو ڕیوایەتێکی نالۆژیکیو بۆچوونی سەقەت وەستاوە".

ئەمە جگە لەوەی بوختانێکی زۆر گەورەیە, ڕێكو تەواو بەسەر خۆیدا شکاوەتەوە, کە شتی زۆر ئەنتیکەی لێدەبینرێ!.

٢-لە لاپەڕە (١٦و١٩٥) ئایەتی (١٤)ی سورەتی (ال عمران), کە دەفەرموێ: ﴿ زين للناس حب الشهوات من النساء والبنين والقناطير المقنطرة من الذهب والفضة والخيل المسومة والأنعام والحرث ذلك متاع الحياة الدنيا والله عنده حسن المآب﴾.

ئەم ئایەتەی کردۆتە بەڵگە بۆ ئەوەی, کە ژن پیسە لەلای ئیسلام, وەك لە لاپەڕە (١٦)دا دەڵێ: "لێرەوە ئاژەڵ گەمژەو نەزان و ژنیش گەڕو پیس و نانی دەستی حەرامە".

پاشان لە پەراوێزەکەدا نووسیویەتی: بۆ نمونە لە ئایەتی چواردەی (ال عمران)دا ژن لەڕیزی ئەسپ دانراوە.

لەلاپەڕە (١٩٥) دەڵێ: "چونکە لەلای ئیسلام ژن وەك ئەسپو ئاڵتونو شتی تر بۆ خۆشییەکانی پیاو دروست بووە...".

دەڵێین:

با بێین بزانین زانایانی تەفسیر چۆن باسی ڕاڤەی ئەم ئایەتە دەکەن, بۆ نمونە: (ابن كثير)* دەڵێ: "خوای گەورە هەواڵ دەدات لەوەی کە ئەم ژیانی دونیایە ڕازێنراوەتەوە بۆ خەڵکی بە جۆرەهای چێژەکان لە ئافرەت و منداڵ, سەرەتا باسی لە ئافرەت کردووە, چونکە توشبوون بە ئافرەت گەورەیە, وەك لە فەرمودەدا هاتووە. پاشان فەرموودەکە باس دەکاتو دەڵێ: "بەڵام ئەگەر مەبەست لە ئافرەت ئەوە بێت کە داوێنپاکیی و زۆر بوونی منداڵی تیا بێت, ئەمە کارێکی داواکراوەو هاندراوە.....وەخۆش ویستنی منداڵ (بەتایبەت کوڕ) جاری وایە بۆ خۆدەرخستن و ڕازاوەییە, کە ئەمە ئایەتەکە لەخۆی دەگرێو جاری واش هەیە بۆ ئەوەیە, کە وەچە زۆر بێت و نەتەوەی موحەممەد ﷺ زۆر بێت....ئەمەیان سوپاس کراوەو.... پاشان باس لە تەواوی شتەکانی تر دەکات...."[٥].

کەواتە, مەبەست لەئایەتەکە گەڕو پیسی و حەرامی خواردنی دەستی ئافرەت نییە, هەروەها من بە دڵنیاییەوە دەڵێم و تەحەددای (مەریوان) دەکەم, بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە خواردنی دەستی ئافرەت, جا لەسوڕی مانگانەدا بێت, یان نا, لە ئیسلامدا حەرام بێت, گەڕ بێت.

من لێرەدا نامەوێت لەسەر ئەم بابەتە بدوێم و دڵسۆزانی پەیامی خوا لەم بارەوە گەلێك نوسراویان هەیە.

بەڵام, زۆر حەیف, مەریوان دەڵێ: "زۆر لەوە دڵنیا تریشم ئەگەر ئیسلام وەك ئەوەی هەیە, بێ لابردن و خستنە سەری, خۆی چۆنە هەرئاوا وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی کاریگەرە ئیجابییەکەی زۆر لەوە گەورەتر دەبێت کە چاوەڕێی دەکەین".**

بەڵام, تۆ لەمەدا خاوەنی بۆچوونی خۆت نیت و نەبوویت و ناشبیت, وەك لەمەودوا زیاتر پێچەوانەی قسەکانت دەردەکەوێت!.

٣. هەر لە لاپەڕە(١٦و١٩٥) ئەم فەرموودەیەشی هێناوەتەوە, کە فەرموودەکە ئاوەهایە (الشؤم فی المرأة و الدار و الفرس).

---

* مەریوان (ابن كثير) بە سەرچاوە موعتەبەرەکان نەزانێ و بۆ دەمکوت کردنی بەرامبەرەکانیشی دەیکاتە سەرچاوە, چونکە لە لای ئەوانیش زۆر موعتەبەرە.

**مەریوان هەڵەبجەیی: سێکسو شەرعو ژن لە مێژووی ئیسلامدا, ل٦.

[٥] (ابن كثير) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە.

مەریوان هەڵەبجەیی: هەمان سەرچاوەی پێشوو, ل٦٧.

مەریوان نوسیویەتی: "نەگبەتی لە سێ شت دایە: ژن، خانوو، ئەسپ".

دەڵێین:

مەریوان مەبەستی لەوەیە، کە گوایە ئیسلام ئافرەت بە مایەی نەگبەتی دەزانێت، ئەم جۆرە بۆچوون و ڕاڤە سەرپێیانە وا لە زۆرێك لە خەڵکی دەکات کە بەهەڵەدا بچن، چونکە ئایەت و فەرمووده زۆر کات دەبێ ڕێکبخرێن لە ڕووی واتاوە، کە ئەمەش نەریتی زانایانە، دەنا هەرکەس بێت و ئایەتێك، یان فەرمودەیەك بهێنێت و بە تەنها ڕاڤەی بکات، ئەمە کارێکی نادروستە. پاشان ئەگەر ژن مایەی نەگبەتی بێت، وەك مەریوان دەیخاتە مێشکی خەڵکییەوە لە ڕوانگەی ئەم فەرموودەیەوە، دەبێت (خانوو، ئەسپ)یش هەروا بن، کە ئەمەش وەها نییە.

کەواتە دەمێنێتەوە سەر ڕاڤە ڕاستەکە ئەویش ئەوەیە، ئەگەر (ئافرەتەکە ئافرەتێکی خراپ بێت بۆ مێردەکەی، خانووەکە خانوویەکی ناساز بێت، ئەسپەکەش ئەسپێکی بێ سوود بێت). ئەمەش لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کە دەفەرموێ: "من سعادة ابن آدم ثلاثة: المرأة الصالحة، والمسكن الصالح، والمركب الصالح"[٦].

واتە: "سێ شت لە خۆشبەختی نەوەکانی ئادەمە: یەکەم، ئافرەتێکی باش. دووەم، خانوو و جێگەیەکی باش. سێهەم، سوارییەکی باش".

ئەمە جگە لەوەی کە شت بەشووم دانان (شرك)ە، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: "الطيرة من الشرك". هەر بۆیە دەبێت ئەم فەرموودەیە ئاوەها ڕاڤە بکرێ کە کردمان.

٤ –لە لاپەڕە (٢٠)دا دەڵێ: "ئەم پیرۆزی و باوەڕە قوڵە ئەو ژنانەمان بیردەخاتەوە کە بەناوی خواو ئیسلامەتی و باوەڕو هەڵوێستی پیرۆزەوە خۆیان پێشکەش بە پەیامبەری ئیسلام دەکردو ئەویش بەبێ هیچ ڕێو ڕەسمێکی مارە برین لەگەڵیان جووت دەبوو". دوایی لە پەراوێزەکەدا ئایەتی (٥٠ الاحزاب)دێنێ و خەتێك دەکێشێ بەو جێگەیەدا، کە ئاماژە بەوە دەکات "ئەگەر ئافرەتێکی باوەڕدار خۆی بەخشییە پێغەمبەر".

دەڵێین:

ئەمە وا دەردەخات کە پێغەمبەر ﷺ شتی وەهای کردووە، بەڵام ئەمە وانییە:

١ –ئایەتەکە مەرجی داناوە دەفەرموێ: ﴿إن أراد النبي أن يستنكحها﴾الاحزاب/ ٥٠.

ئەگەر پێغەمبەر ﷺ ویستی بێت کە بیخوازێت.

٢ –تەحەددای مەریوان دەکەم، تەنها یەك گێڕانەوەی ساغ و دروست بهێنێ کە ئافرەت لەو جۆرە هاتبێ بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و(جووتبوونی لەگەڵدا) کردبێت، بێگومانیشم کە مەریوان ناتوانێ شتی وا بکات، چونکە بوونی نییە.

ڕاستە ئافرەت هەبووە، کە هاتووە خۆی ببەخشێتە پێغەمبەر ﷺ ،بەڵام قبوڵی نەکردووە، ئایەتەکەش پێغەمبەری سەرپشك کردووە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ شتی وەهای لەو جۆرەی کە (مەریوان) دەڵێ نەیکردووەو ئەنجامی نەداوە.

٥ – لە بارەی (منارە)ی مزگەوتەوە، مەریوان لە لاپەڕە (٢٢)دا، دەڵێ: "ئەم جۆرە پەرستگایانەش ئەو ڕەخنەگرانەمان بیردەخەنەوە کە مزگەوتەکانی ئیسلامی پێ دەشوبهێنن و دەڵێن: ئیسلامییەکان بەوێنەی عەورەتێك و جووتێك گون منارەیەکیان بەرزکردۆتەوە ......".

دەڵێین:

یەکەم: (منارە) لە ئیسلامدا کارێکی داهێنراو (بدعة)ە، لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و جێنشینە بەڕێزەکانیدا شتی وا نەبووە، تا ئەم شوبهاندنە ڕاست بێت.

دووەم: کام ڕەخنەگر؟ باوەڕ ناکەم ئەوەی تۆزێك ڕێزی تیا بێت، بۆچوونی وا دەربڕێت، ئەم بۆچوونە تەنها لە کەسێکەوە دەردەچێت، کە هەموو شتێ هەر بە (سێکس) بزانێ و مێشك و چاوو دڵی بەردەوام لای ئەو شتانە بێت.

---

[٦] رواه احمد وصححه ابن حبان والحاكم. فتح الباري: ج٦، ص٧٣، ج٩، ص١٥٨.

بەسەرهاتێك:

(برادەرێك هەبوو زۆر حەزی لە ژن بوو چەند جار ئەیوت: وەڵڵاهی ئەوەندە حەزم لە ژنە (عەلاگە)ش بەتەنافی سەربانەوە ببینم وائەزانم ئافرەتە).

ئەم برادەرە لەو کەسانەی کە مەریوان باسیان دەکات زۆر باشترە, بەس نییە وەك "مەریوان و برادەرە ڕەخنە گرەکانی!" نەیشوبهاندووە بە شتێکی سەیر.

٦- لە لاپەڕە (٢١) لە بارەی ئەو ئافرەتانەی خۆیان پێشکەش کرد بە پێغەمبەر ﷺ دەڵێ: "جوانەکانی هەڵبژاردو ناشرینەکانی پێشکەش بەو پیاوانە دەکرد کە لە تەکیەکەیدا دانیشتبوون".

پاشان بەسەرهاتێك دەهێنێ, کە پێمخۆشە ئێوەش شاهیدبن, بزانن, تاچەند ئەو قسەیەی لەگەڵ ئەم بەسەرهاتە یەکدەگرێتەوە, ئەمەش دەقەکەیە:

" أن امرأة جاءت رسول الله (صلى الله عليه وسلم), فقالت: يا رسول الله جئت لأهب لك نفسي, فنظر اليها رسول الله (صلى الله عليه وسلم), فصعد النظر اليها و صوبه, ثم طأطأ رأسه, فلما رأت المرأة أنه لم يقض فيها شيئا جلست..."[٧].

واتە: ئافرەتێك هات بۆلای پێغەمبەر ﷺ و پێی وت: "ئەی پێغەمبەر هاتووم تا خۆمت پێشکەش بکەم, پێغەمبەریش ﷺ چەند جارێك سەیری سەرو خواروی باڵای ئافرەتەکەی کرد, پاشان سەری نەوی کردو هیچی نەوت, ئیتر کاتێ کە ئافرەتەکە زانی هیچ بڕیارێك لەو بارەیەوە نادات دانیشت".پاشان وەك لە درێژەی باسەکەدا هەیە دوایی لەهاوەڵێکی مارە دەکات.

جا ئەمە شتێکی تێدایە, کە ئایا ئافرەتەکە جوان بووە یا ناشرین, کێ لەوێبوو؟, یان بە قەولی چ ڕاڤەکارێك مەریوان ئەم ئەنجامە گرنگەی بۆ دەرکەوت؟, جگە لەوەش وەك لە پێشەوە باسمان کرد, پێغەمبەر ﷺ هیچ ئافرەتێکی لەم جۆرە قبوڵ نەکردووە, چ جای جوانی و ناشرینی!!!

ئاخر مەریوان خۆی دەڵێ: "ئەوەندە بەسە کە ئیسلام وەك خۆی وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی و ئەم کتێبەو کتێبەکانی دیکەشم چەند دانەیەکن لەو هەوڵانە".

بەڕاستی وانییە و دەیان جاریش نەت پێکاوە.

٧-لە لاپەڕە(٢٧) دەڵێ: "ئەگەر بەناو دەقەکانی ئیسلام, قورئان و فەرمودە ڕۆبچین, دەبینین دیاردەیەکی لەو شێوەی کە ئەوروپاو یانەو باڕەکانی شارەکان هەیانەو بە سۆزانییەت و لەشفرۆشی بەناوبانگە, لەناو ئیسلامیشدا هەیەو بەناوی ئیسلام و شەرعەوە, بەو پەڕی باوەڕەوە, بە کردەوە پیادە دەکرێ...".

دەڵێین ئەمەش یەکێکی ترە لە شێواندن و ناشرین کردنی دەقەکان, لەوانەیە لە ڕوانگەی (مەریوان)ەوە وا بێت, چونکە لەلای ئەو, هەرچی لە دوور, یان نزیك بە لای سێکس و ئافرەتدا....تاد, بڕوات وا لێکی دەداتەوە, ئەمەش لە نوسینەکانی ئەو کتێبەیدا بە ڕوونی دیارە.

٨- لە لاپەڕە (٤٧)دا, دەڵێ: "ئەگەر چی جیاوازیو ناکۆکی لە نێوان تەورات و قورئاندا لە هەندێ شوێنی لاوەکیدا هەیە, بەڵام هەردوولا لە سەر ئەوە هاوڕاو کۆکن کە ئیسماعیل بە نایاسایی لە دایك بووە.....".

دەڵێین:

کام دەقی قورئانی هەیە باس لەوە بکات, کە (ئیسماعیل) زۆڵ و نایاسایی بێت, لە قورئاندا ئەوەی ئەندازەیەك عەقڵی هەبێت, شتی وای بەرچاو ناکەوێت, خوا هیچ کات کاری وا ناکات کەسێ زۆڵ بێت, لە بارەیەوە بفەرموێ: (واذكر في الكتاب اسماعيل انه كان صادق الوعد وكان رسولاً نبياً) مريم/٥٤.

[٧] رواه البخاري, كتاب النكاح, رقم (٥١٢٦).

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ لەم قورئانەدا باسی (ئیسماعیل) بۆ خەڵکی بکە, کە لە بەڵێنەکاندا ڕاستگۆ بووەو پێغەمبەرو نێردراویش بووە.

خۆ ئەگەر قورئان تەنها (مصحف)ێك بوایەو لای تەنها مەریوان بووایە, دەگونجا ئەم قسەیە ڕاست بوایەو باوەڕی پێبکرایە, بەڵام ئێستا کە بە هەزاران نوسخە بوونی هەیەوخوێندەواری باش و چاکیش هەیە, دەزانرێ ئەم قسەیە دوورە لە ڕاستیو تەنها مەبەست ناشرین کردنی کەسە پاکەکانە. ئەگەرنا با نیو ئایەت, یان عیبارەتێکی قورئانی لەسەر ئیسماعیل بهێنێ, کە بە نایاسایی لەدایکبووە, ئەمە جگە لەوەی کە لە بەشێکی سەربەخۆدا لەسەر پێغەمبەران و خێزانەکانیان بە درێژی لەو باسە دەدوێین.

٩ –لە هەمووی سەیرترو پێکەنیناویتر ئەوەیە, کە لە لاپەڕە(٥٠)دا, لە بە کوردی کردنی دەقی قسەی هاوەڵێکدا کردویەتی, لە پەراوێزەکەشدا دەقە عەرەبییەکەی هێناوە, مەریوان هاتووە بەم جۆرە کردویەتی بە کوردی و نوسیویەتی: "(أبی جحیفة وهب السوائی) باسی ڕوخساری پەیامبەر دەکاو دەڵێ: کە پەیامبەرم بینی مووی سەری سپی بوو بوو, لە چەناگەشیدا سپێتیم بینی, ئەوەی گوێبیستی ئەم قسەیە بوو گومانی لە ڕاستییەکەی هەبووە, چونکە لە تەمەندا نەبوو, بۆیە پرسیاری لێکرد: ئەو ڕۆژە تەمەنت چەند بوو؟ ئەویش لە وەڵامیدا پێیان دەڵێت: تیرم ئەتاشی و ئەمکرد بە پەڕدا". واتا: (سەری کێرم ڕەق ئەکردو ئەمکرد بە قوزدا).

دەڵێین:

خەڵکینە وەرن با دەقە عەرەبییەکە سەیر بکەین و بیخوێنینەوە:

(أبی جحیفة) دەڵێ: "رأيت رسول الله هذه منه بيضاء, (ووضع زوهير أصابعه على عنفقته), قيل له: مثل من أنت يومئذ؟ قال: (أبري النبل و أريشها)"[٨].

واتە: پێغەمبەرم بینی ئا ئەمەی لێی سپی بووبوو, (زوهەیر) کە یەکێکە لە ڕاوی نێو ڕشتەکە (پەنجەکانی خستە ژێر لێوی خوارەوەی), بە (أبي جحيفة) وترا: تۆ ئەو ڕۆژە وەك کێ دەبووی؟ ئەویش وتی: "تیرم چاك دەکردو ئەمسەرو ئەوسەری تیرەکەم سازدەکرد".

–پێشەوا (نەوەوی), کە بەناوبانگترین ڕاڤەکارەکانی (صحيح مسلم)ە, ئاوها پێناسەی (أبری النبل وأريشها) دەکات و دەڵێ: (أبری النبل و أريشها)واتە: پەڕم بۆ تیرەکان دادەنا[٩].

–(ابن أثير), کە یەکێکی ترە لە ڕاڤەکارانی فەرموودە, بە تایبەت ئەو وتانەی کە نامۆن لەڕاڤەی ئەم قسەیەدا دەڵێ: (أبرى النبل وأريشها) أي: أنحتها وأعمل لها أريشها, واتە: تیرم دەتاشی و پەڕم بۆ دادەنا[١٠].

لەبارەی (النبل) دەڵێ: والنبل: السهام العربية[١١]. واتە: تیری عەرەبییە.

کەواتە مەبەستەکەی (أبی جحیفة) ڕوونە, کە ئەو کاتەی پێغەمبەری بینیوە لە تەمەنێکی وادابووە, کە بتوانێ (تیر) دروست بکات و پەڕیشی بۆ دابنێ.

جا تۆ بڵێی مەریوان لە (نەوەوی) و (ابن أثير) زاناتر بێت بە زمانی عەرەبی؟ تا بەو جۆرە باس لە "کێرو قوز" بکات و ئەوان نەیان زانیبێت و ئەو دەرکی بەو واتا گرنگە کردبێ؟!, نەخێر, کارەکە لەمە زۆر بەدەرە, بەڵکو مەریوان هەوای (سێکس و ئافرەت و...) لێیداوە, هەموو شتێ بەو ڕەنگە دەبینێ و هەر واش تێیدەگات, لای ئەو هەموو "سمێڵ سور"ێك (هەمزە ئاغا)یە, ئەم قسەو ڕاڤەیە سادەترین کەس کە بە زمانی عەرەبی ئاشنا بێت, هیچ کات وا نە ڕاڤەی

---

[٨] رواه مسلم رقم (٦٠٣٣)، والبخاري رقم (٣٥٤٥).

[٩] بڕوانە: شرح صحيح مسلم للنووي, رقم الحديث (٦٠٣٣).

[١٠] النهاية في غريب الحديث والاثر, ج٢, ص٢٨٩ مادة: ريش.

[١١] هەمان سەرچاوە, ج٥, ص١٠.

دەکات و نە ئاوەهاش لێکی دەداتەوە, ئەمە لە لایەك, لە لایەکی تریشەوە هەر لەناو دەقی قسەکەی (أبی جحیفة)دا چەندین هەڵەی زەقی کردووە.

١-باسەکە باسی سپی بوونی مووی ژێر لێوی خوارەوەیە, کە بە عەرەبی پێی دەوترێت (عنفقة)[11], بەڵام مەریوان باسی (مووی سەر) دەکات!!.

٢-لەو دەقەدا باس لەوە نەکراوە, کە ئەم قسەیە ڕاستە, یان ناڕاست, کەچی ئەو هاتووە ئەمەشی بۆ زیاد کردووە: "ئەوەی گوێ بیستی...". ئەمەت لە کوێ هێنا؟ یان باسەکە ڕق و تووڕە بوونە لە شوێنکەوتوانی پەیامی ڕاستی و ڕووناکی!, بۆیە ئاوەها لێکدانەوەی سەقەت بۆ قسەو وتەی شوێنکەوتوانی ئیسلام دەکەی.

٣-خۆزگە لە لێکدانەوەی قسەکانی کۆتایدا, ئاماژەی بە وتەی کەسێکی شارەزا لە زمانی عەرەبی بکردایە.

بڕوابکەن, تەنانەت زۆر هەوڵمدا لەسەرچاوەکاندا, تا بزانم ئەو وشانە بۆ ئەو جۆرە کارانە بەکارهاتوون, بەڵام بەرچاوم نەکەوت و هەر بەلاشیاندا نەچوو.

دەڵێن: "ئەگەر بزن نەگبەتی گرتی نانی شوان دەخوات".

منیش دەڵێم: بەڕاستی کەسێ نەگبەتی بیگرێ, هەر شتێکی تر بکات, لەوانەیە بۆی بچێتە سەر, بەڵام کەسێ بە ئیسلامەوە بیگرێ, بەڕاستی زۆر شتی سەیری لێ ڕوودەدات, لەوانە: "بزرکان" و "خەڵەفاویی". جا مەریوان لەم کتێبەی و تەواوی نوسینەکانی پێشووتریشیدا, ئەم دوو دیاردەیەی زۆر بەئاشکرا پێوە دیارە, بەردەوام بن لەگەڵمدا تا شتی سەیرتر ببینن.

١٠-لە لاپەڕە (٥٨) ئاوەها ڕاڤەی ئەم بەشە لە ئایەتی(٣٦)ی سورەتی (البقرة) ﴿فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا﴾ دەکات.

مەریوان دەڵێ: "بەهۆی لەخشتەبردنی حەواوە بەخواردنی سێوێك ئادەمیش لەخشتەبرا".

دەڵێین:

(ابن کثیر) دەڵێ: "دروستە ئەو زەمیرەی لە (عنها)دایە بگەڕێتەوە بۆ (الجنة), ئەو کات واتاکەی وا دەبێ: "شەیتان ئادەم و حەوای دوورخستەوە", وەك (عاصم) خوێندویێتییەوە (فأزالهما), دروستیشە زەمیرەکە بگەڕێتەوە بۆ نزیکترین باسکراو کە (الشجرة)یە, ئەوکات واتاکەی وەك (حسن) و(قتادة) دەڵێن: لە ڕووی هەڵەوە."[13]

جا وەرن ببینن:

١- لە دوورو نزیك ڕاڤەکەی مەریوان پەیوەندی بە واتای ئەو بەشە ئایەتەوە نییە.

٢- سێو خواردن, یان پرتەقاڵ خواردن, ئەمە هیچ بنەمایەکی دروست و ساغی لەسەر نییەو خوای گەورە نە لە قورئانداو نە لە فەرموودەی ساغدا, بەڵگەی بۆ بەندەکانی دیاری نەکردووە, کە ئەو دارە چ دارێك بووە, وەك (طبری) دەڵێ و(ابن کثیر) ئەم وتەیەی باس دەکات[14].

١١-لەلاپەڕە (٦٢)دا, لە باسی (یوسف) پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەربێت), ئایەتی (٢٣و٢٤)ی سورەتی (یوسف) دەهێنێ و ڕاڤەی دەکات و لە سەر بڕگەی "ولقد همت به وهم بها" خەتێکی بەژێردا هێناوە, پاشان لە ڕاڤە کردنەکەیدا نوسیویەتی: "....ژنەکە زیاتر لێی نزیك دەبێتەوەو خۆی لە یوسف هەڵدەسوێ, بەمەش هەوەس و ئارەزوی سێکسییانەی ژنەکە بۆ یوسف (همت به) و یوسف بۆ ژنەکە (هم بها) دەجوڵێ (لەوەدا دەبن کە جووت بن.....".

دەڵێین:

١-لە هیچ کون و کەلەبەرێکی ئایەتەکەدا باسی "تێ هەڵسواندن" نەکراوە, ئەمە تەنها تێچنینی مەریوانە و بەس!.

---

[12] بڕوانە: فتح الباری, ج٦, ص ٦٣٧.

[13] ج١ فی تفسیر هذه الآیة.

[14] تفسیر ابن کثیر, ئایەتی (٥٣).

٢ –خوای گەورە تەنها لەبارەی (یوسف) سەلامی خوای لەسەر بێت, هەر ئەوەندە باس دەکات (وهم بها)واتە (یوسف)یش ختورەی لە دڵدا دروست بوو بۆ لای ئافرەتەکە, ئیتر "لەوەدا دەبن کە جووت بن" ئەمە شێواندنە بێ سەروبەرەکانی مەریوانەو هیچی تر.

١٢ –لەلاپەڕە (٦٣)دا, لەبارەی (ئیبراهیم) سەلامی خوای لەسەر بێت و ساراو هاجەری خێزانی, مەریوان باس لە بەسەرهاتی (ئیبراهیم)و هەردوو هاوسەرەکەی دەکات. پاشان لەلاپەڕە (٦٤) لە پەراوێزەکەدا, وەك سەرچاوە نوسیویەتی: "صحيح البخاري: باب يزفون النسلان فى المشى".

مەریوان دەڵێ: "سوێند دەخوات (واتە سارە سوێند دەخوات) سێ ئەندام لە لەشی هاجەر ببڕێ.....". "خۆی دەشارێتەوە لە دوایدا ئیبراهیم و هاجەر یەك دەگرنەوە تا منداڵەکەی دەبێ و ناوی دەنێن ئیسماعیل".

دەڵێین:

لەسەر ئەو دوو دێڕ نوسینە دەڵێم: ئەوە (صحيح البخاري) ژمارەی فەرموودەکە (٣٣٦٤)ە, با مەریوان و خەڵکی تریش سەیر بکەن, بزانن لە کوێی ئەو فەرموودەیەدا باس لە:

أ–سوێند خواردنی (سارە) دەکات؟.

ب–بڕینی سێ ئەندام لە لاشەی (هاجەر) لەکوێدا باسی هاتووە لە نێو فەرموودەکەدا؟.

ج–خۆشاردنەوەو یەکگرتنەوەی (ئیبراهیم و هاجەر) دەکات؟.

د–ناونانی منداڵەکەیان کوا باس کراوە؟.

١٣ –هەر لەسەر ئەم باسە لەلاپەڕە (٦٤) نوسیویەتی: "لە بیابانی کاکی بە کاکی و وشك و (بێ نان و ئاو)و بێ سێبەر جێیان دەهێڵێ".

دەڵێین:

خەڵکینە لە فەرموودەکە هاتووە "..ووضع عندهما جرابا فيه تمر و سقاء فيه ماء...". (ئیبراهیم) جەوەنەیەك کە خورمای تێدا بوو, کوندەیەك کە ئاوی تێدا بوو لەلای (هاجەرو ئیسماعیل) داینا.

ئەمەی کە مەریوان دەیکات لە شێواندن و فێڵکردن لە دەقەکاندا, ئێوە ناوی چی لێ دەنێن؟! خۆ هەر خۆی ناوی سەرچاوەکەی نوسیوە, ئەی بۆ وەك خۆی باسەکە ناهێنێ؟.

مەبەستی ئەوەیە تا بڵێن: سەیری (ئیبراهیم) بکەن چەندە بێ ویژدانە, ئاخر ئافرەت و منداڵێك, بەبێ خواردن و خواردنەوە, چۆن لەو بیابانەدا دادەنرێن!.

بەڵام, مەریوان خەیاڵ پڵاوی لەم جۆرە زوو ئاشکرا دەبێت و خەڵکی هەروا جارێکی تر بەئاسانی خۆڵ ناکرێتە چاویان, لەبەرئەوەی ئەو فەرمودەیەی کە باسی (ئیبراهیم و هەردوو هاوسەرەکەی) دەکات, دوورو درێژ بوو, بۆیە نەمهێناو تەنها بە ئاماژە بە جێگەو ژمارەکەی وازم هێنا.

تێبینی:

لەلاپەڕە (٦٤)دا, دەڵێ: "بیرمان نەچێت لەسەرەتادا باسمان کرد ئیبراهیم دووجار (لایشپان)ی سارای ژنی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکارهێناوە".

پشت بەخوا ئەم باسەو تەواوی ئەو باسانەی لە لاپەڕە (٣٥تا٤٧) نوسیویەتی, هەر لەم کتێبەدا باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەین, چونکە سەرچاوەکانی غەیری سەرچاوەی ئیسلامەو ئیسلامیش قسەی خۆی لە سەر ئەو سەرچاوانە هەیە.

١٤ –خوای گەورە بە پێغەمبەر دەفەرموێ: ﴿ وَإِن تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَئِذَا كُنَّا تُرَابًا أَئِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ وَأُوْلَئِكَ الأَغْلاَلُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ الرعد/٥.

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ ئەگەر تۆ سەرسامی لەوەی ئەو بێباوەڕانە لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو بەڵگانە بە چاو دەبینن, بەڵام باوەڕ ناهێنن. لەمە سەیرتر ئەوەیە کە دەڵێن: ئەگەر ئێمە بووینەوە بە خۆڵ ئایا جارێکی تر سەر لەنوێ دروست دەکرێینەوە!؟.

مەریوان, لە لاپەڕە (٦٥)دا, لە باسی ئەو فریشتانەی کە دەچنەماڵەکەی (لوط) پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ, لە ڕاڤەی ئایەتی (٧٧و٧٨) سورەتی (هود)دا, شتێکی زۆر سەیر دەنوسێ و دەڵێ: "...لووت زۆر دڵتەنگ بوو, نەیزانی فریشتەن, وای زانی ئەم لاوە جوان و لوسکەلانە بۆ کاری سێکسی هاتوون بۆ لای".

دەڵێین:

ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَٰذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ ﴾ هود/٧٧.

(ابن کثیر) دەڵێ: "هاتن بۆ لای (لوط) سەلامی خوای لەسەر بێت, وەك هەندێ دەڵێن: (لوط) ئەو کاتە لەسەر پارچە زەوییەکەی خۆی بوو, هەندێکی تر دەڵێن: لە ماڵی خۆی بوو, فریشتەکان هاتنە لای لەسەر جوانترین وێنە, لەسەر شێوەی کۆمەڵە گەنجێکی دەم و چاو جوان....(لوط) بەهۆیانەوە ناڕەحەت و دڵتەنگ بوو, ترسا (ئەگەر ئەم میواندارییان نەکات و نەیان باتەوە بۆ ماڵەوە, ئەوا کەسێکی تر لە هۆزەکەی دەیان باتەوەو توشی خراپەیەکیان دەکات"[١٥].

(قورتوبی) لە سەر ئەو ترسەی (لوط) دەڵێ: "بۆیە (لوط) ترسی لێ نیشت و دڵتەنگ بوو, چونکە ئەوانی بینی کە چەند جوانن و هەروەها خراپەی نەتەوەکەشی دەزانی کە چەندە خراپن"[١٦].

لە تەفسیری (الجلالین)دا دەڵێ: "دڵتەنگ بوو بەهۆی ئەوانەوە, چونکە ئەوان جوان بوون لە وێنەو سەرو سیمادا, کە لە شێوەی میواندا هاتبوون, بۆیە ترسا کە نەتەوەکەی بەرامبەریان کاری بکەن"[١٧].

مەریوان, لەو کاتانەی خۆی دەیەوێ و مەبەستێتی دەگەڕێتەوە سەر سەرچاوەیەکی وەك (ابن کثیر)و تەفسیری (قورتوبی)و (جلالین), کەچی لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەو چەندین جێگەی تر کە لەمەودوا باسیان دەکەین, هیچ گوێی بەم سەرچاوەی ڕاڤانە نەداوە!.

پرسیار ئەوەیە, ئایا ئەوەی مەریوان نوسیویەتی لەبارەی ترسی (لوط) لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کەڵە زانا موفەسیرانە لە بارەی ترسی (لوط)ەوە نوسیویانە یەکدەگرێتەوە؟ مەریوان, بەو عەرەبییە تەمو مژاوییەی کە هەیەتی, تۆ بڵێی لەو کەڵە زانایانە, کە مێژوو و نوسینەکانیان شایەتییان بۆ دەدەن لەسەر شارەزابوونییان بەتەواوی زمانی عەرەبی, لەوانە زاناتر بێت؟!.

بێگومان نەخێر, هەستی لەسنور دەرچووی سێکسیی مەریوان وای کردووە, وەك کابرای (کوێر) تەنهاو تەنها ڕەشایی ببینێت, ئاخر ئەگەر کەسێك لەناو زەلکاوی سێکسیدا نوقم نەبووبێت, ئاوەها ڕاڤەی ئەم جۆرە باسانە دەکات؟!.

١٥-لەلاپەڕە (٦٠) لەبارەی خێزانەکەی (لوط)ەوە لە ڕاڤەی ئایەتی (٨١) سورەتی (هود), ئاوەها ڕاڤەی ئەم ڕستەیەی کردووە "...انه مصیبها ما أصابهم...." دەڵێ: "ژنەکەت نەبێت, چونکە ژنەکەت وەك ئەوان توشی هەمان شێوە جنس (گاندان لە کونی دواوە) بووە...".

دەڵێین:

بەکام وتەی زانایان و چ ڕاڤەکارێك, ئەم ڕاڤەیەت کردووە؟ تا ئەوەندە لەخۆت ڕازی بیت, ئاوها ڕاڤەی وتەی کەسێك بکەیت, کە پیرۆزترین شتە بەلای باوەڕدارانەوە, تۆ نەخاوەنی پەیمانی خۆتی, نە خاوەنی قسەی خۆتی, نە خاوەنی

[١٥] بڕوانە: (ابن کثیر) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا.

[١٦] القرطبی, ج٩, ص٧٤ .

[١٧] تفسیر الجلالین, ص٣٠٢.

هەستی خۆشتی نەك (دووفاقی)، بەڵکو زیاد لەوەش بە بەرگت هێشتا کەمە، چونکە وەك خۆت بانگەشەی بۆ دەکەی شتەکانی کە دەیهێنیت پشت بەسەرچاوە ئیسلامییەکان دەبەستێت، بەلام ئەم بانگەشەیە، جگە لە ناڕاستی هیچی تری تێدا بەدی ناکرێ. کامەتا سەرچاوەی ئەم ڕاڤەو لێکدانەوەیەت؟ بۆ نەگەڕایتەوە سەر (تەفسیری قورتوبی)، کە ئەو چۆن ڕاڤەی کردووە، وەك لەهەندێ باسی تردا ئەو سەرچاوەیەت کردووە بەسەرچاوە دیارەکانی خۆت.

بزانە (قورتوبی) لە ڕاڤەی ئەو بەشەدا ئاوا دەڵێ: "(انه مصیبها) أی من العذاب"[١٨].

واتە: تەنها ژنەکەت نەبێ، چونکە ئەویش ئەو سزایەی کە خوا بۆ نەتەوەکەت دەینێرێ ئەویش دەگرێتەوە.

مەریوان، یەکێك لە سەرساترین بێئاگایی، کە تووشی براکانی (یوسف) بوو ئەوە بوو، کاتێ کە خستییانە نێو بیرەکەوەو کراسەکەیان خوێناوی کرد بە باوکییان وت: گورگ خواردویەتی (أکله الذئب)، بەلام نەیانزانی کراسەکە بدڕێنن.

تۆش کەوتویتە هەڵەی گەورەی وەهاوە، ناتوانی چۆن خۆت قوتار بکەیت، ئاخر ئەگەر ویستت چاوبەست بکەیت!، هیچ نەبێت ڕێگەیەك بگرە کە یەکسەر لە ڕێگەوە کارەکانت (ئاوەڕووت) نەکرێت، ئەوەی بیەوێت لاسایی وشتر مەل (نەعامە) بکاتەوە، وەك ئەو چۆن هەڵدەخەڵتێ، ئەویش ئاوەها هەڵدەخەڵتێ، ئەگەر تۆ سەریشت نوقمی زەوی کەیت، زۆرت بەدەرەوەیە تا بەرامبەرەکەت بتبینێ!!!.

١٦-لەلاپەڕە (٦٧) دەڵێ: "بەهەمان شێوە لە سورەتەکانی (النمل)، ئایەتەکانی ٥٤و٥٨، (التحریم) ئایەتەکانی ٩و١٠ لە هەموو ئایەتەکانیشدا زۆر بە ڕوونی ئەوە دەرکەوتووە، کە ژنەکەی (لووت) لە کونی دواوەی سێکسبازی کردووە".

دەڵێین:

ئایەتی(٥٤)ی سورەتی (النمل) ئەمەیە: ﴿ ولُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتأْتونَ الْفَاحِشةَ وأَنتمْ تبْصِرونَ ﴾.

(ابن کثیر) دەڵێ: "خوای گەورە لەبارەی بەندەو ڕەوانە کراوی خۆی (لوط) سەلامی خوای لێ بێ، هەواڵ دەدا کە ئاگاداری نەتەوەکەی خۆی دەکات، کە سزای خوایان توش دەبێت بەهۆی ئەو کارە نەشیاوەی کە پێش ئەوان هیچ کەسێ ئەمەی نەکردووە، ئەویش بریتییە لە چونە لای نێرینە، ئەمەش خراپەیەکی زۆر گەورەیە، .... (أَتأْتونَ الْفَاحِشةَ وأَنتمْ تبْصِرونَ). واتە: ئێوە لە پێش چاوی یەکدا کاری ناڕەوا دەکەن[١٩].

-ئەوە ئایەتەکەو ئەوەش وتەی بەناوبانگترین موفەسیری قورئان، جا قسەکەی (مەریوان) بۆ خۆی، وەك دەڵێن: ماڵی قەڵب سەر خاوەنەکەیەتی.

-لە هەمووی سەیرتر مەریوان ئایەتی (٥٤) سورەتی (النمل) دەکاتە بەڵگە، بەلام هەر دوا ئەم ئایەتەو لە ئایەتی (٥٥) سورەتی (النمل) زۆر بە ڕوونی ئەوە دەرکەوتووە، کە ئەوان ناچنە لای ئافرەت، ئەویش ئەوەیە: ﴿أَئِنكُمْ لَتـأْتونَ الرجالَ شهْوةً من دون النساء بلْ أَنتمْ قَوم تجْهلُونَ﴾.

واتە: ئێوە وەك ئارەزوو دەچنە لای پیاوان و ناچنە لای ئافرەتان بەڕاستی ئێوە گەلێکی نەزانن.

مەریوان، ئەمەی نەبینی؟ یان لە واتای "من دون النساء" تێناگات؟!.

ئایەتی (٥٨) هەمان سورەت ئەمەیە: ﴿ وأَمطَرْنا علَيهِم مطَرا فَساء مطَر الْمنذَرِين﴾.

واتە: وە ئێمە بارانمان بە سەریاندا باران بارانێك (واتە بەرد) بە ڕاستی بارینێکی خراپ بوو بۆ ئاگادار کراوەکان[٢٠].

لەبارەی ئایەتەکانی(٩و١٠) سورەتی (التحریم)، کە دەفەرموێت: "ئەی پێغەمبەر بجەنگە لەگەڵ بێباوەڕان و دووڕووەکانداو توند بە لە سەریان ئەوان جێگەیان دۆزەخە، بەڕاستی دۆزەخ خراپترین داهاتوو سەرئەنجامە".

ئایەتی(٩) ئەمەیە: ﴿ يا أَيها النبِي جاهِد الْكُفَّار والْمنافِقين واغْلُظْ علَيهِمْ ومأْواهمْ جهنم وبِئْس الْمصِير ﴾.

---

[١٨] تفسیر القرطبی، ایة (٨١) سورەتی هود.

[١٩] ابن کثیر، تفسیری ئایەتی (٥٤) سورەتی النمل.

[٢٠] بڕوانە: ابن کثیر، مختصر تفسیر الطبری، ئایەتی (٥٨) سورەتی (النمل).

ئەمە هەموو لایەك دەزانێ کە بە هیچ جۆرێ دەست نادات بۆ بەڵگەسازییەکەی مەریوان لەسەر بوختانەکەی.

–ئایەتی (١٠) ئەمەیە: ﴿ ضرب الله مثلًا للذين كفروا امرأة نوح وامرأة لوط كانتا تحت عبدين من عبادنا صالحين فخانتاهما فلم يغنيا عنهما من الله شيئًا وقيل ادخلا النار مع الداخلين﴾.

(ابن كثير) دەڵێ: "خوای گەورە نمونە بۆ بێباوەڕان دێنێتەوە، واتە لە تێکەڵاو بوونی بێباوەڕان بە موسڵمانان و هەڵس‌وکەوت کردن لەگەڵیاندا، ئەمە هیچ سودێك بە بێباوەڕان ناگەیەنێت لەلای خوای گەورە، پاشان دێتە سەر نمونەکە (امرأة نوح و امرأة لوط...) کە ئەم دوو ئافرەتە لەگەڵ دوو پێغەمبەری خوادا ژیانییان بردە سەر و شەوو ڕۆژ هاوەڵێتیان دەکردن...(فخانتاهما) بەڵام ئەوان لەباوەڕو ئیماندا ناپاکییان کردو باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتییەکەیان نەهێنا"[٢١].

–(راغب ئەسفەهانی) دەڵێ: "الخيانة" و"النفاق" یەکێکن، بەڵام ئەوەندە هەیە کە "الخيانة" بۆ پەیمان و ئەمانەت دەوترێ و"نیفاق"یش بۆ دین بەکاردێ، پاشان تێکەڵ دەکرێن‌و (بۆ واتای یەکتر بەکاردێن)، کەواتە (خیانەت) سەرپێچی ڕاستییە بە هەڵوەشاندنەوەی پەیمان بەنهێنی.... پاشان چەند ئایەتێك دێنێت، یەکێ لەو ئایەتانە کە دەیهێنێت ئایەتی(١٠)ی سورەتی (التحريم).ە[٢٢] کەواتە: "زۆر بە ڕوونی"یەکەی مەریوان بە با چوو.

١٧–لە لاپەڕە (٦٧و٦٨)دا چەند ئایەتێك لە سورەتەکانی (الواقعة١٧–٢٤)، (الانسان١٢و١٩) و(الطور٢٤)، دەهێنێ‌و ڕاڤەیان دەکات، دوایی وەك پیشەی هەمیشەیی بۆچونێکی سەقەت بە زمان و واقیع دەردەبڕێت و وادەردەخات، کە لە بەهەشتیشدا کاری نێربازیی لەگەڵ منداڵی لوسکەدا هەبێت، پاشان لە لاپەڕە (٦٩)دا، باسی چەمکی "خزمەتکار" دەکات و دەڵێ: "چەمکی خزمەتکردنیش ماناو واتاو دەلالەتی خۆی هەیە، خزمەت تەنها بە مانا ڕوکەشەکەیەوە ناوەستێ (لەش بەشێکە لە خزمەت پێکردن)".

دەڵێین:

ئەمە بوختان و درۆو دەستوەردانە لە دەقێکی پیرۆز.

١–ئەگەر ڕاستە مەریوان شت دەزانێ و ئاگادارە بەسەرچاوە ئیسلامییەکان، بۆ تەنها یەك (قیل)یشی نەهێنا لە تەفسیرە موعتەبەرەکان!!!.

٢– دیارە خزمەتکردن بەلای (مەریوان)ەوە وایە، واتە گەر کەسێ بووە خزمەتکارو بەردەستی کەسێ دەبێ کاری جووتبوونیشی لەگەڵدا بکرێ، ئەمەش پێچەوانەی واقیع و ئەوەیە کە ڕۆژانە خەڵك دەیبینن، خەڵکینە چ کەسێ، چ ژیرو فامیدەیەك ئەم بۆچونەی هەیە، جگە لە کەسێك کە سەراپای لە(سێکس)دا نغرۆ بووە؟!.

١٨–کە باسی واتای (حجاب) دەکات لەلاپەڕە (٧٤)دا، چوار ئایەت دێنێت و ڕاڤەیان دەکات کە واتای (حجاب)ی تێدایە، بەڵام ئەوەندە داماوە ویستویەتی "فەلسەفە!" لێبدا، بەڵام پێی هەڵخلیسکاوە، بۆ نموونە:

ئایەتی(٤٥)ی سورەتی (الاسراء) ﴿وإذا قرأت القرآن جعلنا بينك وبين الذين لا يؤمنون بالآخرة حجابا مستورا﴾.

مەریوان، وا ڕاڤەی دەکات: "ئەوکاتەی کە قورئان دەخوێنیتەوە پەردەپۆشێکی (حجابا) نادیارو شاراوەمان خستۆتە نێوان تۆو ئەوانەی بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نییە.

دەڵێین:

"پەردەپۆش" قسەی مەریوانە، دەنا (ابن كثير) دەڵێ: "واتە بەربەست". جا خۆت بڕیار بدە، قسەکەی مەریوان کە فڕی بە سەر زمانی عەرەبییەوە نییە، یان قسەکەی (ابن كثير)ی شارەزاو دانا بە زمانی عەرەبی هەڵدەبژێری!.

–لە ئایەتی(١٧) سورەتی (مریم) کە دەفەرموێ: ﴿فاتخذت من دونهم حجابا فأرسلنا إليها روحنا فتمثل لها بشرا سويا﴾.

---

[٢١] تفسير ابن كثير.

[٢٢] مفردات الفاظ القرآن، ص٣٠٥.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا, مەریوان دەڵێ: "جا لەنێوان خۆی و(پەیامبەر)و ئەواندا پەردەپۆشێکمان (حجابا) ڕایەڵ کردو...".

دەڵێین:

واتای ئایەتەکە لە ڕاستیدا ئاوەهایە: "مەریەم خۆی لە خەڵکەکە شاردەوەو ئێمەش (جبریل)مان نارده لای[٢٣] ....".

کەواتە (حجاب) لێرەدا بەواتای (شاردنەوە)یە, نەك وتەکەی مەریوان.

جاوەرن باپێکەوە (بزرکان)ەکانی مەریوان دیاری بکەین.

١-(فاتخذت) فعلی (ماضی)یەو ڕاناو(ضمیر)ی (مؤنث)ی پێیەوە لکاوە, واتە: مەریەم, مەریوان هاتووە دەڵێ: "جا....پەردەپۆشێکمان...".

ئەگەر قسەکەی مەریوان بێت, دەبوایە ئاوەها بوایە (فاتخذنا).

٢-وشەی (پەیامبەر) لە چ جێگەیەکی تەفسیردا هێناوتە؟ خۆ ئەگەر مەبەستی لە(عیسی) بێت. ئەوا (عیسی) ئەو کاتە لەدایك نەبووبوو, پاشانیش هیچ پێغەمبەرێك لەو کاتەدا لەگەڵ مەریەمدا لەو جێگەیەدا بوونی نەبووە!.

چەند شورەییە درۆو بوختان بەدەم شتێکەوە بکرێ, کە کەسی زۆر شارەزا قسەی لەسەر کردووە, بەمە مەریوان دەریخست کە نە (گەڕاوەتەوە سەر تەفسیرەکان) نە سادەترین ئاگاداریشی هەیە بە جیاکردنەوەی ڕاناو(ضمیر)ەکانی (مذکرومؤنث).

١٩-لەلاپەڕە (٧٨) دەڵێ: "بەپێی پەندێکی کۆنی عەرەب: باشترین عەتری پیاو لەوەدایە بۆنی هەبێ‌و ڕەنگی نەبێت, باشترین عەتری ژنانیش لەوەدایە ڕەنگی هەبێ‌و بۆنی نەبێت".

دەڵێین:

ئەمە پەندی کۆنی عەرەب نییە, بەڵکو فەرموودەی پێغەمبەرە کە دەفەرموێ: "طيب الرجال ما ظهر ريحه وخفي لونه, وطيب النساء ما ظهر لونه وخفي ريحه"[٢٤]

واتە: بۆنی خۆشی پیاو ئەوەیە کە بۆنی هەبێ‌و ڕەنگی نەبێت, بۆنی خۆشی ئافرەتیش ئەوەیە کە ڕەنگی هەبێت و بۆنی نەبێت.

لەسەر ئەمە تەنها ئەوە دەڵێم کە نە شارەزاییش بەو ئەندازەیە شتێکی باش نییە.

٢٠- لە لاپەڕە (٨٠) لە باسی (جلباب)دا دەڵێ: "بەڵام بەداخەوە لە نەزانینی خۆیان ڕاڤەکاران و فیقهییەکان وا ئەم ئایەتەیان وەرگرتووە کە فەرمان بە داپۆشینی دەم و چاو دەکات.....".

دەڵێین:

١- کە "دەڵێ ڕاڤەکاران و فیقهییەکان"....ئەمە هەم بوختانە, هەم درۆیە, چونکە تەنها ئەو قسەیەی مەریوان خەیاڵە, بەڵکو بە پێچەوانەوە (بۆچونی زۆربەی هەرە زۆری زانایان) لەسەر ئەوەیە کە (دەم و چاو) عەورەت نییەو داپۆشینی پێویست نییە, وەك:

-ابن رشد لە (بداية المجتهد)دا, دەڵێ: لەوانە: (أبو حنيفة, مالك, شافعی).[٢٥]

- گێڕانەوەیەکیش لە پێشەوا (ئەحمەد) هەیە لەم بارەوە[٢٦].

-هەروەها پێشەوا(طحاوی) لە هەردوو قوتابییەکەی (ابوحنيفة) (أبو يوسف و محمد) دەگێڕێتەوە, کە ئەوانیش هەمان بۆچونییان هەیە[٢٧].

---

[٢٣] بڕوانە: (ابن كثير, قورتوبی) لە سەر ئەم ئایەتە.

[٢٤] رواه الترمذی في (الادب), رقم (٢٧٨٨), وابو داود رقم (٢١٧٤).

[٢٥] بداية المجتهد, ج١, ص٨٩.

[٢٦] المجموع للنووی, ج١, ص١٦٩.

-شێخی (شیربینی)یش ئەمە بە پەسەند دەزانی[٢٨].

وە(ابن حزم) ئەو بۆچونەی هەیە, کە دەم و چاو داناپۆشرێ و پێویست نییە و لە چەندین جێگەدا لە کتێبە بەناوبانگ و نایابەکەیدا بەرگری لەم بۆچونە دەکات[٢٩].

وە(ابو عبدالله, دیمەشقی شافعی) لە کتێبەکەیدا بۆچوونی زۆرینە لەسەر ئەم بۆچوونە دەهێنی[٣٠].

٢-پاشان ئەو قسەیەی مەریوان پێچەوانەی ئایەتە, پاش ئەمە دێینە سەری, هەروەها پێچەوانەی چەندین فەرموودەیە لەم بارەوە[٣١].

٢١-لەمە سەیرتر ئەوەیە مەریوان لە لاپەڕە (٨٠)دا, دەڵێ: "بەم ڕاڤەیەش ئایەتی ٥٩ی (الاحزاب) دەبێتە ناسخی ئایەتی(٣١)ی (نور), واتە لە جێی ئایەتی(٣١)ی (نور) دەبێ ئایەتی(٥٩)ی (الاحزاب) کاری پێ بکرێ".

هەروەها دەڵێ: "ئەگەر بە ڕاڤەکانیاندا بچینەوە دەبینین لە کاتی ڕاڤەکردنی ئایەتی ٣١ی (نور) باسی دەرخستنی دەم و چاو دەکەن, کاتێکیش باس لە ئایەتی ٥٩ی (ئەحزاب) دەکەن باسی داپۆشینی دەمو چاو دەکەن".

دەڵێین:

١-لەبارەی نەسخ بوونەوە ئەم قسەیەت وەرناگیرێ, چونکە:

أ-هیچ یەکێ لە زانا بەناوبانگ و متمانە پێکراوەکان شتی وایان نەوتووە.

ب-مەریوان نەزان و کاڵفامە بەسادەترین ئالەتەکانی زمانی عەرەبی, چ جای قسەی وای لێوەرگیرێ!.

٢-ئایەتەکەی (٣١)ی (نور) باس لەدەرخستنی دەم و چاو و پۆشینی تەواوی جەستەو دەرنەخستنی بۆ نامەحرەمەکان دەکات, وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە, ڕاڤەکارانیش قسەیان لێوە کردووە.

٣-ئایەتی (٥٩)ی سورەتی (ئەحزاب) باس لەوە دەکات کە باڵاپۆشەکانیان بدەن بەسەریانداو دەمو چاو داپۆشین ناگرێتەوە, وەك لە پێشەوە باسمان کرد.

قورتوبی, لەبارەی (جلباب)دەڵێ: "ئەوەی لە وتەکان سەبارەت بە(جلباب) ڕاست بێ ئەوەیە کە بریتییە لەو باڵا پۆشەی هەموو جەستە داپۆشی"[٣٢].

وە(ئەلبانی)یش لەبارەی (جلباب)ەوە دەڵێ: "ئەوەی (جلباب) بەوە تەفسیر بکات کە داپۆشینی دەم و چاوە, ئەوە هیچ بنەمایەك بۆ ئەو وتەیە نییە لە زمانی عەرەبی کە(جلباب) بەمە لێکبداتەوە"[٣٤].

پاشان لە جێگەیەکی تردا, وتەیەکی (ابن حزم) لەبارەی (جلباب)ەوە دێنێ کە (ابن حزم) دەڵێ: " (جلباب) لەو زمانە عەرەبییەی کە پێغەمبەر گفتوگۆی پێکردوە لەگەڵماندا بریتییە لەو پۆشاکەی هەموو جەستەی ئافرەت دەگرێتەوە". پاشان ئەو وتەیەی پێشەوا (قورتوبی)کە لە پێشتر باسمان کرد دەیهێنێ لەگەڵ ئەو وتەیەی (ابن کثیر) لەبارەی (جلباب)ەوە وتویەتی, دوایی دەڵێ: " لەوانەیە ئەو (عەبا)یانەی کە ئەمڕۆ ئافرەتان لە(نەجد)و (عێراق)و وێنەی ئەم وڵاتانە بەکاری دەهێنن ئەم (جلباب)ە, بێت"[٣٥].

---

[٢٧] شرح معانی الاثار, ج٢, ص٩, للطحاوی.

[٢٨] الاقناع, ج٢, ص١١٠.

[٢٩] بڕوانە: المحلی, ج٣, ص١٢٦-١٢٩-١٣٠.

[٣٠] بڕوانە: رحمة الامة, ص٩١.

[٣١] بۆ باسی دەم و چاو دانەپۆشین و ئاشنا بوون لە فەرموودەکان بڕوانە: جلباب المراة المسلمة, محمد ناصر الدین الالبانی, ص٣٩-١٠٨.

[٣٢] تفسیر القرطبی لە سەر ئایەتی (٥٩)ی سورەتی (الاحزاب).

[٣٤] جلباب المراة المسلمة, ص٦.

[٣٥] بڕوانە: جلباب المراة المسلمة, ص٨٣.

٢٢-لەلاپەڕە (٨٣) ئایەتی (٦٠)ی سورەتی (نور) کە دەفەرموێ ﴿ والقواعد من النساء اللاتي لا يرجون نكاحا فليس عليهن جناح أن يضعن ثيابهن غير متبرجات بزينة وأن يستعففن خير لهن والله سميع عليم﴾.

مەریوان, دەڵێ: "مانای ئایەتەکە ئەوە دەدات بە دەستەوە کە ئەم جۆرە ژنانەش (مەبەست ئەوانەن کە پیر بوون و تەمای شوو کردنیان نەماوە) لە کۆت و بەندی حیجاب ڕزگار دەکات و حوکمی حیجاب نایان گرێتەوە".

دەڵێین:

ئەو ئایەتە باس لەوە دەکات, کە ئەو ژنانەی چونەتە تەمەنەوەو تەمای شوو کردنیان نەماوە, هیچیان لەسەر نییە کە بالاپۆشەکانیان (جلباب) دابنێن, ئەمەش وتەی (ابن مسعود وابن عباس وابن عمرو مجاهدو سعید بن جبیرو کەسانی ترە)[٣٦].

مەریوان, گومانم لەوەدا نییە, کە ئەمانەی بینیوە, بەڵام خۆی لێ هەڵە کردووەو لەوانەیە وتبێتی: خۆ گەر من ئەم شتانەم نوسی کێ دەچێ سەیری سەرچاوەیان بۆ دەکات و ئیتر ئەو کات بڕوام پێ دەکەن!.

بەڵام بەهەڵەدا چووە, چونکە کەسانێك هەن نازانن ماندوو بوون چییە بۆ خزمەتی پەیامی خوا, ئەو کەسانە زۆر ئاگادارن بەو کون و کەلەبەری ئەوجێگەو شوێنانەی کە دوژمنان دەیانەوێ ئیسلامی پێ کرمێ بکەن!.

٢٣-لەلاپەڕە (٨٤)دا لەسەر ئەو ئایەتانەی کە ڕابورد بۆچونێکی سەقەت دەنوسێ و دەڵێ: "لەم ئایەتەدا ئەوە وەردەگیرێت کە ژنانێك تەمەنیان تێپەڕاندبێت, دەتوانن بە سەری ڕووت و سفورییەوە بچنە دەرەوەو گوناهیشی تێدا نییە".

دەڵێین:

وەك باسمان کردو وتەی ئەو هەموو کەڵە زانایانەمان هێنا, کە مەبەست لە (ثیابهن) بالا پۆشیە واتە: عەبا, نەك دانانی لەچك و سەرپۆش, وە زانایانی ڕاڤەش هەروا لێکیان داوەتەوە, لەوانە: (قورتوبی و ابن کثیرو سیوطی).[٣٧]

باسێك:

دەگێڕنەوە جارێك کابرایەك لەلای (قازی) شایەتی لەسەر کابرایەکی تر دەدا, کابرای شایەت لەسەر دراوەکە دەڵێت: قازی شایەتی قبوڵ مەکە, چونکە ئەو کابرایە بیست هەزار دیناری پێیەو حەجی ماڵی خوای نەکردووە, کابراکە دەڵێ: قوربان حەجم کردووە, کابراکەی تر دەڵێ: دە جەنابی قازی پرسیاری (زەمزەم)ی لێبکە, کابراکە چونکە درۆزنەو درۆی کردووە دەڵێ: قوربان من کاتێ حەجم کردووە کە هێشتا ئاوی (زەمزەم) هەڵنەکەندرابوو, بۆیە من (زەمزەم)م نەبینیوە[٣٨].

مەریوان, لەم کابرایە خراپتریشی لێ بەسەرهاتووە, نازانم بۆ مەریوان لەکاتی نوسینی ئەو کتێبەیدا بیری لەو نەکردۆتەوە, کە کاتێك دێت دەستەکانی بەدەربخرێت, یان بیری کردۆتەوە لێی, بەڵام شتی تر هەبووە لە ئارادا کە هانی نوسینی ئەو کتێبە بدات, کە لە کۆتاییدا بە درێژتر باس لە مەبەستی نوسینەکەی مەریوان دەکەم.

٢٤-لەلاپەڕە (٨٦)دا قسەیەك بەدەم (ابن کثیر)ەوە هەڵدەبەستێ و پاشانیش دەقەکە دەگۆڕێت, مەریوان دەڵێ: "ابن کثیر دەڵێت: كانت نساء المؤمنين يخرجن بالليل الى حاجتهن وكان المنافقون يتعرضون لهن و يؤذونهن فنزلت هذه الآية, وقال السدي: كانت المدينة ضيقة المنازل و كان النساء اذا كان الليل خرجوا فقضين الحاجة وكان فساق من فساق المدينة يخرجون فاذا رأوا المرأة عليها قناع قالوا هذه حرة فتركوها واذا رأوا المرأة بغير قناع قالوا هذه أمة فكانوا يراودونها فأنزل الله تعالى هذه الاية.

دەڵێین:

---

٣٦ ابن کثیر, تەفسیری ئەم ئایەتە.

٣٧ بڕوانە: هەر سێ ڕاڤەکە لەسەر ئەم ئایەتە.

٣٨ اخبار الحمقى والمغفلين, ص٢٢٦, ابن الجوزي.

١-(ابن كثير) قسەی وای نەکردووە, بەڵکو (ابن كثير) دەڵێ: "قال السدی...." . کەواتە قسەی (سدی)یە, نەك (ابن کثیر).

٢-ئەو دەقەی سەرەوە زۆر گۆڕانی تێدایەو مەریوان ئاماژەی بەوە کردووە, کە لە تەفسیری (ابن كثير) ئەمەی هێناوە, ئێمەش ئێستا ئەو دەقەی نێو تەفسیری (ابن كثير) دێنین و دواتر با خوێنەری خۆی بڕیار بدات, کە چەندە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو دوو دەقەدا, لە تەفسیری (ابن كثير)دا هاتووە کە (ابن کثیر) دەڵێ:

"قال السدی فی قوله تعالی(یا ایها النبي...) قال: كان ناس من فساق المدينة يخرجون بالليل حين يختلط الظلام الى طرق المدينة, فيعرضون للنساء وكانت مساكن أهل المدينة ضيقة فاذا كان الليل خرج النساء الى الطرق يقضين حاجتهن, فكان أولئك الفساق يبتغون ذلك منهن, فاذا رأوا المرأة عليها جلباب قالوا هذه حرة فكفوا عنها, واذا رأوا المرأة ليس عليها جلباب قالوا: هذه أمة فوثبوا عليها"[39].

من هیچ ناڵێم ئێوە سەیری ئەم دوو دەقە بکەن, چی باشە بە مەریوان بوتری؟!!

٢٥-لەلاپەڕە(٨٩)دا دەڵێ: "ناحەقی کەسێکی وەك عومەری کوڕی خەتتاب ناگرین بەهۆی ئەم ئایەتەوە ناچار دەبێت لە جێبەجێکردنیدا دادپەروەر بێت و بە قامچی لەو کەنیزەکانە بدات, کە حیجابیان دەپۆشی و پێیان بڵێت: ئەوە بۆ خۆتان وەك ئازادەکان دەشوبهێنن؟, ئایا خۆتانتان لە بیر چۆتەوە کە کەنیزەکن؟". دوایی وەك سەرچاوە (تەفسیری قورتوبی) دەهێنێت.

دەڵێین:

ئەوەی لە تەفسیری قورتوبیدایە هەر ئەمەندەیە, کە قورتوبی نوسیویەتی: "وقال عمر (رضی الله عنه) اذا رأی أمة قد تقنعت ضربها بالدرة, محافظة علی زی الحرائر"[40].

عومەر دەستوری وابوو, گەر کەنیزەکێکی ببینیایە سەرو مل و گەردنیان داپۆشیایە بە قامچی لێی دەدان, ئەمەش وەك پارێزگارییەك لە پۆشاکی ئازادەکان.

ئیتر "ئەوە بۆ خۆتان...." ئەمە قسەی گیرفانی دڕاوی مەریوان خۆیەتی.

٢٦- لە لاپەڕە (٩٧)دا, ئایەتی (٤٣)ی سورەتی (النساء) دێنێ و پاش ئەوەی, وەك هەموو جارێ تۆزێ دەبزڕکێنێ, دەڵێ: "ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر موسڵمانێك مەشروب بخواتەوەو سەرخۆش نەبێت و بەئاگا بێت و نوێژەکەی بە ڕێك و پێکی بکات ئەوا حوکمی ئەم ئایەتە نایگرێتەوە".

دەڵێین:

ئایەتی (٤٣)ی سورەتی (النساء) دەفەرموێ: ﴿ يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاةَ وأنتمْ سكارى حتى تعْلمـوا مـا تقُولونَ ولا جنبا إلا عابِري سبِيلٍ حتى تغْتسِلوا وإن كُنتم مرْضى أوْ على سفَر أوْ جاء أحد منكُم من الغآئِطِ أوْ لامسْتم النساء فلَمْ تجِدوا ماء فتيمموا صعِيدا طيبا فامْسحوا بوجوهِكُمْ وأيدِيكُمْ إن الله كانَ عفُوا غفُورا ﴾.

ئەو قسەیەی مەریوان کاتێ وایە, کە دواتر حەرام نەکرابایە, بەڵام کە دواتر خوای گەورە بە دەق قەدەغەی کردو ئیتر کەم و زۆر خواردنەوەکەشی قەدەغە وحەرامە, ئەوەتا خوای گەورە بۆ هەتا هەتایی قەدەغەو حەرامی کردووە: ﴿ يا أيها الذين آمنوا إنما الخمْر والمَيْسِر والأنصاب والأزْلام رِجْس منْ عمل الشيْطان فاجْتنِبوه لعلكُمْ تفْلِحونَ﴾ المائدة/٩٠.

پێغەمبەریش دەفەرموێ: "ما أسكر كثيره فقليله حرام".[41]

واتە: هەرچی زۆرییەکەی سەرخۆش بکا ئەوا کەمەکەشی هەر حەرامە.

هەتا کەسێکی زاناو بەناوبانگی وەك (ابن حجر الهيثمی) خواردنەوەی یەك دڵۆپەشی بە گوناهی گەورە داناوە[42].

[39] بڕوانە: ابن كثير تفسير اية (٥٩)ی الاحزاب.

[40] تفسير القرطبی, اية (٥٩)ی الاحزاب, المسألة السادسة.

[41] رواه ابو داود رقم (٣٦٨١) والترمذی رقم (١٨٦٥) وصحيح الجامع رقم (٥٥٣٠).

٢٧ – لەلاپەڕە(١١٤)دا، لە باسی هێنانەوەی ژنی باوك دەڵێ: "لە دوای حوکمی ئایەتەکەش هەبووە باوەژنی خۆی بە مارەبڕی هێشتۆتەوەو ئەویش (مەبەستی پێغەمبەرە) قسەی نەکردووەو بە پشت بەستن بە هەمان ئایەت بە حەلالی ماوەتەوە".

دەڵێین:

ئەو ئایەتەی مەریوان قسەی لەسەر دەکات، ئایەتی(٢٢)ی سورەتی (النساء) کەدەفەرموێ: ﴿ولا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء إلا ما قدْ سلف إنه كانَ فَاحِشةً ومقْتا وساء سبِيلاً﴾.

واتە: ئێوە ئەو ئافرەتانە مارە مەکەنەوە لە خۆتان، کە باوکتان مارەیان کردوون، تەنها ئەوە نەبێ، کە لەوەو پێش ئەمە کرابێت، چونکە ئەم کارە بەڕاستی خراپەو ناڕەواییەو بەڕاستی خراپترین ڕێگەیە.

ئەم ئایەتە حەرامێتی ئەوە دەردەخات، کە ئەگەر باوکێك ژنێکی مارەکرد، ئیتر لەسەر ئەو کوڕە دروست نییە مارەی بکاتەوە، ئەمەش چەند جۆرێکە:

١ –ئەگەر باوکەکە چوو بووە لای ئافرەتەکە، واتە جووتبوون ڕوویدابوو، ئەوا بە کۆڕای زانایان مارەکردنەوەی حەرامە.

٢ –ئەگەر جووتبوون ڕوووینەدابوو، ئەوا (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) دەڵێ: "بەهەمان شێوە هەر حەرامە"[43].

ئێمە قسەمان لەسەر ئەو قسەیەی مەریوانە، کە دوو بەهانە بۆ ڕەوایەتی ئەم کردارە دەهێنێتەوە:

١ –گوایە شتی وا کراوەو پێغەمبەر بێدەنگ بووە، ئەمە درۆیە، بوختانە، کالفامییە، چونکە ئەوەتا (بەڕاء کوڕی عازب) دەڵێ: "حارث کوڕی عمیری مامم بە لامدا تێپەڕی ئالایەکی بەدەستەوە بوو کە پێغەمبەر بۆی گرێ دابوو، وە دابویە دەستی پێم وت: ئەی مامە پێغەمبەر بۆ کوێی ناردی؟ ئەویش وتی: ناردمی بۆ لای پیاوێك ژنی باوکی خۆی مارە بڕیبووەوە، فەرمانی پێکردم کە بدەم لە گەردنی پیاوەکە"[44].

٢ –گوایە لە ئایەتەکەدا ڕێ بە شتی وا دراوە، ئەمەش دەمکوتی نەزانە لەم بارەوە، چونکە هەندێ لە زانایان بەم جۆرە واتای ئایەتەکەیان کردووە "ئێوە وەك ئەوەی کە باوکانتان دەیانکرد کە بریتی بوو لە مارە کردنەوەی ژنی باوك، ئێوە وەك ئەوان مەکەن، مەگەر ئەوانە نەبێت کە لە کۆندا شتی وایان کردبێت".

ئەمەش بۆچونی (قورتوبی)و(طبرییە)[45].

کەواتە قسەکەی مەریوان بە درۆو بوختان دەرچووە.

(ابن کثیر) دەڵێ: "هەر بۆیە هەرکەس شتی وەها بکات، پاش ئەم ئایەتە بە هەڵگەڕاوە دادەنرێت و دەبێ بکوژرێ و سەروەت و سامانەکەشی دەچێتە گەنجینەی دەوڵەتی ئیسلامەوە واتە: بیت المال"[46].

٢٨ –لەلاپەڕە (١١٤و١١٥)دا دەڵێ: "بەپێی ئەرکە ئایینییەکان لە کاتی ڕۆژوو گرتندا نەدەبوو کەس سێکس بکات، تا ماوەی مانگەکە تەواو دەبوو، بەڵام ئیسلام هات ئەمەی نەهێشت". ئینجا ئایەتی (١٨٧)ی سورەتی (البقرة) دێنێ.

دەڵێین:

ئەو قسەیەی مەریوان سەقەت و ناتەواوە.

(ابن کثیر)، لەبارەی ئەو ئایەتەی سورەتی (البقرة) دەڵێ: "ئەم ئایەتە مۆڵەتێك بوو لە خواوە بۆ موسڵمانان و هەڵگرتنی ئەو باوە بوو، کە لە سەرەتای ئیسلامدا هەبوو، چونکە لە سەرەتادا (وابوو گەر کەسێك ڕۆژوی بشکاندایە لە

---

[42] بڕوانە: تفسیر (ابن کثیر)، قورتوبی، الزواجر عن إقتراف الکبائر، ج٢، ص٢٦٧-٢٩٢، لە گوناهی٣٧١ تا ٣٨٢.

[43] بڕوانە: ابن کثیر تفسیر اية (٢٢) النساء.

[44] رواه ابو داود، والنسائی، والترمذی...... هەروەها بڕوانە: ابن کثیر تفسیر اية (٢٢) النساء.

[45] بڕوانە: تفسیر القرطبی، ص١٠٤، ج٥، مختصر تفسیر الطبری، ج١، ص١٤٦.

[46] ابن کثیر، اية (٢٢)ی النساء.

ئێوارەدا ئەوە (خواردن و خواردنەوەو جووتبوون لەگەڵ خێزاندا) تا نوێژی عیشا بۆی ڕەوا بوو, یان گەر پێش عیشا بخەوتایە, بۆیە گەر کەسێ پێش عیشا بخەوتایە, یان نوێژی عیشای بکردایە, ئەوا (خواردن و خواردنەوەو جووتبوونی خێزان)ی لە سەر حەرام دەبوو, تا شەوی دوایی تر[٤٧]".

جا مەریوان "نەدەبوو کەس سێکس....". لە کون و قوژبنی چ کەلاوەیەکدا ئەمەی هەڵگرتەوە.

٢٩-گەر ئەمەم بۆ گێڕانەوە زۆر پێمەکەنن, باوەڕکەن مەریوان هێشتا دەبێ چەند ساڵێکی تر بچێت لە جێگەیەك سەرەتاکانی زمانی عەرەبی بخوێنێت:

لەلاپەڕە (١١٥و١١٦) فەرموودەیەك دەنوسێ و پاشتر دەیکات بە کوردی و دەڵێ: "ژنانیش پرسیاریان لێ کردووە: ئەی پەیامبەر ژن لەناو ئێمەدا شوو بە یەك و دووان و سیان و چوار دەکات و دوایی هەموویان دەچنە بەهەشتەوە, لەگەڵ کام لەو مێردانەی دەبێت...؟ دەڵێت: ژنەکە بە ئارەزووی خۆی جوانترین کەسیان هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ ئەو دەبێت".

دەڵێین:

وەڵامی پێغەمبەر لەو دەقە عەرەبییەدا ئاوهایە "أحسنهم خلقا" واتە: باشترین مێردیان, کە لە هەموویان ڕەوشتی بەرزو جوانتر بێت, واتە ئەگەر سەرو بۆری بۆ بکرێت ئاوهای لێ دێت, (أحْسنُهم خُلُقاً) خُلُق, بە زەممەی (خ)و (ل), بەڵام مەریوان بە جۆرێکی تر تێی گەیشتووەو وایزانیووە (أحْسنُهم خَلْقاً)ە.

ناحەقی مەگرن, چونکە لە(تفسیر ابن کثیر) وەریگرتووە و ئەو تەفسیرانەش واباوە (سەرو بۆر)ی بۆ ناکرێت, هەر بۆیە لە جیاتی رووە زانستییەکە زاڵ بێت بەسەر مەریواندا, لایەنە (سێکس)یەکە زاڵ بووە بەسەریداو ئاوها لێی تێك چووە!.

٣٠-لەلاپەڕە (١١٦)دا فەرموودەیەك دێنێ و بەشێکی تێدایە, کە دەقە عەرەبییەکەی ئاوهایە: "فیدخل الرجل منهم علی ثنتین و سبعین زوجة مما ینشیء الله, وثنتین من ولد آدم لهما فضل علی من أنشأ الله بعبادتهما فی الدنیا...".

مەریوان هاتووە ئاوها کردویەتی بە کوردی: "لە بەهەشتدا هەر پیاوێك دەچێتە لای ٧٢ ژن لەوانەی خوا بەتایبەت دروستی کردوون, هەروەها دوو کوڕی جوان و لوسیش لە کوڕانی ئادەم زۆر لەوانە باشترو جوانترن کە لەم دونیایەدا دروست کراون....".

دەڵێین:

"وثنتین من ولد آدم....", واتا ڕاستەکەی ئاوهایە: "لە سەر ئەو حەفتاو دووەوە دەچێتە لای دوو ئافرەت لە نەوەکانی ئادەم, کە ئەو دووانە ڕێزو پلەیەکیان هەیە بەسەر ئەوانەی کە خوا دروستی کردوون، ئەویش بەهۆی ئەوەیە کە لە دونیادا پەرستشیان کردووە".

مەریوان هەتا لە ژمارەشدا (مذکرو مؤنث) لێك جیا ناکاتەوە, نازانێ (ثنتین) تەثنییەیەو مؤنث وحاڵەتی (جەڕ)یەتی, بەڵام کوا مەریوان ئەم شتانە دەزانێ!.

٣١-لەلاپەڕە(١٢١)دا باسی ئەوە دەکات, کە ژنان (قنگی) ئیمامەکەی خۆیان بینیوەو دواتر وەڵامییان بۆ ناردووە, کە گەڵ و قنگی جوان داپۆشێ, دواتر دێڕێك دەهێنێ بەعەرەبی و لە پەڕاوێزەکەشدا ئاماژەی بە(صحیح البخاری) کردووە وەك سەرچاوە.

دەڵێین:

ئەوەی لە (صحیح البخاری) دایە (عەمری کوڕی سەلەمە) دەیگێڕتەوەو بەسەر خۆیدا ئەم ڕووداوە ڕوویداوە, ئەو کات ئەو لە تەمەنی منداڵی دابووە, وەك خۆی لەگێڕانەوەیەکی (أبو داود)دا دەڵێ: "وکنت غلاما حافظا...." واتە: ئەو

---

[٤٧] تفسیر (ابن کثیر) ئایەتی (١٧٨) البقرة.

کات من مندالْ بووم و بیرم بۆ لەبەر کردن چاك بوو...، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو پۆشاکەی کە لە بەریدا بووە دڕاوی تێدا بووە کە چۆتە سەجدە (سمتی) دەرکەوتووە[٤٨].

٣٢-لە باسی دیاردەی (نێرەموك) لەلاپەڕە (١٢٤)دا، شتێکی زۆر سەیر لە مەریوان ڕوودەدات ئەویش ئەوەیە، کە فەرموودەیەك دەهێنێ وشەی (المخنث)ی لێدەبێ بە(نێرەموك)و پێغەمبەر تاوانبار دەکات، کە ئەو نێرەموکی دەرکردووەو نەفرەتی لێکردووە، بە وتەی مەریوان ئەمە نەزانییەو گەر کەسێ خوا بە نێرەموکی دروستی کردبێ دەبێ گوناهی چی بێ؟. پاشان ئاماژە بە فەرموودەیەك دەکات کە لە (صحیح البخاری)دایە.

دەڵێین:

ئەو فەرموودەیەی ئەو ئاماژەی پێداوە بەم جۆرەیە:

ابن عباس دەڵێ: "لعن النبی المخنثین من الرجال والمترجلات من النساء، وقال: أخرجوهم من بیوتکم، فأخرج النبي فلانا"، وأخرج عمر فلانة".[٤٩]

واتە: پێغەمبەر نەفرەتی لەو پیاوانە کردووە، کە لە هەڵسوکەوت کردن و قسەکردندا خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان، پێغەمبەر فەرموی: لە ماڵەکانتان دەریان بکەن، پێغەمبەر بۆ خۆی کەسێکی دەرکرد، عومەریش ئافرەتێکی دەرکرد.

وشەی (مُخَنَّثْ) بە فەتحەو کەسرەی نونەکەش دەخوێنرێتەوە، ئەو کەسەیە لە هەڵس و کەوت و قسەدا خۆی دەشوبهێنێ بە ئافرەتان، ئەمە پێناسەی (ابن حجر)ە بۆ(مخنث)[٥٠].

وە (ابن حجر) لە (فتح الباری)دا دەڵێ: "لە هیچ یەکێ لە گێڕانەوەکاندا ناوی ئەو کەسەی کە عومەر دەری دەکات بەرچاوم نەکەوتووە، پاشان دواتر چاوم بە(-کتاب المغربین-ی، أبو الحسن المداینی) کەوت، کە ناوی ئەو کەسە (أبو ذؤیب)ە[٥١].

مەریوان لێرەشدا نەزانی خۆی زیاتر دەرخست.

٣٣-لەلاپەڕە (١٢٦)، لە سەر ئایەتی ٣٠ی (الاحزاب)دا کە ڕاڤەی دەکات و دوایی ناوی (ابن کثیر) و(قرطبی) و(طبری) و(جلالین) دەهێنێت و باسێك بە دوورو درێژی باس دەکات، پاشتر لە پەڕەی بەرامبەریدا لە پەڕاوێزێکدا دەقە عەرەبییەکە دێنێ.

دەڵێین:

ئەو ناوانە مەریوان هێناویەتی چاو بەستە، چونکە:

أ-(ابن کثیر) شتی وای تێدا نییە.

ب-(تفسیر الجلالین)یش شتی وای تێدا نییە.

ج-ئەو دەقەی کە هێناویەتی لە تفسیری (قورتوبی)دایە.

د-(طبري) لەو دەقە بێبەرییە.

ئەوەی ئەم سەرچاوانەی هەبێ، بگەڕێ بزانێت ئەو قسەیەی، کە مەریوان هێناویەتی گەر لە (تفسیری قورتوبی) زیاتر لە هیچ یەکێ لەو سەرچاوانەی تردا بینی، ئەوا جێی خۆیەتی بە مەریوان بوترێ شتێك دەزانێ!.

٣٤-لەلاپەڕە (١٢٧)دا دەڵێ: "هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە وشەی (فاحشة) لە ئایەتەکە مەبەستی سەرەکی لە زینایە".

---

[٤٨] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فتح الباری، ج٨ باب ٥٣، رقم الحدیث (٤٣٠٢).

[٤٩] رواه البخاری، رقم الحدیث (٥٨٨٦)

[٥٠] فتح الباری، ج٩، ص٣٨٣.

[٥١] بڕوانە: فتح الباری، ج١٠، ص ٣٧٦، وە ج١٢، ص ١٨٢.

دەڵێین:

ئەمە بوختانە, گەر ڕاستی دەکرد با قسەکانیانی بهێنایە, لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە کە بۆ پشگیریی قسەکەی ئاماژەی بە تەفسیری (ابن کثیر) کردووە, وەك سەرچاوە.

منیش دەڵێم: ئەوە تەفسیری (ابن کثیر) لە سەر ئایەتی(٣٠)ی سورەتی (الاحزاب), سوێند بەخوا گەر وشەی(ز–ن–ا)هاتبوو پەیمان بێت تا ماوم قەڵەم بە دەستەوە نەگرم.

٣٥– لەلاپەڕە (١٢٨)دا وتەیەکی (عومەر) دێنێ, کە دەقە عەرەبییەکەی ئاوهایە "یا رسول الله لو ضربت على نسائك الحجاب فإنه یدخل علیهن البر والفاجر, فأنزل الله: وإذا سالمتوهن...". دواتر تفسیری (ابن کثیرو قورتوبی) وەك سەرچاوە دەست نیشان دەکات.

دەڵێین:

ئەو دەقە لە تەفسیری (ابن کثیر)دا نییە, بەڵکو تەنها لە (قورتوبی)دا هاتووە.

٣٦– لەلاپەڕە (١٢٩)دا لەسەر ڕاڤەی ئایەتی (٢٣٥)ی سورەتی (البقرة) لە بڕگەی "ولکن لا تواعدوهن سرا". پاش ئەوەی هەندێ شتی نوسیوە, مەریوان دەڵێ: "(ابن کثیر)یش هەمان بۆچونی هەیەو دەڵێ: لا تقل لها إنی عاشق و عاهدینی أن لا تتزوجی غیری و نحو هذا قال زنا".

دەڵێین:

١– (ابن کثیر) بە هیچ جۆرێ بۆچوونی خۆی دەرنەبڕیوە, بەڵکو قسەی کەسانی تر دەگێڕێتەوە.

٢–ئەو دەقەی کە بەدەم (ابن کثیر)ەوە هەڵیبەستوە, قسەی (إبن عباس)ە.

٣–دەستەواژەی "قال زنا" تەحەددا دەکەم ئەگەر لە تەفسیری (ابن کثیر)دا هاتبێ.

٣٧–لەلاپەڕە (١٣٠), لەبارەی ئایەتی ٢٢٣ی (البقرة)دا دەڵێ: "قورتوبی دەڵێت: عن ابن عمر: فأتوا حرثکم أنى شئتم قال یأتیها. إن ابن عمر والله یغفر له وهم إنما کان هذا الحی من الأنصار وهم أهل وثن مع هذا الحی من زفر وهم أهل الکتاب وکان هذا الحی من قریش یشرحون النساء شرحاً بنو و یتلذذون منهن مقبلات ومدبرات ومستلقیات".

پاشان ئاماژە بە (تەفسیری قورتوبی) دەکات وەك سەرچاوە.

دەڵێین:

ئەوەی لە تەفسیری (قورتوبی)دا هاتووە ئاوهایە: "وعن عبدالصمد قال: حدثنی أبی قال حدثنی أیوب عن نافع عن ابن عمر (فأتوا حرثکم أنى شئتم) قال: یأتیها فی".

پاشان (قورتوبی) دەنوسێ: " (وروى أبو داود عن إبن عباس قال: إن ابن عمرو الله یغفر له وهم, إنما کان هذا الحی من الأنصار, وهم أهل وثن, مع هذا الحی من یهود وهم اهل الکتاب, وکانوا یرون لهم فضلاً علیهم فی العلم, فکانوا یقتدون بکثیر من فعلهم, وکان من أمر أهل الکتاب ألا یأتوا النساء إلا على حرف, وذلك أستر ما تکون المرأة, فکان هذا الحی من الأنصار قد أخذوا بذلك من فعلهم, وکان هذا الحی من قریش یشرحون النساء شرحاً منکراً, ویتلذذون منهن مقبلات و مدبرات و مستلقیات, فلما قدم المهاجرون المدینة تزوج رجل منهم إمرأة من الأنصار, فذهب یصنع بها ذلك فأنکرته علیه, وقالت: إنما کنا نؤتى على حرف فاصنع ذلك و إلا فاجتنبنی, حتى شری أمرهما, فبلغ ذلك النبی, فأنزل الله عزوجل (فأتوا حرثکم أنى شئتم) اي مقبلات و مدبرات و مستلقیات, یعنی بذلك موضع الولد".

من هیچ لەسەر ئەمە ناڵێم بۆ خوێنەری جێدێڵم!.

٣٨–پاشان کە هاتووە واتای بکات زۆر بە سەقەتی مانای کردووە, بۆ نمونە دەڵێ: "کاتی خۆی گەڕەکێك هەبوو لە مەککە تێکەڵی گەڕەکێك بووبوون لە مەدینە, لە کونی دواوە دەچونە لای ژنەکانیان و بە هەموو شێوەیەك لەزەتیان لێ دەبینی.....". هەروەها دەڵێ: "کاتێك کە کۆچەرییەکان هاتنە ناو مەدینە, پیاوێکیان ژنی لە ئەنصارەکان هێناو لە کونی دواوە دەچوە لای ژنەکەی, ژنە ئەنصارییەکەش ڕازی نەبووبوو, پیاوەکە پێی دەڵێ: (ئێمە هەر لە دواوە دەیکەین)....".

دەڵێین:

ئەوە دەقە عەرەبییەکەو ئێستاش واتای دەکەین.

إبن عباس دەڵێ: "(إبن عمر) خوا لێی خۆش بێت, بە ڕاستی بە هەڵەدا چووە, ئەو هۆزە لە ئەنصارییەکان کە بت پەرست بوون, لەگەڵ ئەو هۆزە لە جولەکە, کە خاوەننامە بوون, ئەنصارییەکان جولەکەکانیان بە بەڕێز دەزانی لە خۆیان و وایان دادەنا, کە ئەوان فەزڵیان هەیە بە سەریاندا لە ڕووی زانستەوە, هەر بۆیە لە زۆرێك لە کارەکانیاندا چاویان لێدەکردن, وە دەستوری خاوەننامەکان وابوو تەنها لەسەر یەك شێوە دەچونە لای ئافرەت, چونکە ئەمە چاکترە بۆیان, بەڵام ئەم هۆزە لە قورەیش, کە دەچونە لای ئافرەت لە سەر شێوەی زۆر خراپ لە پێشەوە دەچونە لایان, لە سەر هەموو بارێك چێژیان لێ وەردەگرت لە پێشەوە (وەك ئافرەتەکە لەسەر پشت بکەوێ), لە دواوەو لەسەر شان (واتە ئەم دوو شێوازەش هەر لە جێگەی پێشەوە دەبوو), جا کاتێ کۆچەرییەکان هاتنە مەدینە, پیاوێك لەوان ئافرەتێکی ئەنصاریی خواست و وەك دەستوری قورەیش خۆیان لەگەڵیدا جووت دەبوو, ئافرەتەکەش ئەمەی بەلاوە ناخۆش بوو, وتی: ئێمە هەر لەسەر یەك شێوە دێنە لامان, گەر بەو جۆرە دەیکەیت لەگەڵمدا ئەوا باشە, گەر نا لێم دوور بکەوەرەوە, تا گەیشتە ئەوەی دەنگ و باسەکەیان بڵاوبووەوەو گەیشتەوە بە پێغەمبەر, ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە (فأتوا حرثكم أنى شئتم), واتە: لە پێشەوەو لە دواوەو لەسەر شان, واتە: بەو جۆرە لە جێگەی منداڵ بوونەوە.

کەواتە: باسەکە لەوەیە قورەیش بە چەند جۆرێك دەچونە لای ئافرەتان, بەڵام لە جێگەی منداڵ بوونەوە جووتبوونەکە دەکرا, بەڵام ئەنصاریی و خاوەننامەکان تەنها یەك شێوەیان بەکارهێناوە, بۆ بەهێزیی ئەم وتەیەش فەرمودەکەی, کە(جابر) دەیگێڕێتەوە, دەڵێ: جولەکەکان دەیان وت: ئەگەر پیاو لە دواوە, بەڵام لە کونی پێشەوە, بچێتە لای خێزانی, ئەوا گەر منداڵیان بوو, منداڵەکەیان خێل دەردەچێ, ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە (نساؤكم حرث لكم....) لە گێڕانەوەیەکدا لە ڕێگەی (زوهیر)ەوە دەڵێ: گەر ویستی با بیخات بەسەرداو ئنجا بچێتە لای, گەر ویستیشی با وا نەبێت, گرنگ ئەوەیە لە یەك کونەوە بێت"[٥٢].

٣٩-ئەوەشی کە لە لاپەڕە (١٣١)دا لەسەر (عومەر) نوسیویەتی و پاشان لە لاپەڕەی (١٣٢) دەڵێ: "ئەوەمان بەسە کە خەلیفە عومەر ئەو شەوە لە کونی دواوە چووەتە لای ژنەکەی".

دەڵێین:

باسەکەی (عومەر) وەك مەریوان خۆشی دوو جار دەیهێنێ (عومەر) دەڵێ: "ئەی پێغەمبەر ئەمشەوی ڕابردوو (کەل و پەلی بارەکەم گواستەوە) مەبەستی ئەوەیە, کە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە شوێنی جارانەوە جوتبوونی لەگەڵ نەکردووە، واتە: مەبەستی عومەر ئەوەیە, کە وەك دەستوری ئەو هۆزەی قورەیش چۆتە لای خێزانەکەی، نەك وەك ئەوەی مەریوان ئەڵێ، چونکە:

أ- بەخوار بوون دێت لە پاش ڕێکی, (وەك لە یەکێ لە واتاکانی"حول" لە زمانی عەرەبیدا هاتووە[٥٣].

کەواتە پاش ئەوەی, کە بەڕێکی و لەپێشەوە چۆتە لای, ئەو شەوە بە خواری واتە لە ڕێگەی ترەوە, بەڵام لە جێگەی منداڵ بونەوە.

ب- وەڵامەکەی پێغەمبەر, کە لە پاش خوێندنەوەی ئایەتی: (نساءكم حرث لكم...) پێی فەرموو: (أقبل وأدبر, وأتق الدبر والحيضة) واتە: لە پێشەوەو لە دواشەوە بیکە, بەڵام لە کونی دواوەو لە کاتی سوڕی مانگانەدا خۆت بپارێزە.

کە ئەم وەڵامەی داوەتەوە ئەوە ناگەیەنێت (عومەر) لە کونی دواوە چوبێتە لای خێزانی, هەر وەك چۆن ئەوە ناگەیەنێت, کە (عومەر) لەکاتی سوڕی مانگانەدا چوبێتە لای خێزانی.

---

[٥٢] رواه البخاري و مسلم. هەروەها بڕوانە: فتح الباري, ج٨, ص٢٢٢ رقم الحديث (٤٥٢٨), تفسير القرطبي, ئایەتی ٢٢٣ البقرة المسألة الاولى.

[٥٣] بڕوانە: معجم الوسيط, مادة (حال).

٤٠ – لەلاپەڕە(١٣٢و١٣٣)دا, دەڵێ: "وا دەردەکەوێت چونە لای ژن لە کونی دواوە لە قۆناغی مەککەدا ئاسایی بوبێت و خەلیفە عومەریش حەزی لێکردبێت, هەر بۆیە ئەو شەوە لە کونی دواوە چۆتە لای ژنەکەی, لە گوتەیەکیشدا وتویەتی: أنحكوا نساء أهل مكة".

دەڵێین:

١ – "..لەقۆناغی مەککە..". ئەمە بوختانە, چونکە سورەتی (البقرة) بە یەکدەنگی زانایان(مەدەنی)یە[54].

ئایەتی (نساءكم....) لە ئایەتەکانی سورەتی (البقرة)یە, ئیتر (قۆناغی مەککە) لە کوێ؟!.

٢ – "أنحكوا نساء...". چ پەیوەندی لە دوورو نزیکەوە بەم باسەوە هەیە؟!.

٤١ – لەلاپەڕە (١٣٣)دا, وتەیەکی (ابو سعيد الخدري) دەکات بە هی (ابن كثير), مەریوان دەڵێ: "ئەوەتا (ابن كثير)یش ئاوا ڕاڤەی ئایەتەکەی کردووە: (أن رجلاً أصاب امرأة في دبرها....)".

دەڵێین:

خۆ ئەگەر (ابن كثير)یش لە ژیاندا نەما بێت و بەرگری لە خۆی بکات دژ بە "مەریوان"ەکان, ئەوە تەفسیرەکەی با سەیر بکرێت, تاکو دەرکەوێت کە ئەو وای وتووە یان وتەی (أبو سعيد)ە[55]؟.

٤٢ –لەهەمان لاپەڕەدا, (حفصة) وەك گێڕەرەوەی بە سەرهاتێك لە قەڵەم دەدات, دوایی وەك سەرچاوە ئاماژە بە (تفسير ابن كثير) دەکات.

دەڵێین:

(حفصة) باسەکەی لە دەمی (أم مسلمة)ی هاوسەری پێغەمبەر دەگێڕێتەوە, نەك بەسەرهاتەکە ببینێت.

٤٣ – لەلاپەڕە(١٣٤و١٣٥)دا, دەڵێ: "خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە, کە هیچ یەکێك لە موفەسیرەکان نەچون بەلایداو تا ئێستاش لە نوسینەکانی سەردەمیشدا بەرچاوناکەوێت, ئەویش ئەوەیە کە لە کۆتایی ئایەتەکەدا هاتووە: "وبشر المؤمنين" مژدە بدە ئیمانداران, دوایی هەر خۆی پرسیاری ئەوە دەوروژێنێ کە چ مژەیەك بدرێت بە ئیمانداران....دوایی خۆی پرسیارەکە هەڵدەهێنێت و دەڵێ: کەواتە ئەم ڕووداوەی عومەر ڕاستەو لە دواوە چۆتە لای ژنەکەی بەپشت بەستن بە ئایەتەکە, کە دەڵێت: ژنەکانتان کێڵگەتانن, چۆنتان دەوێت بیانکێڵن, ئەی پەیامبەر ئەم مژدەیەش بدە بە ئیماندارەکان".

دەڵێین:

"وبشر المؤمنين". هەموو موفەسیرەکان چوون بەلایدا و قسەو ڕاڤەشییان لەسەر کردووە:

١ – (ابن كثير) دەڵێ: "مژدە بدە بەو باوەڕدارانەی گوێڕایەڵی خوان لەوەی, کە فەرمانی پێکردوون, وە دوور کەوتوونەتەوە لەو شتانەی, کە خوا سەرزەنشتی کردوون".

٢ – (قورتوبی) دەڵێ: "ئەمە دڵنەواییەکە بۆ ئەوەی کاری چاکە دەکات و دەگەڕێ بەشوێن ڕێبازی هیدایەتدا".

٣ – (طبری) دەڵێ: "مژدەیان بدەرێ بە بردنەوەی ڕۆژی دوایی و هەتا هەتایی لە بەهەشتدا"[56].

مەریوان, دڵنیابە دڵسۆزان و زانایانی ئەم دینە شتێکی ئەوتۆیان بۆ کەسانی وەك تۆ نەهێشتۆتەوە, تا تۆ بێیت فەلسەفەی سەقەتی بەسەرەوە لێ بدەی!, لە نوسینە کۆنەکاندا ئەوەندە هەیە کە پێویست بەوە نەکات بۆ نوسینەکانی سەردەم بگەڕێیت.

٤٤ – لەباسی خێزانەکانی پێغەمبەر لە لاپەڕە (١٤٠)دا, باسی (أسماء بنت النعمان) دەکات و دەڵێ: "وا دەردەکەوێت ئەم ژنەی کەسێکی زۆر هۆشیار بووبێت, چونکە لە پەردەی زاوایەتیدا خۆی تەسلیم بە پەیامبەر نەکردووە و

---

[54] بڕوانە: عومەر کەمال: پوختەیەکی بەسوود لە زانستەکانی قورئان.

[55] بڕوانە: تفسير ابن كثير, ئایەتی (٢٢٣)ی البقرة.

[56] مختصر تفسير الطبري, ج١, ص٧٠.

هۆکارەکەشی نازانین تەنها ئەوە نەبێت, کە لە هۆزێکی پایەدارو بەهێز بووە, دەنا پەیامبەر بەم کارە ڕازی نەدەبوو".
پاشان باسی (أميمة بنت شراحيل) دەکات و دەڵێ: "ئەم ژنەشی خۆی تەسلیم ناکاو هەر ئەو شەوە تەڵاق دەدرێت".
دەڵێین:

ئەمە سەراپای نەزانی و دەمکوتینە لەکاریێ, کە مەریوان هەر سەریشی لێ دەرنەکردووە, چونکە:

١ – ئەم دوو ناوە هەردووکیان ناوی یەك ئافرەتە, چونکە (أميمة) وەك (هشام بن الكلبي) دەڵێ: ناوی (أسماء بنت النعمان شراحيل)ە, هەروەها (محمدی کوڕی ئیسحاق) و (محمد کوڕی حبیب)و کەسانی تریش بەدەق هەروایان وتووە, (إبن حجر) لە (فتح الباري)دا دەڵێ: "دەشێ ناوی خۆی (أسماء) بووبێت لەقەبەکەشی (أميمة)"[٥٧].

٢ – (أسماء) باسەکەی لە (بوخاری)دایە بەم جۆرە:

(أبي أسيد) دەڵێ: "پێغەمبەر ئافرەتێکی خواست لە خێڵی (الجون) فەرمانی پێکردم بچم بیهێنم, چوم هێنام لە جێگەیەك, کە پێی دەوترا (الشوط) لە پشت کێو (ذوباب) لە قەلایەك دامنا, پاشان هاتم بۆ لای پێغەمبەر و پێم ڕاگەیاند, ئەویش ڕۆشت و ئێمەش لەگەڵیدا چوین". لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێ: "ئافرەتەکەم لە نێو خێڵی (بني ساعدة)دانا, ئیتر ئافرەتانی ئەو خێڵە دەچون بۆ لای بۆ بینینی, پاشان پێغەمبەر بە ئێمەی فەرموو: ئێوە لێرەدا دابنیشن, ئێمەش دانیشتین و ئەو چووە ژورەوە, دوایی ئافرەتەکەیان هێناو (دایەن)ەکەشی لەگەڵیدا بوو, پێغەمبەر پێی فەرموو: خۆت ببەخشە, ئەویش دەڵێ: چۆن شاژن خۆی دەبەخشێ بە کەسێکی بازاڕی, جا پێغەمبەر دەست دەبات تا هێوری بکاتەوە". لە گێڕانەوەیەکی تردا: "کە پێغەمبەر دەچێتە ژوورەوە دەبینێ ئافرەتێك سەری داخستووە ئەویش, کە قسەی لەگەڵ دەکات دەڵێ: پەنا دەگرم بەخوا لە تۆ, ئیتر پێغەمبەریش پێی دەفەرموێ: پەنات گرت بە پەنا گرێکی زۆر گەورە, پاشان دێتە دەرەوەو بە (ئوسەید)دەڵێ: دوو پۆشاکی سپی پێ بدەو ڕەوانەی کەرەوە بۆ لای کەس و کاری"[٥٨].

٣ – (إبن المنير) کە ڕاڤەکارێکی تری (صحيح البخاري)یە دەڵێ:

"بۆیە ئەو ئافرەتە وتی: "چۆن شاژن....". ئەمە پاشماوەیەکی سەردەمی نەفامی بووە تیایدا, چونکە ئەو ئافرەتە بەلایەوە دوور بووە کەسێك پادشا بێت شوو بکات بە کەسێك کە پادشا نییە"[٥٩].

کەواتە قسەکەی مەریوان کە دەڵێ: "وا دەردەکەوێ کەسێکی...." نەخێر نە هۆشیار بووەو نە هیچ, بەڵکو هەمان ئەو دەستورەیە, کە لە نێو کۆمەڵگای ئەم سەردەمەدا دونیا پەرستی زاڵبووە بەسەر کەسەکاندا.

پێغەمبەر لە فارس و ڕۆم نەترساوە و حسابی بۆ نەکردوون, تاکو لە خێڵێکی چەند کەسی بترسێ؟!.

٤٥ – لەلاپەڕە (١٣٩)دا, باسی (فاطمة بنت الضحاك) دەکات, دەڵێ: "داوای لێ کردووە پەیامبەر تەلاقی بدات, ئەویش تەڵاقی داوە".
دەڵێین:

ئەی بۆ لەپاش تەڵاق دانەکەی وتە بەناوبانگەکەی (فاطمة بنت الضحاك)ت نەهێناوە کە دەیوت: "أنا الشقية" واتە: بەڕاستی من سەرگەردانم و سەرلێ شێواوم, دیارە, چونکە شوی بە پێغەمبەر نەکردووە![٦٠].

---

[٥٧] فتح الباري, ج٩, ص٤١٠, رقم الحديث (٥٢٥٥).

[٥٨] ئەمە تەواوی ئەو گێڕانەوانە بوو کە (ابن الحجر) لە (فتح الباري)دا هێناویەتی. بڕوانە: فتح الباري, ج٩, ص٤٠٩-٤١١, رقم الحديث (٥٢٥٥).

[٥٩] فتح الباري, ج٩, ص٤١٠.

[٦٠] بڕوانە: تفسير القرطبي, ج١٤, ص١٦٧.

٤٦- لەلاپەڕە(١٤٠) لەبارەی (قتیلة)وە دەنوسیٚ: "ئەم ژنە هەرچەندە مارە بڕی بووە, بەلاٌم وەك سەرچاوەکان باسی دەکەن خۆشەویستێکی گیانی بە گیانی هەبووەو پێش ئەوەی بگوازرێتەوە لەگەلٌ خۆشەویستەکەی لە ئیسلام هەلٌدەگەڕێتەوەو ڕادەکەن". دوایی تەفسیری (قورتوبی) وەك یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە پیٚ دەدات.

دەلٌێین:

ئەمەش یەکێکی ترە لە هەلٌە گەورەکانی مەریوان, کە نەشارەزایی لە وەرگێڕانی دەقەکە بۆ کوردیدا پێوە دیارە, چونکە:

سەرچاوەکان ئاوها لەبارەی ئەم ئافرەتەوە دەنوسن: " (قتيلة بنت قيس) أخت (الأشعث بن قيس) زوجها إياه الأشعث, ثم أنصرف إلى حضرموت, فحملها إليه, فبلغه وفاة النبى فردها إلى بلاده, فأرتد وأرتدت معه"[٦١].

واتە: (قتيلة كچی قيس) خوشكی (أشعث كوڕی قيس), (أشعث)ی برای لە پێغەمبەری مارە کرد, (أشعث) چوو بۆ (حضرموت). پاشان پێغەمبەر (قتيلة)ی نارد بۆ لای براکەی, پاش ئەوە (أشعث) وەفاتی پێغەمبەری پیٚ گەیشت, ئەوە بوو (أشعث), (قتيلة)ی ناردەوە بۆ ولاٌتی خۆی و لەویٚ (أشعث) لە ئیسلام هەلٌگەڕایەوەو (قتيلة)ش لەگەلٌیدا هەلٌگەڕایەوە.

ئیتر خۆشەویستی گیانی بە گیانی لە کوێدا هاتووە؟ لە کام سەرچاوەی باوەڕپێکراودا؟, ألا لعنة الله على الكاذبين؟!.

٤٧- لەلاپەڕە(١٤٠)دا, باسی (العالية بنت ظبيان) دەکات, کە گوایە تەنها لەبەرئەوەی (تووکە بەر)ی سپی بووە تەلاٌقی دەدات. پاشان کتێبێکی کەسێکی (شیعە) دەکاتە سەرچاوە.

دەلٌێین:

هیچ یەکێك لە سەرچاوە باوەڕپێکراوە بەناوبانگەکانی ئیسلام, ئاماژەی بەم هۆیە نەکردووە, ئەگەر ڕاستی دەکرد, تەنها ناوی یەك سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ئاماژە پێبدایە, ئەوەشی ئاماژەی پێداوە تەنها کتێبی نووسەرێکی (شیعە)یەو ئەویش بەبیٚ سەرچاوە ئەو شتەی نووسیوە!.

٤٨- لەلاپەڕە(١٤١)دا, دەلٌیٚ: "قورتوبی دەلٌێت: هەندێکی تریش کە داوای کردوون, بەلاٌم مارەی نەکردوون و وازی لیٚ هێناون, یاخود شویان پیٚ نەکردووە".

دەلٌێین:

ئەوەی لە (قورتوبی)دایە, ئەمە دەقە عەرەبییەکەیەتی: "فأمَّا من خطبهن فلم يتم نكاحه فمعهن", بەلاٌم ئەوانەی داوای کردوون و هاوسەرگیرییەکەی لەگەلٌیاندا تەواو نەکردووە"[٦٢].

ئەم دوو دەستەواژەیە نێوانیان چەندە؟؟!!

٤٩- هەر لە هەمان لاپەڕەدا, دەلٌیٚ: "هەروەها ژنێکیش کە لە صەحیحەکەی بوخاری و موسلیمیشدا هەیە, بەلاٌم ناویان نەنوسیوەو نازانین کێیە". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (بوخاری) دەکات.

دەلٌێین:

١- ئەوەی لە (بوخاری)دایە ناوی ئەو ئافرەتە هاتووەو ئەویش ناوی (خەولەی کچی حەکیم)ە[٦٣].

٢- ئەی کە دەلٌیٚ لە "موسلیمیشدا..." کوا؟ ئەگەر ڕاست دەکەیت بۆ ئاماژەت بە جێگەو شوێنەکەی نەکردووە؟ یان ئەوەتا درۆیەو بوونی نییە.

[٦١] بڕوانە: تفسير القرطبي, ج١٤, ص١٦٩-١٧٠، رفع الخفا شرح ذات الشفا, ج٢, ص١٦، زاد المعاد, ج١, ص١١٣، البداية و النهاية, م٣, ج٥, ص٢٩١.

[٦٢] بڕوانە: تفسير القرطبي, ج١٤, ص١٦٨.

[٦٣] صحيح البخاري, رقم (٥١١٣)

٥٠- لەلاپەڕە (١٤٤)دا، ئایەتی (ووجدك عائلاً فأغنى) وا ڕاڤەی دەکات "بەهەژاری و نەداری دەبینرایت و دەوڵەمەندی کردیت".

دەڵێین:

ڕاڤەی راست ئەوەیە، کە زانایانی (تەفسیر) کردوویانە، لەوانە: لە (تفسیری جلالین)دا، وا ڕاڤە کراوە "تۆ هەژار بوویت و خوا دەوڵەمەندی کردیت بەوەی، کە قەناعەتی پێدایت بەوەی کە دەستت دەکەوێ لە دەستکەوتی جەنگ و شتی تر"[٦٤].

٥١- لەلاپەڕە (١٥٠)دا، لە پرسیارێکی (عائیشة) کە پرسیار لە پێغەمبەر دەکات، ئایا گەر لە دۆڵێکدا دوو دار هەبوو، یەکێکیان لێی خورابوو، ئەویتریان لێی نەخورابوو، تۆ لە کامەیان وشترەکەت دەلەوەڕێنی؟ لە وەڵامدا دەفـــــــــــــەرموێ: لـــــــــــــەوەی کـــــــــــــە لێـــــــــــــی نـــــــــــــەخوراوە.

مەریوان، لە سەر ئەم وەڵامە، قسە دەکات و دەڵێ: "بەڵکو نەیتوانیوە بەسەر غەریزە سروشتییەکەی خودی خۆشیدا زاڵ بێت، هەر بۆیە چونە لای کچێکی تەمەن نۆ ساڵ جگە لە پەیامبەری ئیسلام دەرونی هیچ ئینسانێك پێی ئاسودە نییە".

دەڵێین:

مەبەستی نە عائیشەو نە پێغەمبەریش ئەوە نەبووە، کە مەریوان بۆی چووە، بەڵکو ئەوەتا (ابن حجر) وەك ئەوەی بیەوێ وەڵامی مەریوان بداتەوە، لەسەر ئەو وەڵامە دەڵێ: "مەبەستی پێی خۆشەویستی بووە و لەوەش وردتر"[٦٥].

واتە: لە نێو خێزانەکانیدا (عائیشە)ی خۆشتر دەوێت، چونکە ئەوانی تر پێشتر مێردیان هەبووە و ئەم نەیبووە.

٥٢- لەلاپەڕە (١٥٩)دا، لەباسی ڕووداوی هەڵات و بوختانەکەی، کە بۆ عائیشە کرا، شتی زۆر سەیر لە مەریوان ڕوودەدات، کاتێ وەریدەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، تادەگاتە سەر ئەوەی کە دەڵێ: "صەفوان کوڕی موعەتتەڵی سەلەمی لە لەشکرەکە بەجێمابوو، ئەویش خەوی لێکەوتبوو، بەشەو(خەو ڕەو)ی کردووە (واتە: لە کاتی خەودا بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێ هەڵسابوو ڕۆشتبوو)، لە لای جێگەکەی مندا خەوی لێکەوتبوو‌و ڕۆژمان لێبووەوە".

دەڵێین:

ئەو دەقەی مەریوان کردویەتی بە کوردی، ئەمە دەقە عەرەبییەکەیەتی: "وكان صفوان بن المعطل السلمی، من وراء الجیش فأدلج فأصبح عند منزلی فرآی سواد إنسان نائم فعرفنی...".

صەفوان، لە بەرەبەیاندا سەر خەوێ دەشکێنێ، لەپاشدا شەو لەناو شەو دەگرێ بەدەمەوەو، دەکەوێتە ڕێ و لەدەمی بەیانیدا گەیشتە لای من، سەفوان (عادەتی وا دەبێت هەموو جارێ لە سوپاکە دوا دەکەوێ تا دەڕۆن، ئەوجا بە شوێنەواری سوپاکەدا تێدەپەڕێ، ئەگەر شتێ لە سوپاکەدا کەوتبێ هەڵیدەگرێتەوەو شوێنیان دەکەوێ، کە نزیك دەبێتەوە ڕەشایی و تارمایی مرۆڤێکی نوستوو دەبینێ، کە دێتە پێشەوەو تەماشام دەکات دەمناسێتەوە[٦٦].

جا بەڕێزان:

١- سەفوان، بەدەم خەوەوە نەڕۆشتووە، وەك مەریوان لێی تێدەگات، بەڵکو ئەو ئەمە پیشەی بووە لە دوا سوپا دوا کەوتووە، بۆ ئەوەی گەر شتێك بەجێمابێت ئەو هەڵیگرێتەوەو پاشان بگاتەوە بە سوپاکە، ئەمە پلەیەك بووە پێغەمبەر داویەتی بە (صفوان) لە نێو سوپادا ئەوە ئیشی بێت[٦٧].

---

[٦٤] تفسیر الجلالین، ئایەتی ٦ی (الضحى).

[٦٥] فتح الباری، ج٩، ص١٣٩.

[٦٦] بڕوانە: التجرید الصریح، وەرگێڕانی: نوری فارس حەمە خان، بە٣، لا٢١٥.

[٦٧] فتح الباری، ج٩، ص٥٣٩ .

٢ – لە لای عائیشە نەنوستووە, بەڵکو کاتێك لەو جێگەیەی کە خۆی لێی نوستووە دێت و پاشان لە دوورەوە عائیشە دەبینیٚ, وەك لە گێڕانەوەکەدا هاتووە.

٣ – (صفوان) کە دەیبینیٚ دەڵیٚ "إنا لله وإنا إليه راجعون" جا عائیشە بەمە خەبەری دەبێتەوە, مەریوان ئەمەی باس نەکردووە, چونکە فێڵەکەی کەشف دەبوو, ئەگەر باسی بکردایە ئەوە دەبووە بەڵگە (صفوان) لە نزیك عائیشە نەخەوتووە, ئەمەش زیان بە پڕۆژەکەی مەریوان دەگەیەنێت! * .

٥٣ – لەلاپەڕە(١٦٦)دا, لەسەر (ريحانة بنت زيد) دەڵیٚ: "هیچ بۆ ئەم ژنە نەمابووەوە ئەوەندە نەبێت ببێتە یەکێك لە ژنەکانی پەیامبەرو دواییش حیجابی بەسەردا سەپاند". دوایی لە خوارەوە دەقە عەرەبییەکەی دەنوسێت.

دەڵێین:

کاتیٚ دەقە عەرەبییەکە دەبینین, تەواو پێچەوانەی دەقە عەرەبییەکەی مەریوانە:

١ – مەریوان, وای نوسیوە کە بەزۆر بوبێتە خێزانی پێغەمبەر, بەڵام دەقە عەرەبییەکەی کە هەر مەریوان خۆی هێناویەتی ئاوهایە:

"فقال: إن إخترت الله و رسوله اختارك رسول الله لنفسه, فقلت: فإني اختار الله ورسوله...".

پێغەمبەر پێی فەرموو: ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی هەڵدەبژێریت, ئەوا پێغەمبەری خواش تۆ هەڵدەبژێرێت, منیش وتم: من خواو پێغەمبەرەکەی هەڵدەبژێرم.

کەواتە: شوکردنەکە ئازادانە بووە, نەك زۆرە ملیٚ.

٥٤ – لەلاپەڕە (١٦٨)دا, باسێکی سەبارەت بە (صفية) نوسیوە. پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە دەکات بە (بوخاری)و نوسیویەتی: "صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: ما يذكر في الفخذ".

دەڵێین:

من ئەمەیان دەدەمە دەست خوێنەر, با بچن سەیری ئەو سەرچاوەیە بکەن, کە مەریوان ئاماژەی پیٚ کردووە, بزانن باس و خواسی ئاوەهاو سەرە باسی وا لە (صحيح البخاري)دا هەیە؟ بە ڕاستی ئەو کابرایە زۆر "ئەنتیکە"یە!!!

٥٥ – لەلاپەڕە(١٧٠)دا, لەبارەی (جووەیرییە) دەقێکی عەرەبی دێنیٚ و دواتر دەیکات بە کوردی, شتی زۆر سەیری لیٚ ڕوودەدات,

مەریوان ئاوهای نوسیوە:

عائیشە دەڵیٚ: "لە کاتێکدا کە دەستکەوتەکانی هۆزی (بني المصطلق) یان دابەشکرد, ژنێك بەناوی (جويرية بنت الحارث) بەر (ثابت بن قيس الشماس) دەکەوێت, ...ڕۆژێك هاتە ماڵی ئێمە تا لە دەست (ثابت)پەنا بە پەیامبەر بگرێت".

دەڵێین:

ئەمە دەقە عەرەبییەکەیەتی: "فأتت رسول الله تستعينه على كتابتها".

هات بۆ لای پێغەمبەر کە یارمەتی بدات لەسەر ئەوەی هەندیٚ پارەی بداتیٚ, تا خۆی لە ئاغایەتی (ثابت) دەرباز بکات.

"مكاتبة": ئەوەیە سەر گەورەی کۆیلە, یان کەنیزەك پەیمانێك دەنوسێت, ئەگەر هەر کات کۆیلەکە, یان کەنیزەکەکە ئەوەندە پارەی بۆ بهێنێت, ئەوا ئازاد بێت.

٥٦ –پاشان مەریوان هەر لەو لاپەڕەیەدا دەنوسێت: "پەیامبەر زەوقی دەچێتە سەرو دەیبات بۆ خۆی و لە خۆشیدا کۆمەڵێکی زۆر لە سەبایەکان ئازاد دەکات".

---

*بۆ ئاشنا بوونی زیاتر بڕوانە (صحيح البخاري) ژمارەی فەرمودە(٤٧٥٠).

دەڵێین:

دەقە عەرەبییەکە ئاوهایە: "قال: أقضي كتابتك و أتزوجك, قالت: نعم, قال: قد فعلت, وخرج الخبر في الناس...فقال الناس أصهار رسول الله فأرسلوا ما في أيديهم....".

پێغەمبەر پێی دەفەرموێ: من پارەی ئازاد بونەکەت بۆ دەدەم و پاشان مارەت دەکەم, ئەویش وتی: باشە, فەرموی ئەوا ئەو کارەم کردو ئازادم کردی, هەواڵی مارە کردنەکە بە ناو خەڵکیدا بڵاوبوەوە...خەڵکەکەش وتیان: خزم و کەس و کاری پێغەمبەر چۆن دەبێت لە ژێر دەستماندا بێت, ئیتر ئەوانەی لە ژێر دەستیاندا بوون لە سەبایاکان هەموویان ئازاد کردن.

٥٧- لەلاپەڕە(١٧١)دا, لە باسی (هند)دا دەڵێ: "لەبەر جوانی هێنای...خەڵك زۆر باسی جوانیان دەکرد".دوایی تەفسیری (قورتوبی) وەك سەرچاوە ئاماژە پێ دەدات.

دەڵێین:

ئەوە تەفسیری (قورتوبی) باوەڕ بکەن ئەوەی, کە باسی ناکات جوانی و شۆخ و شەنگی ئەو ئافرەتەیە, دیارە مەریوان زۆر حەز لە بەکارهێنانی "سێکس, جوان, لەزەت, زەوق" دەکات, دەنا بۆچی باسێك کە باس نەکراوە ئەو لە خۆیەوە دەینوسێ؟!.

٥٨- لەلاپەڕە (١٧١و١٧٢)دا, لە بارەی (حفصة)وە دەنوسێ: "چەندین جار کێشە کەوتۆتە نێوانیانەوە بە ڕادەیەك چەند جارێك گەیشتۆتە تەڵاقدان و هێناویەتییەوە".

دەڵێین:

(حفصة)یەك جار مارەکراوەو یەك تەڵاقیش دراوە[٦٨].

٥٩- لەلاپەڕە (١٧٣)دا, لە باسی(ماریةی قبطی)دا, دەقێکی عەرەبی دێنێت, پاشان دەیکات بە کوردی بەم جۆرە: "ئەم کەنیزەکەی لەگەڵ خوشکێکیدا بەناوی سیرین و کوڕە ئامۆزایەکی بە ناوی مابور بەخشی بە پەیامبەر, ئەویش سیرینی بەخشی بە صەحابەیەك بەناوی (حسان بن ثابت), بەڵام ماریە زۆر جوان و قەشەنگ دەبێ ئەم جوانییەشی وای لێ دەکات پەیامبەر لای خۆی بیهێڵێتەوە".

دەڵێین:

ئەمە ئەو دەقە عەرەبییەیە, کە مەریوان کردویوتی بە کوردی: "وأهدى معها أختها سيرين و خصياً يقاله مابور, فوهب رسول الله سيرين لحسان بن ثابت....".

با بێین ئێمەش ئەو وتەیە بکەین بە کوردی: "ماریە, لەگەڵ خوشکەکەی کە ناوی سیرین بوو, کەسێکیش کە عەورەتی بڕابوو (بۆیە وامان نوسیوە, چونکە دوایی بەبەڵگەوە ڕوونی دەکەینەوە کە عەورەتی بڕاوە) پێیان دەوت (مابور) بەخشییە پێغەمبەر, پێغەمبەریش سیرینی بەخشییە (حسان بن ثابت)".

جا بەڕێزان:

١- من ئێوە دەکەمە دادوەر لە کوێدا "شۆخ و شەنگی" ماریە باس کراوە؟؟!!.

٢- بۆ نەهاتووە وشەی "خصياً" بکات بە کوردی؟.

٦٠- لەمە سەیر تر ئەوەیە, لە هەمان لاپەڕەدا, دەقێکی عەرەبی دێنێ, پاشان لە لاپەڕەی ئەودیودا دەیکات بە کوردی, وەك پیشەی هەمیشەیی, چەند جارێك دەکەوێتە چاڵی نەزانینەوە, بۆ نمونە دەڵێ:

"پەیامبەریش لەگەڵ ماریە جووت بوو تا دووگیانی کرد, ئەو کاتە کوڕە مامەکەی لێی دوور کەوتبوەوەو لەگەڵی جووت نەدەبوو...".

دەڵێین:

---

[٦٨] بڕوانە: زاد المعاد, ج١, ص١٠٦، ابو داود, رقم (٢٢٨٣) باب المراجعة، ابن ماجه, رقم (٢٠١٦)، تفسير القرطبي,ج١٤, ص١٦٥.

فەرموون ئەمە ئەو بەشەی دەقە عەرەبییەکەیە، کە مەریوان تەرجەمەی کردووە: "فوقع عليها وقعة فاستمرت حاملاً، فعزلها إبن عمها...".

پێغەمبەر جارێك چووە لای و ئیتر ماریە بەمە دوو گیان دەبێت، پاشان ئامۆزاکەی لێی دووردەکەوێتەوە.

جا بەڕێزان: بڕواننە ئەوەی کە مەریوان نوسیویەتی: "...ئەو کات کوڕە مامەکەی..." بزانن چەندە واتاکەی جیاوازە لەگەڵ دەقە عەرەبییەکە.

٦١- هەر لە درێژەی ئەو دەقە عەرەبییەو بە کوردی کردنیدا، مەریوان، دەنوسێ: "ڕۆژێك منداڵەکەی هێناو پەیامبەر لە منی پرسی، چۆنی دەبینی، ئایا لە من دەکات؟ منیش (واتە عائیشە دەڵێ) کە سەیرم کرد، ئێستێکی ژنانەم کردوتم: شێوەتان لە یەك ناچێت".

دەڵێین:

دەقە عەرەبییەکە ئاوهایە: "فدخل به على النبي ذات يوم، فقال كيف ترين؟ فحملني ما يحمل النساء من الغيرة، قلت: ما ارى شبها....".

پاشان ڕۆژێکیان منداڵەکەیان هێنا (واتە منداڵەکەی ماریە) بۆ لای پێغەمبەر، فەرموی: عائیشە چۆنی دەبینی؟ (وەك بڵێی ئایا لە من دەچێت؟) عائیشە دەڵێ: (منیش ئەوەی کە ئافرەتان لە بارەی (غیرة)وە توشی دێن بەسەر منیشدا هات و ئەو غیرەیە وای لێ کردم کە بڵێم: لێك چونی تێدا نابینم.

٦٢- لەلاپەڕە (١٧٤)دا، مەریوان باوەڕی وایە کە ماریە لەگەڵ کوڕە مامە عەورەت بڕاوەکەیدا داوێن پیسی کردبێت، دەڵێ:

"لە ڕاستیدا پێم وایە کە مەسەلەی ڕابواردنی ماریە لەگەڵ مابووری ئامۆزای ڕووداوێکی ڕاستەقینە بێت، ئەویش لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: بەپێی ڕیوایەتەکە ئەو منداڵەی لە دایك دەبێ شێوەی نەچۆتەوە سەر پەیامبەر.

دووهەمیان: (بەگوتەی مەریوان) لە بەرئەوەی پێغەمبەر کاری جووت بوونی زۆر کردووە شەهوەتەکەی خەست نەبووەو ئەمەش وا دەکات کە چانسی منداڵ دروست بوون کەم بکاتەوە".

دەڵێین:

یەکەم بەهانە (خودی عائیشە) هۆکاری ئەو قسەیەی کە کردوویەتی (گوایە کە منداڵەکە لە پێغەمبەر ناچێت) هۆکارو پاڵنەرەکەی ڕوون کردۆتەوە، کە ئەویش (تووڕەبوون و ئەو غیرەو ئێرەییە)یە کە لە نێوان سەر بە هەوێدا ڕوودەدات.

دووەم بەهانە (شەهوەت ڕوون بوون)ەوە، شتێکی نیسبییەو مەرج نییە ئیتر ئەو کەسە چانسی منداڵ دروست کردنی نەبێت، بەتایبەت کە هەموو سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان باس لەوە دەکەن (ئیبراهیم) کوڕی پێغەمبەرەو لە (مارییە) بووە.

وەڵامێکی بەهێز:

بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بوختانەی، کە مەریوان کردوویەتی، فەرمودەیەك هەیە لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکاندا باس لەو ئامۆزایەی (ماریە) دەکات، کە (عەورەتی بڕابوو)، ئەویش ئەمەیە:

(أنس) دەڵێ: "أن ابن عم مارية كان يتهم بها، فقال النبي (صلى الله عليه وسلم) لعلي بن أبي طالب (رضي الله عنه) اذهب فان وجدته عند مارية فاضرب عنقه، فأتاه علي فاذا هو في ركيّ يتبرد فيها، فقال له علي: أخرج فنا وله يده، فأخرجه، فأذا هو مجبوب ليس له ذكر، فكف عنه علي، ثم أتى النبي (صلى الله عليه وسلم) فقال يا رسول الله: انه مجبوب ما له ذكر".[٦٩]

[٦٩] رواه مسلم في كتاب (التوبة) رقم الحديث(٢٧٧١)، وأحمد في المسند (٢٨١/٣) والحاكم(٤٠/٤).

واتە: ماموزاکەی (ماریە) تۆمەتبار کرا بەوەی, کە لەگەڵ ماریەدا کاری خراپی کردووە، پێغەمبەریش (صلی اللەعلیە وسلم) بە عەلی فەرموو: بڕۆ ئەگەر بینیت لە لای ماریە, بدە لە گەردنی، عەلی ڕۆیی کە دەبینێ ئاموزاکەی مارییە لەناو بیرێکدا خۆی فێنك دەکاتەوە، عەلی پێی دەڵێ: وەرە دەرەوە، ئەویش دەستی دەداتێ و دەیهێنێتە دەرەوە، کاتێك کە عەلی دەبینێ سەیر دەکات ئاموزاکەی مارییە (کێر)ی بڕاوەو نییەتی، ئیتر عەلی وازی لێدێنێ، پاشان دەچێت بۆ لای پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) و دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو کابرایە (کێر)ی نییە.

کەواتە:

١ –هەرچییەك دەربارەی مارییەو ئاموزاکەی بوترێ, جگە لە ناماقوڵی هیچی تر نییەو مەریوان شەرم نایگرێ, کە ئەم ڕاستییە باش دەزانێ, بەڵام خۆی لێ گێل دەکات وادەزانێ خەڵکی زۆر بێئاگان, تا بەم جۆرە قسە سەقەتانە فریویان بدات، بەڵام زۆر هەڵەیەو با ئەودەستە بخاتە نێو گیرفانی, کە پێی وابێ دەتوانێ فێڵ و چاو بەست لە خەڵکی بکات.

٢ – ئەم فەرموودەیە ڕوونکەرەوەی ئەو وشەیەیە, کە لە ڕیوایەتەکەی (حاکم)دا مەریوان هێناویەتی بە لەفزی خەساو (خصیاً).

٦٣ –شتێکی زۆر سەیرتر, کە لە مەریوان ڕوویداوە ئەوەیە کە لە بە کوردی کردنی ئەو دەقەی باس لە گفتوگۆکەی عائیشەو پێغەمبەر (صلی‌اللە علیە وسلم) دەکات دەربارەی منداڵەکەی (مارییە), مەریوان لە لاپەڕە (١٧٤)دا, لە زمانی عائشەوە دەنوسێ: "دەستەیەك لە بوختانچییەکان بوختانی ئەوەیان کرد کە کوڕە مامەکەی (مابور) لەگەڵی جووت بووە و ئەو منداڵەی سکی هی مابورە، من ئەم قسەیەم بیستبوو, بەڵام نەم درکاندبوو, تا مارییە منداڵاکەی بوو....".

دەڵێین:

بابێین ئەو دەقەی مەریوان کردوویەتی بە کوردی, لە لاپەڕە (١٧٤)ی کتێبەکەی مەریوانەوە بهێنین, تا هەموو لایەك بزانن مەریوان چەندە کەودەنە بەکاری وەرگێڕان، دەقەکە ئاوەهایە: "فقال أهل الافك و الزور: من حاجتە الی الولد، أدعی ولد غیره".

واتە "بوختانچیو هەڵاتبازەکان وتیان: موحەممەد لەبەر پێویستی بە منداڵی کوڕ، لە تاوا بانگەشەی کوڕی خەڵکی تر دەکات و دەیکات بەهی خۆی".

بڕوانن, مەریوان, نەك هەر نەیزانیوە واتاکەشی بکات، بەڵکو شتی واشی بۆ زیادکردووە, تەنها مەگەر لە قاموسە ناموکەی خۆیدا هەبێت!.

٦٤ –لەلاپەرە (١٧٧)دا, هاتوە ڕاڤەی پێنج ئایەتی سەرەتای سورەتی (التحریم)ی کردووە, کەچی کەوتووە بە سەر بارێك بەردی گەورەوە لەو بەشە ئایەتەی کە دەفەرموێ: "ان تتوبا الی اللە فقد صغت قلوبکما...". مەریوان نوسیویەتی: "ئەگەر ئێوە تەوبە بکەن ئەوە باشە, چونکە دڵەکانتان ڕەش بووە".

دەڵێین:

(ڕاغیب ئەسفەهانی) لە ڕاڤەی وشەی "صغا"دا دەڵێ: واتە لادان[٧٠].

(قورتوبی) دەڵێ: "فقد صغت قلوبکما" واتە: "زاغت ومالت عن الحق"[٧١].

واتە: لادان لە ڕاستی.

(سیوطی) دەڵێ: "مالت"[٧٢].

جا بەڕێزان, مەریوان کە دەڵێ: "دڵەکانتان ڕەش بووە". لە کوێی زمانی عەرەبی و لە چ ڕاڤەیەکی زانایانی تەفسیر ئەو ڕاڤە سەقەتەی هێناوە؟.

---

[٧٠] مفردات الفاظ القرآن، ص٤٨٥.

[٧١] القرطبی, ج١٨, ص١٨٨.

[٧٢] تفسیر الجلالین, تفسیر هذە الایة.

٦٥-لەلاپەرە (١٧٧)دا, لەبارەی دوو ژن بە ناوەکانی (أسماء بنت النعمان) و(سناء بنت الصلت السلمية)وە دەڵێ: "لە بەر جوانی هێنانی, بەڵام هەریەك لەوانە چیرۆکی مارەکردن و تەڵاق دانیان دیار نییە". پاشان دوو گێڕانەوەی (حاکم) لە بارەیانەوە دەنوسێ.

دەڵێین:

١-سەبارەت بە (أسماء) لە باسی (أسما)دا باسمان لێوە کرد.

(بڕوانە بڕگەی ٤٤).

٢-نەزانینی (مەریوان) لەوەدایە, کە لە لاپەرەی (١٤٠)دا, باسی ئەم ئافرەتەی کردووە و لە (١٧٧) جارێکی تر دووبارەی کردوەتەوە، وای زانیوە دوو ناوی جیان، ئەمەش یەکێکی تریەتی لە داماوییەکانی, کە خۆشی بۆی چارەسەر ناکرێت.

٣ – لە باسی (أسماء)دا, چیرۆکی مارەکردن و تەڵاقدانی بە درێژی باسمان کرد، دەتوانن بگەڕێنەوە سەری.

٤ – مەریوان, گەر بچوکترین هەستی زانستی هەبوایە, دەیزانی هەر لەو گێڕانەوەی کە خۆی نوسیویەتی چیرۆکەکەیانی تێدایە.

أ- لە بارەی (أسماء) دەڵێ: "فلما دخل بها دعاها فقالت: تعال أنت فطلقها، کاتێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەچێتە ژوورەوە بۆلای و بانگی دەکات، ئەویش دەڵێ: خۆت وەرە، ئیتر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تەڵاقی دەدات*".

ب- لەبارەی (سناء) یشەوە دەڵێ: "پێش ئەوەی پێغەمبەر بچێتە لای ئافرەتەکە دەمرێت".

جا دیارە مەریوان ئەمانەی بە چیرۆکی تەڵاقدان نەزانیوە، چونکە لای ئەو وەك تەواوی بۆچونەکانی تری دەبێ هەرایەکی گەورە دروست ببێت, ئینجا مەریوان بە هەند وەریدەگرێ.

٦٦- لەلاپەرە (١٧٩)دا, دەقێکی عەرەبی دێنێ بەم جۆرە: "فكان يقول أول من أسلم من الرجال أبوبكر، ومن النساء خديجة، ومن الصغار علي، ومن الموالى زيد بن حارثة ومن العبيد بلال". پاشان لە پەراوێزەکەدا تەفسیری (قورطبي) وەك سەرچاوە ئاماژە پێدەدات و دەنوسێ[٧٣].

دەڵێین:

١- لە تەفسیری (قورتوبی) ئایەتی (١٠٠)ەوە هێناویەتی, کە بە ئایەتی "السابقون الاولون" دەست پێدەکات.

٢-پێموایە نەیزانیوە راڤەی "فكان يقول" بکات, گەر نا بۆ نەیکردووە، چونکە خەڵکانێك لەوانەیە ئەو دەقە بخوێننەوەو دواتر نەزانن چ باسە.

٣ – ئێمە لێرەدا ئەوە راست دەکەینەوە, هەم بۆ مەریوان تا تۆزێك چاوی بکرێتەوەو هەم بۆ خوێنەرانیش تا بزانن واتای چی:

"فكان يقول" واتە: ئەو دەیوت، مەبەست لە (أسحاق بن ابراهيم بن راهويه الحنظلي)یە، ئەمە وتەی ئەوە.

٤ – لە دەقی (تفسير القرطبي) دەڵێ: "ومن الصبيان علي" [٧٤].

مەریوان, لەوانەیە لە دڵی خۆیدا وتبێتی جیاوازی "الصبيان" و "الصغير" هیچ نییە، بۆ نەیەم ئیبداع بکەم، بەڵام نازانێت ئەوە خیانەتە لە (نقل)دا و متمانەی لەکەدار دەکات، وەك لە زۆربەی نوسینەکانیدا ئەمە پیشەیەتی!.

---

* ئەم ڕوایەتە لاوازە، دواتر لە بەشی وتە لاوازەکاندا قسەی لە سەر دەکەین.

[٧٣] تفسير القرطبي, تفسير أية التوبة ٩٩ ومن الاعراب.

[٧٤] بڕوانە: تفسير القرطبي أية ١٠٠ التوبة / المسألة الرابعة.

٦٧- لەلاپەرە (١٧٩)دا, لەبارەی (زید)ەوە دەنوسێ: "لە بنەڕەتدا ئەم منداڵە لە کاروانێك جێ دەمێنێ و کەسێك بە ناوی (حکیم بن حزام بن خویلد) هەڵیدەگرێتەوە". پاشان لەلاپەرە (١٨٠) لەگەڵ ئەو دەقە عەرەبییەی لە ژمارە (٦٦)دا رابورد تێکەڵی دەکات و وەك سەرچاوە ئاماژە بە (تفسیر القرطبی) ئایەتی (٩٩)ی (التوبە) دەدات.

دەڵێین:

١- ژیانی (زید) لە وێدا باسی نەهاتووە, ئەوە (تفسیری القرطبي)و ئەو جێگەیە, گەر شتی وای تێدا بوو, دانـدەنێم بەوەی کە مەریوان شتێك دەزانێ!!!

٢- (زید) لە شامەوە وەك (کۆیلە) دەهێنرێ، دەستەیەك سوار لە خەڵکی (توهامە) لە شەردا گرتویانە. پاشان (حکیم بن حزام بن خویلد) لەو دەستەیە دەیکڕێتەوە[٧٥].

(ابن الجوزی) دەڵێ: "دایکی ناوی (سعدی کچی ثعلبة)یە لەگەڵ (زید)دا سەردانی هۆزەکەی دەکات، دەستەیەك لە سواری خێڵی (بنی القین) لە سەردەمی نەفامیدا هێرش دەبەنە سەر چەندماڵێك لە خێڵی (بنی معن) و (زید) لەگەڵ خۆیاندا دەبەن, ئەو کات (زید) کوڕێك بوو, خەریك بوو پێدەگەیشت، پاشان هێنایان بۆ بازاڕی (عکاظ) حکیم بن حزام, کە مامی (خدیجة) بوو بە (٤٠٠) درهەم دەیکڕی"[٧٦].

جا بەڕێزان, ئەوەی مەریوان نووسیویەتی: "لە بنەڕەتدا..". پێتان وا نییە نەزانییە، درۆیە، بوختانە، سەقەتییە لە زانیاریی وەرگرتن و بڵاو کردنەوەدا؟!.

٦٨- لە لاپەرە (١٨٠)دا, دەقێکی عەرەبی دێنێ بەم جۆرە: "أم کلثوم بنت عقبة بن أبی معیط (رضی الله عنە) کانت أول من هاجر من النساء یعنی بعد صلح الحدیبیة،....". لە پەراوێزەکەدا بە ژمارە ١٠٧ دەڵێ: "بڕوانە هەموو راڤەکان لە راڤەی ئایەتی الاحزاب ٤".

دەڵێین:

١-"رضی الله عنە" بۆ پیاوو نێرینە بەکار دێت، نەك بۆ مێینە، جا نازانم هەڵەی چاپە ؟ کە ئەمە زۆر دوورە، باوەڕم وایە هەڵە نەبێ و مەریوان زۆر بە ئاگاییەوە نووسیویەتی!, چونکە پێی وایە لە (راناو)یشدا دەبێ نێرو مێ یەکسان بن, تا چینایەتی نەمێنێ!.

٢- باوەڕ بکەن خەڵکینە, کە مەریوان دەڵێ: "بروانە هەموو راڤەکان....". من دەڵێم: گەڕامەوە سەر دیارترین ئەو سەرچاوەی راڤانەی کە مەریوان بۆ ئیشی خۆی بەکاریان دێنێ، لەو جێگەو شوێنەی مەریوان ئاماژەی بۆ کردووە شتی وای هەر تێدا نییە، نموونە ئەوە تەفسیرەکانی (القرطبي، ابن کثیر و تفسیر الجلالین).

خۆزگە ئەو کەسەی بوختانی دەکرد، دوایی تۆزێك لە دوورەوە سەر زەنشتی ویژدانیخۆی دەکرد، دەبا مەریوان لە جیاتی بنوسێ "هەموو راڤەکان"، سەرچاوەیەکی بنوسیایە, کە کەس نەیدیبێ و نەی بیستبێ، بۆ ئەوەی تا ئەندازەیەك بڕوا بە قسەکەی بکەن، چونکە ئەوەتا سێ راڤەی جیامان سەیر کردووە, لەو جێگەیەی ئەو ئاماژەی پێداوە نەمان بینیوە!.

٦٩- لەلاپەڕە (١٨٤)دا, ئایەتی (٣٧)ی سورەتی (الاحزاب) راڤە دەکات لەسەر ئەو بەشە ئایەتەی, کە دەفەرموێت: "واتق الله" وا راڤەی کردووە: "ئەی پەیامبەر لە خوا بترسە".

دەڵێین:

[٧٥] تفسیر القرطبی, أیة ٤ الاحزاب, ج ١٤, ص ١١٨.

[٧٦] صغة الصفوة, م ١ ج ١, ص ١٤٦.

وشەی "اتق الله". ئەمە بەشێکە لەو وتانەی، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری (زیدی) پێدەکات، واتە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە (زید) دەفەرموێت: "ئەی زید لە خوا بترسە و زەینەب تەلاق مەدە"[٧٧].

دەپرسم باشە بۆچی بۆ راڤەی ئەم ئایەتە, هیچ سەرچاوەیەکی نەنووسیووە، وەلامەکەی ئاشکرایە، چونکە مەریوان دەیەوێ خەڵکی چەواشە بکات, جا ئیتر بەهەر جۆر و شێوەیەك بێت، تەحەددای مەریوان دەکەم لە هیچ یەکێ لە راڤەکانی قورئان "اتق الله"ی بەو جۆرە راڤە کردبێ, وەك ئەوەی مەریوان کردویوتی نییە، قسەو راڤەی مەریوانیش هیچ بایەخێکی زانستی و مێژوویی نییە!.

٧٠ –لەلاپەرە (١٨٥)دا, نەفامییەکی بێوێنەی مەریوانی تێدایە، کە نوسیویەتی: "موفەسیرێکی وەك (ابن كثير) زۆری پێناخۆش دەبێ, کە ئایەتێکی لەم چەشنە لە قورئاندا ببینێت، بۆیە دەڵێت: ئەگەر پەیامبەر شتێکی بە شاراوەیی لە دڵی خۆیدا بهێشتایەتەوە, ئەوا ئەم ئایەتەی بە نهێنی دەهێلایەوە". پاشان دەقێك لەم بارەیەوە بە عەرەبی دەنوسێت.

دەڵێین:

١– چۆن زانیت (ابن كثير) پێی ناخۆشە!، لە کوێدا بینیوتە شتی وای نوسیبێ کە پێی ناخۆشە؟.

٢– ئەوە قسەی (ابن كثير) نییە، بەڵکو وتەی عائیشەیەو (ابن جرير) دەیگێڕێتەوە, (ابن كثير) تەنها نەقڵی کردووە[٧٨].

٧١– لەشێواندن و چەواشەکارییەکانی تری مەریوان لە لاپەڕە (١٨٥)دا, وەك بوختانی کردووە بەدەم (ابن كثير)ەوە, دەستکاری دەقەکەشی کردووە!.

مەریوان, نووسیوویەتی: "أن هذه آلاية نزلت فى شأن زينب بنت جحش و زيد بن حارثة، لو كان رسول الله (صلى الله عليه وسلم) كاتما شيئا من الوحي لكتم هذه الاية". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژەی بە تەفسیری (ابن كثير) داوە.

دەڵێین:

١– "ان هذه ...". ئەمە بەم جۆرە نییە، بەڵکو ئەوەی لە (ابن كثير)دا هاتووە بەم جۆرەیە: "عن أنس بن مالك (رضى الله عنه) قال: ان هذه الاية (وتخفى في نفسك ما الله مبديه) نزلت في شأن زينب بنت جحش و زيد بن حارثه (رضي الله عنهما)"[٧٩].

٢–"لو كان....". بەم جۆرە نییە، ئەوەی لە (ابن كثير)دایە, بەم شێوەیەیە: "وقال ابن جرير: حدثنى اسحاق بن شاهين، حدثنى خالد عن داود عن عامر عن عائشة (رضي الله عنها) انها قالت: لو كتم محمد (صلى الله عليه وسلم) شيئاً مما أحي اليه من كتاب الله تعالى, لكتم وتخفى في نفسك ما الله مبديه و تخشى الناس والله أحق أن تخشاه".[٨٠]

٧٢–وەرن بە چاوی خۆتان بوختانی تری مەریوان ببینن، مەریوان لە لاپەڕە (١٨٥ –١٨٦)دا, لە باسی "خۆبەخشین"و لە باسی ژنێك بە ناوی (خولة بنت حكيم)دا, دەڵێ: "بوخاری دەڵێت: یەکێك لەو ژنانەی کە خۆیان پێشکەش بە پەیامبەر کردووە خەولەی کچی حکیم بووە لە دوای وەفاتی مێردەکەی (عثمان بن مظمون) دەچێتە لای پەیامبەرو خۆی پێشکەش (هبة) بە پەیامبەر دەکات, پەیامبەریش لەبەر جوانییەکەی لەلای خۆی هێشتویەتییەوە". پاشان مەریوان وەك سەرچاوەی ئەم قسانەی ئاماژەی بە صحيح البخاري: كتاب النكاح، باب (هل للمرأة تهب نفسها لاحد) دەکات .

---

[٧٧] بروانە: تفسیری (القرطبى) و (ابن كثير) ئایەتی ٣٧ الاحزاب.

[٧٨] بروانە: ابن كثير, تفسير اية ٣٧ الاحزاب.

[٧٩] ابن كثير, تفسير آية (٣٧) الاحزاب.

[٨٠] ابن كثير, تفسير ئايەتی ٣٧ الاحزاب .

دەڵێین:

١-ئەوە قسەی (بوخاری) نییە، بەڵکو بوخاری بە رشتەکەی خۆی تا دەگاتەوە باوکی (هشام) دەیگێڕێتەوە، واتە: قسەکە, قسەی باوکی (هشام)ە, نەك بوخاری, (هشام)یش لە (عائشة)ی وەرگرتووە .

٢-ئەوەی لە (صحیح البخاري)دایە, بەم جۆرەیە "حدثنا محمد بن سلام حدثنا أبن فضیل حدثنا هشام عن أبیه قال: كانت خولة بنت حكیم من اللائي وهبن أنفسهن للنبي (صلى الله علیه وسلم) ....."[٨١].

واتە: لەوێوە کە دەڵێ: "لە دوای وەفاتی .....تاد ". لە بوخاریدا بوونی نییە, بوختانی مەریوان خۆیەتی.

٣-مەریوان کە دەڵێ: "لە دوای وەفاتی مێردەکەی دەچێتە لای پەیامبەر و خۆی پێشکەش دەکات... ". ئەمە وەها نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە.

خەولەی کچی حەکیم, خۆی دەبەخشێتە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بەلاّم پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) رەتی دەکاتەوەو نایەوێ, پاشان (عثمان بن مظعون) مارەی دەکات. وەك (قورتوبی) ئاماژەی بۆ کردووە[٨٢].

ئەمە دەقە عەرەبییەکەیە کە (قرطبی) هێناویەتی: "خولة بنت حكیم بن أمیة، وهبت نفسها للنبي (صلى الله علیه وسلم) فأرجأها فتزوجها عثمان بن مظعون"[٨٣].

مەریوان نوسیویەتی: "لەبەر جوانییەکەی .....". ئەمەش چەند رەخنەیەك هەڵدەگرێ:

أ -ئەو قسەیە بێبنەمایە، چونکە لە (بوخاری)دا شتی وای تێدا نییە، تەنها خەیاڵی سێکسیی مەریوان خۆیەتی, کە ئەمەی بۆ دروست بووە، دەنا هیچ بنەمایەکی زانستی راست لە پشتییەوە نییە .

٢- پێغەمەر (صلى الله علیه وسلم) هیچ یەکێك لەو ئافرەتانەی خۆیان پێبەخشیوە قبوڵی نەکردون و نەچووەتە لایان.

(ابن عباس) دەڵێ: "لم یكن عند رسول الله امراة وهبت نفسها له"[٨٤]

هیچ یەکێك لەو ئافرەتانەی خۆیان بەخشیوە بە پێغەمبەر ﷺ لەلای پێغەمبەر ﷺ نەبووە, چونکە پێغەمبەر ﷺ سەر پشك کراوە لەوەی, کە دەتوانێ قبوڵیان بکات یان نا، بۆیە ئەویش کەس لەو جۆرە ئافرەتانەی قبوڵ نەکردووە.

ئایەتەکەش بە روونی ئەم سەرپشکییەی باس کردووە, کە دەفەرموێت (ان اراد النبي ان یستنكحها.......) الاحزاب/٥٠[٨٥].

جا ئایا مەریوان هەست بە عارەقی شەرمەزاری ناکات, کەوا بەم جۆرە شت دەنوسێ و بلاّوی دەکاتەوە؟!.

٧٣- لە لاپەڕە (١٨٦)دا, ئایەتی (٥٠)ی سورەتی (الاحزاب) دێنێ و راڤەی دەکات, باس لە مارەکردنی ئەو ژنانە دەکات, کە خۆیان بە پێغەمبەر ﷺ دەبەخشن, دەڵێت: "داهێنانێك کە لەلایەن پەیامبەرەوە داهێنرابێت, کەچی نەیهێشتوە ئیماندارەکانی تر سودی لێ ببینن".

دەڵێین:

---

[٨١] صحیح البخاري, رقم (٥١١٣) وە بروانە: فتح الباري, ج٩, ص ١٨٨ - ١٨٩, هەمان ژمارەی فەرموودەکە.

[٨٢] بروانە: تفسیر القرطبی, ج١٤, ص١٦٥ تفسیر أیة ٢٩ الاحزاب .

[٨٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[٨٤] رواه الطبرانی واسناده حسن, فتح الباری, ج ٨, ص٦١٦, لە باسی فەرموودەی ژمارە (٤٧٨٨) .

[٨٥] بروانە: فتح الباری,ج ٨, کتاب التفسیر, ص٦١٦ لە سەر ژمارە فەرموودەی (٤٧٨٨) .

هەرچی لەبابەتی خۆبەخشین وتویانە بوختان و شێواندنە, چونکە وەك پێشتریش باسمان کرد, پێغەمبەر ﷺ گەرچی ئافرەت هەبووە خۆی پێشکەش بکات, بەڵام کەسیانی نەویستوە, لەگەڵ کەسیشیان جوت نەبووە, ئەوەی مەریوان دەیەوێ بیخاتە مێشکی خوێنەرەوە "تەنها ئاسنی سارد کوتینە!".

٧٤- لە لاپەڕە (١٨٦)دا, لە ڕاڤەکردنی ئایەتی (٥٠)ی سورەتی (الاحزاب)دا, مەریوان وشەی "أجورهن" دێنێ و بە "کرێ" لێکی دەداتەوە, دەڵێ: "کە کرێکەت داونەتێ".

دەڵێین:

مەریوان, وا دەزانێ هەر "سەردەمی مەلیکە!" هەرچی عەقڵی ئەو بڕی کرد, هەر ئەوەیە, تا ئێستاش و لەمەودواشی لەگەڵ دابێ, مەریوان هەر بەو سەقەتییە شت مانا دەکات, جیاوازی "صریح" و"کنایە" نازانێ!.

(راغب اصفهانی) دەڵێ: کۆی الاجر (أجور)ە, لە بارەی وتەی خوای گورە کە دەفەرموێت "وأتوهن أجورهن" مەبەست کنایەیە, کە (مارەیی)ە[٨٦].

کەواتە "أجورهن" مەبەست مارەییە, نەك کرێ.

٧٥- لە لاپەڕە (١٨٨)دا, لە باسی ئەو ئافرەتەی, کە دێت خۆی پێشکەش بە پێغەمبەر ﷺ بکات, دەنوسێت: "پەیامبەریش هەر لە نوکی پەنجەیەوە تا تەوقی سەری تەماشای دەکات. بۆی دەردەکەوێ بە دڵی نابێ, سەری رادەوەشێنێ بەشێوەیەك کە بڵێ نامەوێ". پاشان ئامارە بە (صحیح البخاری و مسلم) دەکات وەك سەرچاوە.

دەڵێین:

باپێکەوە سەیری ئەو دەقە عەرەبییە بکەین و واتاشی بکەین بزانین وایە, وەك مەریوان واتای کردووە, ئەمە دەقە عەرەبییەکەیەتی: "...فنظر الیها رسول الله ﷺ فصعد النظر فیها و صوبە, ثم طأطأ رسول الله ﷺ رأسه..."[٨٧].

واتە: پێغەمبەریش ﷺ سەیرێکی سەرەوە و خوارەوەی دەکات و پاشان سەر دادەنەوێنێ.

(ابن حجر), لە سەر ئەم فەرموودەیە, کە (بخاری) لە بابەتێکی تریشدا هێناویەتی بە ژمارە(٥١٤٩), لە وێدا (ابن حجر) بەم شێوەیە واتای ئەم ڕستەیە دەکات: "(فصعد النظر و صوبە) دەڵێ: "صعد" بە تشدیدی (عەینەکە) لەصعد- داو (واوەکە) لە وشەی (صوب)دا, مەبەست ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا سەیری سەرو خوارەوەی ئافرەتەکەی کرد"[٨٨].

جا بەرێزان:

"بۆی دەردەکەوێ ..." و "سەری رادەوەشێنێ..." . لەکوێی گێڕانەوەکەدا هاتووە, انا لله وانا الیه راجعون.

٧٦- لەمە سەیر تر ئەوەیە, شتێك لە کۆتایی فەرموودەکەی پێشوودا زیاد دەکات, تەنها وتەنها ئەم نەفامییە هەر لە نوسەری ئەم بابەتە دەوەشێتەوە, کە لە هەمان لاپەڕەدا دەنوسێت:

"ژنەکەش لە شوێنی خۆی نە جولابوو تا پیاوەکە دەستی گرت و لەگەڵ خۆی بردی".

دەڵێین:

١- "ژنەکەش ...دەستی گرت ...". ئەمە تێچەنی مەریوان خۆیەتی, گەر نا لە هیچ گێڕانەوەیەکی ئەم بەسەرهاتەدا شتی وای تێدا نییە.

٢- لە گێڕانەوەیەکی پێشەوا (أحمد)دا هاتووە, کە ڕاویەکە دەڵێ: "(من کابراکەم بینی ڕۆیی و ژنەکەش شوێنی کەوت) (فرأیته یمضي و هي تتبعه)"[٨٩].

---

[٨٦] مفردات ألفاظ القرآن, ص٦٤ مادة أجر.

[٨٧] صحیح البخاری, رقم (٥٠٨٧).

[٨٨] فتح الباری, ج ٩, ص٢٣٧, ژمارەی فەرمووده (٥٤١٩).

[٨٩] بڕوانە: فتح الباری, ج ٩, ص٢٤١, ژمارەی فەرموده (٥٤١٩).

٧٧ -لە لاپەڕە (١٨٩)دا, دەڵێ: "هەروەها لە کاتی مانگانەیشدا لەگەڵی جوت بووە، پاشان ئاماژە بە فەرموودەکەی عائیشە دەکات کە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ کاتێ بەڕۆژوو بووە ماچی دەکردم ولە گەڵیشمدا ڕایدەبوارد".

دەڵێین:

مەریوان کە باسی "جووتبوون" دەکات لەو دەقەی (عائشە)وە وەریگرتوە کە دەڵێت: "ویباشر وهو صائم".

بەڵام مەریوان, نازانێت "مباشرة" واتای جووتبوون ناگەیەنێت، چونکە مەبەستی مەریوان ئەوەیە کە بڵێت: "هینەکەی خستۆتە ناو هینەکەیەوە!" کە ئەمەش وانییە.

بوخاری, لە صەحیحەکەیدا, سەر باسێك دەنوسێ بەناونیشانی: "مباشرة الحائض", پاشان (إبن حجر) دەڵێت: "والمراد بالمباشرة هنا إلتقاء البشرتين لا الجماع"[٩٠].

مەبەست لە (مباشرة) لێرەدا بەرکەوتنی پێستو جەستەیە, نەك جووتبوون.

وە (سیوطي) لە باسی "مباشرة الحائض"دا, "مباشرة" بە لەزەت وەرگرتن, جگە لە هینی ئافرەتەکە لێکدەداتەوە[٩١].

(إبن حجر) لە جێگەیەکی تر لە باسی "مباشرة الصائم"دا, دەڵێ: "لە بنەڕەتدا "مباشرة" بریتییە لە بەرکەوتنی هەردوو پێستو جەستە، وە بۆ جووتبوونیش بەکاردێت, جا بیکاتە ناو هینەکەی یان نا، بەڵام لێرەدا جووتبون مەبەست نییە، پاشان فەرموودەکەی (عائشە) باس دەکات"[٩٢].

٧٨ - مەریوان, لە لاپەڕە (١٨٩-١٩٠)دا, دەڵێ: "بەڵام ئەوەندەی لە ڕیوایەتەکەدا دەرکەوتووە پەیامبەر شەهوەتەکەی نەڕژاندۆتە ناو هینەکەی عائشە". پاشان دەقە عەرەبییەکە دێنێ, کە پێغەمبەر: "يأمرني فأتزر فيباشرني وأنا حائض".

دەڵێین:

١ - لەبارەی (مباشرة) لە پێشەوە قسەمان لەسەر کرد.

٢ - لە ڕیوایەتەکەدا نەهاتووە کە "شەهوەتەکە .....". ئەمە تەنها قسەو بۆچوونی سەقەتی مەریوانە، چونکە ئاشکرایە دەکرێ پیاو لەگەڵ ئافرەتدا ڕابوێرێ وماچی بکاتو لەزەتی لێوەربگرێ لە هەمان کاتیشدا شەهوەتی نەیەتە خوارەوە .

٧٩ - لە لاپەڕە (١٩٠)دا, بەسەرهاتی ئەو کابرایە باس دەکات, کە لە کاتی بەڕۆژوو بووندا, لەگەڵ خێزانەکەیدا جوتبوونی کردووە، دەڵێ: "ڕەنگە بۆ خۆی بە ڕەوای ببینێت کە لەگەڵ ژنەکەیداولە کاتی دەستنوێژ, یان بەڕۆژوو بوونی, یان لە کاتی مانگانەیاندا جووت بوو بێت, بەڵام بۆ کەسی دیکەی بەڕەوا نەبینیوە". لە دوایدا بەسەرهاتی پیاوەکە باس دەکات, کە پێغەمبەر فەرمانی پێدەکات, یان کۆیلەیەك ئازاد بکات, یان دوو مانگ بە ڕۆژوو بێت, یان خواردنی (٦٠) هەژار بدات, چونکە جووتبوونی کردووە لە کاتی بەڕۆژوو بووندا.

دەڵێین:

ئەوەی لە گێڕانەوەکەدا هاتووە باس لەوە دەکات, کە پیاوەکە جووتبوونی کردووە, واتە بە زمانی مەریوان "هینەکەی خستۆتە ناو هینەکەیەوە", بۆیە ئەم جۆرە تۆڵەیەی بۆ دانراوە, ئەوەتا (بخاري و مسلم), کاتێ سەر باسەکە دەنوسن بە جووتبوون (جماع) باسی دەکەن:

(بخاري) دەنوسێ: "باب: أذا جامع في رمضان".

(مسلم) دەنوسێ: "باب: تغليظ تحريم الجماع".

---

[٩٠] فتح الباري, ج١ باب/مباشرة الحائض.

[٩١] بڕوانە: سنن النسائي, بشرح السيوطي وحاشية السندي, م١, ج١, ص١٨١ .

[٩٢] فتح الباري, ج٤, ص١٧٥ باب/ المباشرة للصائم .

کەواتە, جیاوازییان هەیە, ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خێزانی خۆیدا کردوویەتی بریتی بووە لە چێژ وەرگرتن بەبێ جووتبوون و هاتنە خوارەوەی "شەهوەت", بەڵام ئەوەی ئەو کابرایە کردوویەتی جووتبوون بووە.

زیادە روونکردنەوەیەك: لە یەکێك لە گێڕانەوەکانی بە سەرهاتی ئەو پیاوەدا, هاتووە کە بە ڕاشکاویی باس لە جووتبوونی تەواوی دەکات و دەڵێ: "وطئت أمرأتي" [93].

هەروەها زانایان یەکدەنگن لە سەر ئەوەی, گەر کەسێك بە ئەنقەست جووتبوونی ڕاستەقینەی کرد, ڕۆژووەکەی بەتاڵەو کەفارەتی گەورەی دەکەوێتە سەر کە بریتییە لە: ئازادکردنی کۆیلەیەك, یان دوو مانگ بە ڕۆژوو بێت, یان خواردنی (٦٠) هەژار بدات[94].

٨٠ – مەریوان, لە لاپەڕە (١٩٠)دا, بە جارێ نەزانێتی و بوختانچێتیی خۆی دەردەخات, دەنوسێ و دەڵێ: "ڕۆژێك ژنی صەحابیەك بەناوی (صفية) کە هێشتا نەبووبوو بە ژنی, زیارەتی دەکاو لە گەڕانەوەی دا بۆماڵەوە پەیامبەر بە تەنها لەگەڵی دەچێت, گوایە تەنیایەو دەیگەیێنێتە ماڵەوە ...". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (صحيح البخاری) دەکات.

دەڵێین:

سەراپای ئەم بابەتە پڕە لە درۆو بوختان و چەواشەکاریی لە خوێنەر, چونکە:

١ـ زۆر روون و ئاشکرایە کە (صفية) لە جەنگی (خیبر)دا دەگیرێ و دوا بە دوای ئەو جەنگەش, پێغەمبەر دەیکاتە هاوسەری خۆی.

(أنس) دەڵێ: "پێغەمبەر سێ ڕۆژ لە نێوان (خیبر)و (مەدینە)دا مایەوە, چووە لای (صفية بنت حي), منیش چووم بانگی موسوڵمانانم کرد بۆ خواردنی گواستنەوەکەی, خواردنی گواستنەوەکە نان و گۆشت نەبوو, بەڵکو فەرمانی کرد پێستەیەکیان ڕاخست و ئیتر خورماو کەشك و ڕۆن دانرا, ئەمە خواردنی گواستنەوەکەی (صفية) بوو, جا موسوڵمانان وتیان: دەبێ (صفية) یەکێك بێت لە دایکانی باوەڕداران, یان وەك کەنیزەکێك لای خۆی دەیهێڵێتەوە؟ وتیان ئەگەر پێغەمبەر پەردەی بۆ گێڕا, ئەوە مانای وایە یەکێکە لە دایکانی باوەڕداران, ئەگەر پەردەشی بۆ نەگێڕا ئەوە کەنیزەکییەتی، کاتێك پێغەمبەر بە ڕێکەوت (صفية)ی لە پاش خۆیەوە سوار کردو پەردەی بۆ گێڕا لە نێوان (صفية)و خەڵکەکەدا" [95].

هەموو ریوایەتەکان ئەوە بە روونی دەردەخەن, کە (صفية) دوا بەدوای غەزای خەیبەر, پێغەمبەر دەیکاتە هاوسەری خۆی و پاشان بەرەو مەدینە دەگەڕێنەوە[96].

هەتا مارەییەکەی (صفية) ئەو ڕۆژە بریتی بوو لە ئازاد کردنی[97].

ئەگەر ئەمە زانرا کە (صفية) هەموو ژیانی لە خەیبەر بردۆتە سەرو تاساڵی حەوتەمی کۆچی, کە جەنگی خەیبەر ڕوودەدات و دەستگیر دەکرێت, لە دوا جەنگەکە مسوڵمانێتیی خۆی ڕادەگەیەنێت و پێغەمبەریش ﷺ پێش چوونەوەیان بۆ مەدینە دەیکاتە هاوسەری، کەواتە:

أ – (صفية) ڕۆژێك لە ڕۆژانی پێش جەنگی خەیبەر مەدینەی نەبینیوە.

ب – ئەو ساتەی مسوڵمان دەبێ پێغەمبەر (ﷺ) دەیخوازێ.

---

[93] بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم بابەتە بڕوانە: فتح الباری, ج٤, ص(١٩١ –٢٠٢) باب: أذا جامع في رمضان ولم يكن له شيء .....

[94] رحمة الامة, ص ١٩٦.

[95] رواه البخاری, کتاب النکاح, باب/ البناء فى السفر رقم(٥١٥٩).

[96] بروانە: صحيح البخاری, الکتاب المغازی, رقم (٤٢١١ ،٤٢١٢ ،٤٣١٣) .

[97] صحيح البخاری, کتاب النکاح, باب/ من جعل عتق الأمة صداقها, رقم (٥٠٨٦)، هەروەها بڕوانە: زاد المعاد, ج٣, ص٣٢٧ –٣٢٨، رفع الخفا شرح ذات الشفا, ج١, ص٢٦٥، و ج٢, ص١٢، وصفة الصفوة, م١ ج٢, ص٢٤ –٢٥ .

ج- بە هاوسەریی پێغەمبەر ﷺ دەچێتە نێو شاری مەدینە.

جا بەڕێزان:

بەمەی باسمان کرد هەموو تارماییەکانی گیرفانی مەریوان ڕەوینەوەو زانرا, کە ئەوە تەنها هەوڵێکی نەفامانەی دیکەی مەریوانە!.

٢- مەریوان, وا دەزانێ خەڵکیش وەك خۆی گێلن!, هاتووە یەکێك لە گێڕانەوەکانی (بوخاری) هێناوەو بینای بوختانەکەی خۆی لەسەر کردووە، هەر لە (عەلیی کوڕی حوسەین)ەوە, دوو فەرموودە, پاش ئەو فەرموودەیەی کە مەریوان هێناویەتی لە (صحیحی بوخاری)دا, بە ڕوونتر باسی ئەو بەسەرهاتە دەکات بەم جۆرە:

"پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوت دەبێ و هاوسەرەکانیشی لەگەڵدا دەبن، پاشان هاوسەرەکانی دەڕۆن، پێغەمبەر ﷺ بە (صفیة بنت حي) دەڵێت تۆ پەلە مەکە تا خۆم لە گەڵتا دێم، ماڵی (صفیة) لە ماڵی (أسامة)دا دەبێت، پێغەمبەر ﷺ لەگەڵیدا دەچێتە دەرەوە, دوو پیاوی (أنصاری) پێدەگات، سەیری پێغەمبەر ﷺ دەکەن و تێدەپەڕن، پێغەمبەر ﷺ پێیان دەفەرموێ: وەرن ئەوە (صفیة) یە ....."[98]

ئەمەش قسەکەی مەریوان پووچ دەکاتەوە بە:

أ- بە ئاشکرا لە ڕیوایەتەکەدا هاتووە: "هاوسەرەکانیشی لەلا بوون ...". باس لەوەیە (صفیة) ئەوکات خێزانی بووە.

ب- هەتا پێشەوا (بوخاری) ئەم فەرموودەیە دەهێنێت و سەرباسێکی بۆ دادەنێت بە ناونیشانی "زیارة المرأة زوجها في إعتکافه"، سەردانی ئافرەت بۆ لای هاوسەری خۆی کاتێ هاوسەرەکەی لە خەڵوەدا بێت[99].

ئێستاش با بێینەوە سەر ئەو دەقەی مەریوان نوسیویەتی:

١- مەریوان دەڵێت: "دوو صەحابە بەناوی .....".

منیش دەڵێم: ناوی ئەو دوو صەحابەیە لە هیچ یەکێ لە گێڕانەوەکانی (بوخاری)دا نەهاتووە، بەڵکو تەنها ئەوەندە هاتووە کە ئەنصاریی بوون.

هەروەها (إبن حجر) دەڵێت: "ناوی ئەو دوو هاوەڵەم لە هیچ کتێبێکدا نەبینیوە، تەنها ئەوە نەبێ کە (إبن العطار) لە (شرح العمدة)دا, گومان دەبات کە (أسید بن حضیر) و (عباد بن بشیر) بن، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەو گومانەی باس نەکردووە"[100].

٢- مەریوان, لە لاپەڕە(١٩١)دا, لە سەر ڕاڤەی "ئەوە فلانی کچی فلانە" دەڵێت واتە: "لە بنەماڵەیەك نییە ئێوە گومانی لێ بکەن".

دەڵێین:

ئەمە وتەیەکی سەقەتە، پێغەمبەر ﷺ ناوی خێزانەکەی دەبات و دەفەرموێت: ئەوە (صفیة)یە، بۆیە ناوەکەشی وتووە, چونکە ئەوان دەزانن کە (صفیة) هاوسەریەتی، هەروەها لە ڕیوایەتەکەدا ناوی (صفیة بنت حي) هاتووە, کەچی مەریوان کردوویەتی بە ئەوە "فلانة بنت فلان" .

نازانم مەریوان, چۆن شەرم تەنگی پێ هاڵناچنێ, کە ئەوەندە لاسارەو بەدەستی ئەنقەست خۆی گێل دەکات وچاو لە ڕاستییەکان دەنوقێنێت!.

٨١- یەکێکی تر لە سەقەتییەکانی مەریوان هەر لە لاپەڕە (١٩١)دا, هاتووە ئەم دەقە عەرەبییەی "إن الشیطان یبلغ من ابن آدم مبلغ الدم ...". ئاوەها ڕاڤەی کردووە: "شەیتان شتی وا دەخاتە دڵی ئینسانەوە کە بگاتە خوێن ڕژان".

---

[98] رواه البخاري, رقم٢٠٣٨ .

[99] صحیح البخاري, کتاب الإعتکاف.

[100] فتح الباري, ج٤, ص٣٢٤, لە سەر فەرموودەی ژمارە (٢٠٣٥) .

دەڵێین:

ڕاڤەی تەواوو دروست بەم جۆرەیە: "بە ڕاستی شەیتان لە ناو جەستەی مرۆڤدا وەکو خوێن هاتوچۆ دەکات"[١٠١].

٨٢- لە لاپەڕە (١٩١)دا، دەقێکی تر دەهێنێت، دەیکات بە کوردیو ئەوەی خۆی مەبەستی بێت دەینوسێت، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە، کە لە بارەی (أسماء)ی خوشکی (عائشة)ەوە نوسیویەتی، دەڵێت: "ڕۆژێك بەرچنێك خورمای بەسەرەوە بووەو بە هیلاکی دەڕۆی بەڕێوە. پەیامبەر دەیبینێو بانگی دەکات کە لە گەڵیدا سواری وشترەکەی بێت، (أسماء)یش ژنێکی مێرداری دنیادیدە دەبێو دیارە، پەیامبەریش باش دەناسێت، بۆیە (أسماء) لە ترسی قسەی خەڵك گوایە دوایی (زوبەیر)ی مێردی دەیبیستێتەوە لە گەڵی سوار نابێ". پاشان (صحیح البخاري) وەك سەرچاوە دەهێنێو لەخوارەوەش دەقە عەرەبییەکە دەنوسێت، ئەوەندەی خۆی بیەوێو تەواوی ناکات!.

دەڵێین:

ئەمەش زیاتر نەفامیی مەریوان دەردەخات، چونکە:

١- "بەرچنێ خورما". ئەمە هەر زۆر سەقەتە، بەڵکو ناوکی خورمای دەگواستەوە، وەك کەمێکی تر باسی دەکەین.

٢- "بۆیە أسماء لە ترسی...". ئەمە قسەی مەریوان خۆیەتی، چونکە هەر (أسماء) خۆی باسەکە بۆ مێردەکەی دەگێڕێتەوە، وەك چۆن پاشتر لە سەری دەدوێین.

٣- مەریوان، لە کۆتاییەکەدا باسی ئەوەی نەکردووە، کە دوایی (أسماء) خۆی باسەکە بۆ مێردەکەی دەگێڕێتەوە، مێردەکەشی چی بە (أسماء) دەڵێت، چونکە ڕیسەکەی مەریوان دەبووەوە بە خوری.

بەڕێزان فەرموون لەگەڵ بەسەرهاتەکەو دەقە عەرەبییەکەی:

(أسماء)، دەڵێت کە (زبیر) منی هێنا، هیچ شتێکی نەبوو، نە زەوی نەماڵ نە خزمەتکار، جگە لە وشترو ئەسپێك، من ئالفم دەدا بە ئەسپەکەو ئاویشم دەدا، کوندە وجەوەندەکەیشیم بۆ دەدوریو هەویریشم بۆ دەشێلا، گەرچی من باش نەمدەزانی نان بکەم، چەند ئافرەتێکی ئەنصاریی دراوسێمان بوون، کە بەڕاستی ئافرەتی چاكو ڕاستگۆ بوون، ئەوان نانیان بۆ دەکردم، وەمن لەو پارچە زەوییەی[١٠٢]، کە پێغەمبەر دابوی بە (زوبەیر) ناوکی خورمام بەسەر سەرم دەگواستەوە، ئەو زەوییە لە ماڵەکەوە دوو لە سێی فرسەخێك دووربوو، ئەوەبوو تا ڕۆژێکیان بەم جۆرە ناوکە خورماکان لەسەر سەرم بوون، گەیشتم بە پێغەمبەر ﷺ کە چەند کەسێکی ئەنصاریی لەگەڵدا بوو، ئەویش بانگی کردم و وشترەکەی بۆم (یخ)دا، تا لە دوای خۆیەوە هەڵم گرێت، منیش شەرمم کرد لەگەڵ پیاواندا بڕۆم بە ڕێگەداو بیری زوبەیر وغیرەکەیم کەوتەوە، بەڕاستی زوبەیر لە خەڵکی زیاتر غیرەی هەبوو، جا کە پێغەمبەر زانیی من شەرم دەکەم ڕۆیی، منیش چوم بۆ لای زوبەیرو پێم وت: کاتێ ناوکە خورماکانم لەسەر سەر بوو، پێغەمبەرم پێگەیشت، کە چەند هاوەڵێکی لەگەڵدا بوون، وشترەکەی بۆ (یخ) دام تا سەرکەوم، بەڵام شەرمم لە پێغەمبەر کرد و(غیرة)کەی تۆشم دەزانی، (زوبەیر) یش وتی: سوێند بەخوا هەڵگرتنی ناوکی خورماکانم لەلا ناخۆشترە وەك لە سواربوونت لە گەڵ ئەودا، " تزوجني الزبير وماله في الأرض من مال ولا مملوك ولا شيئ غير ناضح، وغير فرسه فكنت أعلف فرسه و أستقى الماء وأخرز غربه وأعجن، ولم أكن أحسن أخبز وكان يخبز جارات لي من الأنصار، وكن نسوة صدق، وكنت أنقل النوى من أرض الزبير التي أقطعه رسول الله على رأسي، هي مني على ثلثي فرسخ، فجئت يوما والنوى على رأسي فلقيت رسول الله ومعه نفر من الأنصار، فدعاني، ثم قال: إخ إخ، ليحملني خلفه، فاستحييت أن أسير مع الرجال وذكرت الزبير وغيرته، وكان أغير الناس، فعرف رسول الله أني قد إستحييت فمضى، فجئت الزبير فقلت: لقيني رسول الله ﷺ وعلى

---

[١٠١] بڕوانە: التجريد الصريح، وەرگێڕانی: نوری فارس حەمەخان، بەرگی دووەم، لا٣٠٩ .

[١٠٢] ئەم پارچە زەوییە ئەو دەسکەوتە بوو، کە لە ماڵی (بنی النظير) دەست مسوڵمانان کەوتو پێغەمبەریش ﷺ پارچەیەکی لێدا بە زوبەیر. فتح الباري، ج٩، ص٣٦٩.

رأسي النوى ومعه نفر من أصحابه, فأناخ لأركب فاستحييت منه وعرفت غيرتك، فقال: والله لحملك النوى كان أشد علي من ركوبك معه" [١٠٣].

وشەی "النوى" كۆی "نواة" ناوكی خورمایە[١٠٤].

ئێوە خۆتان بڕیار بدەن (مەریوان) شیاوی چ شتێكە پێی بوترێ لە بەرامبەر ئەم هەموو چەواشەكارییانەدا؟!.

٨٣- بەسەر هاتێك دێنێ, كە لە نێوان پێغەمبەر ﷺ و (عائیشە)دا ڕوویداوە, لە لاپەڕە (١٩٢)دا, هەندێكی بە سەقەتی واتا كردووەو هەندێكیشی بەئەنقەست لێ قرتاندووە, نووسیویەتی: "منیش (واتا عائیشە) كراسەكەمدا بەسەر شانمداو پارچەی عەباكەمدا بە سەر شانمداو دوای كەوتم ....". پاشان "صحیح مسلم" وەك سەرچاوە دێنێ و كەمێكیش لەدەقە عەرەبییەكە لە خوارەوە دەنوسێت.

دەڵێین:

ئەو واتا كردنەی مەریوان بۆ ئەو دەقەی كردووە, زۆر زۆر سەقەتە, دەقە عەرەبییەكە ئاوهایە: "... فجعلت درعي في رأسي و اختمرت وتقنعت أزاري...".

واتە: " كراسەكەم لەبەر كرد, وە سەرم داپۆشی, وە ئیزارەكەم پۆشی".

"درع " بۆ ئافرەت, كراسە[١٠٥].

"أختمرت" واتا سەرم داپۆشی, "ئیزار" ئەو پۆشاكەیە, كە لە ناوەڕاستی جەستەوە بەر دەدرێتەوە بۆ خوارەوە, وەك پەشتەماڵ, "تقنعت" بە واتای پۆشین دێت, وەك (نەوەوی) دەڵێت[١٠٦].

٨٤- لە هەمان لاپەڕەو هەمان باسدا دەنوسێت: "... تاهێزی تیا بوو مستە كوڵەیەكی كێشا بە سنگم دا..".

دەڵێین:

"تاهێزی تیا بوو". قسەی مەریوان خۆیەتی, چونكە دەقە عەرەبییەكە وەهایە: "فلهدني في صدري لهدة" .

واتە: مشتە كوڵەیەكی لێدام .

٨٥- لە لاپەڕە (١٩٣)دا, دەنوسێ: "خودی خۆشی دڵی لە ژنەكانی پیس بووە". پاشان فەرموودەیەك دێنێ كە باس لە چۆنێتی بوون بە برا دەكات بە هۆی شیر خواردنەوە.

دەڵێین:

"خودی خۆشی...". مەریوان, بەمە دەیەوێ بڵێ, كە گومانی لە خێزانەكانی هەبووە, ئەمە چەواشەكارییە, چونكە گەر گومانی لە خێزانەكانی هەبوایە, زۆر ڕێگە هەبوو بیگرێتە بەر, پاشان (غیرة) سروشتی هەموو كەسێكی خاوەن ڕەوشتە, چ لە مێدا, چ لە نێردا, بەڵام هەریەكە و بەئەندازەیەك, من دەپرسم گەر هەر پیاوێك بێتەوە بۆ ماڵ, ببینێت پیاوێك لەگەڵ خێزانەكەی دانیشتووە, لە هەمان كاتیشدا نەی ناسێت, شت لە دڵی دروست نابێ؟. مەگەر مەریوان تۆ (غیرە)ت نییە ؟!!

٨٦- لە لاپەڕە (١٩٤)دا, دەنوسێت: "گەر جوانێكیشی دیبێت خۆی پێ نەگیراوە داوای لێ كردووە بە حەڵاڵی لەگەڵی جووت بێت, لە باخێكدا بەژنێك (ئومەیمەی كچی نوعمان ...)دەڵێ: خۆتم پێشكەش بكە... پەیامبەریش دەستی بۆ دەبات, بەڵام ئومەیمە دەچێتە دواوە...". پاشان وەك پیشەی هەمیشەیی بەشێكی كەم لە دەقەكە لە (صحیح البخاري)دا دەهێنێ.

دەڵێین:

---

[١٠٣] رواه البخاري, كتاب النكاح, باب: الغيرة رقم الحديث (٥٢٢٤).

[١٠٤] مختار الصحاح, ص٦٨٧ مادة ن. و. ی.

[١٠٥] مختار الصحاح, مادة (درع).

[١٠٦] بڕوانە: شرح مسلم (كتاب الجنائز), رقم الحديث ٢٢٥٣, مختصر صحيح مسلم للمنذري تحقيق: د. مصطفى الديب البغا, رقم ٤٩٧.

مەریوان, هەموو شتەکان لە هەمبانە سێکسییەکانی خۆیەوە دەژمێرێ, چونکە دەستەواژەی "گەر جوانێکی..." واتە ئەمە سروشتی بووە, ئەوەش بوختانێکی قێزەونی ترە, پاشان بۆ هەموو گێڕانەوەکەی باس نەکردووە, تا دەرکەوێت دەست بۆ بردنەکە بۆ کوێ بووە و چۆن بووە؟.

لە ژمارە (٤٤)دا, لە باسی (اسماء)دا, باسێکمان لەبارەیەوە نووسیوە, دەتوانرێ سەرنجێك لەو جێگەیە بدرێ .

دەست بۆ بردنەکە:

دەست بۆ بردنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوە بووە کە:

أ–هێورو دڵنیای بکاتەوە .

ب– بۆ سەری بووە, نەك جێگەیەکی تر.

دەقە عەرەبییەکە ئاوهایە: "فأهوى بيده يضع عليها لتسكن"[107].

جا بەڕێزان:

کام دەستدرێژی خراپەیە, کە مەریوان بانگەشەی بۆ دەکات, پەنا گرتنەکەشی فێڵی لێکرا, چونکە وەك گێڕانەوەکان باسی دەکەن هەندێ لە ئافرەتان ئێرەییان پێدەبرد, کە ببێتە خێزانی پێغەمبەر (ﷺ), بۆیە پێش چوونە ژورەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ لای, چەند ئافرەتێك دەچنە لای و پێی دەڵێن: پێغەمبەر (ﷺ) زۆر حەزی لە وتنی وشەی ئەوەیە پێی بڵێی: "أعوذ بالله منك", جا گەر دەتەوێ ببیتە خێزانی, ئەگەر هات ئەو وشەیەی پێ بڵێ, ئەویش وای کرد[108].

٨٧– لە لاپەڕە (٢٠١–٢٠٢)دا, فەرموودەیەك دەهێنێت, کە سەرەتاکەی ئەمەیە: " لە ئەبو هوریرەوە دەگێڕنەوە: ڕۆژێك ژنێك .....تاد". پاشان لە خوارەوە بە ژمارە ١٢و١٣ دەنوسێت, کە گوایە لە (تفسیر إبن کثیر)دا هەیە، پێشتریش لە لاپەڕە (٧٥)دا, هەمان فەرموودە دەهێنێ و ئاماژە بۆ (إبن کثیر) دەکات.

دەڵێین:

ئەو فەرموودەیە, جگە لەوەی فەرموودەیەکی لاوازە, کە دواتر لە بەشێکی سەربەخۆدا قسەی لە سەردەکەین، لە هەمانکاتدا ئەو فەرموودەیە لە تەفسیری (إبن کثیر)دا نییە، من بەش بە حاڵی خۆم زۆری بۆ گەڕام, بەرچاوم نەکەوت، ئەوەیش کە (إبن کثیر)ی هەیە با چاو بگێڕێ, بزانێ ئاخۆ مەریوان ئەم جارە ڕاست دەکات !!!.

٨٨– لە لاپەڕە (٢٠٣)دا, فەرموودەیەك دەهێنێ, کە لە (صحیح البخاري)دا ئەمە دەقەکەیەتی: "ليكونن من امتى أقوام يستحلون الحر, والحرير, والخمر, والمعازف ...". مەریوان بەم جۆرە ڕاڤەی کردووە:

"بەشێك لە نەتەوەکەم عەورەتی ژنە ئازادەکان و قوماشی ...". پاشان دەڵێ: "کە دەڵێت: (یستحلون الحر) واتە ژنانی ئازاد بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکەن, بەڵام نەك هەموو ژنێك...".

دەڵێین:

ئەوەی مەبەستمان بێت لێرەدا, وشەی "الحر" کە زۆر بەسەقەتی واتای کردووە, واتا ڕاستەقینەکەی ئاوەهایە:

"الحر" بە کەسرەی (حاء)ەکە, بە واتای "هێنی" ئافرەت دێ, واتە: زینا حەڵاڵ دەکەن, ئەوەی زیاتر ئەم بۆ چونەش بە هێز دەکات, ئەو گێڕانەوەیە, کە بە لەفزێکی تر هاتووە بەم جۆرە: "يوشك أن تستحل أمتي فروج النساء..." نزیکە ئوممەتەکەم "هێنی" ئافرەتان بەرەواو حەڵاڵ بگێڕن[109] .

بەڕێزان:

ئەوەی ئێمە هێنامان قسەی کەسێکی زۆر ناودارو پایەبەرزی ئیسلامە, کە (أبن حجر)ە, وا ڕاڤەو قسەی لەسەر ئەو وشەیە کردووە, ئەی (مەریوان) ئەو ڕاڤەیەی لە کوێ هێناوە؟!.

---

[107] صحيح البخاري, رقم ٥٢٥٥.

[108] بڕوانە: فتح الباري, ج٩, ص٤١١, لە سەر ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (٥٢٥٥).

[109] بڕوانە: فتح الباري, ج١٠, ص ٦٤, لە سەر ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (٥٥٩٠).

کەواتە فەرموودەکە باس لەوە دەکات, کە بەگشتی داوێن پیسیی حەڵاڵ دەکرێ, بەبێ جیاوازیی لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر.

٨٩– لە لاپەڕە (٢٠٣)دا, ئەم فەرموودەیە دێنێت, کە پێغەمبەر فەرموویەتی: "لن يفلح قوم ولوا أمرهم أمرأة" واتە: هیچ نەتەوەیەك سەرکەوتوو نابێت, ئەگەر کارو بارەکانییان بدەنە دەست ئافرەتێك, پاشان دەڵێ: "ئەمە لە کاتێکدایە کە قورئان باسی دانایی ژنێك دەکات, کە ناوی (بەڵقیس) بووەو شاژنیش بووە, بەمەش دژایەتی لەنێوان دەق و سوننەت دا دەبینین".

دەڵێین:

" بەمەش دژایەتی...". تەنها بۆ چوونی مەریوانە, هیچ دژایەتییەك لە نێوانیاندا نییە, چونکە:

١– فەرموودەکە دەفەرموێ: "أمرأة" یەك ئافرەت, واتە: تەنها ئافرەتێك, بە تەنها کارەکانییان بەڕێوە ببات, وەك لە بەسەرهاتی ئەو ڕووداوەشدا هاتووە: "کاتێ کە (فارسەکان)ەکان ئەو ئافرەتەیان کردە پادشا لە ترسی ئەوە بوو, کە دەسەلات لە نێو ئەو بنەماڵەیەدا بمێنێتەوە"[١١٠].

٢– ئەو ئافرەتەش کە لە سورەتی (النمل)دا, باسی هاتووە, وەك زانایان دەڵێن (٣١٢) پیاو دەستەی ڕاوێژکاریی بوون و هەر پیاوێکیش لەوان (١٠) هەزار پیاوی لە ژێر دەست دا بووە[١١١].

٣–هەتا قورئان باس لەوە دەکات, کە ڕاوێژیی کردووە: ﴿ قالت يا أيها الملأ أفتوني في امري ماكنت قاطعة أمرا حتى تشهدون ﴾النمل/٣٢.

٤– پاشان ئافرەتەکە ملکەچ دەبێت بۆ خوا و دەچێتە ژێر فەرمانداریی (سليمان) سەلامی خوای لە سەر بێت. بڕوانە سورەتی النمل (٣٢–٤٤).

٥– مەرج نییە هەر کات باسی دانایی کەسێك کرا, هەموو شتەکانی تری هەروا بن, مەگەر نابینی پێغەمبەر ﷺ لە بارەی "شيطان " ەوە بە (أبو هريرە)ی فەرموو "ڕاستی لەگەڵ وتیی, بەلام خۆی درۆزنە". ﴿صدقك وهو كذوب﴾, چونکە "أية الكرسي"ی فێری (أبو هريرة) کرد[١١٢].

٩٠– لەلاپەڕە (٢٠٤)دا, ئەم فەرمودەیە دەهێنێ: "تنكح المرأه لاربع: لمالها ولحسبها وجمالهاو لدينها". مەریوان دەڵێ: "پەیامبەر ئەو چوار بنەمایەی بۆ دیاری کردووین نێری مسوڵمان لەسەر چ بنەمایەك ژن بهێنێت, پاش مانا کردنی دەڵێ: "لەم ڕیوایەتەشدا مافی ژن دیار نییە لەوەی, کە شووی کرد بە پیاوێك مەرجی ئەوەی هەبێت, کە دەبێ پیاویش سامانی هەبێ و کەس و کاری زۆریشی هەبێت وجوانیش بێتو ئیمانداریش بێت".

دەڵێین:

ئەمەش دەم کوتینە لە باس و خواستێك, پێموایە مەریوان ئەندازەی کێشی گەردیلەیەك پەی بە فەرموودەکە نەبردووە, چونکە:

١– پێغەمبەر ﷺ ئەو چوار بنەمایەی دیاری نەکردوە, بەڵکو باسی لە واقعی ژن هێنانی خەڵکی کردووە, مەگەر نازانرێ شێوەی داڕشتنی دەقەکە بە (مبنی للمجهول) هاتووە "تنكح" واتە: ئافرەت دەهێنرێت لە بەر چوار هۆ, واتە: خەڵکی وا سەیری ژن هێنان دەکەن, وەك لە "لاربع"دا دیارە, کە ئەو لامە لامی سەبەبیەتە, وەك (ابن حجر) ڕاڤەی کردووە[١١٣].

---

[١١٠] بڕوانە: فتح الباري, ج٨, ص ١٤٩, لە سەر ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (٤٤٢٥).

[١١١] بڕوانە: ابن كثير, تفسير ئایەتی (١٢٣)ی سورەتی النمل.

[١١٢] بڕوانە: صحيح البخاري, فەرموودەی ژمارە (٢٣١١) و (٣٢٧٥) و(٥٠١٠).

[١١٣] بڕوانە: فتح الباري, ج٩, ص ١٥٥, لە سەر ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (٥٠٩٠).

٢- تەنها بنەمایەك، كە پێغەمبەر ﷺ دیاری كردبێت و خەڵكی لە سەر هاندابێت، دیندارییە، وەك لە كۆتایی فەرموودەكەدا هاتووەو مەریوان بە ئەنقەست نەی هێناوە، ئەمەش دەقی فەرمودەكەیە "تنكح المرأة لاربع: لمالها ولحسبها وجمالها و لدينها فاظفر بذات الدين تربت يداك"[114].

واتە: ژن لەبەر چوار شت خەڵكی مارەی دەكات: لە بەر ماڵ ودارایییەكەی، یان لەبەر خانەدانیی و بنەماڵەكەی، یان لەبەر جوانییەكەی، یان لەبەر دینەكەی، جا تۆ فرسەت بهێنە لەوەیان كە خاوەنی (دین)ە، ئەوا دەستت دەچێت بە خێرێكی گەورەدا.

"فاظفر بذات الدين". ئامۆژگاریی پێغەمبەرە ﷺ نەك شتی تر، چونكە بە ڕاستی ئەوەی شیاوی كەسی دیندارو كەسایەتی بەرز بێت، دەبێت دین جێگە تەمای بێت لە هەمووشتێكدا، بە تایبەت لە كارێكی وەك هاوسەرگیریدا، كە پێكەوە بوونێكی درێژخایەن ڕوودەدات لە نێوان پیاوو ئافرەتەكەدا.

٩١- لە لاپەڕە (٢٠٦)دا، دەقێك دێنێت و واتای دەكات بەم جۆرە: "ئەگەر پیاوێك پاش هەموو پاك بوونەوەیەكی مانگانەی ژنەكەی یەك جار چووە لای ژنەكەی، ئەوە هەقی خۆی پێداوە، "إن الرجل إذا أتى إمرأته في كل طهر فقد أدى حقها".

دەڵێین:

"یەك جار" ئەمە ڕاڤەو مانا كردنێكی تا بڵێی سەقەتە، چونكە بە ڕوونیی لە دەقەكەدا هاتووە، وەك دیارە باسی "یەك جار"ی نەكردووە، واتە: ڕاستییەكەی ئاوهایە: "ئەگەر پیاو لە هەموو پاك بوونەوەیەكی مانگانەی خێزانەكەیدا چووە لای ئەوە مافی خێزانەكەی داوە". بێ دیاریكردنی جار ودوو جار.

ئەگەر وەك واتاكەی مەریوان بووایە، دەبوو دەقەكە بەم جۆرە بێت "في كل طهر مرة" یان "إذا أتى إمرأته مرة في كل طهر".

كەواتە هەر فەلسەفە لێدانێك لەسەر ئەم دەقە، كە مەریوان كردوویەتی بەتاڵە!.

٩٢- لە لاپەڕە (٢٠٧)دا، نوسیویەتی پیاوێك هاتە خزمەتی و پێی وت: "ژنەكەم كوڕێكی بووە بە هی خۆمی نازانم... پەیامبەریش پێی دەڵێت: وشترت هەیە؟ دەڵێ: بەڵێ، پێی دەڵێت: ڕەنگاو ڕەنگیان تێدایە؟ پیاوەكە دەڵێ: بەڵێ، پەیامبەر پرسیاری لێدەكات: ڕەنگە بۆزەكەیان لە چییەوە هاتووە؟ پیاوەكە دەڵێت: ڕەنگە دەمارێك كشابێت، پەیامبەریش دەڵێت: كوڕەكەی تۆش ڕەنگە دەمارێك كشابێت". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (بخاری ومسلم) دەكات.

دەڵێین:

قوڕ بەسەر ئەو نەتەوەو هۆزەی، كە مەریوان و وەرگێڕو واتاكاریان بێت، با بێین دەقە عەرەبییەكە بهێنین: "أن رجلا أتى النبي ﷺ فقال: يا رسول الله ولد لي غلام أسود، فقال: هل لك من إبل؟ قال: نعم، قال: ما ألوانها؟ قال: حمر، قال: هل فيها من أورق؟ قال: نعم، قال: فأنى ذلك؟ قال: لعله نزعه عرق، قال: فلعل إبنك هذا نزعه"[115]. واتە: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پاشان وتی: ئەی پێغەمبەر خێزانەكەم منداڵێكی ڕەشی بووە، فەرمووی: وشترت هەیە؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: ڕەنگیان چۆنە؟ وتی: سورە، فەرمووی: خۆڵەمێشیی تێدایە؟ وتی: بەڵێ، فەرمووی: ئەو جۆرە لە كوێوە پەیدا بووە؟ وتی: بێگومان لەوانەیە لە بنەچەی ئەو وشترەدا، وشترێك هەبوبێت خۆڵەمێشی بوبێت و ئەم وشترەش ئەو ڕەنگەی لەوەوە پچڕی بێ بۆ خۆی، فەرمووی: دەی منداڵەكەی تۆش، بێگومان لەوانەیە یەكێك لە بنەچەكەی ڕەنگی ڕەش بووبێ و ئێستا ئەو منداڵە ئەو ڕەنگەی لەو پشتەوەی پچڕی بێ و وەك ئەو ڕەش دەرچووبێ.

---

[114] رواه البخاري، رقم (٥٠٩٠).

[115] رواه البخاري، رقم(٥٣٠٥ و ٦٨٤٧ و ٧٣١٤).

"أورق" ئەم جۆرە ڕەنگە لە وشتردا, بەو ڕەنگە دەوترێت کە دەچێت بە لای "ڕەنگی خۆڵەمێشی"دا. وەك (إبن حجر) دەڵێ[١١٦].

لە هەندێ گێڕانەوەدا پیاوەکە دەڵێ:

"ڕەنگی ڕەشە, دڕدۆنگم لێی" (إبن حجر) دەڵێ: واتە: مەبەست ئەوە بووە کە لە دڵەوە دڕدۆنگ بووە, نەك بە زمان نکۆڵی لە کوڕەکەی بکات[١١٧].

"نزعه عرق" واتە: یەکێك لە بنەچەکە لەو ڕەنگە بووە، ئەویش ئەو ڕەنگەی بۆ لای خۆی کێشاوەو چۆتە سەر ڕەنگی ئەو[١١٨].

کەواتە: "بەهی خۆمی نازانم" , "ڕەنگاوڕەنگیان تێدایە"و "ڕەنگە دەمارێك کشا بێت". تێچەنی مەریوان و سەقەتیی ماناکردنی دەقەکەیەو شێواندنی ڕەوانبێژیی زمانەوانییە.

٩٣- ئەگەر دەتەوێت تا سەر ئێسقان کەودەنی زانستیی مەریوان بزانی, سەرنج لە تێگەیشتنە سەقەت و شێواندنی ئەو دەق و شانە بدە, کە چەند ستەمیان لێکراوە, وەك کورد دەڵێ"فیکە بە برای بێ لێو لێدەدەن"، لە لاپەڕە (٢١٠)دا, لە بارەی"بەردباران کردن" دەڵێ: "وەك هەندێ کەس بۆی دەچن ڕەجم داهێنانێکی ئیسلامی نییە، پێش دەرکەوتنی ئیسلام ئەم دیاردەیە پەیڕەو کراوە، أكان يرمي في الجاهلية؟ قال: نعم، الرجم كان قبل المبعث، لە (إبن عباس)یان پرسیوە لە سەردەمی جاهیلیدا بەردباران هەبووە؟ لە وەڵامدا وتویەتی: بەڵێ, ڕەجم پێش پەیامی ئیسلام هەبووە". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (ج١٩, تفسير قرطبي)دەدات.

دەڵێین:

ئەمە سەراپای وەها نییە, دوو دۆشاوی بە سەر یەکدا کردووە:

١- پێش بوون بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرﷺ, جنۆکەکان دەچوون لە نزیك ئاسمان گوێیان هەڵدەخست, تا هەواڵی ئاسمان بزانن, پاشان هەندێکیان ئەو هەواڵانەیان دەهێنایەوە بۆ ئەوانەی فاڵچی و قاوەگرەوەییان دەکرد, بەڵام کاتێ پێغەمبەرﷺبوو بە پێغەمبەرﷺ, جنۆکەکان لەمە قەدەغەکران, هەر جنۆکەیەك لە ئاسمان بۆ ئەو مەبەستە نزیك بکەوتایە "نەیزەکی ئاگراوی" تێدەگیرا, وەك خوای گەورە لەسەر زاری جنۆکەکان خۆیان لە سورەتی "الجن" باسی هەندێك کاریان دەکا, لەوانە ئەم گوێ هەڵخستنەیان بوو لە ئاسمان.

جا (قورتوبی) لە ڕاڤەی ئایەتی ﴿و أنا كنا نقعد منها مقاعد للسمع...﴾ (الجن) ٩, ڕاجیاییەك لە نێوان زانایاندا باس دەکات, کە ئایا پێش پێغەمبەرایەتی جنۆکەکان ڕێگرییان لێدەکرا لە گوێ هەڵخستن یان نا؟ پاش هێنانی چەند فەرموودەو وتەیەك, دێتە سەر ئەوەی کە وتەی ڕاستتر ئەوەیە, کە جنۆکەکان پێشتریش ڕێگرییان لێکراوە, بەڵام بە هاتنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر, ئەم ڕێگرییە زیادی کردووە, پاشان فەرمودەیەك لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە, کە باس لە شێوەی هاویشتنی ئەستێرە دەکات و چۆن دەگیرێتە جنۆکە, کە (ابن عباس)یش باسەکە لە کوڕ و دانیشتنێکی پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە, لە پاش ئەمە (قورتوبی) بە دەق دەڵێ: " وهذا يدل على ان الرجم كان قبل المبعث" [١١٩].

ئەم فەرموودەیە ئەوە دەگەێنێت, کە "رجم" واتە: هاویشتنی پارچەی ئاگرین, کە پێی دەوترێ "شُهُب" بۆ جنۆکە گوێ هەڵخەرەکان لە پێش پێغەمبەرایەتیدا هەبووە, پاشان (قورتوبی) دەڵێ: "ورواه الزهري نحوه عن علي ابن حسين بن علي بن أبي طالب عن ابن عباس". واتە: وە (زوهری) هاوشێوەی ئەمە لە عەلی کوڕی حسەین کوڕی عەلی کوڕی

---

[١١٦] مقدمة فتح الباری, فصل (ور).

[١١٧] بڕوانە: فتح الباری, ج٩, ص ٥٠٧, ڕاڤەی فەرمووودەی ژمارە (٥٣٠٥).

[١١٨] بڕوانە: فتح الباری, ج٩, ص ٥٠٨.

[١١٩] تفسیر القرطبی, ج١٩, ص١٣.

ئەبو تالب لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە, (قورتوبی) دەڵێ: "وفي أخره قيل للزهري: أكان يرمي في الجاهلية؟ قال: نعم"[١٢٠].

لە کۆتایی گێڕانەوەکەدا بە (زوهری) وترا: ئایا پێش پێغەمبەرایەتی (لەنەفامیدا) جنۆکە نەیزەکییان تێدەگیرا؟ وتی: بەڵێ.

٢ – کەواتە, باسەکە باسی "نەیزەک" هاویشتنە بۆ ئەو جنۆکانەی گوێ هەڵدەخەن, نەك زیناکاران.

٣ –قسەکە لە وتەیەکی (قورتوبی) کە دەڵێ: "وهذا يدل على أن الرجم كان قبل المبعث"و وتەیەکی (زوهری) کە لێی دەپرسن: " أكان يرمي ..."پێکدێت, بەڵام مەریوان هەردووکی لێکداوەو کردوویەتی بە قسەی (ابن عباس)!.

٤ – (ابن عباس) فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە, کە لە خزمەتی پێغەمبەر بیستوویەتی[١٢١].

٩٤– لە لاپەڕە (٢١١)دا, دەقێك لە تەفسیری (قورتوبی)دا ڕاگوێز دەکات, کە باس لەوەیە (عەلی بن أبی طالب) ڕەجمو شەلاقە لێدانی, هەردووکی لە بەرامبەر (شراحة الهمداني)دا جێبەجێ کردووە, پێش ئەم دەقە دەڵێت: "زۆر جاریش زیادەی خستۆتە سەرو جەڵدو ڕەجمی پێکەوە بۆ یەك کەس پیادە کردووە" ئینجا دەقەکە دەهێنێت.

دەڵێین:

مەریوان, هەرکات لە دوور, یان نزیك, بزانێت شتێك هەیە تۆزێ بە لای مەبەستەکانیدا دەچێت, دێ بەڵگەسازیی پێدەکات, وەك ئەو بەسەر هاتەی (عەلی) کە لە یەککاتدا ڕەجم و جەڵدی بۆ کەسێك بەکار هێناوە, بەڵام بێئاگایە, چاکتر بڵێین خۆگێل کردن هەستی پێدەکرێت لەوەدا, کە جەماوەری زانایان لەسەرین, پێچەوانەی ئەم کارەی (علی)یە.

(إبن كثير) دەڵێت: "پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە ڕەجم کردنی ئەو ژنەی, کە لەگەڵ کوڕە کرێکارەکەدا زینای کردبوو، وە (ماعز)و(غامدية)ی ڕەجم کرد، لە هیچ یەکێ لەمانەدا ئەوە ڕاگوێز نەکراوە, کە پێغەمبەر ﷺ لە پێش ڕەجم کردنەکەدا جەڵدی لێدابن، بەڵکو بە پێچەوانەوە فەرموودەگەلێکی ساغ ودروست بە چەندین ڕێگەو لەفز هاتون, کە لە ناو خۆیاندا پشتگیریی و بەهێزی یەکتر دەکەن, کە تەنها ڕەجم لەسەریانەو باسی جەڵد نەهاتووە تیایاندا، لەبەر ئەمەشە, کە جەماوەری زانایان و ئەبو حەنیفەو مالیك و شافیعی لەسەر ئەم بۆچوونەن" [١٢٢].

ئەم بۆچوونەش گێڕدراوەتەوە لە (عمر)ە وە, هەروەها وتەی (زوهری, نەخەعی, ثە وری, ئەوزاعی, ئەحمەدو ابو ثور)ە[١٢٣].

٩٥– لەسەر ئەو باسەی پێشووتر, لە پەراوێزەکەدا, مەریوان ئەوەندە نەزانیی خۆی دەرخستووە بێ ئەندازە، پاش ئەوەی وەك سەرچاوە ئاماژە بە (تفسير القرطبي) دەدا, ئەمەی نوسیوە: "بهذا القول الحسن البصري والحسن بن صالح بن حي وإسحاق وقال جماعة من العلماء".

دەڵێین:

ئەمە بەو جۆرە نییە، بەڵکو (قورتوبی) کاتێ بەسەر هاتەکەی (علی) باس دەکات, دەڵێ: "وقال بهذا القول الحسن البصري والحسن بن صالح بن حي وإسحاق". ئیتر لێرەدا خاوەنانی ئەم بۆچوونە تەواو دەبن.

دواتر (قورتوبی) دێت باس لە بۆچوونی ئەو کەسانە دەکات, کە پێیان وایە تەنها ڕەجم دەبێ بکرێ, دەنوسێ: "وقال جماعة من العلماء: بل على الثيب الرجم بلا جلد"[١٢٤].

واتە: دەستەیەك لە زانایان دەڵێین: بەڵکو لە سەر خاوەن هاوسەر (ژن بێت, یان پیاو), تەنها ڕەجمی لە سەرە بە بێ جەڵد.

---

[١٢٠] تفسير القرطبي, ج١٩, ص١٣.

[١٢١] بۆ ئاشنا بوونی زیاتر بڕوانە: تفسير القرطبي, ج١٩, ص١٢–١٣, ئایەتی ٩ الجن.

[١٢٢] إبن كثير, ج٣ تفسير اية ٢ النور.

[١٢٣] تفسير القرطبي, ج٥, ص٨٧.

[١٢٤] تفسير القرطبي, ج٥, ص ٨٧.

جا بەڕێزان، خۆ دەزانن مەریوان، نەک شێواندن، بەڵکو گاڵتەش بەکاری خەڵکی دەکات و پێی وایە خەڵکی ئێستاش لە سەردەمی "هذا بدرهم و هذا بقرش" دا دەژی.

٩٦- لەلاپەڕە(٢١٣)دا، دەقێك لە تەفسیری (قورتوبی)دا، هێناوەو واتای کوردی کردووە، دەڵێ: "ڕەجم، کوشتن و بەردباران کردن‌و نەفرەت لێکردن‌و دەربەدەر کردن‌و جنێودان دەگرێتەوە، لە بەرئەوەی خوا بە نوحی وتووە: ئەگەر کۆتایی پێنەهێنی ئەوا لە ڕەجم کراوەکان دەبیت".

دەڵێین: دەقەکە ئاوەهایە "والرجم: القتل و اللعن و الطرد والشتم، وقد قيل هذا كله". في قوله تعالى: ﴿ لئن لم تنته يا نوح لتكونن من المرجومين﴾. واتە وشەی "الرجم" کوشتن، نەفرەت، دەرکردن‌و جنێودانە، هەموو ئەم واتایانەش لەسەر ئەو فەرموودەی خوا وتراوە، کە باسی گەلەکەی (نوح) دەکات، کە بە (نوح) دەڵێن: ئەی نوح ئەگەر تۆ دەست هەڵنەگریت.

کەواتە:

١- "بەردباران " تێچەنی مەریوان خۆیەتی.

٢- "لەبەرئەوەی خوا بە(نوح)ی وتووە..". نەزانیی و نەفامیی و چەواشەکارییە، چونکە سادەترین کەسێك، کاتێ سورەتی (الشعراء) دەخوێنێتەوە، دەگاتە ئەو ئایەتە دەزانێ، کە ئەوە گەلەکەیەتی وای پێدەڵێن: ﴿ قالوا لئن لم تنته يا نوح لتكونن من المرجومين ﴾ الشعراء/١١٦، خوای گەورە قسەی ئەو هۆزە باس دەکات، نەك وا بە (نوح)بڵێ، بەڵکو بە (نوح) دەوترێت ﴿ يا نوح اهبط بسلام منا و بركات عليك وعلى أمم ممن معك﴾هود /٤٧. ئەی (نوح) لە سەر کێوی (جودی) دابەزە، لە ئێمەوە سڵاوت لە سەرو لە هەموو ئەو نەتەوانەشی لەگەڵ تۆ دان.

٩٧- لە لاپەڕە(٢١٣)دا، ئەم دەقە دەنوسێ: "الأمة منهن اذا زنت نصف ما على الحرة أذا زنت". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە تەفسیری (القرطبي) دەکات لە سورەتی (النساء) ئایەتی ٢٥.

دەڵێین:

١- خۆ ئەگەر ئێمەیش وەك (قورتوبی) بمرین، سوپاس بۆ خوا بە هەزاران نوسخە لە تەفسیرەکەی لە جیهاندا هەیەو دەمێنێ، ئەوەی دەیەوێ با بچێت سەیری تەفسیری (القرطبي) بکات، لەو جێگەیەی مەریوان ئاماژەی بۆ کردووە، بزانێ دەقی وا دەبینێ؟ بێگومان نەخێر.

٢- "الامة منهن...". داڕشتنی وا سەقەت و ناڕێك، تەنها لە قاموسی مەریوان دەوەشێتەوە، کە تەنانەت نازانێ چۆن وشە ڕێك بخات، مەریوان وەك لە سەرچاوە ڕێك کردنەکەیدا بۆی نەچۆتە سەر، دەبوایە هیچ نەبێت دەقەکەی بەڕێکی و بە پێی بنەمای زمانی عەرەبی بنوسیایە، واتە بەم جۆرە: "ألامة أذا زنت فعليها نصف ما على الحرة البكر أذا زنت".

بەسەرهاتێك:

(ئەصمەعی) دەڵێ: "ڕۆژێك بە پیاوێکم وت: ئەوە تۆ لە کوێ بوویت؟ دەڵێ: لەگەڵ جەنازەی کوڕی فلان کەسدا بووم، منیش وتم: کام کوڕەیانی بوو؟ وتی دوو کوڕی هەبوو ناوەنجییەکەیانی مردووە"[١٢٥].

٩٨- لە لاپەڕە (٢١٤)دا، ئایەتی (٢٥)ی سورەتی (النساء) دێنێ و واتای دەکات، بەم جۆرە: "گەر لەنێو ئێوە دا هەبوو نەیتوانی موحصەنی ئیماندار بهێنێ بیکاتە هاوسەری خۆی، ئەوە با لە کەنیزەکە ئیماندارەکان بهێنێ و بە مۆڵەتی کەسوکاری مارەیان بکات و کرێکەیان بە باشی و چاکی بداتێ".

دەڵێین:

ئەمە بە قسەی مەریوان ڕاڤەی "ومن لم يستطع منكم طولاً أن ينكح المحصنات المؤمنات فمن ما ملكت أيمانكم من فتياتكم المؤمنات والله أعلم بايمانكم بعضكم من بعض فانكحوهن بأذن أهلهن وأتوهن أجورهن بالمعروف...".

واتە: ئەگەر کەسێك توانای دارایی نەبوو، کە لە ئافرەتە ئازادە داوێن پاکەکان بهێنێ، ئەوا با لەوانە بهێنێ، کە کەنیزەکتانن، لەو ئافرەتانەی باوەڕیان هێناوە، وە خوای گەورە زۆر زانایە بەڕاستی و نهێنی هەموو کارەکان، ئێوە

---

[١٢٥] أخبار الحمقى و المغفلين، ص٢٠٢ ابن الجوزي.

هەمووتان نەوەی (ئادەم)ن و لە یەك نەفس، مارەیان بكەن و بیانخوازن بە ڕەزامەندی و مۆڵەتی خاوەنەكانیان، وە مارەییەكانییان بدەنێ بە باشی، واتە بە دڵێكی پاكەوە بە بێكەم وكورتی[١٢٦].

بەڕێزان:

١- مەریوان "والله أعلم بإيمانكم بعضكم من بعض"ی واتا نەكردووە، یان نەیزانیوە، یان وەك كارو پیشەی هەمیشەیی شێواندنی دەقەكانی بە مەبەست بووە، هەردوو گریمانەكە هەڵدەگرێت.

٢- " كەسوكار" و "كرێكەیان". وەك مەریوان نوسیویەتی بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ڕاڤەی ئایەتەكەو وتەی زانایان یەكناگرێتەوەو هیچ ڕاڤەكارێكی ڕەسەنی قورئان بەو جۆرەی مەریوان ڕاڤەیان نەكردووە.

٩٩- هەر لە سەر ئەو ئایەتە، بەڵام لە بەشێكی تری ئایەتەكە، واتە لێرەوە ﴿محصنات غير مسافحات ولا متخذات أخدان...﴾.دەڵێ: "بەڵام دەبێ ئەو كەنیزەكانە بۆ لەوە دوا داوێن پاك بن و بە نهێنی دۆست نەگرن".

دەڵێین:

لە ڕاڤەكاندا بەم جۆرە ڕاڤە كراوە: "ئەو كەنیزەكانە دەبێت حاڵیان وەها بێت كە داوێن پیس و دۆستگر نەبن بە نهێنی"[١٢٧].

واتە: "محصنات غير مسافحات ولا متخذات أخدان" (حال) ە، بۆ جوملەی ڕابردوو لە "فمن ما ملكت أيمانكم من فتياتكم المؤمنات"[١٢٨].

كەواتە: "بەڵام دەبێ...." ڕاڤەیەكی سەقەتە، بەڵكو دەبێ ئەو كەنیزەكانە "حاڵیان وابێ" دەنا نابێ مارە بكرێن.

من وادەزانم هێشتا دەبێ ئەوانەی قسە لە بارەی قورئان وفەرموودەو دەقە عەرەبییە ڕەسەنەكان دەكەن، پێویستە بەبنەمای زمانەوانیی عەرەبییان خوێندبێ، یان دەبێ بیخوێنن، دەنا زۆر ستەم دەكرێ لە خودی ئەو دەقانە.

١٠٠- لە لاپەڕە (٢١٥)، لە پەراوێزی ژمارە (٤٣)دا، نوسیویەتی: "موحەمەد بە خاوەندارەكانی وتووە بەزۆر زینا بە كەنیزەكەكانیان نەكەن، هەر كەنیزەكێ بە زۆر زینای پێ بكرێ، خوا لە گوناهی ئەو كەنیزەكە خۆش دەبێ". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (صحيح البخاري، باب: كسب البغى) دەكات.

دەڵێین:

١- ئەوە سەراپا چەواشەكارییە، موحەمەد شتی وای نەفەرمووە، بەڵكو خوای پەروەردگار لە سورەتی(النور) ئایەتی (٣٤)دا، دەفەرموێ: ﴿وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّناً لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهْهُنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾.

٢- ئەو جێگەیەی لە (بوخاری)دا ئاماژەی پێداوە دوو فەرموودەی تێدایە، یەكەمیان باس لەوە دەكات كە پێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە لە پارەی سەگ ومارەیی داوێن پیس و ئەو دیاری و دەسەنەیەشی دەدرێ بە فاڵچی و دەستگرەوە، لە دووەمیشدا باس لەوە دەكات، كە پێغەمبەر ﷺ نەهی كردووە لە پارەیەك كە كەنیزەكێك بە داوێن پیسی پەیدای دەكات[١٢٩].

١٠١- لە لاپەڕە (٢١٥)دا، وتەیەكی(علی بن أبی طالب) دێنێ، پاشتر دەقە عەرەبییەكە دەنوسێت و لە لاپەڕە (٢١٦)دا، بە ژمارە (٤٥) لە پەراوێزەكەدا دەنوسێ: (صحيح البخاري، باب: تأخير الحد عن النفساء).

دەڵێین:

---

[١٢٦] بڕوانە: تفسير القرطبي، أبن كثير، مختصر تفسير الطبري.

[١٢٧] بڕوانە: هەموو ڕاڤە متمانە پێكراوەكانی ئیسلام.

[١٢٨] بڕوانە: تفسير الجلالين، سورەتی (نساء) ئایەتی ٢٥.

[١٢٩] صحيح البخاري، رقم(٢٢٨٢ و٢٢٨٣)

باوەڕ بکەن بەڕێزان ئەمە بوختان نییە، بەڵکو ڕاستییە, گەرنا خۆتان بگەڕێن, بزانن ناونیشانی وەها لە(صحيح البخاري)دا دەبینن!، بەلاٌم دڵنیاتان دەکەمەوە تیایدا نییەو خۆشتان ماندوو مەکەن.

١٠٢- لە لاپەڕە (٢١٨)دا ئایەتی (٤)ی سورەتی (النور)دێنێ لە پاش ئەوە، کە باس لە چوار شاهیدی پیاو دەکات لە بارەی بینینی زیناوە دەنوسێ: "ئەگەر پیاو نەبوو دەبێ هەشت ژنی ئازاد، ئەگەر نەبوو دەبێ شانزە کەنیزەك لەگەڵ خۆی ببات بۆ لای قازی تا شاهیدی بۆ بدەن".

دەڵێین:

ئەم فەتوایە یەکەمجارە دەبیسترێ، کە بۆ شاهیدی زینا ئەگەر چوار پیاو نەبوو دەبێ "هەشت ژن..."چونکە:

١-یەکدەنگیی نەتەوەی ئیسلام لە سەر ئەوەیە, کە شاهیدی زینا دەبێت چوار نێرینەی مسوڵمانی دادپەروەربن[١٣٠].

٢- وە یەکدەنگن لە سەر ئەوەی، کە شاهیدی ئافرەت لە(حدود) و (قصاص)دا, وەرناگیرێ, بەلاٌم بەتەنها شاهیدییان وەردەگیرێ لە سەر شتێ، کە پیاوان ئاگادارنین لێی، وەك (منداڵ بوون، شیردان)و ئەو شتانەش کە بەزۆری لای پیاوان شاراوەیە[١٣١].

١٠٣- لە لاپەڕە (٢١٩)دا لە سەر ئایەتی (٤)ی سورەتی (النور)، کە باس لەوە دەکات, ئەگەر کەسێك چوار شاهیدی نەبوو, ئەوا جەڵدی لێ بدەن و شایەتی قبوڵ مەکەن, ئەوانە فاسقن, دەڵێ: "جا ئەگەر شکایەتی کردو شاهیدی نەبوو, ئەوا هەشتا جەڵدی لێ بدەن، هەتا لە ژیانیشدا ماوە شایەتی لێوەرناگیرێ, دواتر وەك فاسق تەماشا دەکرێت".

دەڵێین:

هەر چەندە مەریوان بیەوێ چاو بەست لە خوێنەر بکات, بۆی ناچێتە سەر, چونکە شتەکان خۆیان زیندوون و هاوار دەکەن, هەر چەندە هەوڵ بدرێ لە خەڵکی بشاردرێتەوە هەر ئاشکرا دەبێ, مەریوان ئەوەی وتوویەتی وەها نییە, چونکە ئایەتەکەی دوا ئەو ئایەتە, واتە ئایەتی(٥)ی (النور) کە دەفەرموێ: ﴿الا الذين تابوا من بعد ذلك و أصلحوا فان الله غفور الرحيم﴾.

واتە: "تەنها ئەوانە نەبن، کە دەگەڕێنەوە و خۆیان چاك دەکەن, ئەوان بەڕاستی خوا پۆشەری گوناهەکانیانە بە لێبوردەیی خۆیی, وە سۆزو میهرەبانە پێیان[١٣٢].

جەماوەری زانایان لە وانە (مالیك، شافعی, ئەحمەد) و گەورەی تابعییەکان (سعید بن المسیب) و کۆمەڵێ لە زانایانی پێشین (سلف) لە سەر ئەوەن, گەر بوختانچی و زیناکەر تەوبەی کردو خۆی چاك کرد, تەوبەی لێوەردەگیرێ, وە بەبێ ڕاجیایی (فسق)ەکەشی لە سەر لادەچێ بە تەوبەکە[١٣٣]. چەواشە کردن بە زیرەکانە دەکرێت, نەك بەو سادەییەی, کە مەریوان دەستی داوەتێ ...!

١٠٤- لەلاپەڕە (٢١٩)دا, لە بارەی چوار شاهید بۆ زینا دەڵێ: "هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ئایەتە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکەی (عائیشە)، کە بەڕووداوی (الافك) ناسرابوو, پەیامبەر وتبووی ئەوەی دەڵێت عائیشەم دیوە زینای کردووە، دەبێت چوار شاهیدی هەبێت".

دەڵێین:

بۆ "ئەم ئایەتە" ئەگەر ڕاستی دەکرد، تەنها یەك بۆچوونی لاوازی لە سەر ئەو قسەیەی بهێنایە, تا بوترایە مەریوان لەم قسەیەدا پێشینەیەکی لاوازی هەیە, بەلاٌم "فاقد الشیء لایعطی". دڵنیام کەسی ژیر بەمانە زیاتر مەریوانی بۆ دەردەکەوێت, کە چەندە نازانستییانە لە ماناکان دەدوێت .

---

[١٣٠] تفسير القرطبي، ج٥, ص٨٤

[١٣١] رحمة الامة, ص٥٧٣.

[١٣٢] مختصر تفسير الطبري، ج٢، ص٩٢.

[١٣٣] بڕوانە: تفسير القرطبي، ج ١٢، ص١٧٨-١٧٩ أبن كثير، ج٣، ص٢٥٠, رحمة الامة, ص٥٧٤.

١٠٥- لەلاپەڕە (٢١٩-٢٢٠)دا, باسی ئەو ڕووداوە دەکات، کە تۆمەت بۆ (مغيرة بن شعبة)ە هەڵدەبەستریٚ, دەنووسیٚ: "(ابو موسى) لەگەڵ (براء بن مالك وعمران بن حصين وابانجيد)... دەچن بۆ بەصرە, پاش چاودێرییەکی ورد, دوای ئەوەی بە شاهیدی چوار کەس (مغيرة) دەبینن لەماڵێکدا زینا دەکات, لەگەڵ شاهیدەکاندا دەینێرن بۆ لای عومەر...., یەکەم شاهید (نافع بن حارث) دەبێت دەڵیٚ: (مغيرة)م بینی بە سەر سکی ژنەکەوە...، هەروەها دەنووسیٚ: "دووهەم وسێهەم شاهید (شبيل بن معبد)و (ابوبكر) بەهەمان شێوەی (نافع) شایەتی ئەوەیاندا، کە (مغيرة) لەگەڵ (ام جميل)دا زینای کردووە..., بۆ شاهیدی چوارەم (زياد بن ابيه) پێش ئەوەی شاهیدی بدات، عومەر، پێی دەڵیٚ: ئەی زیاد، تۆ درۆ ناکەیت, ئەوەی لە تۆی ڕادەبینم ئەوەیە، بە هۆی تۆوە هاوەڵێکی پەیامبەر ڕەجم نەکرێت, زیاد کە بۆی دەردەکەوێت, عومەر (مغيرة)ی خۆش دەوێت, دەڵیٚ: دیمەنێکی زۆر ناشرینم بینی, گوێم لە ئاخ و ئۆف و هەناسە بڕکیٚ بوو, سمتێکم بینی بەرز دەبووەو نزم دەبۆوە, دوولنگیش، وەك گوێچکەی کەر بەرز ببونەوە, ئیتر من هیچم نەدی، عومەریش ئەم قسەیە بە شاهیدی وەرناگرێت و موغەیرە ڕەوانەی بەصرە دەکاتەوە, سیٚ شاهیدەکەی تریش ڕەوانەی (٨٠)داری حەد دەکات, لە کاتی لێدانە کەدا (نافع بن الحارث) لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێت". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (فتوح البلدان)[١٣٤] و (مجتمع يثرب) دەکات.

دەڵێین:

١-ئێمە دێین ئەم بەسەر هاتە لە سەرچاوە بەهێزو متمانە پێکراوە بێخەوشەکان وەردەگرین بەم جۆرە:

(مغيرة کوڕی شعبة) والی عومەر دەبێت لە شاری بەصرە (ابوبكرة) تاوانباری دەکات بەکاری زینا, (ابوبكرة)و (نافع بن حارث) و(شبيل ابن معبد) و(زياد بن عبيد) کۆدەبنەوە, دەبینن (مغيرة) خۆیداوە بە سەر ئافرەتێکدا, کە پێی دەوترا (رقطاء) کە بە (ام جميل بنت عمرو) ناسرا بوو، ئەم چوارە ڕۆیشتن بۆ لای عومەر و شکایەتییان لە موغەیرە کرد، عومەریش (مغيرة) لە پۆستەکەی لا دەبات و (ابوموسى) دەخاتە شوێنەکەی, پاشان (مغيرة) ئامادەی لای عومەر دەبێت, سیانییان شایەتی دەدەن، کە (مغيرة) زینای کردووە، بەڵام (زياد) شایەتییەکەی یەکلا ناکاتەوەو دەڵێت دیمەنێکی ناشرینم بینی، نازانم تێکەڵاوی ببوو، یان نا، پاشان عومەر فەرمان دەکات کە ئەو سیانە جەڵدیان لێبدریٚ, پاشان پێیان دەڵیٚ: هەر کامتان لە شایەتییەکە پەشیمان ببێتەوە, لە مەودوا قسەی وەردەگرم. (شبيل و نافع) خۆیان بەدرۆخستەوە، بەڵام (ابوبكرة) پاشگەز نەبووەوە[١٣٥].

٢- لە گێڕانەوەیەکی حاکمدا هاتووە، کە (زياد) وتویەتی:"هەردووکیانم لە ژێر یەك بەتانیدا بینی, گوێم لە هەناسەیەکی بەرزبوو، بەڵام نازانم چی لە پشت ئەمەوە بوو"[١٣٦].

٣- لە یەکێك لە گێڕانەوەکاندا هاتووە: "کاتێك (زياد) دێت عومەر دەڵێت, پیاوێك هات بە حەق نەبێت شایەتی نادات, زیاد دەڵیٚ: دیمەنێکی ناشرین وکەوتن بە سەر یەکمدا بینی"[١٣٧].

٤- (شنقيطى) دەڵیٚ: "ئەوەی لەم بە سەرهاتەدا بۆ ئێمە دەرکەوتوە ئەوەیە، ئەو ئافرەتەی کە بینراوە لەگەڵ (مغيرة) تێکەڵاو بووە, لەو کاتەدا کە (با) دەرگاکەی کردۆتەوە و بینراون, ئەوە خێزانی خۆی بووەو ئەوان نەیان ناسیوەتەوە, بە ئافرەتێکی تر تێگەیشتوون، کە ئەو ئافرەتە هاتوچۆی لای (مغيرة)و بەرپرسەکانی تری دەکرد, بۆیە وایان زانیوە ئەوە, بۆیە ئەوان مەبەستییان شتی خراپ نەبووە, بەڵام لە گومانەکەیاندا بە هەڵەدا چوون"[١٣٨].

ا- ئەوەی مەریوان دەڵیٚ: "أبو موسى....." بەتاڵە, چونکە ئەو چوار کەسە کە ئەو دیمەنە دەبینن دەچنە مەدینە, ئینجا (أبو موسى) لە وێوە بەڕیٚ دەکەوێت.

---

[١٣٤] شتی وا لەم بارەوە لەم کتێبەدا بوونی نییە.

[١٣٥] بڕوانە: فتح البارى ، ج٥، ص٢٨٨، باب / شهادة القاذف و السارق والزانى.

[١٣٦] هەمان سەرچاوە.

[١٣٧] المعجم الكبير للطبرانى, ج٧، ص٣١١، رقم الحديث(٧٢٢٧).

[١٣٨] مذكرة اصول الفقه على روضة الناظر, ص٢٣٠, محمد الامين الشنقيطى.

ب –(ابوبكر) نییە ، بەڵكو (ابوبكرة) یە.

ج –"ئەی زیاد تۆ درۆ ناكەیت...." و "ئاخوئۆف...". لە تێچەنە سەقەتەكانی مەریوان خۆیەتی.

د – "زیاد كە بۆی دەردەكەوێت...". بەتاڵەو بێ بنەمای زانستییە.

هـ – "لە كاتی لێدانەكەدا (نافع بن الحارث) لە سەر قسەی خۆی سوور دەبێت". وانییە, بەڵكو ئەوەی كە سوور دەبێت لەسەر قسەی خۆی (ابوبكرة)یە، برای دایكی (نافع)ە، نەك (نافع) خۆی[١٣٩].

١٠٦– لە لاپەڕە (٢١٩)دا, لە بارەی (مغیرة)وە دەڵێ: "بە هۆی مێبازی خۆیەوە چەند جارێك شكایەتی لێدەكەن".

دەڵێین:

هەموو سەرچاوەكان لە بارەی (مغیرة)وە, هەر تەنها ئەو ڕووداوە باس دەكەن, ئیتر "چەند جارێك" خۆڵكردنە چاوی خەڵكییە!.

١٠٧– لە لاپەڕە (٢٢٧)دا, ئایەتی (٣٠)ی سورەتی (النور)دێنێ و ڕاڤەی دەكات, دەنووسێ: "زیناكەری (نێر) جگە لە زیناكەری (مێ), یان ژنێكی بێباوەڕ ناتوانێ هیچ مێیەكی تر لە خۆی مارە بكات، زیناكەری مێیش جگە لە زیناكەری (نێر), یان كەسێكی بێباوەڕ ناتوانێ شوو بە هیچ كەسێك بكات".

دەڵێین:

مەریوان، بە بێ ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەكی باوەڕ پێكراو هاتووە ڕاڤەی ئایەتەكەی بەسەقەتی كردووە, چونكە بە بیری خۆی واتای كردووە, بەڵام شارەزایانی قورئان بەم جۆرە ڕاڤەی ئایەتەكە دەكەن (الزانی لاینكح الا زانیة أو مشركة والزانیة لاینكحها الا زاني او مشرك وحرم ذالك علی المؤمنین) دەكەن .

ئەمە هەواڵێكە لای پەروەردگارەوە, كە پیاوی زیناكار "زینا" لەگەڵ ئافرەتێكدا دەكات كە وەك خۆی زیناكار بێت، یان ئافرەتەكە هاوەڵ پەیدا كاربێت, واتە: لەكاری زینادا هیچ ئافرەتێك بە گوێی پیاوی زیناكار ناكات، مەگەر ئەو ئافرەتە زیناكارو سەرپێچیكار بێت، یان هاوەڵ پەیداكار بێت و ئەو كارەی بە لاوە حەرام نەبێت, بە هەمان شێوەش, ئافرەتی زیناكار تەنها لەگەڵ پیاوێكدا زینا دەكات، كە وەك خۆی زیناكارو خراپەكاربێت, یان هاوەڵ پەیداكار بێت[١٤٠].

هەروەها ئەم ئایەتە دەربارەی (مرثد بن ابی مرثد) هاتە خوارەوە، كاتێك ویستی (عناق)ی داوێن پیس بخوازێت، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو مەیخوازە[١٤١] .

(ابن عباس) لە سەر وشەی "نكاح" لە ئایەتەكەدا, دەفەرمووێت: مەبەست گرێبەستو مارەكردن نییە, بەڵكو تەنها مەبەستی لێی "جووتبوونە", كەسێ زینا لەگەڵ ئافرەتێكی زیناكار ناكات، مەگەر ئەویش وەك ئەو زیناكار بێت, یان هاوەڵ پەیداكار بێت, "لیس هذا بنكاح انما هو الجماع لا یزنی بها الا زان او مشرك".

(ابن كثیر) دەڵێت سەنەدی ئەم قسەیە (صحیح)ە[١٤٢] .

(قورطبی) دەڵێ: پەیوەندی ئەم ئایەتە بە پێش خۆیەوە كە بووترێت مەبەست لێی جووتبوونە (جماع) شتێكی جوان و بەلیغە[١٤٣].

---

[١٣٩] بڕوانە: فتح الباری, ج٥, ص٢٨٨, المحلی ج١٠, ص ٢٩٧, مسألة ١٨٠٧.

[١٤٠] تفسیر ابن كثیر مختصر تفسیر الطبری، ج٢، ص٩١.

[١٤١] بڕوانە: ابو داود (٢٥١) النسائی (٣٢٢٨) والترمذی (٣١٧٧), ارواء الغلیل (١٨٨٦).

[١٤٢] تفسیر ابن كثیر آیة ٣ النور.

[١٤٣] تفسیر القرطبی، ج١٢، ص ١٦٧.

ئەمەش، کە بوترێت مەبەست لە نکاح لە ئایەتەکەدا جووتبوونە بۆچوونی ئەم کەسانەشە، کە هەمان قسەی (ابن عباس)یان لێوە گێڕدراوەتەوە (مجاهد, عكرمة, سعيد بن جبير, عروة بن الزبير, ضحاك, مكحول, مقاتل بن حيان) و چەندین کە سی تر[١٤٤] .

هەروەها ئەمە بۆ چوونی (طبری)یشە لە تەفسیرەکەیدا [١٤٥].

کەواتە، لەسەر وتەی ئەم بەڕێزانە, ئایەتەکە مانای "هەوالّ"ی تێدایە, واتە کەسی زیناکار حالّی وەهایە, زینا تەنها لەگەلّ ئافرەتێکدا دەکات، کە هەر وەك خۆی زیناکار بێت .....

ئەگەر واتای هەوالّیش نەبێت, ئەوا دەلّێین: ئەگەر چ پیاوی زیناکار, یان ئافرەتی زیناکار تەوبەی کردو وازی لەو کارەی هێنا، ئەوا بێگومان ئەو کات دروستە مارە بکرێت, ئەمەش بۆچوونی پێشەوا (احمد)ە[١٤٦].

چونکە، وەك زانراوە هەتا کەسی (مشرك)یش, گەر تەوبە بکات، دێتەوە ڕیزی مسولّمانان, ئەمەش ئەوەندە ڕوونە، کە پێویست بە بەلّگە ناکات.

جارێك پیاو و ئافرەتێك, لە سەردەمی خەلافەتی (ابوبکر)دا, زینا دەکەن، ئەویش پاش لێدانی (جلد), لێکیان مارە دەکات, هاوشێوەی ئەمەش لە (عومەرو ابن مسعود و جابر)یشەوە گێڕدراوەتەوە [١٤٧] .

کەواتە:

لە سەر هەر شتێك, کەسێك تەوبە بکات و بگەڕێتەوە، ئەوا لە ئیسلامدا نەك پەراوێز ناخرێت، بەلّکو دەست خۆشیشی لێدەکرێت و هانیش دەدرێت, کە تێکەلّ بە کۆمەلّگەی مسولّمانان ببێتەوە .

١٠٧- لە لاپەڕە(٢٢٩)دا, دەنووسێ: "بە ئایەتێکی دیکە بۆمان دەردەکەوێ، کە کۆمەلّگای ئیسلام لە سەردەمی خودی پەیامبەردا بەتەواوی خۆیان کردۆتەوە دیاردەی سیکسبازی بەتەواوی پەرەی سەندووە، بەلاّم نەیان دەتوانی ڕوانینی چاویان بگرن و بە نهێنی کاری سێکسی خۆیان کردووە". پاشان ئایەتی (٣٠)ی سورەتی (النور) بە بەلّگە دەهێنێتەوە.

دەلّێین :

ئایەتی ﴿ قل للمؤمنين يغضو من ابصارهم ويحفظوا فروجهم ذلك اذكى لهم واطهر ان الله خبيرُ بما يصنعون ﴾ النور/٣٠.

ئەمە ڕەوشتێکە خوا فێری هەموو باوەڕدارانی دەکات, کە پێی هەستن لە هەر جێگەو سەردەم و کاتێکدابن, تایبەت نییە بە جۆرێك، یان سەردەمێك یان کاتێك, ئەم ڕێنموونییە، کە کراوە زیاتر بۆ پاکێتیی و دوورکەوتنەوەیە لە کاری خراپ, نەك بەلّگە بێت لە سەر ئەوەی, کە "کۆمەلّگەی ئیسلام، بەتایبەتی لەسەردەمی خودی پەیامبەردا بەتەواوی ....."، وەك مەریوان دەلّێ, چونکە ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێو دەبینرێ لەولاّتی خۆمان و ولاّتە بەناوپێشکەوتووەکانی ئەورووپاو خۆرئاوا, بە هەزار ئەوەندەی ئەو کارە سێکسیانەیە, کە لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) کراوەو ڕوویداوە.

پاشان سەیر کردنی نێرو مێ و پاراستنی عەورەت، چ پەیوەندی بە سەردەم وکاتەوە هەیە، تا بوترێت لەو سەردەمەدا کۆمەلّگاکە بە تەواوەتی ڕوویان لە سێکس کردووە، بۆ مەگەر کاری سێکس و خراپە ئێستا زۆرترە، یان جاران ؟؟؟

کەواتە:

---

[١٤٤] بروانە: تفسير ابن كثير, الدر المنثور، ج٥، ص١٩.

[١٤٥] تفسير القرطبي, ج١٢، ص١٦٨, مختصر تفسير الطبري، ج٢, ص٩١.

[١٤٦] ابن كثير, ئايەتی ٣ النور.

[١٤٧] تفسير القرطبي، ج١٢، ص ١٧٠.

ئایەتەکە ڕێنمونی کردنە بۆ شتێکی پاکترو چاکتر، جا کێ دەچێت بە دەمییەوە، ئەوە خۆی قازانج دەکات، کێش پشتی لێ هەڵدەکات، زیان لە خۆی و کۆمەڵگا دەدات.

١٠٨ – لەلاپەڕە (٢٣١)دا، دەنووسێ : "پەیامبەر بۆ خۆی ئاسانکاری دەکرد بۆ جیابوونەوەی ئەم توێژە لە کۆمەڵگاداو تەنانەت لە ناوزڕاندنیشیدا، یاخود لە ناوهێنانی کەسێکدا کە ئەو ناو هێنانە ببێتە مایەی کەمبەهای، یان بێڕێزی مرۆڤ .... ، پەیامبەر وتویەتی: کەس نەڵێ هەتیوەکەی من، ژێردەستەی من، بەڵکو با بڵێت: غولامی من، کەنیزەکی من". پاشان دەقەکە بە عەرەبی دەهێنێ .

دەڵێین:

ئەو دەقەی، کە مەریوان کردویەتییە بنەماو بۆچوونە سەقەتەکانی خۆی، ئاوەهایە: "لایقل احدکم اطعم ربك، وضيء ربك، وليقل: سيدي، مولاي، ولا يقل احدكم: عبدي، امتي، وليقل: فتاي وفتاتي وغلامي "[١٤٨].

واتە: کەس لە ئێوە نەڵێ: خواردن بدە بە خواکەت، ئاوی دەست نوێژ ببە بۆ خواکەت و دەستنوێژی پێبگرە، بەڵکو بابڵێ: گەورەم، سەردارم، وە کەس لە ئێوە نەڵێ: کۆیلەکەم، بەندەکەم، بەڵکو بابڵێ: کوڕەکەم، کچەکەم، منداڵەکەم.

ئەم فەرموودەیەیە:

١-ڕێنمونی تێدایە بۆ ئاغاو خاوەن کۆیلەکانی ئەو کات، هەروەها کەسانی تریش، کە لە کاتی نان ئامادەکردن و خزمەتکردندا بە ژێردەستەکان نەڵێن: "اطعمَ ربَكَ...."، چونکە ئەم وشەیە (رَب) مەبەست لێی تەواوێتی خوایەتی خوا دەگەیەنێت، چونکە تەنها خوایە کە خاوەنی هەموو شتێکە و هەموو شتیك لەژێر فەرمان و ویستی ئەودایە، نەك کەسانی تر.

٢-هەروەها ئامۆژگاری تێدایە بۆ ئەوانەی، کە ژێر دەستەیان هەیە، بە چاوی سوك و ناوی سوك سەیر نەکرێن و بانگ نەکرێن،بەڵکو مامەڵە کردن لە گەڵیاندا دەبێت، وەك مامەڵەی کوڕو کچەکانیان وەها بێت، چونکە بە کار هێنانی ئەم وشانە، وا دەکات هەستی خۆ بەزلزانی لای خاوەن ژێردەستەکان، کەم بکاتەوە[١٤٩].

٣- " هەتیوەکەی..". لەو بزرکاندنانەی مەریوانە، کە پێموایە لە سروشتیدا دەمێکە ڕەگی داکوتیوە!.

١٠٩- لەلاپەڕە (٢٣٢)دا، دەقێك لە (صحيح البخاری) دێنێ و بەم جۆرە دەنوسێ: "النبي (ﷺ) قال ثم المملوك الذي يحسن عبادة ربه ويؤدي الى سيده الذي له عليه من الحق و النصيحةو الطاعة له اجران". پاش واتا کردنی، دەنووسێت: "کەواتە ملکەچکردن لەلایەن کۆیلەوە بۆ خاوەندار وەك ئەوە وایە ملکەچی خوا بو بێت" .

دەڵێین:

١- بێڕێزی و شێواندنی دەقەکە لەلایەن مەریوانەوە، کە خۆی لەڕاستیدا دەقەکە ئاوەهایە: "عن النبي (ﷺ) قال للمملوك الذي يحسن عبادة ربه.....) تا کۆتایی فەرموودەکە [١٥٠].

کەواتە، "النبي..قالَ ثم..." . جگە لە شێواندنی دەقەکە، واتاکەشی لەنگو عەیبدار کردووە.

٢- کاتێ ئەوکۆیلەیە دەتوانێت بە فەرمانی خاوەنەکەی هەڵبستێت، کە خاوەنەکەشی چاکەکار بێت و فەرمانی خوا جێبەجێ بکات، دەنا فەرمانبەرداریی بۆ هیچ کەسێك نییە، ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خوا بکات. "لاطاعة لمخلوق في معصية الخالق".

٣ - پێغەمبەر (ﷺ) وەك فەرمان، فەرمان دەکات ئەوەی کەسێکی لەژێر دەستدا بوو، با لەو خواردنە بیداتێ، کە خۆی دەیخوات، لەو پۆشاك و جلانە لە بەر بکات، کە خۆی دەیپۆشێ و لەبەریدەکات، نەیان خەنە ژێرکارێکەوە، کە لە

[١٤٨] رواه البخاری (٢٥٥٢) ومسلم(٢٢٤٩) و ابوداود(٤٩٧٥).

[١٤٩] بڕوانە: زاد المعاد، ج٢، ص ٣٥٢، فتح الباری، ج٥، ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە(٢٥٥٢).

[١٥٠] صحيح البخاری، رقم(٢٥٥) كتاب العنق/ باب: كراهية التطاول على الرقيق ....

توانایانـــدا نییـــە, وە ئەگـــەر کـــاری واتـــان پێســـپاردن, یارمـــەتییان بـــدەن و کۆمـــەکییان بکـــەن [١٥١].

١١٠-لە لاپەڕە (٢٣٢-٢٣٣)دا, یەکێکی تر لەزەقترین چەواشەکاریی ودەستکارییەکانی بۆ دەق, چەند بارە دەکاتەوەو دەنووسێ: "پیاوێکی دەوڵەمەند بەلای پە یامبەردا تێپەڕیوپرسیاری ئەو پیاوەی لە صەحابییەکان کرد, ئەوانیش وتیان: پیاوێکە گەر داوای ژن بکات دەیدەنێ شەفاعەت بکات، لێی قبوڵ دەکرێ و قسە بکات گوێی لێدەگیرێ, پاش کەمێك پیاوێکی هەژار تێپەڕ بوو, پەیامبەر هەمان پرسیاری کرد, ئەوانیش وتیان: پیاوێکە گەر داوای ژن بکات نایدەنێ و گەر شەفاعەت و دوعا بکات لێی وەرناگیرێ, ئەگەر قسەبکات گوێی لێناگیرێ". پاشان تائێرە دەقە عەرەبییەکە لە پەراوێزەکەدا دەنوسێ.

دەڵێین:

مەریوان، لەو دەقەدا گەورەترین ستەمی مێژوویی کردووە، سەرەڕای ئەوەی داب و ڕەوشتی نووسەریی لە خۆیدا سڕیوەتەوە, چونکە ئەودەقە کۆتاییەکی هەیە, کە مەبەستی هەمووەدەقەکە ڕوون دەکاتەوە, بەڵام ئەو هاتووە بە ئەنقەست ئەو بەشەی لێی قرتاندووە. ئەمەش دەقەکەیە بە عەرەبی: "مر رجل علی رسول الله(ﷺ) فقال: ما تقولون في هذا؟ قالوا: حري ان خطب ان ینكح وأن شفعُ ان یُشفَعَ وان قال ان یُستَمعَ, قال: ثم سكت, فمر رجل من فقراء المسلمین فقال: ما تقولون في هذا؟ قالوا: حري ان خطب ان لاینكح، وان شفع أن لایُشفع, وان قال ان لایَستمع, قال رسول (ﷺ) هذا خیر من ملء الارض مثل هذا"[١٥٢].

واتە: "پیاوێك بەلای پێغەمبەردا (ﷺ) تێپەڕی, بەیارانی فەرموو: ئێوە لە بارەی ئەم پیاوەوە چی دەڵێن؟ وتیان: زۆر شیاو و گونجاوە، ئەگەر چووە داوای ئافرت و خوازبێنی بکات, لێی مارە دەکرێ, ئەگەر تکا بکات, تکای وەردەگیرێ, وەئەگەر قسە بکات, گوێی بۆ دەگیرێ, پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو, پاشان کابرایەك لە مسوڵمانە هەژارەکان تێپەڕی, فەرمووی: ئەی دەربارەی ئەمە چی دەڵێن؟ وتیان: جێی خۆیەتی, ئەگەر چووە خوازبێنی, لێی مارە نەکرێ و گەر تکای کرد, تکای وەرنەگیرێو گەر قسەش بکات, گوێی بۆ نەگیرێ, پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەم کابرا هەژارە بە ئەندازەی پڕاوپڕی زەوی لەو کابرا دەوڵەمەندە باشترو چاکترە".

کەواتە:

١- "هذا خیر من ملء الارض مثل هذا". مەبەستی فەرموودەکەیە, بەڵام مەریوان نەیهێناوە, چونکە دەستەکەی کەشف دەبوو, هەروەك چۆن کەشفمان کرد!.

٢-وشەی "دوعا" لە ڕاڤەکەی مەریوان تێنەگەیشتنی خۆیەتی, چونکە:

أ- فەرموودەکە ئەو وشەیەی تێدانییە.

ب- باسەکە باسی دنیایە، نەك باسی "پاڕانەوە" و دواڕۆژ.

١١١- لەلاپەڕە (٢٣٣)دا, دەنوسێ: "عن ابي هریرة (رضی‌الله عنه) و زید بن خالد عن النبي (ﷺ) قال ثم اذا زنت الامة فاجلدوها ثم اذا زنت فاجلدوها في الثالثة او الرابعة بیعوها ولو بضفیر..". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (صحیح البخاری) دەکات.

دەڵێین:

ئەوەی لە (صحیح البخاری)دایە, بەم جۆرەیە: "حدثنا مالك بن اسماعیل حدثنا سفیان عن الزهري حدثني عبیدالله سمعتَ أبا هریرة(رضی الله عنه) و زید بن خالد عن النبي (ص) قال: (اذا زنت الامة فاجلدوها ثم اذا زنت فاجلدوها ثم اذا زنت فاجلدوها في الثالثة او الرابعة فبیعوها ولوبضفیر)"[١٥٣].

کەواتە:

---

[١٥١] صحیح البخاری، (٢٥٤٥) باب قول النبی (ﷺ) العبید اخوانكم فأطعموهم...

[١٥٢] رواه البخاری (٥٠٩١)و (٦٤٤٧).

[١٥٣] روه البخاری، (٢٥٥٥و٢٥٥٦).

١-"عن ابي هريرة...". جیاوازی زۆر زۆرە لەگەڵ "سمعتُ" وەك لە زاراوەی فەرموودەناسیدا زانراوە, چونکە "سمعت" بەهێزترە لە"عن" لەڕووی گەیاندنەوە, هەرچەندە باوەڕ ناکەم مەریوان سەر لەم جۆرە بابەتانە دەربکات!.

٢- "قال ثم اذا زنت". وشەی "ثم" تێچەن و زیادەی مەریوانە و واتاکەی تێکدەدات.

٣- "بيعوها"نییە، بەڵکو "فبيعوها"یە، چونکە گەر پیتی(فاء) لە سەر وشەکە نەبێت، کە بۆ (تعقيب)ە، ماناکە لەنگ دەردەچێ.

112- لە لاپەڕە (٢٤٣)دا, فەرموودەیەك دەهێنێ و بەم جۆرە دەیكات بە كوردی: "ژن وەك پەراسوو وایە, ئەگەر ویستت ڕاستی بكەیتەوە, دەشكێ هەر بە خواری بیهێڵەرەوە، چونكە بەخواری لەزەتی لێدەبینی".

دەڵێین:

ئەمە دەقەکەیە: "المرأة كالضلع ان اقمتها كسرتها وان استمتعت بها استمتعت بها وفيها عوج".

ئافرەت، وەك پەراسوو وەهایە، گەر ویستت ڕێكی بكەیتەوە، ئەوا دەیشكێنی, ئەگەر ژیانیشی لەگەڵ بەریتە سەر دەبێت لەگەڵیا ژیان بەریتە سەر بەو ناڕێكییە.

١-زانایان لەسەر ئەم دەقە زۆر دەمێكە قسەیان كردووەو فەرموویانە: "مەبەست لەوەیە، كە ئافرەت، وەك سروشتی خۆی بەگشتی زمانییان باش ناگەڕێ، جا ئەگەر مێردەكەی بیەوێت ڕێكی بكاتەوە, ئەوا ناتوانێت، چونكە وەك پەراسوو، ئەگەر كەسێك بیەوێت ڕێكی بكاتەوە, دەشكێ، ئەو ئافرەتەش گەر زۆر لەگەڵی بدوێی، كار دەگاتە تەڵاقدان وجیا بوونەوە, بۆیە دەبێت پیاوان لێبوردەیی زیاتریان هەبێت لەگەڵیانداو لەگەڵ ئەو سروشتەیاندا هەڵبكەن"[١٥٤].

٢-هەتا پێشەوا (بوخاری) ئەم فەرموودەیەی لەژێر باسێكدا هێناوە, بەناونیشانی "هەڵكردن لەگەڵ ئافرەتدا (المداراة مع النساء)".

٣-وشەی "استمتاع". گشتی ترە, لێرەدا هەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە، نەك تەنها "لەزەتی سێكسیی"، وەك لە چاوی مەریوانەوە دەردەكەوێ.

١١٣- گەر یەك جار, ئەم بەدواداچوونەی ئێمە كردوومانە لە سەر ئەم نووسینەی مەریوان, بخوێنیتەوە, دەگەیتە ئەو باوەڕەی، كە جارێكی تر هەر نوسراوێك ناوی "مەریوان هەڵەبجەیی" لە سەر بوو، بێ سێ و دوو, دەڵێی لەسەدا سەد ئەمە چاوبەست و بوختانە!.

- لەلاپەڕە (٢٣٦)دا, ئەم دەقەی نووسیوە: "عن ابن عباس قال طلاق الامة خمس بيعها طلاقها وعتقها طلاقها وهبتها طلاقها وبراءتها طلاقها وطلاق زوجها طلاقها". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (صحيح البخاری, كتاب النكاح) دەكات.

دەڵێین:

ئێستاو تاڕۆژی دوایش، ئەوە (صحيح البخاری) نەك هەر (كتاب النكاح), بەڵكو تەنانەت هەر هەموو(بوخاری)یش, با بزانێ شتی وای تێدا نییەو تێشیدا نابێت, ئەوەشی دەیەوێت ناڕاستی مەریوانی بۆ بسەلمێ, با تەماشای (صحيح البخاری) بكات، با بزانین تاماوە چاوی بەو دەقە دەكەوێت، كە مەریوان هێناویەتی؟!.

بەپێچەوانەوە لە (صحيح البخاری)دا, سەر باسێك هەیە بەناوی "لايكون بيع الامة طلاقاً" واتە: فرۆشتنی كەنیزەك تەڵاقدان ناگەیەنێت!.

١١٤- لە لاپەڕە (٢٣٧)دا, زیاتر نەفامیی خۆی دەردەخات و چاوبەست لە خوێنەر دەكات، دەنوسێ: "خاوەندار دەیتوانی لەگەڵ كەنیزەكە كچۆڵەكانیشیدا ڕابوێرێ و ئەجریشیان نەداتێ، چونكە ئەجری كۆیلە بە هەموو شێوەیەكییەوە تەنها جل و بەرگی كۆنەوخواردنی ئاردوخورماو مەسكەنیەتی كە بۆ گەوریش نەدەشیا". پاشان لە

[١٥٤] بڕوانە: فتح الباری، ج٩, ڕاڤەی فەرموودە(٥١٨٦،٥١٨٥،٥١٨٤).

پەراوێزەدا دەنوسێ: "صحيح مسلم، باب: سنان المملوك مما يأكل والباسه ولا يكلفه ما يغلبه, عن ابي هريرة عن رسول الله (ﷺ) انه قال ثم للمملوك طعامه وكسوته ولايكلف من العمل الا مايطيق".

دەڵێین:

ئەوەی چاڵ بۆ کەسێك هەڵبکەنێ، خۆی بەملدا تێی دەکەوێت!. لێرەشدا مەریوان چاك قاچی خزیوە!:

١-"خاوەندار... , چونکە ئەجری کۆیلە ئاردو...". ئەی خوێنەران، لەگەڵ دەقەکەدا بەراووردی بکەن, بزانن قسەکەی مەریوان چی دەردەچێت؟ پێتان وانییە "سەقەتی" و "شێواندن و نەزانیی" تێدا دەخوێندرێتەوە.

٢-"سنان المملوك" لە مەریوان دەپرسم وشەی "سنان"چی دەگەیەنێت لێرەدا؟, بێگومان تا ئەو ماوە، واتاکەی نازانێ!, دەزانن بۆ؟ چونکە مەریوان، وەك "دارکۆکەرەوەی بەشەو"ی لێهاتووە, هەرچی پێش چاوکەوتووە, پڕی پێدا کردووە, بەبێ ئەوەی بزانێ دارە یان نا!.

پێشەوا (نەوەوی) لە نوسینی ئەم سەر باسەدا, ئەم ناونیشانە ڕاست دەکاتەوەو بەم جۆرە دەینوسێ: "باب: اطعام المملوك مما يأكل والباسه مما يلبس ولا يكلفه مايغلبه" [155].

٣ – فەرموودەکە ئاوەهایە "للمملوك طعامه وكسوته ولايكلف من العمل الا مايطيق"[156].

واتە: بەئندە خواردن و پۆشاکی خۆی هەیە, وەلە کاروکردەوەشدا ئەوەندە داوای لێبکرێت کە لە توانایدایە.

٤ – لەوسەرباسەی (مەریوان) هێناوییەتی, چەندین فەرموودەی تێدایە، کە هەوڵەکانی مەریوان بە (با) دەدا, چونکە نەك سوکایەتی بە کۆیلە, بەڵکو فەرمانیش کراوە، خاوەن کۆیلەکان چی دەخۆن و چی دەپۆشن، ئەوانیش (کۆیلەکان) دەبێت هەر وابن.

پێغەمبەر (ﷺ) بە (أبو ذر)ی فەرموو: "ئەوانەی وان لەژێردەستتان براو کەسی خۆتانن, خوای گەورە ئەوانی خستۆتە ژێر دەستی ئێوەوە, کەواتە لەو خواردنانەیان بدەنێ، کە خۆتان دەیخۆن, ئەو پۆشاکەیان لەبەر بکەن، کە خۆتان دەیپۆشن, کارێکیشیان لێداوا مەکەن, کە لە توانایاندا نەبێت, ئەگەر داوای کارێکی واشتان لێکردن, یارمەتییان بدەن ", (هم اخوانكم جعلهم الله تحت ايديكم فاطعموهم مما تاكلون, والبسوهم مما تلبسون, ولا تكلفوهم مايغلبهم, فان كلفتموهم فأعِيُنوهم)[157].

کەواتە:

هەموو فێڵەکانی مەریوان ئەم جارەش هەڵوەشایەوە!.

١١٥ – لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە, مەریوان وا خۆی گێل دەکات، کە بایەخی منداڵێکی دە ساڵانەی ئەم وڵاتەش بۆ خۆی نا هێڵێتەوە, لە لاپەڕە (٢٣٧)دا, لەبارەی (عبدالله بن ئوبەی بن سلول)ەوە, دەڵێ: "عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کە صەحابە دەبێت.... ".

دەڵێین:

هەموولایەك دەزانن، کە (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) سەرکردەی دووڕووەکان بووە، ئیدی چۆن لە هاوەڵان و موسوڵمانان دەژمێردرێت؟!, چونکە پێناسەی "صحابة" بەو کەسە دەوترێت, کە هاوەڵێتی پێغەمبەری (ﷺ) کردبێت لە مسوڵمانان, ئەمە پیناسەی (بوخاری)یە, هەروەها قسەی (احمد)و جەماوەری فەرموودەناسەکانە.

مەرجی " لە موسوڵمانان" دەبێ لە پێناسەکەدا هەبێ، تا ئەوەی موسوڵمان نییە, بچێتە دەرەوە.

(ابن حجر)دەڵێ: پێویستە ئەم زیادەیەشی هەبێت. "وە لە سەر موسوڵمانییەتی مردبێت" [158].

[155] بڕوانە: شرح مسلم للنووی, کتاب الایمان/ باب اطعام المملوك... .

[156] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[157] هەمان سەرچاوەی پێشوو, ژمارە(٤٢٨٩, ٤٢٩١, ٤٢٩٠).

[158] بڕوانە: فتح الباری، ج٧, باب: فضائل اصحاب محمد (ﷺ).. .

١١٦- لە لاپەڕە (٢٣٨)دا, ڕاڤەی ئایەتی (٣٣)ی سورەتی (النور) دەکات, پاشان دەنووسێ: "کەواتە کوڕەکەی ئوبەی ئەم کارەی بەپێی شەرع کردووە، چونکە زۆری لێنە کردون و ڕەزامەنی خۆیانی تێدا بووە". لە دواتر دەنوسێ: "دەتوانین بڵێین کە لەشفرۆشی کەنیزەك حەرام نەکراوە, چونکە لە دەقی ئایەتەکدا هاتووە کە (ئەگەر...)".

دەڵێین:

ئایەتەکە دەفەرمووێت "ولاتكرهوا فتياتكم على البغاء ان اردن تحصناً لتبتغوا عرض الحياة الدنيا ومن يكرهن فان الله من بعد اكراهن غفور رحيم" النور, ئایەتی/ ٣٣.

واتە: ئێوە زۆر لە کەنیزەکەکانتان مەکەن لە سەر کاری داوێن پیسی, گەر مەبەستیان داوێن پاکی بوو, تا شتێکی دنیایتان دەست بکەوێت, هەر کەسێك زۆریان لێبکات, ئەوا خوای گەورە لەو کەنیزەکانە خۆش دەبێ و بە سۆزو بەزەییە بەرامبەریان[١٥٩].

هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە:

ئەم ئایەتە دەربارەی (عبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول), دابەزی, کاتێ دوو کەنیزەکی هەبوون بە ناوەکانی (معاذةو مُسَيْكة) کە زۆری لێدەکردن و لێی دەدان, بۆ ئەوەی بچن کاری داوێن پیسی بکەن ... ئەوانیش دەچنە لای پێغەمبەر(ﷺ)و شکات دەکەن. ئیتر ئەم ئایەتە دادەبەزێ[١٦٠].

"ان اردن تحصناً" واتە گەر مەبەستییان داوێن پاکی بوو، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت, گەر ویستی داوێن پاکییان نەبوو, وە گوێیان بە ڕەوشت نەدەدا، ئیتر ئەو کارەیان بۆ ڕەوا بێت, (وەك مەریوان بە سەقەتی لێکی داوەتەوە) بەڵکو ئەم جۆرە داڕشتنە زانایان پێی دەڵێن: "زۆرینە (تغليب)" واتە عادەتەن ئەوەی ئەو کارە دەکات بە ویستی خۆی زۆر کەمە, گەر نا زۆربەیان ئەم کارەیان پێناخوشە[١٦١].

لە (تفسير الجلالين)دا, هاتووە: "ئەم مەبەستی پێناخۆش بوون و زۆر لێکردنە, هیچ واتایەکی نییە بۆ مەرج". (وهذه[١٦٢] الارادة محل الاكراه, فلا مفهوم للشرط).

جا بەڕێزان:

باوەڕ ناکەم, مەریوان و ئەوانەشی وەك ئەو بیر دەکەنەوە, بزانن "تەغلیب" چییە؟ ئاخر "مەریوان"ێك سێی ناوەندی تەواو نەکرد بێت, لە کوێ سەر لەم زانستانە دەر دەکات!, بڕواش ناکەم بزانێ "تەغلیب" لە چ جۆرە بابەتێکدا دەخوێندرێت!.

١١٧- لە هەمان لاپەڕەدا، پاش ئەو قسانەی سەرەوە, دەنووسێت: ڕاڤەکەی (البيضاوي)یش (سەبەب نزولی) ئەم ئایەتە دەگێڕێتەوە بۆ هەمان مەبەست. پاشان ئاماژە بە (تفسيرالبيضاوي) دەکات.

دەڵێین:

ئەگەر مەبەستی مەریوان لە (هەمان مەبەست) خودی کارەکەی (ئوبەی) بێت, قسەیەکی ئەوتۆمان لەسەری نییە, بەڵام گەر مەبەستی "ڕاڤە سەقەتەکەی" خۆیەتی, ئەوا (من و ئێوەو مەریوان و تفسير البيضاوی) لە هەر شوێنێکی ئەو تەفسیرەدا "ڕاڤە سەقەتەکەی" مەریوان هەبوو, ئەوە مافی خۆتانە چی دەڵێن, مەریوان زۆرچاك دەزانێ، کە شتی وا لەو سەرچاوانەدا نییە, بەڵام خۆ پارەو بژێویی ژیان, هەروا بەگاڵتە پەیدا ناکرێت!.

١١٨- لەلاپەڕە (٢٣٩)دا, دەنووسێ: "عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب لە سێبەری خەلافەتی باوکی دادپەروەردا ڕاهاتبوو بە قامچی لە کۆیلەکانی خۆی بدات". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بۆ (صحيح مسلم) دەکات.

دەڵێین:

[١٥٩] مختصر تفسير الطبرى، ج٢، ص ٩٨

[١٦٠] بڕوانە: گێڕانەوەکان لە تفسير (ابن كثير) ئایەتی ٣٣ النور.

[١٦١] بڕوانە: تفسير (ابن كثير) ئایەتی ٣٣ النور.

[١٦٢] تفسير الجلالين, ئایەتی/٣٣ النور.

لە (صحيح مسلم)دا، ئەوەی مەریوان ئاماژەی پێدەکات بەم جۆرەیە: "عن زاذان ابي عمر قال: ثم اتيت بن عمر وقد اعتق مملوكاً قالَ: فاخذ من الارض عوداً اوشيئاً, فقال مافيه من الاجر ما سِوى هذا الا اني سمعت رسول الله (ﷺ) يقول من لطم مملوكه اوضر به فكفارته ان يعتقه".

واتە: زاذان، کە کونییەکەی (ابو عمر)ە, دەڵێ: پاشان هاتم بۆلای (عبدالله بن عمر) ئەوکاتە کۆیلەیەکی ئازاد کرد بوو, پاشان لەزەویەکە چیلکەدارێك، یان شتێکی هەڵگرت و وتی: عەبدوڵلا بەئەندازەی ئا ئەم شتە لەم ئازادکردنەدا پاداشتی نییە, بەلآم ئەوەندە هەیە کە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە, دەیفەرموو: هەر کەسێ بدات لە دەموچاوی ژێر دەستەکەی, یان لێی بدات, ئەوا کەفارەتەکەی ئەوەیە، کە دەبێت ئەو ژێر دەستەیەی ئازادبکات.

جا بڕوانن:

١- "سێبەری خەلافەتی...", "راهاتبوو...". لە کوێی ئەو دەقەدا هەیە!.

٢- دەقەکە دەڵێ: "أعتق مملوكاً -کۆیلەیەکی ئازاد کردبوو", لە باسی ئازادکردنەکەدا (کۆیلەیەك) باس دەکات لەم دەقەدا, کەچی مەریوان دەنوسێ: "کۆیلەکانی".

٣- لە گێڕانەوەیەکی تردا, کە هەر لە (صحيح مسلم)دایە, لە (زاذان)ەوە ڕوونتر باس لە ئازاد کردنی ئەم کۆیلەیە دەکات, بەم جۆرە: "ان بن عمر دعا بغلام له فراى بظهره اثراً, فقال: له او جعتك؟ قال: لا, قال: فانت عتيق"[١٦٣].

واتە: (ابن عمر)خزمەتکارێکی خۆی بانگ دەکات, دەبینێ شوێنەواری لێدانێك بە پشتییەوەیەتی, عبدوڵلا پێی دەڵێ: من ئازارم داوی؟ ئەویش دەڵێ نەخێر, عەبدوڵلا دەڵێ: دەبڕۆ ئەوا تۆم ئازاد کردو تۆ ئازادیت.

ئەوەتا پرسیاری ئەو جێگە لێدانە دەکات، کە ئایا ئەو وای لێکردووە؟ کەچی پێی دەڵێت تۆ وات لێنە کردووم, ئیدی لێدانی کۆیلەکانی لە چ سوچێکدا بەر تارمایی چاوەکانی مەریوان کەوتووە!؟.

٤- لە دەقەکەدا بە دوورو نزیك باس لەوە ناکات، کە لە چ سەردەمێکدا ئەو کۆیلانەی ئازاد کردووە, کەچی مەریوان نوسیویەتی: "لەسێبەری خەلافەتی...".

٥- (عبدالله بن عمر) لە بارەی سۆزو میهرەبانی بەرامبەر ژێردەستەکانی ئەوەندە چاکەی هەیە، یەك کردارو رەفتاری کۆیلەکانی سەرنجی ڕابکێشایە, گورج ئازادی دەکرد, بۆیە وای لێهات بوو, هەموو کۆیلەکانی بەمەیانزانی بوو, دەچوون بۆ مزگەوت وایان نیشان دەدا, کە زۆریان حەز لە خواناسییە, ئەویش کە ئەمەی دەدی ئازادی دەکردن, تا ڕۆژێکیان پێیان وت: (ابن عمر) ئەم کۆیلانەت چاوبەست لە تۆ دەکەن, ئەویش دەڵێ: هەر کەسێك بە خوا چاوبەستمان لێبکات, لەبەر خواو بۆ خوا هەڵدەخەڵەتێین[١٦٤].

هەتا جارێکیان (١٠,٠٠٠) دە هەزار دیناریاندا بە (ابن عمر)، کە (نافع)ی خزمەتکاری بفرۆشێت, عەبدوڵلا وتی: لەمە چاکترم دەست دەکەوێت, لەبەر خوا ئازادی کرد[١٦٥].

ئەو (نافع)ە, دەگێڕێتەوە, دەڵێ: "(ابن عمر) هەتا مرد, هەزار مرۆڤ، یان زیاتری ئازاد کرد"[١٦٦].

مەریوان، (عەبدوڵلای کوڕی عومەر) زۆر لەوە گەورەترە، کە تۆ بە نەزانی و چەواشەکارییەکانت, بتەوێت لە بایەخی کەم بکەیتەوە, ئەو بەڕاستی پیاوێکی زۆر گەورە و بەڕێز بووە, تۆ هێشتا زۆرت ماوە, تا بە تەواوی شارەزای ژیانی ئەو کەڵەپیاوە بیت!.

١١٩- لە لاپەڕە (٢٣٩)دا, شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە لە مەریوان ڕوودەدات, بەلآم تا بڵێی جێگەی ئەوەیە, کە بوترێت ئاخر نەزانینی کەسێك بگاتە ئەو ئەندازەیەی ئاوەها یاری بە بیری خۆی بکات, ئەبێت چاوەڕوانی چی

---

١٦٣ صحيح مسلم رقم(١٦٥٧).

١٦٤ صفة الصفوة, م١، ج١، ص٢٢٠, ژیانی عبد الله بن عمر.

١٦٥ رواه احمد فى الزهد، ص ٢٣٧ فقرة (١٠٥٠).

١٦٦ صفة الصفوة، م١، ج١، ص ٢٢١, ابن الجوزي.

لێبکرێت!, بێگومان شتی سەیرو سەیرتر لە هەموو شتە سەیرەکان, باوەڕ ناکەن؟ دەفەرموون با پێکەوە ئەم گەشتەی تر بکەین:

دەنوسیٚ: "لەڕووداوێکی (ئەبو مەسعودی بەدریدا)/ دەگێڕنەوە بە قامچی لە غولامێکی خۆی دەدات, پەیامبەر هات و بانگی کرد یەکەمجار گوێی لێنە بوو, دوایی زانیویەتی پەیامبەرە, قامچییەکەی لە دەست کەوتۆتە خوارەوە لەبەر خاتری پەیامبەر ئازادی کردووە, کۆیلەکەش بە پەیامبەری ووتوە چەنێکە لێم دەدا, هاواری خوای لێدەکەم و بە خوا پەنای لێدەگرم کەچی هەر لێم دەدات بەلاَم کە تۆ هاتی بەپەنای تۆ وازی لێهێنام". پاشان وەك سەرچاوە دەنوسیٚ: "صحيح مسلم، باب: البغوي المماليك وكفارة من لطم عبده ان بن عمر دعا بغلام له فراى بظهره اثرا فقال له او جعتك, قال لا، قال فانت عتيق، قال ثم اخذ شيئا من الارض فقال مالى فيه من الاجر مايزن هذا".

دەڵێین:

١- من بە ئێوە دەڵێم: "لە ڕووداوێکی ئەبو مسعودی بەدری...تاد" لەگەڵ ئەو دەقەی کە مەریوان ئاماژەی پێکردووە, چەندەیان جیاوازیی هەیە؟.

٢- ئەودەقە عەرەبییەی مەریوان ئاماژەی پێکردووە, ئێمە لەمەو پێش, لە وەلاَمی ژمارە ١٧٨ بڕگەی (٣)دا, بەکوردی دەقەکەمان نووسیوە, کە باسەکە, باسی (ابن عمر)ە, نەك (ابو مسعودی البدری).

٣-پاشان لە باسەکەی (ابو مسعود), کە لە (صحيح مسلم)دا, هاتووە, مەریوان تێچەنی خۆی خستۆتە نێو دەقەکە, چونکە ڕووداوەکەی (أبو مسعود) لە (صحيح مسلم) بەم جۆرەیە:

(ابو مسعود) دەڵیٚ: "كنت اضرب غلاماً لي بالسوط, فسمعت صوتاً من خلفي: اعلم ابا مسعود, فلم افهم الصوت من الغضب, قال: فلما دنا مني, اذ هو رسول الله (ص) فاذا هو يقول: اعلم ابا مسعود, اعلم ابا مسعود, قال فالقيت السوط من يدي فقال: اعلم ابا مسعود, ان الله اقدر عليك منك على هذا الغلام, قال: فقلت لا اضرب مملوكاً ابداً"[١٦٧].

واتە: من ژێردەستەیەکم هەبوو, بە قامچی لێم دەدا, لە ناکاو گوێم لە دەنگێك بوو لە دواوەوە، کە دەیوت: بزانە (ابومسعود), منیش لە بەر تووڕە بوونی خۆم, لە دەنگەکە تێنەگەیشتم, کاتێك لێم نزیك ببۆوە, زانیم پێغەمبەرە، دەیفەرموو: بزانە (ابو مسعود): بزانە (ابو مسعود), منیش قامچییەکەم لە دەستمدا فڕێدا, فەرمووی: بزانە (ابو مسعود) خوای گەورە زۆر بە توانا ترە بەسەر تۆدا لەوەی، کە تۆ زاڵی بە سەر ئەو ژێردەستەتدا منیش وتم: ئیتر هەتا هەتایە لە هیچ ژێردەستەیەك نادەم.

لە گێڕانەوەیەکی تردا, هاتووە, کاتیٚ (ابو مسعود) لە ژێردەستەکەی دەدا, ژێردەستەکە دەیوت: پەنا دەگرم بە خوا, (ابومەسعود)یش هەر لێی دەدا, پاشان وتی: پەنا دەگرم بە پێغەمبەری خوا, ئیتر وازی لێهێنا, پاشان پێغەمبەر بە (ابو مەسعود)ی فەرموو: خوا زۆر بە تواناترە بە سەر تۆدا, وەك لە تۆ بەسەر ئەو کەسەدا. ئیتر (ابو مەسعود) ژێردەستەکەی ئازاد کرد .

لە گێڕانەوەیەکی تردا: (ابومەسعود) دەڵیٚ: ئەوا لەبەر خوا ئازادم کرد[١٦٨].

(نەوەوی) لە سەر پەناگرتنی کۆیلە بە خواو پاشان بە پێغەمبەر, دەڵیٚ: زانایان وتویانە: "لەوانەیە لەیەکەم جاردا، کە کۆیلەکە پەنا بە خوا دەگرێت, (ابومسعود) لەبەر زۆر تووڕەیی, گوێی لێنە بوو بێت, هەروەك چۆن گوێی لە بانگەکەی پێغەمبەر نەبوو, یان کاتیٚ ژێردەستەکە پەنا بە پێغەمبەر دەگرێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر لەو جێگایە دەبێت, (ابومەسعود)یش بە ئاگادێتەوە"[١٦٩].

کەواتە:

---

[١٦٧] صحيح مسلم بشرح النذوى كتاب الايمان, باب: صحبة المماليك وكفارة من لطم عبده, رقم (٤٢٨٥).

[١٦٨] بڕوانە: صحيح مسلم بشرح النذوى، رقم (٤٢٨٥, ٤٢٨٤).

[١٦٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو كتاب الايمان, باب: صحبة المماليك وكفارة من لطم عبده.

أ- "لەبەر خاتری پەیامبەر ئازادی کردووە". تێچەنی مەریوانە، چونکە لە یەکێك لە گێڕانەوەکاندا دەڵێ: "ئەوا لە بەر خوا ئازادم کرد". وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد.

ب- "کۆیلەکەش بە پەیامبەری ووتوە ...". وەك لە گێڕانەوەکاندا دەبینرێت، شتی وای تێدا نییە، بەڵام ئەگەر مەریوان خۆی لەو کاتەدا لەوێ بوو بێت!، ئەوەیان شتێکی ترە، بۆ نا، خۆ مەریوان گوێ بە ڕاستی و ناڕاستی نادات، قەیدی نییە، با ئەمەشیان بچێتە پاڵ شتە ناڕاست و بوختانەکانی ترییەوە!.

ج- پێغەمبەر دەسەڵاتی خوای گەورە، دەخاتەوە یادی (ابو مەسعود)، بۆیە یەکسەر ئەویش ئازادی دەکات و پەیمان دەدات هەتا هەتایە لە ژێردەستە نەدات.

باسێکی سەیر:

جارێکیان (ابوكعب)ی چیرۆکبێژ، لە چیرۆك خوێندنەوەکەیدا، باسی (یوسف) دەکات، لەوەدا کە دێتە سەر باسی (گورگ)ەکە، دەڵێ: ئەو گورگەی (یوسف)ی خوارد، ناوی ئەوەو ئەوە بوو، خەڵکەکە پێی دەڵێن: ئاخر خۆ گورگ، (یوسف)ی نەخوارد، ئەویش هیچ خۆی تێك نادات، دەڵێت: نا، ناوی ئەو گورگەی کە (یوسف)ی نە خوارد، ئەوەیە![170].

١٢٠- لە لاپەڕە (٢٤٩)دا، مەریوان دێت ئیسلام تاوانبار دەکات، کە کۆیلایەتی هێشتۆتەوەو بەرگریشی لێدەکات. پاشان بۆ ئەم چەواشەکاریی و بوختانەشی، ئایەتی (١٣٢)ی سورەتی (الزخرف) دەهێنێتەوە.

دەڵێین:

ئایەتی (١٣٢)ی سورەتی (الزخرف) دەفەرمووێ: ﴿ اهم يقسمون رحمة ربُك نحنُ قسمنا معيشتهم في الحياة الدنيا ورفعنا بعضهم فوق بعض ليتخذ بعضهم بعضاً سخرياً ورحمتَ ربُكَ خيرُ مما يجمعون﴾.

واتە: "ئایە ئەو بێباوەڕانە میهرەبانی پەروەردگارت بە نێو دروست کراوەکانیدا دابەش دەکەن، ئێمە خۆمان میهرەبانی و ڕێزی خۆمان دابەش دەکەین بەوەی، کە دەمانەوێت (کە پێغەمبەرایەتییە) وەك چۆن بژێویو ڕۆزیان لە دنیادا بەسەردا دابەش دەکەین، وە باوی هەندێکیانمان داوە بە سەر هەندێکیاندا، تا کار ئاسانیی و تەواوکاری یەکتر بکەن، وە میهرەبانیی پەروەردگارت باشترە بۆ ئەوان لەوەی کە دەستی دەخەن "[171].

ئەم ئایەتە، وەڵامدانەوەیەکە بۆ هۆزی قوڕەیش، کە دەیانوت: دەبێت ئەم قورئانە بۆ یەکێك لەو دوو پیاوە گەورە بهاتایە، کە لەو دوو شارە گەورەیەدان (مەبەستییان لە مەککەو طائف بوو)، چونکە لای ئەوان وابووە، دەبێت وەك چۆن (وليد بن مغيرة) و (عروة بن مسعود) دەوڵەمەندن و یەکێکیان لە (مەککە) دەژیاو ئەویتریان لە (طائف)، چونکە ئەم دووانە ماڵ و سامانییان هەیە، لای خەڵکی بە حوکمی پارەکەیان گەورەن، ئەگەر قورئانیش بێت، دەبێت بۆ یەکێك لەم دوو پیاوە گەورەیە بێت، نەك بۆ(محمد)ێك، کە دنیای نییە، وەك خوای گەورە قسەکەیان باس دەکات: "وقالوا لولا نزلَ هذا القرآن على رجلين من القريتين عظيم اهم يقسمو.....الخ" الزخرف/٣١-٣٢.

خوای گەورە، وەڵامیدانەوە، کە پێغەمبەرایەتی بەخشین مافی ئەوان نییە، بەڵکو مافی خوایەو بە یەکێك مەبەستی بێت، پێیدەبەخشێ، یان دەیدات بە کەسێك، کە پاکترین دڵ و دەروونی هەبێت و لە بەڕێزترین بنەماڵە بێت[172].

کەواتە:

١ - ئایەتەکە باس لە بەخشینی پێغەمبەرایەتی دەکات .

٢- "ورفعنا بعضهم على بعض ليتخذ بعضهم بعضاً سخرياً". باس لەوەیە کە سرووشتی ژیان وا دەخوازێت، دەبێت لە پیشەو کاردا، خەڵکی جیاواز بن، تا کارو باری ژیانی دنیا پێکەوە تەواو بکەن، وەك ئەوەی هەندێك پزیشك، هەندێ مامۆستا، هەندێك بازرگان، هەندێك جوتیارو....تاد.

---

[170] اخبار الحمقى و المغفلين، ص ١٦٠، ابن الجوزي.

[171] مختصر تفسير الطبري، ج٢، ص٣٢٩.

[172] بڕوانە: ابن كثير، ئایەتی ٣١-٣٢ الزخرف .

چونکە، ئەگەر ژیان، ئەمانەی تێدا نەبێت، مانای خۆی لە دەست دەدا, ئەمەش شتێکە, هەموو کەسێکی ژیر وەریدەگریَ, هەتا لەوپەڕی دەسەلاَتی بەناو یەکسانیخوازەکان, لە (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) چینی جیاواز زۆر زۆر بووە!.

کەواتە، بە هیچ جۆرێك, ئەم ئایەتە باس لە هێشتنەوەو بەرگریی لە بنەمای کۆیلایەتی ناکات, وەك مەریوان بزرِکاندویەتی!.

١٢١- لە هەمان لاپەڕەدا، ئایەتی (٧١)ی سورەتی (النحل) باس دەکات, بە قسەی مەریوان، کە بەڵگەی مانەوەی کۆیلایەتی تێدایە.

دەڵێین:

خۆزگە، گەر بە درۆ و چاوبەستیش بوایە، وەك کاری هەمیشەیی خۆی, ئاماژەی بە سەرچاوەیەکی (تفسیر) یان سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی ئیسلامی بکردایە لە سەر ئەو بزرِکاندنەی, ئایەتەکەش بەم جۆرەیە کە دەفەرمووێت: ﴿ والله فضل بعضكم على بعض في الرزق فما الذين فضلوا برادي رزقهم على ماملكت ايمانهم فهم فيه سواء افبنعمة الله يجحدون﴾. واتە: خوای گەورە لە بژێویی و ڕۆزی دانا لە دنیادا, باوی هەندێکتانی داوە بە سەر هەندێکی تردا، دەسەلاَتدارەکان ئامادەنین کۆیلەو ژێردەستەکانی خۆیان, بکەن بە هاوبەش لە ماڵ و سامانەکانیاندا, دەی کە ڕازی نین ژێردەستەکانییان ببنە هاوبەش لە ماڵ و داراییەکەیاندا, چۆن ئەوان دێن بەندەکانم دەکەنە هاوبەش لە دەسەلاَت و تواناکانی مندا, ئایە ئەوان نکۆڵی لەو نازو نیعمەتانە دەکەن, کە خوا پێیداون بە هۆی ئەوەی کە هاوبەش بۆ خودا دادەنێن[173].

خوای گەورە, لەم ئایەتەدا, ئەوە ڕوون دەکاتەوە, کە موشریکەکان ڕازی نەبوون ژێردەستەکانیان, بکەنە هاوبەش لەو ماڵەی هەیان بوو, کەچی دەچوون هاوەڵ و هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار دەدا, ئەمە وەك سەرزەنشتێك وەهابوو لە خواوە بۆ هاوەڵ پەیداکەرەکان[174].

مەریوان، خۆی لەم ڕاستییە لاداوەو تەنها هاتووە ئایەتەکەی هێناوە, بە بیَ ئەوەی تەنها ڕاڤەیەکی سەر پێیانەشی بکات, جگە لەوەی تەنها ئەوەندەی لە سەر نوسیوە "خوا فەزڵی هەندێکتانی بەسەر هەندێکی دیکەدا داوە...". کەواتە، ئەوەی مەریوان ویستوویەتی واپیشان بدات، کە ئەم ئایەتەش بەڵگەیە بۆ "ڕاستێتی" چەواشەکارییەکانی, وا دەرنەچوو!.

١٢٢- لە لاپەڕە(٢٤١)دا, ئایەتی (٧٥)ی سورەتی (النحل) دەهێنیَو ڕاڤەیەکی زۆر سەقەتی دەکات, دەنووسیَ: "خوا نموونەی هێناوەتەوە لە نێوان دوو پیاودا، یەکێکیان کۆیلەیەو دەسەلاَتی بە سەر هیچ شتێکدا نییە، بەرامبەر بە گەورەیەکی، کە ڕزق و ڕۆزی زۆرمان پێداوەو بەهرەوەرمان کردووەو بە ئارەزووی خۆی بە نهێنی و بە ئاشکرا لێی دەبەخشێت و دادپەروەری دەکات, ئایا ئەم دوانە وەك یەکن؟؟".

دەڵێین:

ئەمە دەقی ئایەتەکەیە, کە دەفەرموێت: "ضرب الله عبداً مملوكاً لايقدر على شيء ومن رزقناه منا رزقاً حسناً فهو ينفق منه سراً وجهرا هل يستون الحمدلله بل اكثرهم لايعلمون" النحل/٧٥.

زانایان و شارەزا بەڕاڤەی قورئان, بەم جۆرە ڕاڤەی دەکەن:

"خوای گەورە نموونە دێنێتەوە بۆ گەورەیی خۆی و بۆ بتەکان, کە دەپەرستران, کە خوای گەورە خاوەنی هەموو شتێکە, چۆن ویستی بێت, دەیبەخشێت بە بەندەکانی, بە نهێنی و بە ئاشکرا, بتەکانیش موڵکی ئەو کەسانەن, کە دەیانپەرستن، چونکە خاوەنەکانییان ئەوانییان دروست کردووە, بۆیە بێدەسەلاَتن و هیچیان پێناکرێت, دەیکەوایە

---

[173] مختصر تفسير الطبري، ج١، ص٤٥٨.

[174] بڕوانە: ابن كثير ئایەتی ٧١ النحل.

ئیتر چۆن ئەو بتانە دەکەنە هاوبەش لەگەڵ خوادا, کە جیاوازییەکی زۆر گەورە لە نێوانیاندا هەیە, چۆن دەبنە یەك؟".

ئەمە ڕاڤەیەی (مجاهد)و کەسانی ترە, هەروەها پێشەوا (ابن القیم)یش ئەم ڕاڤەیەی پێشیاوترە[١٧٥].

(ابن عباس)و (قتادة), دەڵێن: "ئەم ئایەتە نموونەیەکە, خوای گەورە دەیهێنێتەوە بۆ لێکچواندنی باوەڕدارو بێباوەڕ, کە بێباوەڕ, وەك ئەو کۆیلەیە وەهایە، کە توانای هیچی نییە, بیبەخشێ و گوێڕایەڵی خوا ناکات و کاری

چاکە ئەنجام نادات، بەڵام باوەڕدار, کار دەکات بۆ گوێڕایەڵی خواو ماڵ و سامانی خەرج دەکات لە پێناو ڕەزامەندی خوادا, وەك چۆن کەسێك ئازاد بێت و خوا ماڵی بداتێ, لە نهێنیو ئاشکرادا خەرجی دەکات, دەی چۆن کەسێك خاوەنی خۆی نەبێت و هیچی نەبێت, لەگەڵ کەسێك, کە ئازادە, وەك یەك نین, بە هەمان شێوەش باوەڕدارو بێباوەڕ, لای خوا, وەك یەك نین"[١٧٦].

(ابن القیم) دەڵێ: "بۆچوونی یەکەم، واتە ڕاڤەکەی (مجاهد) شیاوترە, چونکە ئەمیان زیاتر ئاشکراترە لە پووچەڵکردنەوەی هاوبەشدانان بۆ خواو ڕوونترە لەلای قسە لەگەڵکراوەکە...." [١٧٧].

سوپاس بۆ خوا, کە بەڵگەو نیشانەکانی ڕوونن, بەڵام زۆرێك لەو بێباوەڕانە ئەمە نازانن و نایبینن!.

ئەم جۆرە داڕشتنە لە جۆری (قیاس العکس)ە، کە بریتییە لە نەفی حوکم لە بەر نەبوونی پێویستیەکانی [١٧٨]

من, سەد لە سەد، باوەڕم وایە مەریوان نەی وێراوە بچێت بە لای ئەو کتێبانەی، کە ڕاڤەی ئەم ئایەتەیان کردووە, چونکە:

ا- مەبەستەکەی ئەو لە دوورو نزیك بەلایدا ناچێت.

ب- مەریوان, سەلیقەی زانستی عەرەبی لەم جۆرە بابەتانەدا زۆر لاوازە، وەك ئەوە وایە (گوێزی هەورامانی) بۆ بدەیت بە یەکدا!, ئاخر مەریوان چوزانێت "قیاس" چەند جۆری هەیە, "قیاس" لە چەند زانستی عەرەبیدا بە کاردێت, پێناسە جیاوازەکانییان چییە؟.

ج- ئێستاشی لەگەڵدا بێت, مەریوان, نازانێت لەڕووی عەرەبییەوە "عبداً", "مملوکاً" و "من", جێگەی ئیعرابییان چییە لەو ئایەتەداو واتاکەیان بکات بە کوردی!.

کەواتە:

"خوا نمونەی هێناوەتەوە لە نێوان دوو پیاو...". ئەمە بەس لە قسەو ڕاڤەی کەسی ژیر ناچێت, من لێرەوە دەڵێم: تەفسیرو ڕاڤەی زۆر هەن لە وڵاتی خۆماندا, هیچی بە لای مەبەستە چەواشەکارییەکانی مەریواندا ناچێت, گەر نا بۆ ناوی یەك سەرچاوەی زانستی نەهێناوە.

١٢٣- لە لاپەڕە (٢٤٢)دا, لە هەمان سورەت, ئایەتی (٧٦) دەکات بە کوردی ودەیکاتە بەڵگە بۆ ئەو قسە نادروستەی خۆی، کە گوایە ئیسلام پشتگیریی لە مانەوەی کۆیلایەتی دەکات.

دەڵێین:

دەقی ئایەتەکە, دەفەرمووێت: ﴿وضرب الله مثلاً رجلين أحدهما ابكم لايقدر على شيء وهو كل على مولاه اينما يوجهه لا يأت بخير هل يستوي هو ومن يامر بالعدل وهو على صراط مستقيم﴾ النحل/٧٦.

واتە: ئەی خەڵکینە, خوا, نمونەی دوو پیاوتان بۆ دەهێنێتەوە، یەکێکیان کەڕ و لاڵە, توانای هیچی نییەو بۆتە بارگرانی بە سەر سەرپەرشتکارەکەیەوەو بۆ هەر جێگایەکی بنێرێت سەرکەوتوو نابێت لە هەوڵدانەکەیدا, ئایە ئەمە

---

[١٧٥] بڕوانە: التفسیر القیم، ص ٣٣٨-٣٣٩, وابن کثیر ئایەتی (٧٥)ی النحل.

[١٧٦] مختصر: تفسیر الطبری، ج١، ص ٤٥٩, ابن کثیر ئایەتی ٧٥ النحل.

[١٧٧] التفسیر القیم, ص٣٣٩.

[١٧٨] التفسیر القیم, ص٣٣٨.

یەکسانە لەگەڵ ئەو کەسەی فەرمان بە دادپەروەریی دەکات, لە کردارو گوتاریدا و لە سەر ڕێگەیەکی ڕاستە؟ ئەمەش تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی توانستە، کە ئەو نموونەیەی هێناوەتەوە.

ئەم ئایەتەش نموونەیەکە بۆ دەسەلاتی خواو بێدەسەلاتی بتەکان, خوای گەورە, خەڵکی لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە تەنها خوا دەسەلاتی هەیە لە سوودو قازانج، نەك ئەو بتانەی نە دەبیستن، نە دەشتووانن قسە بکەن[179].

کەواتە:

ئەم ئایەتەش, باس لەو گومانە ڕەشەی, کە مەریوان هەوڵیداوە دروستی بکات بە هیچ جۆرێك ناچێت بە لایدا!.

١٢٤– لە لاپەڕە (٣٤٢)دا, دەڵێ: "خودی پە یامبەر جۆرێك لە خەساندنی پەیڕەو کردووە، ڕۆژووگرتن بەشێك بووە لە خەساندن". پاشان ئەم دەقە دەنووسێت: " قال لنا رسول الله ثم یا معشر الشباب من استطاع منکم الباءة فلیتزوج, فانه اغض للبصر واحصن للفرج, ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فانه له وجاء ".

دەڵێین:

دەقەکە ئەمەیە (عبدالله بن مسعود) دەڵێت: "پێغەمبەر پێی فەرمووین: (ئەی دەستە وکۆمەڵەی گەنج ولاوان هەر کەسێك لە ئێوە توانای خەرجی و دابینکردنی ژن خواستنی هەیە, باژن بهێنیت, چونکە ئەمە چاو زیاتر دەپارێزێت و داوێن پاکترو مەحکەمتر دەکات, ئەوەشی توانای نییە, با بە ڕۆژوو بێت, چونکە بە ڕاستی ڕۆژوو, شەهوەت و ئارەزوو دەبڕێ و نایهێڵێت"[180].

(ابن حجر) لە "فتح الباري"دا, لە ڕاڤەی وشەی "وجاء"دا, دەڵێ: "ڕاڤەی وشەی (وجاء) بە خەساندن, جێگەی سەرنج و تێڕامانە، چونکە خەساندن, دەرهێنانی هەردوو گونە، وە دابڕینی (وجاء) بە سەر ڕۆژدا لە بابەتی (مجاز المشابهة)یە" [181].

کەواتە:

"خودی پەیامبەر .....". لە تێگەیشتنە سەقەتەکانی مەریوانە، دەنا بابەتی ڕۆژوو, تەنها ڕێنمونییەو جێبەجێ کردنی ئەو شتەیە, کە زیاتر بەرژەوەندی گەنج دەپارێزێ.

وشەی "وجاء" بە هیچ جۆرێك "خەساندن" ناگرێتەوە[182].

١٢٥– لە لاپەڕە (٢٤٢)دا, دەنوسێ: "پیاوێك هاتە لای پەیامبەر و وتی: ژنەکەم دەست بە ڕووی هیچ کەسێکەوە نانێت (واتە هەر کەسێ هات سواری بوو) پەیامبەر پێی دەڵێ: لە خۆتی دوور خەرەوە (واتە: تەلاقی بدە) پیاوەکە دەڵێ: خۆشم دەوێو دەترسم دوایی بیری بکەم، پەیامبەر پێی دەڵێ: کەواتە بیحەوێنەرەوەو تێری بکە (واتە زۆر لەگەڵی ڕابوێرە تا تێر ببێ و لەگەڵ خەڵکی نەیکات". پاشان وەك سەرچاوە ئامارژە دەکات بە (سنن ابي داود)٢/٢٢٠.

دەڵێین:

خەڵکینە, زیادەڕەوی ناکەم, گەر بڵێم: مەریوان بە ئەندازەی گەردیلەیەك زانستی ساغ و دروستی پێ نییە، چەواشەکارییەکانی زۆر بە ڕوونیی سروشتی ئەو کەسە دەردەخەن، ئاخر چەواشەکارییش بەو جۆرە؟!.

دەبڕوانن:

١– ئەوەی کە مەریوان وەك سەرچاوەی ئەو ڕووداوە نوسیویەتی: (سنن ابی داود ٢/٢٢٠) باوەڕ بکەن شتی وا, گەر لە هیچ کون و کەلەبەرێکی (سنن ابی داود)دا هەبوو, پەیمان بێت بڵێین مەریوان دەزانێ شت بنوسێ, بەلام بەداخەوە ناتوانین وا بڵێین!, چونکە لە (سنن ابی داود)دا؟, شتی وەهای هەر تێدا نییە, کەواتە ئێوە چی بە مەریوان دەڵێن؟!.

[179] بڕوانە: ابن کثیر, تفسیر الجلالین, مختصر تفسیر الطبری, ج١, ص٤٦٠, تفسیر القیم, ص ٣٣٩ –٣٤٠.

[180] بڕوانە: البخاری (٥٠٦٥, ٥٠٦٦) ومسلم (١٤٠٠).

[181] فتح الباری, ج٩, کتاب النکاح, ڕاڤەی فەرموودەی (٥٠٦٠).

[182] بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، مختار الصحاح, مادة (وجاء).

٢- ئەوەی مەریوان نوسیویەتی بەو جۆرە نییە، بەڵکو ئەمە دەقە عەرەبییەکەیەتی، کە دەفەرمووێ لە (ابن عباس)ەوە، دەڵێ: "جاء رجل الى رسول الله، فقال ان عندي امرأة وهي من أحب الناس الي، وهي لاتمنع يد لامس، قال (طلقها)، قال: لا أصبر عنها، قال: استمعت بها"[١٨٣].

واتە: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا، پێی وت: من خێزانێکم هەیە، کە لە هەموو کەس خۆشەویستره بەلامەوە، ئەم ئافرەتە دەستی ناگێڕێتەوە لە خۆی، واتە هەر کەسێ دەستی بۆ بەرێت، ئەو مەنعی ناکات، فەرمووی تەڵاقی بدە، کابراکە وتی: ئارام ناگرم، گەر لێم دوور کەوێتەوە، فەرمووی: دەخۆت لەگەڵیدا بە.

دەستەواژەی "لا تمنع يد لامس". هەندێ وتوویانە: واتە هەر کەسێ دەستی لێبدات، چێژ لەو دەست لێدانە وەردەگرێت و دەستی ناگێڕێتەوە، مەبەستی پیاوەکە کاری زینا نەبووە، چونکە گەر مەبەستی ئەوە بووایە، دەبووە: بوختان (قذف).

هەندێکی تر دەڵێن: نزیکترین بۆچوون ئەوەیە، کە پیاوەکەی زانیویەتی، ئەگەر کەسێ مەبەستی کارێکی خراپە بێت لەگەڵیدا، ئەو ئافرەتە مانع نابێ لە نەکردنی، نەك مەبەستی ئەوە بووبێ، کە کارەکەی لێی ڕوودابێت، بەڵکو بە پێی هەندێ بەڵگە ئەو شتەی بۆ دەرکەووتوە.

پێشەوا (ئەحمەد) دەڵێ: ناکرێ پێغەمبەر فەرمان بکات ئەو ئافرەتە لای خۆی بهێڵێتەوە، ئەویش کاری خراپە بکات.

"استمتع بها" واتە بە پێی پێویست خۆت لەگەڵیدا بمێنەرەوە[١٨٤].

کەواتە:

"هەر کەس هات و ....."، "کەوا بیحەوێنەرەوە ....، تاد". هەمووی قسەی نێو گیرفانی دووراوەی مەریوان خۆیەتی !.

١٢٦- لە لاپەڕە (٢٤٣)دا، قسەی هاوەڵێك دەگێڕێتەوە، کە ناوی (ابن جبير بن النعمان)ە، دەنوسێ: "لەگەڵ پەیامبەردا چووین بۆ غەزا لە کاتی پشووی ڕێگەدا چەند ژنێکم بینی، لە خۆشیاندا چووم لە ناویاندا دانیشتم، هیچی وای نەما بوو ڕەحەت ببم، پەیامبەر هات و وتی: ئەوە چی دەکەیت؟ منیش وتم: حوشترەکەم لێ ونبووە بە شوێنیدا دەگەڕێم". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (اسد الغابة)ی (ابن اثير) دەکات.

دەڵێین:

ئەوەی لە کتێبی (اسد الغابة)دایە، بەم جۆرەیە: "(ابن جبير) دەڵێ: خرجت مع النبي في غزوة، فخرجت من خبائي، فاذا انا بنسوة حوالي، فرجعت الى خبائي، فلبست حلة لي، ثم اتيتهُنَ، فجلَستُ اليهن اتحدث معَهُنَ، فجاء النبي فقال: يا جبير ما يجلسَك هاهنا ؟ قُلتُ: يارسولُ الله بعيرُ لي شرد"[١٨٥].

واتە: لەگەڵ پێغەمبەردا چوومە دەرەوە بۆ غەزایەك، کە لە خێمەکەم هاتمە دەرەوە، بینیم چەند ئافرەتێك لەو دەوروبەرەی مندان، گەڕامەوە بۆ ناو خێمەکەم و پۆشاکێکم هەبوو، لەبەرم کردو پۆشیم، پاشان چووم بۆ لایان، لە لایان دانیشتم، قسەم لەگەڵدا دەکردن، ئەوە بوو، پێغەمبەر هات و فەرمووی: هۆکاری دانیشتنی تۆ لێرە چییە ؟ منیش وتم: ئەی پێغەمبەر وشترێکم بەلەسە بووەو ڕۆیشتووە.

کەواتە:

١- "هیچی وای نەمابوو ڕەحەت ببم... ". لە کوێدا باسی هاتووە؟!.

٢- خۆ ئەوە دەقە عەرەبییەکەو نوسینەکەی مەریوان، خۆتان دادوەر بن.

١٢٧- لە لاپەڕە(٢٤٣)دا، دەنووسێ: "(حمنة بن جحش) وەك خۆی دەڵێت: ئێمە لە مانگانەی خۆمان (عادة الشهرية)دا بووین، بەڵام مێردەکانمان دەهاتنە لامان". پاشان ئاماژە بە (سنن ابو داود) دەدات.

---

[١٨٣] رواه النسائي في السنن الكبرى، ج٣، ص٢٧٠، رقم ٥٣٤٠.

[١٨٤] بڕوانە: سنن النسائی، م٣، ج٦، ص٦٧، بشرح السيوطى وحاشية السندي.

[١٨٥] اسد الغابة، ج١، ص٢٧٢، باب/ الجيم مع الباء .

دەڵێین:

بەڕێزان، لە (سنن ابی داود)دا، باوەڕ بکەن شتی وای هەر تێدا نییە، خۆ ئەمە شتێك نییە زۆر گران بێت، کێ (سنن ابی داود)ی هەبێت، دەتوانێت ئەم ڕاستییە ئاشکرا بکات، ئاخر ئەم چەواشەکارییانە بۆ دەبێت هێندە بەم جۆرە زەقییە بکرێت ؟!!

١٢٨- لە لاپەڕە (٢٤٦)دا، تۆمەتی ئەوە دەکات، کە هاوەڵان، ئەوانەی لە غەزا بوون، بە شەو هەڵیان کوتاوەتە سەر خێزانی ئەو کەسانەی، کە چوونەتە غەزا...". پاشان دەنووسێت: "بەڵام بە هۆی فەرمووودەکانی پەیامبەرەوە وا دەردەکەوێ، کە دیاردەیەکی بەربڵاوبووە و تەشەنەی سەندووە، پەیامبەر زیاتر لە جارێك دەخالەتی تێدا کردووە". پاشان ئەو فەرموودەیە دەهێنێتەوە، کە بە دەق دەفەرمووێت "اذا طال احدُکم الغیبة فلا یطرقُ اهله لیلا".

دەڵێین:

١- "دیاردەیەکی بەر بڵاو بووە .....". ئەگەر وا بوایە مەریوان پێش هەموو کەس، سەرچاوەو بەڵگەی بۆ ئەم قسەیەی دەنووسی!.

٢- ئەو فەرمودەیەشی، کە نووسیویەتی بۆنەو هۆکاری خۆی هەیە، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی (مەریوان)ەوە، چونکە:

وەك (جابر) دەڵێ: "پێغەمبەر پێیناخۆش بوو پیاو لە شەودا و لە ناکاو خۆی بکات بەماڵەوە". (کان النبي یکره ان یاتي الرجل اهله طروقا)[186].

هۆکاری ئەم پێناخۆش بوونە، لەوەوە سەرچاوەی گرت، کە "جارێکیان (عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە) شەوێك دەچێتەوە ماڵەوە، خێزانەکەشی ئافرەتێکی لادەبێت، قژ بۆ ژنەکەی شانە دەکات، عەبدوڵڵا وادەزانێ ئەو کەسە پیاوە، بۆیە بە شمشێرەکەی ئاماژەی بۆ دەکات، (وەك ئەوەی بیەوێ لێی بدات)، ئەم باسە، کە بۆ پێغەمبەر باس دەکرێ، ئەویش ئەو ڕێنمونییە دەر دەکات"[187].

لە هەندێك گێڕانەوەی تردا، ئاماژە بەوە دراوە، گەر شەو لە سەفەر گەڕانەوە، خۆتان مەکەن بە ماڵدا، ئەمەش بۆ ئەوەی، تا خێزانەکانییان پێش ئەوە، خۆیانییان بۆ ئامادە بکەن، ڕازاوەو قەشەنگتر دیاربن لە بەر چاوی هاوسەرەکانیاندا.[188]

١٢٩- لە لاپەڕە (٢٤٧)دا، شتێك کە زۆر خۆش و سەیریشە ئەوەیە، کە مەریوان نوسیویەتی: "هەروەها بوخاری باسی ئەوە دەکات کە هەڵکوتانە سەر بەردەوام بووە، بۆیە لە فەرموودەیەکی دیکەدا پەیامبەر دەڵێ: هەر کەسێك بچێتە جێگەی ژنی یەکێك لەو کۆچەرییانە، وەك مارێك وەهایە لە ڕۆژی قیامەتدا لە زنجیرو پەتەکانی ملی ئاڵابن". پاشان وەك ئاماژە بە سەرچاوە دەنوسێت: "هەمان سەرچاوەو لاپەڕە".

دەڵێین:

١- مەبەستی "هەمان سەرچاوەو لاپەڕە". (صحیح البخاری، باب: لا یطرق اهله لیلا اذا طال الغیبة)یە، چونکە لە پێشەوە ئەو سەرچاوەیەی نوسیووە.

٢- تا ڕۆژی دوایی، ئەوە کتێبی (صحیح البخاری) و هەموو لایەك، گەر شتی وای تێدا بێت، خۆزگە کەسێك ئەو مارەی، کە مەریوان باسی دەکات، بدۆزیایەتەوە، ئەو کات دەمانوت: مەریوان لە مەیاندا ڕاستی دیوە، بەڵام بە داخەوە، کە ئەمەش وەك شتەکانی تری بوونی نییە!.

١٣٠- لە لاپەڕە (٢٤٧)دا، دەنوسێ: "لە ڕاڤەکەی (القرطبی)یشدا نوسراوە: (فاطمة بن قیس) کاتێك کە مێردەکەی تەڵاقی دەدا، زۆر لەوە دەترسێ، بە شەو هەڵبکوتنە سەری، هەر بۆیە چۆتە لای پەیامبەرو پێی دەڵێ: ئەی پەیامبەر

---

[186] رواه البخاری، رقم (٥٢٤٣) کتاب النکاح.

[187] رواه ابو عوانة فی صحیحه . هەروەها بڕوانە: فتح الباری، ج٩، ڕاڤەی فەرموودەی ژمارەی (٥٢٤٣).

[188] بۆ زیاتر ئاشنا بوون، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

زۆر دەترسم شەو هەڵبکوتنە سەرم، ئەویش فەرمانی پێکرد کە ماڵەکەی لەو شوێنە بگوێزێتەوە ". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (تفسير القرطبي) دەکات.

دەڵێین:

١- ئەم بەسەرهاتە لە (بوخاری و موسلیم)یشدا, باسی هاتووە، وەك (عائیشە)دەڵێت: (فاطمة) ماڵەکەی لە جێگەیەکی چۆڵ بووە، هاودەمێك لێوەی نزیك نەبوو، بۆیە ترساوە لەوەی، کە هەڵبکووتنە سەر ماڵەکەی، بۆیە پێغەمبەر مۆڵەتیدا لەویَ لابچێت.

٢-زانایان ئەم باسەیان لەو بابەتەدا باس کردووە، گەر ئافرەتێك تەڵاقدرا بوو، بۆی هەیە لەو جێگەیەی خۆی دەربچێت، ئەگەر پێویستییەك لە ئارادا هەبوو، یان ترسا لەوەی، کە ماڵەکەی لە بەر چۆڵی جێگەی متمانە نییە، وەك (قورتوبی) ئاماژە بەم باسە دەکات [189].

کەواتە:

أ- نەك ئەو کات، بەڵکو ئێستاش و لە پێشکەوتووترین وڵاتی ئەم دونیایەدا، چ ئافرەتێك دەتوانێت لە خۆی ئەمین بێت، کە لە جێگەیەکی چۆڵدا ژیان بەرێتە سەر، ئەوە لەم چاخەداو لە وڵاتێکی زلهێزو پێشکەوتووی وەك ئەمەریکا بە ئاشکرا خراپە بەرامبەر ئافرەت دەکرێت، دەی گەر لە جێگەیەکی دوورە دەست بێت, دەبێت چۆن بێت؟.

ب- مەریوان زۆر چاك زانیویەتی ئەم بەهانە شەرعی و مەنتیقییە, هەتا لە (تفسير القرطبي)یشدا نوسراوە، کە(فاطمة) ماڵەکەی دوور بووە لە ئاوەدانی، بەڵام خۆی لیَ هەڵە کردووە, سەرباری ئەوەی کە لە (صحيح البخاري)یشدا بە ڕاشکاویی ئەمە لە سەر زاری (عائیشە)ەوە ڕوونکراوەتەوە. [190]

١٣١- لە لاپەڕە (٢٤٩)دا, لە باسی مژینی مەمکدا, دەنوسێت: "صەحابەکان ئەگەر چی ڕیشو سمێڵیشیان هەبووە، بەڵام بە حیلەی شەرعی مەمکی ژنیان مژیووە، ئەمەش تەنها لە سەردەمی پەیامبەردا بە زۆری ڕوویداوەو لە دوای ئەو بەرەو نەمان چووە". پاشان باسەکەی (سهلة بنت سهيل) بە بەڵگە دەهێنێتەوە.

دەڵێین:

١- "صەحابەکان ئەگەر چی ....." ، "لە سەردەمی پەیامبەردا بە زۆری ڕوویداوە... "، ئەمانە هەمووی چەواشەکاریی و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی سادەیە، چونکە بە پێی هەموو سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان:

ا- تەنها یەك کەس مەمکی ژنێکی مژیوە، ئەویش بۆ مەبەستێکی شەرعیی و دیار، کە پاشان باسی دەکەین.

ب- گەر مەریوان ڕاست دەکات لەوەی، کە دەڵێت: "بەزۆری" ئەی بۆ بە تەنها بە سەرهاتەکەی (سهلة)ی هێناوە، گەر "بەزۆری" ڕوویدا بێت, خۆ دەبێت هیچ نەبێت (چوار, پێنج) ڕووداوی هاوشێوەی ڕووداوەکەی (سهلة) ڕوویدا بێت!.

ج- ئەو ڕووداوەی (سهلة) هیچ پەیوەندی بە چێژی سێکسییەوە نییە، وەك دواتر ئاماژەی پێدەکەین.

٢- ڕووداوەکە وەك لە (صحيح مسلم)داو گەڵێك جێگەی تردا هاتووە، ئەوەیە، کە ژنێك بە ناوی (سهلة بنت سهيل) بە فەرمانی پێغەمبەر شیر دەدات بە کەسێك بە ناوی (سالم)ەوە، چونکە زۆر زۆر هاموشۆی دەکردن و تێکەڵاویان بووە, ئەم ئافرەتەش وای بینیوە، کە مێردەکەی پێیناخۆش بێت، ئەم (سالم)ە بێتە لایان، بۆیە ئافرەتەکە بۆ ڕێگە چارە دەچێتە لای پێغەمبەرو ئەویش ئەو ڕێنمونییەی دەکات، ئیتر ئافرەتەکەش وا دەکات. پاشان ئافرەتەکە دەڵێت: ئەو پێناخۆش بوونەی جارانم بە دەم و چاوی مێردەکەمەوە نەدەبینی. [191]

---

[189] بڕوانە: فتح الباري شرح صحيح البخاري, ج٩, ڕاڤەی فەرموودەکانی (٥٣٢٦،٥٣٢٥)، القرطبي, ج١٨, ص١٥٥.

[190] بڕوانە: هەردوو سەرچاوەکەی پێشووتر.

[191] صحيح مسلم, باب: رضاعة الكبير, رقم (١٤٥٣)، سنن النسائي رقم (٣٣٢٢،١٣١٦).

٣ – ئەم (سالم)ە, هەر لە منداڵییەوە لە لای (سهلة)و (ابو حذيفة)ی مێردی بووەو ئەوان کردبوییان بە منداڵی خۆیان و بەخێویان دەکرد، چونکە ئەمە کارێکی باو بوو، گەر کەسێك منداڵێکی هەڵبگرتایەتەوەو بیکردایە بە منداڵی خۆی، ئیتر بە منداڵی خۆی تەماشا دەکرا, ئەوە بوو پاش هاتنە خوارەوەی ئایەتی (٥)ی سورەتی (الاحزاب) ئەو باوە هەڵوەشێندرایەوە، جا (سهلة) دەچێت بۆ لای پێغەمبەر, پێی دەڵێ: کە (سالم) وەك منداڵێکی خۆمان سەیری دەیکەن و لەگەڵماندا لە یەك ماڵدا دەژی, زۆر ڕێزم لێدەگرێت و خۆشت دەزانی, کە خوا لەم بارەیەوە چی دابەزاندووە، کەوایە تۆ چیم پێدەڵێی, پێغەمبەریش ڕێنموونی دەکات, کە پێنج جار شیری بداتێ، ئەویش وا دەکات.[192]

٤ – ئەم باسە وانییە، کە مەریوان وای بۆچووە, کە چێژ وەرگرتنی سێکسیی بێت، بەڵکو ئەمە بابەتێکی (فیقهی)یەو لە مێژە وەك تەواوی بابەتە (فیقهی)یەکانی تر, زانایان قسەیان لەسەر کردووە، ئایا ئەگەر کەسێك بە گەورەیی شیری ئافرەتێك بخوات, دەبێتە منداڵی ....) یان نا؟ ئەمە لەو لایەنەوەیە، نەك شتی تر.[193]

کەواتە:

هەرچی مەریوان ویستویەتی لە سەر ئەو ڕووداوەی (سهلة) بیهۆنێتەوە، هەمووی هەڵوەشایەوەو بۆچوونەکانی نەشیاوە.

١٣٢ – لە لاپەڕە (٢٥٠)دا, دەقێکی هێناوە, باوەڕ بکەن لە دوورو نزیك پەیوەندی بە باسی "مژینی مەمك"ەوە نییە، دەقەکەش ئەمەیە: "ابن عمر دەڵێ: كنا نتقى الكلام والانبساط الى نسائنا على عهد النبي هيبة ان ينزل فينا شيء فلما توفى النبي تكلمنا و انبسطنا".

دەڵێین:

ئەم دەقە لە (صحيح البخاری)دایە، بەڵام مەریوان، چونکە زانیویەتی ئەمە پەیوەندی بە باسەکەوە نییە، بەبێئەوەی بیکات بە کوردی بۆ چەواشەکردنی خوێنەر وازی لێهێناوە.

واتاکەشی ئەمەیە: "ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا خۆمان دەپاراست لە زۆر قسەو کرانەوە لەگەڵ هاوسەرەکانماندا, لە ترسی ئەوەی نە وەکو شتێکمان لە بارەوە دابەزێت، بەڵام پاش وەفاتی پێغەمبەر قسەمان زۆر دەکردو ڕوومان لەگەڵیاندا زۆر دەکرایەوە ".

مەبەست لەمە ئەوەیە، واتە: لەو شتانەی کە دین نە قەدەغەی کردووە، وە نە حەرامی کردووە، خۆیان دەپاراست, واتە زیادەڕەوییان تێدا نەکردووە.[194]

١٣٣ – لە لاپەڕە (٢٥٠)دا، لە باسی تەڵاق و مارە بە جاشدا, دەنوسێ: "لە ئیسلامیشدا ئەم کلتورە دووبارە بۆتەوەو بەکارهاتووە، ئەمەش دەلالەتی خۆی هەیە". پاشان بۆ ئەم قسانەی ئایەتی (٢٢٩ –٢٣٠)ی سورەتی (البقرة) دەهێنێتەوە.

دەڵێین:

ئەو ئایەتەی مەریوان زیاتر بۆچوونەکەی لە سەر دروست کردووە، ئایەتی (٢٣٠)ی سورەتی (البقرة)یە، کە دەفەرمووێ: ﴿فان طلقها فلا تحل له حتى تنكح زوجاً غيره فإن طلقها فلا جناح عليهما أن يتراجعا إن ظنَا ان يقيما حدود الله﴾.

[192] سنن ابی داود، کتاب نكاح، باب: فمن حرم به، رقم (٢٠٦١)، والمصنف رقم (١٣٨٨٧).

[193] بۆ ئاشنابوون لەم بارەیەوە, بڕوانە: صحيح مسلم، رقم ١٤٥٣, فتح الباری, ج٩, ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (٥١٠٢) باب: من قال لا رضاعة بعد حولين, زاد المعاد, ج٥, ص٥٥٤ – ٥٩٣, سنن نسائى بشرح السيوطى وحاشية السندى, م٣, ج٦, ص١٠٣–١٠٥, باب: رضاع الكبير, المحلى شرح المجلى, ج ١١, المسالة (١٨٧١), (١٨٧٢), تفسير القرطبى, ج٣, ئایەتی (٢٣٣) البقرة, ج٥, ئایەتی ٢٣ النساء و رحمة الامة في اختلاف الائمة, ص ٤٥٢ –٤٥٣, الام, م ٣, ج٥, ص ٢٩ – ٣١, رضاعة الكبير, ج٥, المسالة السادسة.

[194] فتح الباری, ج٩, ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (٥١٨٧).

واتە: ئەگەر پیاوەکە لە سێیەم جاردا, ژنەکەی تەڵاقدا, ئەوە بۆی حەڵاڵ نییە، تا ئەو ئافرەتە شوو نەکاتەوە و جووت نەبێت لەگەڵ پیاوێکی تردا، جا ئەگەر ئەم پیاوی دووەمە ئافرەتەکەی تەڵاقدا، ئەوا خراپەیان لەسەر نییە، گەر بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر، ئەگەر زانیان دەتوانن پارێزگاری لە سنووەکانی خوا بکەن.[١٩٥]

کەواتە:

گەر کەسێك ژنەکەی سێ بە سێ تەڵاقدا، کاتێك جارێکی تر بۆی حەڵاڵە، گەر ژنەکە شوو بکات بە پیاوێکی ترو جووتبوون رووبدات، پاشان پیاوی دووهەم بە ویستی خۆی تەڵاقی بدات، ئینجا بۆ پیاوی یەکەم دروستە ئافرەتەکە بهێنێتەوە، بەڵام ئەگەر پیاوی یەکەم ڕێکەوت لەگەڵ پیاوێکی تردا، ئەگەر ژنەکەی لێ مارە بکات، پاش چوونە لای بۆی تەڵاق بداتەوە، ئەمە لە ئیسلامدا نادروستە و حەرامە و ڕێی پێنەدراوە، ئەوەشە پێی دەوڕێت "مارە بە جاش".

" مارە بە جاش" لە ئیسلامدا نییەو ئایەتەکەش بە هیچ جۆرێك باس لەوە ناکات، وەك ئەوەی مەریوان هۆنیویەتییەوە، چونکە هەر کات ئەو مەرج و باوانەی، کە هەیە، وەك لە هەندێ جێگەی وڵاتی خۆمان جاران دەکرا، ئەوە نادروستە، چونکە هێنانەوەی ژن کاتێك دروستە، کە پیاوی دووەم, بە بێ هیچ مەرج و ڕێکەوتنێکی پێشوەخت ژنەکە تەڵاق بدا، ئەوا ڕەوایە بۆ پیاوی یەکەم !، نەك دووان لە نێوانی خۆیاندا ڕێك بکەون.....هتد.

ئەمە کارێکە بە لای جەماوەری زانایانی ئیسلام، ڕێی پێنەدراوە، بە پشت بەستن بە چەندین فەرموودەی پێغەمبەر, کە دەفەرموێ:

١- نەفرینی خوا لەو کەسەی ئافرەتێك بۆ پیاوێك حەلاڵ دەکات و ئەوەشی بۆی حەڵاڵدەکرێت "لعن الله المحلل والمحلل له".[١٩٦]

٢- (إبن مسعود) دەڵێت: "پێغەمبەر نەفرینی کردووە لەوەی ئەم کارە دەکات و بۆی دەکرێت". (لعن رسول الله المحلل والمحلل له).[١٩٧]

چەندین فەرموودەی تر، کە (ابن کثیر) لە تەفسیرەکەیدا ڕێگەکانی باس کردووە.[١٩٨]

هەروەها ئەم کارە لە ئیسلامدا زانایان بە گوناهی گەورەیان داناوە.[١٩٩]

١٣٤- لە لاپەڕە(٢٥٢)دا، لە بارەی هەمان بابەت بەسەرهاتێك دێنێت، کە گوایە ئەمە بەهێزیی قسەکەی دەسەلمێنێت، بەم جۆرە باسەکە دەنوسێت: "(روفاعی قورەزی)، (تەمیمە)ی ژنی, سێ بە سێ تەڵاق دابوو، ئەویش شووی کردبۆوە بە (عبدالرحمن بن زبیر)....، بە قسەی ژنەکە (تەمیمە) (عبدالرحمن) لەزەتی لێ نابینێ و ئەویش تەڵاقی دەدات، (تەمیمە)ی تازە تەڵاقدراو, دەچێتە لای پەیامبەرو پێی دەڵێ: ژنی ڕوفاعە بووم و تەڵاقی دام، شوومکرد بە (عبدالرحمن)و هیچ چێژی لێ وەرنەگرتم، تەنها یەکجار هاتە لام و ئەویش بە هیچ دەرچوو، ئایا ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ لای مێردەکەم حەڵاڵ دەبم....؟، لەو کاتەدا (عبدالرحمن) لەگەڵ دوو کوڕیدا لەوێ دەبێ ودەڵێ: ئەی پەیامبەر درۆ دەکات، چۆن پێستە لە یەك جیا دەکرێتەوە، ئاوا یەکالای دەکەم (واتە عەورەتی دەدڕم)، بەڵام ئەو (تەمیمە) دەڵە، چاو لە دەرەو بە مێردی خۆی داناکەوێت و هەر ڕوفاعەی دەوێ، پەیامبەریش دەڵێ: ئەگەر وابێت ئەوە بۆ ڕوفاعە حەڵاڵ نیت، هەتا لە خۆشاوییەکەت نەچێژێ‌و لە خۆشاوییەکەی نەچێژی.... ". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە دەکات بە (صحیح البخاری, باب: الثیاب الخضر)، تەفسیری (ابن کثیر).

دەڵێین:

---

[١٩٥] بڕوانە: تفسیر (إبن کثیر) لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا.

[١٩٦] سنن إبن ماجە، رقم ١٩٣٦.

[١٩٧] سنن ابو داود، رقم ٣٤١٦، الجامع الترمذی (١١٢٠)، وأحمد فی سندە (٤٣٠٨).

[١٩٨] ابن کثیر، ئایەتی٢٣٠ البقرة.

[١٩٩] الزواجر عن إقتراف الکبائر، ج٢, الکبیرة ٢٦١ - ٢٦٢.

چەند ڕەخنەیەکمان لەسەر ئەمە هەیە، لەوانە:

١- لە هیچ یەکێك لەو سەرچاوانەی مەریوان نوسیوویەتی, نەهاتووە، کە ئەو ژنە ناوی (تەمیمە) بێت، نەك هەر ئەوەندە, بەڵکو (بوخاری) لە صەحیحەکەیدا، ئەم ڕووداوە لە چەندین جێگەو چەندین ڕێگەی جیاواز دێنێت، بەبێ ئەوەی کە ناوی ئەو ژنەی تێدا بێت!.

٢- لە (مستخرج)ەکەی (إسماعیلی)دا هاتووە، کە ئافرەتێك بووە لە (بنی قریضة)، وە (إمامی مالك) لە (الموطأ)ەکەیدا باسی دەکات، کە ناوی (تمیمة بنت وهب)، بەلاّم بە (مرسل)ی, ئەمە لە لایەك. لە لایەکی تریشەوە, جیاوازی هەیە، کە (تمیمە) چۆن دەخوێندرێتەوە؟ بە فەتحەی (تاء)ەکە، واتە بخوێندرێتەوە: (تەمیمە), یان بە بچووککراوەیی (تصغیر)، واتە بخوێندرێتەوە: (تومەیمە)؟, ئەوەی پەسەند بێت دووەمە.

٣- هەندێکیش وتویانە: "ناوی (سُهیمة)یە".[٢٠٠]

٤- ئەمە دەقە عەرەبییەکەیە:

"ان رفاعة طلق امراته فتزوجها عبدالرحمن بن الزبير القرظي، قالت عائشة: وعليها خمار اخضر، فشكت اليها وارتها خضرة بجلدها فلماجاء رسول الله، والنساء ينصر بعضهن بعضا، قالت عائشة: مارايت مثل ما يلقى المؤمنات، لجلدها أشد خضرة من ثوبها قال: وسمع أنها قد اتت رسول الله فجاء معه ابنان له من غيرها قالت والله مالي إليه من ذنب إلا أن ما معه ليس بأغنى عني من هذه، وأخذت هدبة من ثوبها، فقال: كذبت والله يارسول الله اني لأنفضها نفض الاديم، ولكنها ناشز تريد رفاعة، فقال رسول الله فإن كان ذلك لم تحلى له أو لم تصلحى له، حتى يذوق من عسيلتك ......الحديث".[٢٠١]

واتە: ڕیفاعە، خێزانەکەی خۆی تەلاقدا, پاشان مێردی کردەوە بە (عبدالرحمن بن الزبیری قورەزی)، عائیشە دەڵێت: سەرپۆشێکی سەوزی دابوو بەسەریدا، شکایەتی حاڵی خۆی لای عائیشە کرد، وەسەوزاییەك بە پێستییەوە بوو, نیشانی عائیشەیدا, پاشان کە پێغەمبەر هات, ئافرەتانیش پشتگیری یەکتر دەکەن و یارمەتی یەکتر دەدەن، عائیشە وتی: بەڕاستی نەم بینیوە ئەوەندەی, کە ئافرەتە باوەڕدارەکان تووشی دێن، مەبەستی ناڕەحەتییەکە, کە توشیان دێت، پێستی ئەو ژنە لە سەر پۆشەکەی سەوزترە، جا (عبدالرحمن) بیستی کە ژنەکەی چووە بۆ لای پێغەمبەر، ئەویش هات و دوو کوڕی خۆی لەگەڵدابوو، کە لەم ژنە نەبوون، ئافرەتەکە, وتی: سوێند بە خوا من شکایەتی هیچ تاوانێکم بەلای (عبدالرحمن)ەوە نییە، تەنها ئەوە نەبێت ئەوەی، کە پێیەتی (مەبەستی عەورەتی پیاوەکەیەتی) بە ئەندازەی ئا ئەمە سوودی بۆ من نییە، دەستی برد ڕیشوویەکی لە پۆشاکەکەی گرت، (واتە عەورەتی مێردەکەی وەکو ئەو ڕیشووە لاوازو باریکە)، (عبدالرحمن) وتی: سوێند بە خوا پێغەمبەر درۆ دەکات، من وەك چۆن پێستە دەتەکێنرێت، ئاوا دەیتەکێنم و دەیجوڵێنم، بەلاّم ئەو خۆی سەرپێچی مێردی دەکات و ڕقی لێیەتی (واتە ڕقی لێمە), ڕیفاعەی دەوێت, پێغەمبەریش فەرمووی: گەر ئەمە وایە، ئەوا تۆ بۆ ڕیفاعە حەلاڵ نیت، یان فەرمووی: ناگونجێی بۆی، هەتا (عبدالرحمن) چێژ لە جووتبوونت وەرنەگرێت.

لە گێڕانەوەیەکی تردا: "هەتا تۆش چێژ لە جووتبوونی ئەو وەرنەگریت".[٢٠٢]

کەواتە:

أ-"لەو کاتەدا عبدالرحمن لەگەڵ...". هەڵەیە,(عبدالرحمن) کە دەبیستێ ژنەکەی چووە شکات بکات، ئینجا ئەویش دەڕوات بۆ ئەو جێگەیە.

---

[٢٠٠] بڕوانە: فتح الباری، رقم الحديث (٥٣١٧) باب: اذا طلقها ثلاثا ثم تزوجت.....

[٢٠١] صحيح البخاری، مع الفتح ج١٠, باب: الثياب الخضر رقم (٥٨٢٥).

[٢٠٢] صحيح البخاری، رقم (٥٢٦٠ و ٥٣١٧).

ب- "چۆن پێستە لە یەك جیا دەكرێتەوە..". ئەمە وانییە, چونكە وشەی "نفض" بە واتای جولاندن و تەكاندن دێت، پاشانیش پێستە دەتەكێندرێت، نەك یەكالا دەكرێتەوە.[٢٠٣]

ج- "بەلام دەلە......, چاوله دەره.....". واتاكردنێكی زۆر سەقەتە، چونكە وەك لە دەقە عەرەبییەكەدا هاتووە, دەلێ: "ناشز" ئەم وشەیەش بە ئافرەتێك دەوترێت، كە بە گوێی مێردەكەی نەكات و ڕقی لێی بێت.[٢٠٤]

د- "هەتا لە خۆشاوییەكەت...". ئەمەش هەلەیە، چونكە "عسیلة" بچوكراوەی "عسل"ە، بە واتای هەنگوین دێ، مەبەستیش لەم دەستەواژەیە، وەك زانای زمانزان (الازهری) دەلێ: واتە شیرینی جووتبوونە, ئەمەش بەوە دەلێن، كە سەری عەورەتی پیاوەكە لە ناو عەورەتی ئافرەتەكەدا وون ببێ، وە جەماوەری زانایانیش دەلێن: "مەبەست لەم دەستەواژەیە (كنایە)یە, لە جووتبوون، بە وونبوونی عەورەتی پیاوەكە لە ناو عەورەتی ئافرەتەكەدا".[٢٠٥]

هـ- هەروەها مەبەستیش لەو برگەیە "وەك چۆن پێستە.....". لەوەیە, كە بە هێزو بە توانایە، ئەو كەسەی كە پێستە دەتەكێنێت, پێویستی بە بازوی پتەوو بەردەوامییە.[٢٠٦]

و- پاشانیش ئەم بەسەرهاتە, بەلگە نییە بۆ بۆچوونەكەی مەریوان، بەلكو ئەمە ئەو بۆ چوونەی مەریوان ڕەتدەكاتەوە، كە پێیوایە "مارە بە جاش" لە ئیسلامدا هەیە, ئیسلام, هەر چەشنە گرێبەستێك كە لەو چەشنە بێت, ڕەفزە لای و بە گوناهی گەورە و گرێبەستێكی بەتالی دادەنێت. وەك پێشتریش باسمان كرد.

١٣٥- لە لاپەڕە(٢٥٩)دا، لە باسی ژن و سێكسی زێڕیندا, باس لەوە دەكات، كە مارەكردنەوەی ژنی باوك, ئیسلام ڕێگەی پێداوە.

دەلێین:

١- ئیسلام، كاتێك هات, كۆمەلێك دابونەریت خۆی سەپاند بوو بە سەر ئەو كۆمەلگە نەفامەدا، بۆیە ئیسلام, پلە بە پلەو قۆناغ بە قۆناغ, هەولیدا ئەو شتانەی كە ناڕەوایە نەیهیلێ، یەك لەو باوە نادروستانە، مارەكردنی "ژنی باوك" بوو، كە لە نێو عەرەبدا باو بوو، بەلام خوای گەورە ئەم باوەی قەدەغە و حەرام كرد، وەك دەفەرموێت: ﴿ولاتنكحوا ما نكح اباؤكم من النساء الا ما قد سلف انه كان فاحشة و مقتاً و ساء سبیلاً﴾ النساء/٢٢.

ئەم ئایەتە بەچەند جۆرێك ڕاڤە كراوە:

١- "ئێوە ئەو ئافرەتانە مارە مەكەن، كە باوكتان مارەیان كردوون، تەنها ئەوەنە بێت, كە لەڕابردوودا ڕوویدا، ئەوەش دەبێت وازی لێبهێنن و دوور بكەونەوە لێی, چونكە بەڕاستی ئەمە كارێكی خراپەو دەبێتە مایەی ڕق و خراپترین ڕێگەیە".

٢- هەندێكی تر, لەوانە (قرطبی) ئاوا ڕاڤەی كردووە: "ئێوە وەك ئەوەی باوكانتان بە شێوەی نادروست و پێچەوانەی دینی خوا، كە ژنیان مارە دەكرد، ئێوە بەو جۆرە مارەی مەكەن ، بەلكو بە پێی یاسای خوا ژن مارە بكەن، مەگەر ئەوە نەبێت، كە لە پێشدا بە پێی شەرعی خوا مارە نەكراوە".[٢٠٧]

بەلام ئەوەی پەسەندو ڕاستر بێت، ڕاڤەی یەكەمە (وەك قورطبی) دەلێت، (ابن كثیر)یش بە هەمان شێوە ڕاڤەی كردووە... .[٢٠٨]

---

[٢٠٣] بروانە: مقدمة فتح الباری, ص٢٧٢, فصل (ن, ف), ومختار الصحاح مادة (ن, ف, ض).

[٢٠٤] بروانە: مختارالصحاح, مادة(ن, ش, ز).

[٢٠٥] بروانە: فتح الباری, ج٩ باب: اذا طلقها ثلاثاً ثم تزوجت بعد العدة . فەرموودەی ژمارە(٥٣١٧).

[٢٠٦] بروانە: فتح الباری, ج١٠, باب: الثیاب الخضر, رقم (٥٨٢٥).

[٢٠٧] بروانە: تفسیر القرطبی، ج٥, آیة ٢٢ النساء .

[٢٠٨] بروانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، وتفسیر ابن كثیر.

٣ – ئەوەی پشتگیریی بۆچوونی یەکەم دەکات, هۆی دابەزینی ئایەتەکەیە، کاتێك (ابو قيس بن الاسلت) دەمرێ، کە یەکێك بوو لە پیاو چاکەکانی (ئەنصار), کوڕەکەی دەیەوێت ژنەکەی باوکی بهێنێتەوە، بۆیە دەچێتە داوای، ئافرەتەکەش پێی دەڵێ: من تۆم وەك منداڵێکی خۆم داناوە، پاشان تۆ یەکێکی لە پیاو چاکەکانی هۆزەکەت، بەڵام با بچم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ), پرسێکی پێبکەم، دەچێ باسەکە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەگێڕێتەوە ولێی دەپرسێ: کە ڕای ئەو چییە؟ ئەویش پێی دەفەرموێت: بگەڕێرەوە بۆ ماڵی خۆت، ئیتر ئایەتی ﴿ولاتنكحوا ما نكح اباؤكم.....﴾ دادەبەزێ.[٢٠٩]

٤ – بە یەکدەنگیی زانایانی ئومەتی ئیسلام، هەر ئەوەندەی باوك گرێبەستی مارە بڕینەکەی کرد، ئیتر ئەو ئافرەتە لە سەر منداڵەکانی حەرام دەبێت.[٢١٠]

٥ – جگە لەم ئایەتەش، چەندین فەرموودە هەیە لەم بارەیەوە, ئەوەی کە شتی وەها بکات, بە هەڵگەڕاوە دەژمێردرێت ودەبێ بکوژرێ, هەرچیشی هەیە لە ماڵ و دارایی دەچێتە (بيت المال)ەوە.[٢١١]

٦ – لەو فەرموودانە لەم بارەیەوە:

ا – (بەڕراء) دەڵێ: "گەیشتم بە خاڵم (ابو بردە) ئاڵایەکی بە دەستەوە بوو، وتی: پیاوێك ژنی باوکی هێناوەتەوە, پێغەمبەریش(ﷺ) منی ناردووە، کە بچم بدەم لە گەردنیو ماڵەکەشی بهێنم".[٢١٢]

ب –(بەڕراء) دەڵێ: "دەگەڕام بە شوێن وشترێکمدا لێم وون ببوو، لە پڕ گەیشتم بە چەند سوارێك، ئاڵایەکیان پێبوو، دەشتەکییەکان دەیانزانی کە من هاوەڵی پێغەمبەرم(ﷺ) بە دەورمدا دەسوڕانەوە، ئەوەبوو سوارەکان چوونە خێمەیەك و پیاوێکیان لەوان دەرهێناو ودایان لە گەردنی، منیش کە پرسیام لێکردن، وتیان ئەمە ژنی باوکی مارە کردۆتەوە.[٢١٣]

ج – پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: هەر کەسێك لەگەڵ ئافرەتێکی مەحرەمدا دروست بێ دەستبەجێ بیکوژن, "من وقع على ذات محرم فاقتلوه".[٢١٤]

کەواتە:

لەپەیامی خوادا ئەم کارە نادروستەو حەرامە، جا (من عمل صالحاً فلنفسه ومن اساء فعليها) فصلت/ ٤٦.

تێبینییەك:

لەوانەیە پرسیار بکرێت، ئەی مانای "الا ماقد سلف" چی لێدەکەن؟

دەڵێین:

ئەم (إلا)یە (استثناء)ی (منقطع)ە, واتاکەی بەو جۆرە ئەبێتەوە, کە سەرەتا لە خاڵی یەکەمدا باسمان کرد، کە ئەمە بۆچوونی (قورتوبی)یشە.[٢١٥]

هەتا مەریوان خۆیشی, یەك دوو نموونە باس دەکات، کە چۆن (عمر بن الخطاب) ڕێگری لەم کارە کردووە.[*]

گەرچی ئەوانەی ئێمە هێنامانەوە، شیفای دڵ دەدات، بەڵام بۆیە ئاماژەماندا بەوەی کە مەریوانیش هێناویەتی، ئەمە لە بابەتی (ولايحيق المكر السيء الا بأهله..) فاطر/٤٣ یەو هیچی تر!.

---

[٢٠٩] تفسير القرطبي وابن كثير.

[٢١٠] تفسير ابن كثير، آية/٢٢ النساء.

[٢١١] ابن كثير, زاد المعاد، ج٥، ص١٤-١٦.

[٢١٢] رواه احمد/٢٩٥ والنسائي ١٠٩/٦, ١١٠ باب: نكاح ما نكح الاباء، والترمذي رقم(١٣٦٢), وابو داود رقم (٤٤٥٧).

[٢١٣] رواه ابوداود، رقم (٤٤٥٦) واحمد في المسند ٢٩٥/٤.

[٢١٤] رواه ابن ماجه (٢٥٦٤) كتاب الحدود، باب: من اتى ذات محرم....

[٢١٥] بڕوانە: تفسير القرطبي، ج٥, آية ٢٢ النساء.

[*] بڕوانە: مەریوان هەڵەبجەیی (ه.س.پ), لاپەڕە/٢٥٩-٢٦٠.

١٣٦- لە لاپەڕە (٢٦٠)دا, دەنوسیٚ: "صەحابەیەك دەڵیٚ: هەرچییەکمان دەکرد، یەکسەر پەیامبەر ئایەتێکی بۆ نازڵ دەکردین, ئێمەش لە زەمانی پەیامبەردا خۆمان دەپاراست لەوەی قسەی خۆش وگاڵتەو گەپ و یاری لەگەڵ ژنەکانماندا بکەین، ئەترساین لەوەی ئایەتێکیش لەم بارەیەوە نازڵ ببیٚ، کە پەیامبەر وەفاتی کرد، ئێمەش دەستمان کرد بە قسەی خۆش وگاڵتەو گەپ".

دەڵێین:

سەیری ئەم چەواشەکارییە بکەن، چۆن مەریوان هەرچی ئارەزووی بیخوازێت, وا شت دەینوسیٚ ولێکی دەداتەوە، ئەو دەقە, هەر مەریوان خۆی, لە لاپەڕە (٢٥٠)دا دەقە عەرەبییەکەی نوسیوە، بەڵام چونکە پەیوەندی بە مەبەستەکەوە نەبووە لە وێدا واتای نەکردووە، لێرەشدا هاتووە چەند گۆڕانکارییەکی لە واتاکەیدا کردووە. دەقە عەرەبییەکە قسەیەکی (ابن عمر)ە کە دەڵیٚ: "كنا نتقى الكلام والانبساط الى نسائنا على عهد النبى (ﷺ) هيبة ان ينزل فينا شىء, فلما توفى النبى(ﷺ) تكلمنا وانبسطنا".

واتە: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ خۆمان دەپاراست لەوەی لەگەڵ خێزانەکانماندا قسە بکەین و بکرێینەوە, لە ترسی ئەوەی نەکا شتێکمان لە بارەوە دابەزیٚ، بەڵام کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، قسەمان زۆر دەکردو ڕوومان کرایەوە لەگەڵیاندا.

مەبەست لەم قسەو کرانەوەیە, ئەو جۆرە بوو کە بە "مباح" ناسراوە، واتە ڕەوا بوو بیکەن، بەڵام ئەوەی دەچووە نێو بازنەی (البراءة الاصلية) بەم جۆرە دەترسان کە قەدەغەکردن، یان حەرامکردن دابەزیٚ لەبارەیەوە، وەك (ابن حجر)[216] بۆی چووە.

تێبینی:

مەبەست لەوەی سەرەوە ئەوە بوو، کە باسمان کرد، دەنا خودی پێکەنین وکردنی قسەی خۆش لەگەڵ خەڵکی، بەتایبەت ماڵ وخێزان، یەکێکە لەو دیاردانەی، کە ئیسلامی پێدەناسرێتەوە، مەگەر نابینریٚ، کە خوا بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموویٚت: ﴿ولوكنت فظاً غليظ القلب لانفضوا من حولكَ...﴾آل عمران/١٥٩.

واتە: "ئەی محەممەد، ئەگەر تۆ کەسێکی مڕو مۆچ بویتایەو قسەت ناشرین بوایە، ئەوا ئەو خەڵکە لە دەورت نەدەمان وچواردەوریان چۆڵ دەکردیت ٠[217]

هەتا بەجۆریٚ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕووخۆش و قسە شیرین و دەم بەپێکەنین بووە، زانایان کاتیٚ دانراویان لە بارەی ژیانییەوە نوسیبیٚ، باسی دادوەریی و نوێژو جەنگ و لایەنی کۆمەڵایەتی ....هتد, کردبیٚ، باسێکی سەربەخۆشیان بۆ پێکەنین و قسە خۆشەکانی داناوە, لەوانە: پێشەوا (تیرمیذی)، کە لە (الشمائل المحمدية)یەکەیدا دوو باسی سەربەخۆی نووسیوە، یەکێکیان لەبارەی "پێکەنین", ئەویتریان "گاڵتەو سوعبەت"ەکانی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم).

ئەوەتا (عبدالله بن الحارث) دەڵیٚ : "کەسم نەبینیوە ئەوەندی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەم بە پێکەنین بوبیٚ، "ما رأيت أحداً أكثر تبسماً من رسول (صلى الله عليه وسلم)".[218]

(جرير بن عبدالله) دەڵیٚ: "لەوکاتەی موسڵمان بووم، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەنعی نەدەکردم لە چوونە ژوورەوەم بۆ لای، هەر کاتێکیش منی بدیبایە، پێدەکەنی بۆم"، ﴿ما حجبنى رسول الله (صلى الله عليه وسلم) منذ أسلمت ولا رانى إلا ضحك﴾[219].

---

[216] فتح البارى،ج٩، رقم(٥١٨٧).

[217] بڕوانە: ابن كثير، لەو بارەیەوە.

[218] رواه الترمذي، فى المناقب، رقم (٣٦٤٥).

[219] صحيح البخارى، كتاب المناقب، باب، (ذكر جرير بن عبدالله)، ومسلم فى الفضائل، رقم (٢٤٧٥).

دیارترین نمونە بەسەرهاتەکەی (حنظلة)یە، کە پێیوایە پێکەنین و یاریکردن لەگەڵ خێزان و ماڵ و منداڵدا, نیشانەی دووڕوییە، بەڵام پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) تێی دەگەیەنێت، کە هەموو شتێ کاتی خۆیو جێگەی خۆی هەیە[٢٢٠].

هەتا (ابن عباس) دەستوری وابوو، کە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دادەنیشت و ماوەیەك قسەی بۆ دەکردن، دوایی دەیوت: "دەی دانیشتنەکە مزرو خۆش بکەن" ,(دیارە بەشتی ڕێك و جوان)[٢٢١].

نمونە گەلێکی زۆر لەو بارەوە هەیە, بەڵام بەوەندە واز دێنین[٢٢٢].

جا بەڕێزان:

سەرنجێك بدەن لە نێوان ئەو دەقەی مەریوان نووسیبوی و ئەو دەقە عەرەبییەش, کە ئێمە هێناومانە، ئیتر خۆتان دادوەرێکی بە ویژدان بن!.

١٣٧- لە لاپەڕە (٢٦٥)دا, دەقێکی عەرەبی دێنێ, بەم جۆرە: "أن امرأة كان يقال لها أم مهزول من أجمل النساء وهي من البغايا التسع اللاتي كن في الجاهلية فأراد بعض الصحابة أن يتزوجها فنزلت: (الزانى لاينكح...... ".

پاشان بەم جۆرە واتای دەکات: "ژنێك هەبووە بە ناوی (أم مهزول) ئەم ژنە یەکێك بوو لەو نۆ ژنەی، کە لە سەردەمی جاهیلیدا لەشفرۆشیان دەکرد، لە جوانترین ژن بووە، دواتر کە ئیسلام هات, ئەویش ئیمانی هێناو موسڵمان بوو، لەبەر جوانییەکەی, هەندێك لە صەحابەکان ویستویانە بیخوازن، بەڵام حوکمی ئەم ئایەتە ڕێگرییان لێدەکات: (الزانی لا ینکح.....).

دەڵێین:

بەڕێزان، من دەپرسم لە کوێی ئەو دەقە عەرەبییەی، کە مەریوان نوسیویەتی ئەمانەی تێدایە:

أ- "ئەویش ئیمانی هێناو موسڵمان بوو....". تەحەددای مەریوان دەکەم تەنیا سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بهێنێ لە سەر موسڵمانبوونی (أم مهزول)، کە ناشتوانێ، چونکە شتی وانییە.

ب- "لەبەر جوانییەکەی .....", ئەوەی کە هەیە پێچەوانەی ئەمەیە، ئەویش ئەم ژنە بە مەرجی گرتبوو هەر کەسێ بیهێنێ, ئەم بژێویی ئەو پیاوە دابین دەکات[٢٢٣].

ج- مەریوان وای نوسیوە، کە (عبدالله بن عمر) باسەکە دەگێڕێتەوە, هەر وەکو لە لاپەڕە (٢٦٥)ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا (عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عاص) ە[٢٢٤].

ئەمە، جگە لەوەی کە ئایەتی (٣)ی سورەتی(النور)ی, بە سەقەتی واتا کردووە، ئێمە لە بڕگەی (١٠٧)دا بە درێژی قسەمان لە سەر کرد.

١٣٨- لە لاپەڕە (٢٦٥ - ٢٦٧)دا, لە باسی خالیدو شەڕی هەڵگەڕاوەکاندا, باسێکی دوورو درێژی سەبارەت بە (خالید)و هۆکاری کوشتنی (مالك بن نويرة) دەنووسێت، کە گوایە خالید، لە بەر جوانی ژنەکەی، (مالك) دەکوژێ، تا ڕابوێرێ لەگەڵیدا، ئەوەی زیاتر بابەتی قسەکانی ئێمەیە ئەوەیە، کە مەریوان هەندێ چەواشەکاریی لە نوسینی ئەم ڕووداوەدا کردووە، دەنوسێ: "کە خالید دەگاتە ناوچەکە بە هۆی چەند کەسێکەوە لەگەڵ مالك بەیەك دەگەن و پاش ئەوەی مالك باوەڕو بڕوا هێنانی خۆی بۆ خالید دووپات دەکاتەوە، پێکەوە نوێژێك دەکەن، بە تەواو بوونی نوێژەکە

---

[٢٢٠] بڕوانە: صحيح مسلم كتاب التوبة، باب/ فضل دوام الذكر ،وابن ماجه (٤٢٣٩) وابن حبان (٢٤٩٣).

[٢٢١] مقدمة أخبار الحمقى والمغفلين لابن الجوزي، ص٢٤.

[٢٢٢] بۆ ئاشنا بوونی زیاتر بڕوانە: الشمائل المحمدية، ص ١٢٠بۆ ١٢٨ الترمذي، اختصار و تحقيق محمد ناصر الدين الالباني، هەروەها پێشەکی (اخبار الحمقى والمغفلين, لابن الجوزي)، تقديم وتعليق: رضوان جامع رضوان.

[٢٢٣] بڕوانە: إبن كثير، القرطبی ئایەتی (٣) النور.

[٢٢٤] بڕوانە :إبن كثير ، القرطبي، تفسير الجلالين.

شمشێر بازەکانی خالید پەلاماری شمشێرەکانیان دەدەن و مالك و هاوەڵانی دەستگیر دەکەن ....، لە ناویاندا هاوسەرەکەی (مالك)ی تێدا بووە، ئەم ژنە یەکێك دەبێت لە ژنە جوانە بە ناوبانگەکانی عەرەب، بە تایبەت جوانی ڕوو چاوەکانی چەندین شیعری لەسەر دەنووسرێ، ئەم جوانییە سەرنجی خالید ڕادەکێشێ...... خالید بە مالك دەڵێ: من بکوژی تۆم، مالك پێی دەڵێ: ئەبوبکر ئەم فەرمانەی پێکردویت؟ ....مالك، سەیرێکی ژنەکەی خۆی دەکات و ڕوو دەکاتە خالیدو دەڵێت: ئەم ژنەم کوشتمی، واتە: جوانی ئەم ژنەم, وای لێکردی بمکوژی, بۆ ئەوەی دەستی بە سەردا بگریت ....، خالیدیش پەلی ژنەکەی مالك دەگرێ و لەگەڵ خۆی دەیبات و ....هەر ئەو شەوە لەگەڵی جووت دەبێ ....". پاشان مەریوان بۆ هەڵخەڵەتاندنی خوێنەر هەندێ سەرچاوە دەنوسێ, وەك (تأريخ طبري والاصابة وفيات الاعيان) کە ئەمانە زۆرتر متمانەپێکراون لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی دیکە.

دەڵێین:

جارێ با سەرەتا بزانین (مالك بن نويرة) کێ بووەو بۆ خالید کوشتی؟.

(مالك بن نويرة) لەو عەرەبانە بوو، کە هاتن بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانبوونی خۆیان ڕاگەیاند، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) کردیە سەرپەرشتیارو کۆکەرەوەی زەکات و خێرو خێراتی نێو هۆزەکەی، بەڵام کاتێ کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وەفات دەکات، چەندین کەس لە عەرەبەکان هەڵگەڕانەوەو زەکاتیان نەدا، (مالك بن نويرة)یش یەکێك بوو لەوانە، ئەمە جگە لەوەی کاتێ (سجّاح) بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد, (مالك) چووە پاڵی و پەیوەندی پێوە کرد، هەتا لە (الاصابة)دا, هاتووە کاتێ، کە دەبیستێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەفاتی کردووە، هەرچی ماڵێکی زەکاتی لادەبێ, گلی دەداتەوەو دابەشی دەکات بەسەر هۆزەکەیداو لەم بارەوە ئەم یەك دوو دێڕ شیعرەش دەڵێ:

فَقلتُ خُذُوا أموالَكم غَيرَ خائفٍ ولا نَظَر فيما يجيءُ من الغد

فإنْ قام بالدِّينِ الْمَحُوقِ قائم أطَعْنا وقُلْنا الدينُ دينُ محمد

واتە: دەڵێم: بەبێ ترس ماڵەکانتان وەرگرنەوەو چاوەڕێ ناکرێ لەوەی، کە سبەینێ چی دێت و ڕوودەدات، خۆ ئەگەر کەسێ هەستاو کاری ئەم دینە نەماوەی گرتە دەست, ئێمە پێی دەڵێین: وەختی خۆی گوێڕایەڵیمان هەبووەو دینیش هەر بە (محمد)ەوە دینە، کە ئەو نەما دینیش نامێنێ. ئەمە واتای هۆنراوەکەی بوو بە شێوەی پەخشان.

(خالید)یش لەو کاتەدا، کە خەریکی جەنگی هەڵگەڕاوەکان دەبێ، ڕووەو جێگەو شوێنی خێڵی (تەمیمی)یەکان دەچێت، کە (مالك) یەکێك دەبێ لەو خێڵە، تا دەگەنە جێگەیەك، کە پێی دەوترێ (البطاح), لەوێ دەستەو کۆمەڵێکی وەها بەدی ناکەن، بۆیە (خالید) لە سوپاکەی چەند دەستەو مەفرەزەیەك دەنێرێت و بڵاوەیان پێدەکات بەو ناوەدا، (مالك) سەر لە ڕووداوەکە دەرناکات، بۆیە خۆی لە هۆزەکەی بەدوور دەگرێت، جا دەستەیەك لە سوپاکەی (خالید) کە (أبو قتادة)شی تیادابووە, دوانزە پیاو دەستگیر دەکەن، کە لەناویاندا (مالك)ی تێدا دەبێ, خالید بانگی (مالك) دەکات و سەرزەنشتی دەکات لە سەر ئەوەی، کە بۆ شوێن (سجاح) کەوتووەو زەکات نادات؟ هەروەها پێی دەڵێ: مەگەر نازانی زەکات هاوشانی نوێژە؟, (مالك) دەڵێ: ئەوە هاوەڵەکەی ئێوە, مەبەستی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم), گومانی وایەو وەختی خۆی وایدەوت، خالیدیش پێی دەڵێ: بۆ تۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە هاوەڵی خۆت نازانی؟, بۆیە (خالید) فەرمان دەدات بە (ضرار بن الازور) بدات لە گەردنی (مالك) ،(مالك) ئاوڕ دەداتەوە بۆ لای خێزانەکەی و دەڵێ: ئا ئەمە منی کوشت، خێزانەکەی (مالك) لەوپەڕی جوانیدا بووە، بەڵام خالید دەڵێ: نەخێر, بەڵکو خوا دەتکوژێ, چونکە تۆ لە ئیسلام پاشگەزبوویتەوە, ئیتر (ضرار) دەدا لە گەردنی .... . دەربارەی خێزانەکەشی لە (وفيات الاعيان)دا, چەند بۆچوونێك باسکراوە، هەندێ وتویانە لە دەسکەوتی جەنگەکە دەیکڕێتەوەو پاشان مارەی دەکات،

هەندێکی تر دەڵێن: لە پاش ئەوەی ئافرەتەکە سێ سوڕی مانگانە تەواو دەکات، خالید دەچێت خوازبێنی دەکات و ئەویش ڕازی دەبێت [٢٢٥].

تێبینی:

١ – (إبن حجر) لە (الاصابة)دا, دەڵێ: "کاتێ (مالك) بە ژنەکەی خۆی دەڵێ: تۆ منت کوشت، واتە لە پێناو تۆدا دەکوژرێم، ئەمە وەك گومانێکی خۆی وای وتووە و ئیتر ڕێکەوتووە کوژراوە، نەك ئەوە بێ، کە لەبەر خاتری ژنەکەی دەکوژرێ، وەك گومانی بردووە". [٢٢٦]

٢ – (مالك) لەبەر هەڵگەڕانەوەی لە ئیسلام و دانەنانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە پێغەمبەری خۆی، هەروەها ئەوەی بەڵگەیەتی هەڵگەڕاوەی (مالك) دەگەیەنێت ئەوەیە, کاتێ (متمم)ی برای (مالك) لە چەند دێڕە شیعرێکدا (مالك) دەلاوێنێتەوە، (عومەر) دەڵێ: خۆزگە منیش هۆنینەوەی شیعرم بزانیایە، وەك تۆ چۆن براکەت دەلاوێنیتەوە، منیش ئاوەها (زەید)م بلاواندایەتەوە، (متمم)یش بە (عومەر) دەڵێ: ئەگەر براکەی منیش وەك براکەی تۆ بڕۆیشتایە، ئەوا قەت نەمدەلاواندەوە، بۆیە (عومەر) دەیوت: هیچ کەسێ ئەوەندەی (متمم) لە سەرەخۆشی (زەید)ی برام بۆم کاریگەر نەبووەو سەبوری پێنەداوم [٢٢٧].

کەواتە:

أ – "کە خالید دەگاتە ناوچەکە ...." ، "بەتەواو بوونی نوێژەکە......." .

ب – "جوانی پوزو ...." ، "ڕودەکاتە خالید ...." .

ج – "هەر ئەو شەوە لەگەڵی جوت دەبێ ...." و ئەمانە و چەندین چەواشەکاریی تر، کە بۆ کەسێك خۆی بە نووسەرو خوێندەوار بزانێت شتێکی ناشیاوە، کە بەم جۆرە مامەڵە بکات لەگەڵ هەر کولتوورێکدا، گەرچی کولتوورەکەش دژی بیرو هۆشی ئەو کەسە بێت!.

د – کارەکەی (خالید)یش گەر بە باش دانەنرێت، ئەوە تەنها وەك مرۆڤێك کردوویەتیو ڕەخنە بەمە لە ئیسلام ناگیرێ و (خالید)یش وەك تەواوی کەسەکانی تر (معصوم) نییە.

خۆزگە خەڵکی خوێندەواری ئێمە، ئەوەندە هۆشمەند دەبوون، گەر شتێکیان بەرچاو بکەوێت، بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی شتەکان، خۆ خراپی تێدا نییە, ئەگەر خوێنەریش وەك نوسەر، بەڵام کەمێك ماندوو ببێت، ئەگەر خوێنەرەکانی وڵاتی ئێمە گەیشتنە ئەو ئاستە لەو باوەڕەدام کەس ناتوانێ "چاوبەست"، "فێڵ"، "درۆ"یان لەگەڵدا بکات.

١٣٩ – تا ئەو کاتەی گەیشتمە ئەم جێگەیەی ئێستا بۆتان باس دەکەم، زۆر گومانم بەلای ئەوەدا دەچوو، کە ڕەنگە مەریوان تەنها کێشەی نەشارەزایی بێت، بەڵام کە گەیشتمە ئەم شوێنە (لاپەڕە ٢٧١)ی کتێبەکەی زانیم، کە چەندە دڵ پڕ لە قینە بەرامبەر بە وشەکانی: (خوا، پێغەمبەر و ئیسلام) خەڵکینە سەرتان سوڕدەمێنێ، لەوانەیە زۆر بە لاتانەوە گرنگ بێت ئاخر نوسەرێك بە حساب خۆی بە ڕۆشنبیرو گەڕۆك بە دوا ڕاستیدا، بەڵام ئا بەم جۆرە ڕەفتار بکات، واباشە خۆتان بیخوێننەوە.

لە لاپەڕە (٢٧٠ –٢٧١)دا، دەقێکی عەرەبی دێنێ، دواتر دەیکاتە کوردی، پاشتریش وەك سەرچاوە ئاماژە دەدات بە (صحیح مسلم), لە سەرەتاوە وەرگێڕانەکەی مەریوان دەنوسم، کە لە (إیاس بن سلمة)و دەنوسێ: "لە کاتی غەزای

---

[٢٢٥] بڕوانە: ئەم ڕووداوە لە (البدایة والنهایة)م٣، ج٦، ص ٣٢١ ـ ٣٢٣ ، (الاصابة فی تمیز الصحابة)ج٣, ص ٣٥٧، حرف المیم / القسم الاول، (وفیات الاعیان)ج٦، ص١٤، (رفع الخفا شرح ذات الشفاء)، ج٢، ص ١٥٠ـ ١٥١.

[٢٢٦] الاصابة، ج ٣، ص ٣٥٧.

[٢٢٧] بڕوانە: رفع الخفا شرح ذات الشفاء، ج٢، ص١٥١، للعلامة : محمد بن الحاج حسن الالانی الکردی، تحقیق/ حمدی عبد المجید السلفی و صابر محمد سعدالله الزیباری.

هەروەها تأریخ الخلفاء الراشدین، ج١, ص ٢٦٩ ـ٢٧٣, د. علی محمد محمد الصلابی.

(فزارة)دا کۆمەڵێك جاریەو سەبایام دەستکەوت، پێشیخۆم دابوون لەو هۆزەدا ژنێکی تێدا بوو لە جوانەکانی عەرەب بوو، گەیشتینە مەدینەو هێشتا نەچوو بووم بە لایا، جلەکانیم لە بەر دانەکەندبوو، لە ڕێگە پەیامبەرم پێگەیی و وتی: ئەی (سلمە) ئەو ژنەم پێببەخشە، منیش پێم وت: ئەی پەیامبەری خوا بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشاوم و هێشتا جلیشم پێدانەکەندووە، واتە نەچووم بە لایدا، بۆ ڕۆژی دوایی پێی وتمەوە: بیکە بە خاتری خوای باوکت ئەو ژنەم پێببەخشە، منیش پێم وت: با بۆ تۆ بێت بەخوا هێشتا جلەکانیم لەبەر دانەکەندووە".

مەریوان تا ئێرەی هێناوەو نووسیوە .

دەڵێین:

یەك تکاتان لێدەکەم ئەمەی، کە منیش دەینوسم زۆر بە وردی سەرنجی لێبدەن، چونکە زۆر گرنگە، من ئێستا ڕووداوەکە وەك خۆی لە (صحیح مسلم)دا, دەهێنم و پاشان دەقە عەرەبییەکەش، جا بزانن مەریوان کێیە!.

(إیاس کوڕی سلمة) دەڵێ: "باوکم بۆی گێڕامەوە وتی: غەزای (بني فزارة)مان کردو پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) أبوبکری کردبووە ئەمیرمان، کاتێك کە ماوەیەك مابوو لە نێو ئێمەو ئاوەکەدا، (أبوبکر) فەرمانی پێکردین کە بار بخەین، ئێمەش بارمان خست، لە کۆتایی شەو بۆ ماندوو حەسانەوە، پاشان فەرمانی کرد هێرش بکرێت، (أبوبکر) گەیشتە سەر ئاوەکە (لەگەڵ سوپاکەیدا)، جا ئەوەی کوژرا کوژرا لە سەر ئاوەکە، دیلیشی گرت، ڕوانیم چەند کەسێکم بینی، کە منداڵیشیان تێدا بوو، ترسام لەوەی پێش من بگەنە لای چیاکەو دەربازیان بێت، منیش تیرم پێوەنان، کاتێ کە تیرەکەیان بینی ڕاوەستان، منیش چووم هەموویانم هێناو پێش خۆمم دان، لە ناویاندا ئافرەتێکی تێدا بوو لە خێڵی (فزارة) ڕاخەرێکی چەرمی پێوە بوو، کچێکی خۆی لەگەڵدا بوو لە جوانترین ئافرەتەکانی عەرەب، پێش خۆم دان, تا هێنامن بۆ لای (أبوبکر)، (أبوبکر)یش کچی ئەو ژنەی پێدام، کە هاتینەوە (مەدینە) هێشتا جلەکانیم لێ دانەکەندبوو، لە بازاڕ پێغەمبەرم (صلی اللە علیەوسلم) پێگەیشتو فەرمووی: ئەی (سلمة) ئەو ئافرەتەم پێببەخشە، وتم: ئەی پێغەمبەر بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشاوم و جلیشم پێ دانەناوە، پاشان بۆ بەیانی پێغەمبەرم (صلی اللە علیە وسلم) لە بازاڕ پێمگەیشتەوەو فەرمووی: ئەی (سلمە) ئەو ئافرەتەم پێببەخشە، بۆ خوا باوکت پیاو بووە، منیش وتم: با بۆ تۆ بێت ئەی پێغەمبەر، سوێند بەخوا جلم پێدانەکەندووە، <u>پێغەمبەریش (صلی الله علیە وسلم) لە پاشان ئافرەتەکەی نارد بۆ خەڵکی (مەککە) لە بەرابەری چەند موسڵمانێك کە لە مەککە گیرا بوون دیل بە دیلی پێکرد"</u>.

عەرەبییەکەشی ئەمەیە:

قال: غزونا فزارة وعلينا أبوبكر، أمَّره رسول (صلى الله عليه وسلم) علينا، فلما كان بيننا وبين الماء ساعة، أمرنا أبوبكر فعرسنا، ثم شن الغارة فورد الماء، فقتل من قتل عليه، وسبى، وأنظر إلى عنق من الناس، فيهم الذراري، فَخشيت أن يسبقوني إلى الجبل، فرميت بسهم بينهم وبين الجبل، فلما رأوا السهم وقفوا، فجئت بهم أسوقهم، وفيهم إمرأة من بني فزارة عليها قِشعٌ من أدَمٍ قال (القشع النطع)، معها ابنة لها من أحسن العرب، فسقتهم حتى أتيت بهم أبا بكر، فنفلني أبوبكر ابنتها، فقدمنا المدينة، وما كشفت لها ثوبا فلقيني رسول الله (صلى الله عليه وسلم) في السوق، فقال: يا سلمة هب لي المرأة، فقلت: يا رسول الله والله لقد أعجبتني وما كشفت لها ثوباً، ثم لقيني رسول الله (صلى الله عليه وسلم) من الغد في السوق، فقال لي: يا سلمة هب لي المرأة لله أبوك، فقلت: هي لك يا رسول الله، فوالله ماكشفت لها ثوباً، <u>فبعث بها رسول الله (صلى الله عليه وسلم) الى أهل مكة، ففدي بها ناساً من المسلمين كانوا أُسروا بمكة</u>[٢٢٨].

بەڕێزان:

١- چەندە خیانەتە بڕگەیەك لە باسێکدا کە ئەو بڕگەیە باسەکە ڕوون بکاتەوە بە ئەنقەست نەهێنرێ و خەڵکی پێ چەواشە بکرێ، مەریوان ئەو بەشەی، کە خەتمان بەژێردا هێناوە نەیهێناوە، چونکە تەواوی بڕکانە بێ بنەماکانی هەڵدەوەشایەوە!.

[٢٢٨] صحيح سلم بشرح النووي، ج٦، باب التنفيل وفداء المسلمين بالأسارى، رقم (٤٥٤٨).

٢- مەگەر تەنها خوێنەری بە ویژدان و وریا ئەو جیاوازییە گەورەیە ببینێ، کە لە نێوان نوسینەکەی مەریوان و ئەوەی ئێمەدا هەیە، پاشان دەبێ چ جۆرە بڕیارێك بۆ ئەم کەسە گێرەشێوێنانە بدرێ ؟!

٣- جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە, کە مەریوان ئەوە نییە متمانە بە بچوکترین نوسین‌و قسەی بکرێ، ئاخر مەریوان وا دەزانێ خەڵك شت نازانێ، بابە خەڵکی بایی ئەوەندە ماوە وەك دەڵێن: (کاغەزی سپی بخوێنێتەوە!)، چ جای ئەوەی نوسینەکانی مەریوان، لەو کەسانە هەرگیز ون نابن!.

١٤٠- لە لاپەڕە (٢٧٤)دا، پاش باسکردنی ڕووداوەکەی (حەڕڕە) دەنوسێ: "بەڵکو ئەمە یەکێکە لە مەهزەلەکانی دونیای سێکس، کە بە ئایەتی یەکەم لە سورەتی (الأنفال) شەرعییەتی پێداوە".

دەڵێین:

مەبەست لە ئایەتی یەکەمی (الأنفال) ئایەتی: ﴿يسألونك عن الأنفال قل الأنفال للهِ والرسول فاتقوا الله وأصلحوا ذات بينكم وأطيعوا الله ورسوله إن كنتم مؤمنين﴾.

واتە: ئەی (محمد) پرسیارت لێدەکەن لە بارەی دەسکەوت‌و ئەو شتانەی لە جەنگی بێباوەڕاندا دەستی موسڵمانان دەکەوێ، تۆ بڵێ بڕیارەکەی بۆ خوایەو دابەش کردنەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەیکات بە فەرمانی خوا، کەوایە لەخوا بترسن‌و لە نێوان خۆتاندا چاکسازیی بکەن‌و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بن، گەر ئێوە بەڕاستی باوەڕدارن.[229]

جا ئەوەی ئەندازەی کێشی گەردیلەیەك ئاشنای قورئانی هەبێ، دەزانێ ئەم ئایەتە مەبەستی باوەڕدارانە، کە لەگەڵ بێباوەڕاندا دەجەنگن، دواتر دەسکەوتیان لێدەگرن، هۆی هاتنە خوارەوەکەشی زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە.[230]

ئەوەی ڕوویدا لەمەدینە، کەدواتر ناسرا بەڕووداوی (حەڕڕە) نە خواو نەپێغەمبەرەکەی بەشتی وا ڕازی نین‌و ڕازیش نابن، چونکە:

١- خەڵکی مەدینە هەموویان موسڵمان بوون‌و موسڵمانیش دەبن، پشت بە خواو بە کوێرایی چاوی دوژمنان!.

٢- چ لە قورئانداو چ لە فەرمووودە ساغ و دروستەکانی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە (خوێن و ماڵ و ناموسی) موسڵمان لە موسڵمانانی تر قەدەغەو ناڕەوایە، خوای گەورە دەفەرموێ:

أ- ﴿من قتل نفساً بغير نفس أو فساد في الارض فكأنما قتل الناس جميعاً ومن أحياها فكأنما أحيا الناس جميعاً﴾ المائدة /٣٢.

ب- ﴿ومن يقتل مؤمناً متعمداً فجزاؤه جهنم خالداً فيها وغضب الله عليه ولعنهم وأعد لهم عذاباً عظيماً﴾ النساء/٩٣.

لە چەندین فەرموودەشدا سەرزەنشتی ئەوکارە کراوە:

ج- "لزوالُ الدنيا أهون على الله من قتل رجل مسلم" [231].

د- "الكبائر: الإشراك بالله وعقوق الوالدين وقتل النفس..." [232].

هـ- هەموو گوناهێك ئومێد هەیە خوا چاوپۆشی لێبکات، تەنها ئەوکەسە نەبێ، کە بە کافری دەمرێت، یان کەسێك باوەڕدارێك بە ئەنقەست دەکوژێت، "كل ذنب عسى اللهُ أن يغفره، إلا الرجل يموت كافراً، أو الرجل يقتل مؤمناً متعمداً"[233].

[229] تفسير الجلالين، ص٢٣٤.

[230] بڕوانە: تەفسیرەکانی: (ابن کثیر، قورتوبی و جلالین).

[231] رواه الترمذي، رقم (١٣٩٥) والنسائي، رقم (٣٩٨٧).

[232] رواه البخاري، رقم (٦٦٧٥).

[233] رواه النسائي، رقم (٣٩٨٤).

ئەوەی کرا لە ڕووداوی (حەڕڕە) پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچەوانی ئارەزوو پەرستان‌و دونیا ویستان‌و دوور لە ئامۆژگارییەکانی ئیسلام بوو، ئیسلام بە گەورەو بچوکی ئەو ڕووداوە غەمبارەو ناڕازییە، ئەوەی کردی پێچەوانەی خواو پێغەمبەرەکەی ڕەفتارییان نواندووە, بێگومان دەبێ سزای خۆشیان لە لای پەروەردگار وەربگرن.

ئیسلام، ئەگەر کەسی دڵسۆزی بمایە، نەیدەهێشت نە (یزید)ەکان‌و، نە (صدام)ەکان‌و نە (مەریوان)ەکانیش بازرگانی بە ئیسلامەوە بکەن!، هەر کەسەو بۆ خۆی چمکێکی لێدا بدرێ‌و چاوبەستی خەڵکی پێبکات، بەڵام دڵنیا بن ڕۆژێ دێت هەموو لایەك ئەنجامی کاری خۆی دەبینێتەوە، جا چ چاکە، یان سزای خوایی.

١٤١ – لە بارەی ڕاڤەکردنی (موتعە) زۆر بە هەڵەدا چووەو ئاوا دەنوسێ: "(موتعە) واتە چەشتن‌و بە سەر بردنی کاتێکی خۆش، دەشێت ئەم مانایە بۆ هەموو حاڵەتێك بەکار بهێنرێت، یاخود ڕابواردن، کە ئەمەیان مانایەکی سێکسیانەی هەیە". پاشان چەند ئایەتێك دەنوسێ کە دەستەواژەی (متع)ی تێدایە.

دەڵێین:

ئەمە جگە لە بزرکاندنەکانی مەریوان هیچی دیکە نییە، تەنانەت تاکە سەرچاوەیەکیشی بۆ ئەم نەزانییەی خۆی نەهێناوەتەوە!.

هەروەها دەبێت ئەوە بزانین, کە لە بنەمادا عەرەب بە بەرز بوونەوەی خۆر دەڵێن: "متع النهار"، وەبە سەرەتای هەڵکشانی گژوگیا دەڵێن: "متع البنات". کەواتە وشەی "المتاع" بریتییە لە (سود وەرگرتن لە درێژ بوونەوەی کات). هەر شتێکیش لە ماڵدا سوودی لێ ببینرێ پێی دەوترێ: "متاع".

وە بە خواردنیش دەوترێ: "متاع"، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ولما فتحوا متاعهم﴾ یوسف/ ٦٥, یعنی طعامهم، بەو شتەی خواردنی تێدەکرێ وتراوە (متاع)[٢٣٤].

کەواتە:

مەریوان، نەك هەر لە گوێی (گا بۆر)دا نوستووە!، بەڵکو لەوێشدا لە هۆش خۆشی چووەو لە خەوە سێکسییەکانی‌خۆیدا ئەم جۆرە لێکدانەوانەی بە مێشکدا هاتووە!، چونکە ئەوەی ئێمە زۆر بە کورتی ئاماژەمان پێدا، وتەی کەڵە زانایەکی زمانەوانییە، کە هەموو خەڵك هەژاری دەستی نووسینەکانی کەسێکی وەك (راغب)ن، نەك (مەریوان)ی هەژار, تەنانەت بە زمانەکەی خۆشی!، لە ناو باسەکەماندا زیاتر لەسەر ئەم چەمکە دەدوێین.

١٤٢ – لە لاپەڕە (٢٧٩)دا, لەسەر وشەی "عەرەفە" دەڵێ: "وشەی عەرەفات لە عەرەفەوە هاتووە، ئەم کۆیەش لە کۆی کۆمەڵەکانەوە هاتووە، کە لەوێدا شەو تا بەیان سێکس دەکەن و تاکە کێوێکە لە ناوچەکەدا بە کۆ ناوی بێت".

دەڵێین:

١ – (عرفات) (إسم الجمع)ە, واتە: ناوی کۆیە، نەك خۆی (کۆ) بێت، واتە: (مفرد)ی نییە، تا (جەمع)ی هەبێت، هەر لەبەر ئەمەیە, کە بە (إسم علم) ناسراوە، وەك (أذرعات) چۆن (إسم الجمع)ە، ئەویش ئاوهایە. وەك (قورتوبی) ئاماژەی بۆ کردووە.

٢ – ئەم ناوە ئەوەی ڕوون‌و ئاشکرا بێت وەك (إبن عطية) دەڵێ: (مرتجل)ە, وەك تەواوی ناوی جێگەکانی تر، واتە بە بێ هیچ شتێ پێی وتراوە "عرفات"، بە واتایەکی تر, واتە لە هیچ ناوێکی تر وەرنەگیراوە[٢٣٥].

ئەمە لە لایەنی زانستییەکەیەوە، کە باوەڕم نییە مەریوان لە یەك وشەی ئەمانەی نوسیومانە تێبگات، چونکە نەیبیستووەو تازەش بەم تەمەنەوە فریای ئەوە ناکەوێ لەمانە فێر بێت !.

٣ – ئەگەر بێینە سەر ئەو لایەنەی (دەڵێن و وتیان) ئەوا وتەی زۆرو جیاواز لەسەر ئەمە وتراوە، کە هیچی بە لای لایەنە سێکسییەکەی مەریواندا ناچێ، بۆ نمونە: وتراوە "عرفە" لەوەوە هاتووە، کە حاجی لەو جێگەیەدا زەلیلی و

---

[٢٣٤] بڕوانە: مفردات ألفاظ القرآن/ راغب الأصفهاني، مادة (متع)، ص ٧٥٧ ـ ٧٥٨، ومقدمة، فتح الباري, فصل (م ت).

[٢٣٥] بڕوانە: تفسير القرطبي، ئایەتی (١٩٨) البقرة.

ملكەچی زۆر دەردەبڕێ، وتراوە لە (العَرْف) وەرگیراوە, كە بە واتای (بۆنی خۆش) دێت، یا وتراوە لە ئارامگرتنەوە وەرگیراوە[٢٣٦].

١٤٣ – لە بارەی (حجر الاسود)ەوە, پاش ئەوەی نەزانی خۆی دەردەخات، كە لە كوێوە هاتووە و دواتر پێیوایە پارچە (نەیزەك) بێت و دەنوسێ: "مێژونوسێكی ئیسلامی پاڵپشت بە ئەفسانە باس لە بەردە ڕەشەكەی ناو كەعبە دەكاو دەڵێ: بەردەكە لە سەرەتادا سپی بووەو بە هۆی مانگانە (حیض)ی ژنەكانەوە ڕەش بووە، دواتر ئاماژە بە كتێبەكەی (عبدالحمید السیسلی) دەكات.

دەڵێین:

١– ئێمە وەك موسڵمان باوەڕی سەد لە سەدمان هەیە، كە ئەو بەردە ڕەشە لە بەهەشتەوە هاتووەو لە دوورو نزیك پەیوەندی بە (نەیزەك)ەكەی مەریوانەوە نییە، چونكە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئەو هەواڵەی بە ئێمە داوەو دەفەرموێ: "الحجرُ الأسودُ مِنَ الجنة".[٢٣٧]

جا خەڵكی تر چی دەڵێن, ئەوە وتەی گیرفانی خۆیانەو تا ئێستا زانستی ڕاستیش لە یەكلابوونەوەی ئەو بەردە كۆڵەوارەو سەرسامە!.

٢– ڕەشبوونی بەردەكە بە پێی فەرموودەی ساغ و درووستی سەروەری مرۆڤایەتی، تاوان و خراپەی مرۆڤەكان هۆكاری بووە، چونكە سەرەتا كە بەردەكە لە بەهەشتەوە نازڵ بووە, لە شیر سپی تر بووە، وەك پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دەفەرموێ: "نزل الحجر الأسود من الجنة، وهو أشد بیاضاً من اللبنٌ، فسوَّدتهُ خطایا بني آدم"[٢٣٨].

٣– (عبد الحمید السیسلی)یش كەسێكە، وەك مەریوان هەر دەڵێی زەلكاوی یەك زۆنگاون و نووسینە قەڵب و بێناوەڕۆكەكانی ئەویش، وەك ئەوانەی مەریوان سەری سەر لێشێواوی خاوەنەكەیەتی.

١٤٤ – لە لاپەڕە (٢٨٠)دا, دەنوسێ: "ئەگەر چی لەو سەردەمەدا هەموو شتەكان پەیوەندییان بەئەفسانەو خورافەو عەقیدەوە هەبوو، بەڵام كۆمەڵێك لە موسڵمانان لۆژیكانەتر بیریان لەم مەسەلەیە دەكردەوە و تەوافی صەفاو مەڕوەیان بە دیاردەیەكی خورافی دەزانی". پاشان دەقێك لە (بوخاری)دا دێنێ و بەم جۆرە دەیكات بە كوردی: "پرسیارم لە ئونەس كرد، ئایا ئێوە ڕقتان لە صەفاو مەڕوە دەبووەوە؟ وتی: بەڵێ، چونكە لە دروشمەكانی جاهیلی بوو".

دەڵێین:

شەرم نەكردن بەم جۆرە، بە ڕاستی ژیریی و دانایی هیچ كەسێ بەم جۆرە ڕێگەی نادات، بەڕێزان وەرن با پێكەوە ئەو دەقەی، كە لە (صحیح البخاری)یدایە بیهێنین، ئەو جا چی بە مەریوان دەڵێن سەر پشك بن.

(عاصم) دەڵێ: "قلت لأنس بن مالك (رضی الله عنه) أكنتم تكرهون السعي بین الصفا والمروة ؟ قال: نعم لأنها كانت من شعائر الجاهلیة، حتى أنزل الله: إن الصفا والمروة من شعائر الله ....."[٢٣٩].

عاصم دەڵێ: بە (أنس)م وت: ئایا ئێوە وەختی خۆی هاتوچۆی نێوان سەفاو مەڕوەتان پێناخۆش بوو؟ وتی: بەڵێ، چونكە یەكێك بوو لە دەستورو دابەكانی سەردەمی نەفامیی، هەتا ئەوە بوو خوای گەورە ئایەتی ﴿إن الصفا والمروة من شعائر الله...﴾ البقرة/١٥٨ی دابەزاند.

هۆی ئایەتەكان ئەوە ڕوون دەكەنەوە، كە بۆیە هەندێك پێیان ناخۆش بووە، چونكە لە سەردەمی نەفامیدا، لە كاتی حەجدا، لەسەر سەفا بتێكیان دانابوو، بەناوی (إساف) و لەسەر مەڕوەش بتێك بە ناوی (نائلة)، دەبوایە ئەوەی سەعی نێوان سەفاو مەڕوە بكات، وەك پیرۆزییەك دەستیش بهێنێ بەو دوو بتەدا، جا كاتێ ئیسلام فەرمانی حەج كردنیداو

---

[٢٣٦] بڕوانە: تفسیر القرطبی، ئایەتی (١٢٨ و١٩٨) البقرة.

[٢٣٧] رواه النسائی، فتح الباری، ج١، باب ماذكر فی الحجر الاسود.

[٢٣٨] رواه الترمذي، وهو قوي بطروقه، كما قال ابن حجر. وفتح الباری باب/ ما ذكرفی الحجر الاسود.

[٢٣٩] صحیح البخاری، رقم (١٦٤٨) وابن كثیر، ئایەتی ١٥٨ البقرة.

هاتوچۆی نێوان سەفاو مەروە بووە یەکێك لە نیشانەکانی حەج، هەندێ وایانزانی ئەگەر ئەوە بکەن هەمان کاری نەفامەکانیان کردووە، بەلاّم خوای گەورە پێی ڕاگەیاندن، کە هاموشۆی سەفاو مەروە، یەکێکە لە داخوازییەکانی خوای گەورە (بەدەر لەوەی کە موسڵمانان بالاّ دەست بوون و ئەو دوو بتەیان لەناو برد)[٢٤٠].

کەواتە:

١ – موسڵمانەکان وا ڕاهاتبوون، هەتا کارێك خواو پێغەمبەرەکەی مۆڵەتیان نەدەن لە خۆیانەوە ئەنجامی نادەن، ئەم کارەش لەم بابەتەیە.

٢ – لە فەرموودەکەدا "حتی أنزل الله...." هەیە, بەلاّم مەریوان بە دەستی ئەنقەست نەیهێناوە، چونکە درۆکەی بۆ نەدەچووە سەر!.

١٤٥ – لە لاپەڕە (٢٨٠)دا، ئایەتی ﴿الحج أشهر معلومات....﴾ البقرة/ ١٩٧ دێنێ و دواتر دەنوسێ: "بەلاّم دوایی ئەم ئایەتەی نەسخ کردەوە، ئەو ئایەتەی بە ڕاشکاوانە باس لە عەمرەو موتعەی حەج دەکات ئەمەیە ﴿وأتموا الحج والعمرة لله ....﴾ البقرة /١٩٧".

دەڵێین:

من بەش بە حاڵی خۆم، تا نووسینی ئەم وەلاّمەش بە عەقڵی مەریوان زۆر پێکەنینم دێت، ئێستا بە دەم پێکەنینەوە، ئەم وەلاّمە دەنووسم!، چونکە نەزانی مەریوان گەیشتۆتە ئاستێك بە جارێك خۆی خستۆتە دەرەوەی کەسێکی خوێندەوار!، چونکە:

١ – ئایەتی ﴿الحج أشهر معلومات.... ﴾ نەسخ نەبۆتەوە، بەڵکو هەموو ڕاڤەکارانی تەفسیر لەسەر ئەوەن، کە ئەم ئایەتە باس لە دیاریکردنی مانگەکانی حەج دەکات و پاشان هەندێ داب و دەستور لەکاتی (ئیحرام)ی حەجدا, کە دەبێ ئەوەی حەج دەکات پابەند بێت پێوەی لەکاتی (ئیحرام)ەکەیدا، هەتا ئیحرام دەشکێنێ، بە تایبەت نەچوون بەلای (خێزان)دا.

٢ – تەحەددای مەریوان دەکەم، ناوی تەنها سەرچاوەیەکی ڕەسەنی ئیسلامی هەبێت لەسەر ئەو قسەی، کە دەڵێ "نەسخ" بۆتەوە، من لەو باوەڕەدام, گەر مەریوان بە ئاستەم بۆنی شتی وای بکردایە بە "چەواشەکارییش" بوایە دەینوسی!، بەلاّم خۆ ئەوە سەرچاوە ڕەسەن و متمانەپێکراوەکان، با کەسی خوێندەوار خۆیان بچن ئەم درۆ شاخدارەی (مەریوان)یان بۆ ئاشکرا ببێت[٢٤١].

٣ – ئایەتی "وأتموا الحج والعمرة لله...." البقرة/١٩٦، باس لەو حاڵەتە دەکات، کە ئەو کەسە ڕێی لێدەگیرێ لە حەجکردن کە پێی دەوترێ "مُحصِر" چیبکا، هەروەها ئایا (عەمرە) کردنیش، وەك حەج پێویستە یان نا، گەر کەسێ (إحرام)ی بەست بە (عەمرە)و پاش تەواو بوونی عەمرەکەی ئیحرامی بەست بە (حەج)، کە پێی دەوترێ "موتعەی حەج", یان "تەمەتوع" ......چی بکا[٢٤٢].

٤ – لە هەمووی خۆشترو پێکەنیناوی تر ئەوەیە، کە مەریوان "موتعەی حەج"ی بە کاری سێکسیی لێکداوەتەوە، کە ئەمە تەنها لە قاموسە سێکسییەکەی مەریواندا هەیە!, دەنا "موتعەی حەج" وەك باسمان کرد و دواتریش باسی دەکەین، بریتییە لە ئیحرام بەستن بە (حەج) و (عەمرە) پێکەوە، تۆ بڵێی کەسێکی تر هەبێ لە مەریوان داماوتر؟! باوەڕ ناکەم.

ڕونکردنەوەیەکی پێویست:

---

[٢٤٠] بڕوانە: فتح الباری، باب (وجوب الصفا والمروة)، وجعل من شعائر الله، ج٣ ، وابن كثير، ئایەتی ١٥٨ البقرة، وتفسير القرطبی.

[٢٤١] بڕوانە: تفسير إبن كثير، القرطبی و جلالین، ئایەتی ١٩٧ی (البقرة)، والمحلی، ج٧ مسألة ٨٢١، فتح الباری، ج٣ باب قوله تعالی: (الحج أشهر معلومات).

[٢٤٢] بڕوانە: تفسیر ابن كثير، القرطبی و جلالین .

حەجکردن سێ شێوەی هەیە:

أ- (إفراد): ئەوەیە، کە (ئیحرام) بە (حج) دادەبەستێ و کاری حەج تەواو دەکات، پاشان گەر ویستی لە (میقات)ەوە ئیحرام بە (عەمرە) دەبەستێ، یا گەر ویستی بۆ ساڵێکی تر بە جیا (عەمرە)کە دەکات، ئیحرام بەستن: بریتییە لە داکەندنی جلی ئاسایی‌و لەبەر کردنی پۆشاکی سپی‌و نییەت هێنان بە حەج یان عەمرە....، هەروەها حەرامکردنی هەندێ شت لەو ماوەیەدا، بە داکەندنی ئەو پۆشاکانەو تەواو کردنی هەندێ مەراسمی حەج، یان عەمرە، پێی دەوترێ "ئیحرام شکاندن".

ب- (قران): ئەوەیە حەج و عەمرە پێکەوە دەکات، واتە لە میقاتەوە ئیحرام بە(حەج) و(عەمرە) دەبەستێ.

ج- (تمتع): ئەوەیە, کەسی دانیشتوی غەیری (مەککە) لە مانگەکانی حەجدا (ئیحرام) بە (عەمرە) دەبەستێ، پاش تەواو بوونی لە کارەکانی عەمرە، ئیتر هەر لە مەککە ماوەیەک دەمێنێتەوە، پاشان ئیحرام بە (حەج) دەبەستێ، یان هەردووکیان پێکەوە دەکات, کە ئەمەیان پێیدەوترێ "تمتع القران".[٢٤٣]

ئەوەی مەبەست بێت، مەریوان ئەو دەقە حەدیسیانەی، کە لە بارەی "تمتع"ەوە هێناوە لە (حەج)دا، هەموویان مەبەستیان ئەو جۆرەیە، کە لە لقی (ج)دا باسمان کرد، نەک ئەو تەفسیرو خەیاڵییە سێکسییەی، کە مەریوان ڕاڤەی پێکردووە، وەک دواتر زیاتر باسی دەکەین. جا سەرنج بدەن!.

١٤٦ - لە لاپەڕە (٢٨٢)دا, دەنوسێ: "ابن عباس دەڵێ: لە کاتی حەجدا, کە دەگەیشتینە مەککە پەیامبەر یەکسەر فەرمانی دەردەکرد، کە تەوافی کەعبە بکەین، صەفاو مەڕوە بکەین، موتعەی ژنان بکەین، دوایی سەرو ڕیشمان بتاشین یان کورتیان بکەینەوە". پاشان وەک سەرچاوە دەنوسێ (صحیح البخاری، باب/ تقصیر المتمتع بعد العمرة).

دەڵێین:

خەڵکینە من ئێستا ئەو دەقەتان, لە هەمان سەرچاوەدا, بە عەرەبییەکەی بۆ دەنووسم، بزانن چەندە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ نوسینەکەی مەریوان، ئەمە دەقە عەرەبییەکەیەکە.

(ابن عباس) دەڵێ: "لما قدم النبي (صلى الله عليه وسلم) مكة أمر أصحابه أن يطوفوا بالبيت، وبالصفا والمروة، ثم يُحلّوا و يحلِقُوا أو يقصروا".[٢٤٤]

واتە: کاتێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەیشتە (مەککە) فەرمانی کرد بە هاوەڵانی، کە تەوافی بەیت بکەن و سەعی سەفاو مەڕوە بکەن، پاشان ئیحرام بە (عەمرە) بشکێنن‌و سەریان بتاشن، یان کورتی بکەنەوە.

کەواتە:

کە مەریوان دەنوسێ: "موتعەی ژنان بکەن..." درۆیەو خەیاڵی سێکسیی خۆیەتی!، چونکە:

١- ئەگەر مەبەستی ئەمە بێت، کە شتی وا هەیەو لە واتای "یحلوا " وەردەگیرێ، جارێکی تریش هەڵەی کردووە!، چونکە ئەوەی بە ئەندازەی دەنکە نیسکێك شارەزایی زمانی هەبێ دەزانێ "یحلوا" واتە: "ئیحرام شکاندن" بە واتای ئەوەی پێش ئیحرام لێی قەدەغە بووە لە (ڕاو و موو لە خۆ کردنەوە و ژن هێنان و چوونە لای خێزان ...هتد) بەو ئیحرام شکاندنە بۆی ڕەوا دەبێت.

٢- جا یەکێك لەو هەموو ڕەواییانە چوونە لای خێزانە، نەک بە تەنها چوونە لای خێزان, وەک مەریوان (ئەگەر بۆی چووبێ) ئاماژەی بۆ کردووە.

---

[٢٤٣] بڕوانە: مقدمة فتح الباري، فصل (م ت)، وفتح الباري، ج٣, ص٤٧٧, باب: التمتع والقران والافراد ... وابن كثير، ج١ ئایەتی ١٩٦ البقرة، والقرطبي، رحمة الأمة، ص٢١١، المحلی, ج٧, ص٧٠و مفردات ألفاظ القران مادة (متع)، شەریعەتی ئیسلام، ص ٢٦٩ - ٢٧٠، زاد المعاد، ج٢, ص ١١٢.

[٢٤٤] رواه البخاري, رقم (١٧٣١) .

٣ - ئەم فەرموودەیە باس لەو کەسە دەکات، کە سەرەتا (عەمرە) بکات، پاشان ئیحرام بشکێنێت و دواتر ئیحرام بە (حەج) دابەستێ، ئەمەش بە ڕوونی لەسەر باسەکەی خودی پێشەوا (بوخاری)دا بەدەر دەکەوێت، کە نوسیویەتی: (باب/ تقصير المتمتع بعد العمرة)، کە باس لەو کەسە دەکات لە پاش تەواو بوونی (عەمرە)کەی قژ کورت دەکاتەوە.[٢٤٥]

١٤٧ - لە لاپەڕە (٢٨٢)دا، ئەم دەقە دەهێنێ: "أمر النبي (صلى الله عليه وسلم) أصحابه أن يجعلها عمرة و يطوفوا ثم يقصروا ويحلوا". پاشان ئاماژە دەکات بۆ (صحيح البخاری، باب / متى يحل المعتمر).

دەقەکە بەم جۆرە دەکات بە کوردی: "پەیامبەر فەرمانی بە صەحابەکان کردووە حەجەکەیان بکەن بە عەمرەو تەواف بکەن و دوایی سەر و ڕیشیان کورت بکەنەوە، دوای ئەوانە شتیش بۆ خۆیان حەڵاڵ بکەن، واتە موتعە بکەن.

دەڵێین:

"موتعە بکەن..." تێگەیشتن و کاڵفامییە سەقەتەکانی مەریوان خۆیەتی و لەسەر وشەی "یحلوا" لە پێشەوە قسەمان کرد.

١٤٨ - لە هەمان لاپەڕەدا, گەورەترین فێڵ دەکات، کاتێ ئەم دەقە دەنوسێ: "سألنا ابن عمر (رضى الله عنهما) عن رجل طاف بالبيت في عمرة ولم يطف بين الصفا والمروة، أيأتى إمرأته؟ فقال: وقد كان لكم فی رسول الله أسوة حسنة لا يقربنها حتى يطوف بين الصفا والمروة".

دواتر بەم جۆرە دەیکات بە کوردی: "لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری خەتتابیان پرسیوە: ئەگەر پیاوێك لە عەمرەدا تەوافی ماڵی کردو پێش ئەوەی تەوافی صەفاو مەڕوە بکات، ئایا ئەبێت بچێت بە لای ژنەوە؟ لە وەڵامدا وتوویەتی: پەیامبەر بۆ ئێوە نمونەیەکی جوان و چاك بووە، کەس نەچێت بە لای ژنەوە تا تەوافی صەفا و مەڕوە دەکات".

دەڵێین:

١- "تەوافی سەفاو مەڕوە"نییە، مەریوان, لەفزەکە ڕاستە وا نوسراوە، بەڵام واتاکەی هاموشۆ کردن (سعي)ی سەفاو مەڕوەی مەبەستە, ئەمە مەگەر لای تۆ ڕوون نەبێت, چونکە نەزانی!.

٢- ئەوان پرسیار لە (ابن عمر) دەکەن، کە ئایا ئەو کەسەی بچێت بەلای خێزانی خۆیەوە؟ "أيأتى إمرأته" ؟ کەچی تۆ کردوتە بە "بچێت بە لای ژنەوە" ئەم دوو واتایە جیاوازییان هەیە، چەواشەکارییش لەم جۆرە، جگە لە ناشرینکردن هیچ بۆ خاوەنەکەی بەجێ ناهێڵێ!.

٣- "لا يقربنها" واتە: نەچێت بە لای ژنی خۆیەوە، نەك ئەوەی مەریوان واتای کردووە!.

مەریوان، خۆی ئایا ڕازی دەبێت ئاوها یاریی و گاڵتەو هەڵگێڕانەوە بە دەقێك بکەن، کە خۆی بیهێنێت (ئەگەر ڕاست بێت) بێگومان نەخێر، دەی ئەم ڕەوشتە قێزەونە بێ شەرمانە لە کوێوەو لە کێوە فێر بووە ؟!.

١٤٩ - لە لاپەڕە (٢٨٢ -٢٨٣)دا، دەقێك لە (صحيح البخاری)دا دێنێ بەم جۆرە: "عن أبي موسى الأشعري (رضى الله عنه) قال ثم قدمت على النبي (صلى الله عليه وسلم) فقال: أحججت قلت نعم، قال أحسنت طف بالبيت وبالصفا والمروة, ثم أحل فطفت بالبيت وبالصفا والمروة ثم أتيت إمرأة من قيس فكنت أفتي به حتى كان فی خلافة عمر".

پاشان بەم جۆرە دەیکات بە کوردی: "هاتم بۆ لای پەیامبەر پێی وتم: حەجت کرد؟ وتم: بەڵێ، وتی: چاکت کرد، بڕۆ تەوافی ماڵی خوا بکەو صەفاو مەڕوە بکەو شتیش بۆ خۆت حەڵاڵ بکە، منیش چووم تەوافی ماڵی خواو صەفاو مەڕوەم کردو ژنێکیشم لە هۆزی (قەیس) هێناو بۆ خۆم حەڵاڵم کرد، هەر واشم دەکردو تا خەلافەتی عومەریش فتوام لەسەر دەدا".

دەڵێین:

بەڕێزان وەرن با نەفامیی مەریوانتان بۆ ئاشکرا بکەم:

---

[٢٤٥] بڕوانە: فتح الباری، ج ٣، باب / تقصير المتمتع بعد العمرة، هەروەها بۆ ئاشنابوونی زیاتر لە بارەی ئیحرام شکاندنی عەمرەکار, بڕوانە هەمان سەرچاوە (باب/ متى يحل المعتمر) .

١ – لە دەقە عەرەبییەکەدا لابردنێکی زۆری تێدا کردووە، دەقەکە خۆی لەو جێگەیەی، کە مەریوان لێوەی نەقڵ کردووە، ئاوهایە: "عن أبي موسى الأشعري (رضى الله عنه) قال: قدمت على النبي (صلى الله عليه وسلم) بالبطحاء وهو مُنيخ، فقال: أحججت؟ قلت: نعم، قال: بم أهللت؟ قلت: لبيك بإهلال كإهلال النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: أحسنت، طف بالبيت وبالصفا والمروة ثم أحل، فطفت بالبيت و بالصفا والمروة، ثم أتيت إمرأة من قيس فَفَلَتْ رأسي، ثم أهللت بالحج، فكنت أفتي به حتى كان في خلافة عمر، فقال: إن أخذنا بكتاب الله فإنه يأمرنا بالتمام، وإن أخذنا بقول النبي (صلى الله عليه وسلم) فإنه لم يحل حتى يبلغ الهدي محله".[٢٤٦]

٢ – جا بەڕێزان ئێستا ئەم دەقە دەکەین بە کوردی ئنجا ئەزانن، کە بەڕاستی مەریوان چەواشەکارە، بێئەدەبە بەرامبەر کاغەزو قەڵەم و بێ سەلیقەیە!، ئەو دەقە (بوخاری) بە چەند ڕێگەیەکی تریش لە (صحيح)ەکەیدا هێناویەتی، کە بەو جێگەیەوە دەکاتە (شەش) جێگە بە ژمارەکانی (١٥٥٩، ١٥٦٥، ١٧٢٤، ١٧٩٥، ٤٣٤٦ ، ٤٣٩٧).

ئەمەش دەقە کوردییەکەیەتی:

"(أبو موسى) دەڵێ: گەیشتمە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و کە چوومە بەرەوە ئەو لە (بەطحاء) لایدابوو، (وەك لە گێڕانەوەکانی تری بوخاریدا هەیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (ابو موسى) دەنێرێت بۆ وڵاتی یەمەن، پاشان لە دەی کۆچیدا دەگەڕێتەوە ئەم ڕووداوەی لێ ڕوودەدا)، پێی فەرمووم: حەجت کردووە؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: چۆن ئیحرامت دابەستووە؟ وتم ئاواها ئیحرامم دابەستووەو وتومە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چۆن ئیحرامی دابەستووە، منیش وەك ئیحرام بەستنەکەی ئەو ئیحرامم دابەست، فەرمووی: چاکت کرد، بڕۆ تەوافی بەیت و سەعی سەفا و مەڕوە بکە، پاشان ئیحرام بشکێنە، منیش وام کرد، تەوافی بەیت و سەعی سەفاو مەڕوەم کردو ئیحرامم شکاند، پاشان چووم بۆ لای ئافرەتێك، کە لە هۆزی (قيس) بوو سەری بۆ دۆزیم (واتە ئەسپێ لە قژیا بووە بۆی دۆزیوە)، پاش ئەمە ئیحرامم بە حەج دابەست، ئیتر من بەم جۆرەی، کە خۆم حەجم کردبوو، فەتوام دەدا هەتا سەردەمی عومەر هات، عومەر وتی: ئەگەر ئێمە بە قسەی قورئان بکەین، ئەوا قورئان فەرمانمان پێدەکات, کە حەج و عەمرە, کاتێك دەستمان پێکرد تەواوی بکەین، وە ئەگەر کار بە قسەی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) بکەین و وتەی ئەو وەرگرین، ئەوا ئەو ئیحرامی نەشکاندووە، تا ئاژەڵی دیاری (هدي) نەگەیاندایەتە شوێنی خۆی، واتە: سەری دەبڕی.

چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:

١ – (أبو موسى) لەیەمەنەوە دەگەڕێتەوە لەو جێگەیەی، کە باسمان کرد، بە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەیشتووە.

٢ – ئەو ئافرەتەی (أبو موسى) چۆتە لای تا سەری بۆ بدۆزێ، یەکێك بووە لە براژنەکانی (أبو موسى)، (أبو موسى) چەند برایەکی هەبوو, لەوانە: (أبو رهم، أبو بردة) وتراویشە (محمد) وەك (إبن حجر) هێناویەتی.

٣ – لە هەندێ گێڕانەوەی (بوخاری)دا (أبو موسى) دەڵێ: "قژی بۆ شانە کردم و بۆی شۆردم" ئەمەش هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ گێڕانەوەکەی پێشوودا نییە، چونکە دەکرێ بوترێ سەرەتا قژی بۆ دۆزیوەو پاشان بۆی شۆردووەو شانەی کردووە.[٢٤٧]

کەواتە:

١ – کە مەریوان نوسیویەتی: "ژنێکم لە هۆزی (قیس) ...". باوەڕ بکەن تەنها قسەی خۆیەتی و لە هیچ گێڕانەوەکاندا باسی شتی وا نەکراوە!.

---

[٢٤٦] رواه البخاري، باب / متى يحلوا المعتمر، رقم (١٧٩٥) .

[٢٤٧] بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم بەسەرهاتە، بڕواننە: هەموو گێڕانەوەکانی نێو (صحيح البخاري) بە ژمارەکانی: (١٥٥٩، ١٥٦٥، ١٧٤٢، ١٧٩٥، ٤٣٤٦، ٤٣٩٧) . هەروەها فتح الباري، باب/ من أهل في زمن النبي (صلى الله عليه وسلم) و راڤەی فەرموودەکانی ژمارە (١٥٥٩) و ئەوانی تر.

٢ – ئەمە جگە لەوەی ئەو هەموو ناڕێکی و سەقەتییەی لە نوسینەکانی مەریواندا هەیە بۆ خۆتان بەراووردی بکەن.

من ئامۆژگاری مەریوان دەکەم، با هیچ نەبێت، گەر بە (نهێنی)یش بووە شتێ لە زمانی عەرەبی لە لای مامۆستایەکی وانەی عەرەبی یەك و دووی ناوەندی بخوێنێ، سوودی چاکی دەبێ بۆی!، هەروەها با بزانێ خەڵکی وا هەن، کە بتوانن درۆو فێڵەکانی ئاشکرا بکەن و وانەزانێ ئەم وڵاتە کەسی تیادا نییە!.

١٥٠ – لە لاپەڕە (٢٨٣ – ٢٨٤)دا، دەنوسێ: "لە حەڵاڵ و حەرام کردنی موتعەی حەجدا، دوو ڕیوایەت هەیە، یەکێکیان حەڵاڵی دەکات، کە ڕیوایەتی پەیامبەرەو ئەوەی حەرامی دەکات ڕیوایەتی عومەری کوڕی خەتتابە". پاشان ڕیوایەتی یەکەم دێنێ بە دەقە عەرەبییەکەو دواتر دەیکات بە کوردی، لە بە کوردیکردنەکەیدا چەند شتێکی بۆ زیاد دەکات، کە لە دەقە عەرەبییەکەدا بوونی نییە.

بەم جۆرە دەنوسێ: "(جابر بن عبدالله)ی صەحابی دەگێڕێتەوە, (ڕیوایەتەکە دوورو درێژە و ئێمە کەمێکیمان هێناوە) کاتێك پەیامبەرو صەحابەکان چوونە حەج پەیامبەرو تەڵحە نەبێت کەس قۆچی قوربانی پێنەبو، عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبیش، لەو کاتەدا لە یەمەنەوە دەگەڕایەوە لەگەڵ خۆی قوربانی هێنابوو، پەیامبەر فەرمانیدا حەجەکەیان بکەن بە عەمرە، واتە تەوافی ماڵی خواو صەفاو مەڕوە بکەن، ڕیش و سەریان بتاشنو ژن بە خۆیان حەڵاڵ بکەن، جگە لەوانەی قۆچی قوربانییان پێیە، وتیان چۆن شتی وا دەبێت ئێمە بە ناوی حەجەوە هاتووین، داوامان لە پەیامبەر کرد خۆیشی وەك ئێمە بکات، لە وەڵامدا وتی: ئەگەر قۆچی قوربانیم پێنەبوایە، دەهاتم و ئێوە چیتان دەکرد، منیش دەمکرد، حەرامەمان حەڵاڵ کردو چووینە لای ژنەکان، هەندێك لە صەحابەکان ئەم کارەیان بەباش نەزانی، کە تێکەڵی ژنان ببین وتیان: چۆن دەبێ بچین بۆ میناو ناوچەوانمان ئاوی لێ بتکێ (واتە عارەقەی گەرمای ڕابواردن بە ناوچەوان و ڕوومەتماندا بێتە خوارەوە) پەیامبەر, کە ئەم قسەیەی بیست, وتی: گەر بمزانییایە ئاوهایەو صەحابەکان گومانیان هەیە، قۆچی قوربانیم لەگەڵ خۆم نەدەهێناو وەك ئەوانم دەکرد".

مەریوان, بۆ ئەم باسە ئاماژە دەدات بە (صحيح البخاري, باب/ التمتع والقران ولإفراد بالحج....).

دەڵێین:

ئێمە ئێستا دەقە عەرەبییەکە, لەو جێگەیەی مەریوان ئاماژەی پێداوە دەیهێنین:

"عن جابر أنه حج مع النبي (صلى الله عليه وسلم) يوم ساق البُدن معه، وقد أهلّوا بالحج مفرداً، فقال لهم: أحلوا من إحرامكم بطواف البيت و بين الصفا والمروة، وقصروا ثم أقيموا حلالا، حتى إذا كان يوم التروية، فأهلوا بالحج واجعلوا التى قدمتم بها متعة، فقالوا كيف نجعلها متعة وقد سمينا الحج؟ فقال: إفعلوا ما أمرتكم، فلولا أنى سقت الهدى لفعلت مثل الذي أمرتكم، ولكن لايحل مني حرام حتى يبلغ الهدي محله ففعلوا".[٢٤٨]

واتە: لە حەجی ماڵئاوایدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وشتری دیاری بەیتی لەگەڵ خۆی برد، من لە خزمەتیدا بووم، لەو کاتەدا حەجکاران بەس ئیحرامیان بە حەج دابەستبوو (کە پێی دەوترێ ئیفراد) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموون: حەجەکەیان هەڵبوەشێننەوە (واتە بیکەن بە عەمرە) بەم شێوەیە: تەوافی بەیت و سەعی نێوان سەفاو مەڕوە تەواو بکەن و مووی سەرتان کورت بکەنەوە، ئیتر لەم ماوەیەدا بەبێ ئیحرام لە مەککە بمێننەوە، هەتا ڕۆژی تەروییە (کە ڕۆژی هەشتەمی مانگی ذی الحجة)یە، ئەوسا سەر لە نوێ ئیحرام بە حەج دابەستنەوەو ئەوەی، کە لە پێشدا ئیحرامتان بۆ بەستبوو بیکەن بە عەمرە، لەم ماوەدا هەتا ڕۆژی تەروییە, پشوو وەرگرن و بیکەن بە حەسانەوە (واتە قەدەغە کراوەکانی ئیحرامتان لەسەر نییە، چونکە ئیحرامیان شکاندووە) جا ئەوانیش وتیان: چۆن بیکەین بە عەمرەو پشوو وەربگرین، خۆ ئێمە ناوی حەجمان لە سەرەتاوە لێناوە؟ فەرمووی: چیتان پێدەڵێم ئاوها بکەن، خۆشم لەبەر ئەوە نەبێ، کە ئاژەڵی دیاری بەیتم لەگەڵ خۆم هێناوە، هەمان شتم دەکرد, کە بە ئێوە دەڵێم بیکەن، بەڵام ئەو شتانەی بە هۆی ئیحرام بەستنەوە لێم قەدەغە کراوە, بۆم ڕەواو حەڵاڵ نابنەوە، هەتا ئاژەڵی دیارییەکان نەگەنە شوێنی

---

[٢٤٨] صحيح البخاري، باب/ التمتع والقران والافراد بالحج... رقم (١٥٦٨).

خۆیان (کە ڕۆژی دەی ذی الحجة دەکات و سەر دەربڕدرێن)، ئیتر ئەوانیش بە قسەی پێغەمبەر (صلى اللە علیە وسلم)یان کرد.

کەواتە:

١- وەك لە پێشەوە باسمان کرد "تەمەتوع" لە حەجدا (متعة الحج) ئەوەیە، کە حەج و عەمرەکە تێکەڵاو دەکرێ لە مانگەکانی حەجدا، کە پێی دەوترێ: "تەمەتوعی قیران" بەو جۆرەش دەوترێ، کە ئیحرام بە عەمرە دەبەسترێ و کارەکانی عەمرە تەواو دەکرێو پاشان ئیحرام دەشکێنرێ و ماوەیەك پشوودانو پاشان لە ڕۆژی هەشتەمدا ئیحرام بە حەج دادەبەستێ، زیاتر کە زانایانی فیقه باسی تەمەتوعی حەجیان کرد بێت, مەبەستییان ئەم جۆرەیانە[٢٤٩].

٢- چەند جارێکی تریش باسمان کردووە، مەریوان بە لەفزی "متعة" هەڵخەڵەتاوە!، خەیاڵی سێکسیی ئەو وایە, هەرچی باسی (م ت ع) بکات, یەعنی "متعة"ی مارەیی کاتی، ئەمەش لاوازییەکی تری توانای زانستیی و عەقڵی مەریوانە!.

٣- مەریوان چەند شتێکی زیاد کردووە:

أ- "ڕیش و سەر ...." باسی ڕیشی تیا نییەو بابەتی ڕیشیش لە حەجدا نییە.

ب- وشەی "بتاشن" نییە، بەڵکو "کورتکردنەوە"یە، ئەمەش جیاوازییان زۆرە.

ج- "شت و ژن بە خۆیان حەڵاڵ کەن". گەر مەبەستی ئەم دەستەواژەیە ئەوانە بێت، کە لە کاتی ئیحرامدا کەسی حاجی لێی قەدەغەیە، لەوانە ژنی خۆی؟ ئەمە تەواوە، دەنا تەنها قسەی گیرفانە دڕاوەکەی خۆیەتی!.

د- "حەراممان حەڵاڵ کردو چووینە لای ژنەکان" بوختانێکی ڕوون و ئاشکرایە، سەرەڕای ئەوەی نەفامیی و سێکسبازیی مەریوان دەردەخات.

هـ- "هەندێك لە صەحابەکان ئەم کارەیان... کە تێکەڵی ژنان.... ". یەکپارچە درۆیە، شتی وا لە هەموو (صحیح البخاري)دا بوونی نییە.

و- بەکورتی، بەڵکو ئەوەی هاوەڵان لایان گران بوو, ئەوە بوو, کە ئەمان نییەت و ئیحرامییان بە حەج دابەستووە، ئێستا گەر بیکەن بە عەمرە, چۆن دەبێ، پێغەمبەریش (صلى اللە علیە وسلم) بۆی ڕوونکردونەتەوە, ئەگەر ئەویش ئاژەڵی دیاریی نەهێنایە هەر وای دەکرد, بەڵام دەستور وایە ئەو کەسەی نییەتی حەج بێنێ و ئاژەڵی دیاریی لەگەڵ خۆی بەرێ بۆ مەککە، بۆی نییە تا لە (دەی ذی الحجه) ئاژەڵەکە سەر نەبڕێ، ئیحرام بشکێنێ.[٢٥٠]

ز- من ئێوە دەکەمە دادوەر, ئەو دەقە عەرەبییەی، کە نووسیومان تا چەند لەگەڵ نووسینەکەی مەریواندا یەکدەگرێتەوە، سەرنج بدەن چەواشەکاریی و بوختان و درۆ وخەیاڵە سێکسییەکانی مەریوان ببینن!.

١٥١- لە لاپەڕە (٢٨٤ – ٢٨٥)دا، دەقێك دێنێ و دەڵێ: "ئەمەش ڕیوایەتی حەرامکردنەکەیەتی، کە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەلافەتی عومەر".

دەڵێین:

ئەوەی، کە عومەر نەهی لێکردووە لە بارەی (متعة الحج)ەوە, مەبەست لەو جۆرەیە، کە نییەتو ئیحرام دابەستنەکە بۆ حەج و عەمرە پێکەوە بێت، نەك (متعة) سێکسییە فراوانەکەی مێشکی مەریوان.[٢٥١]

چونکە، وەك زانایان دەڵێن: "بۆیە عومەر ئەم جۆرەی پێناخۆش بووە، چونکە حەزی کردووە بەردەوام خەڵکی بێن بۆ سەردانی ماڵی خواوساڵی دوو جار, خەڵکی سەر لەو جێگەیە بدەن، جارێ بۆ حەج و جارێ بۆ عەمرە".[٢٥٢]

---

[٢٤٩] بڕوانە: بڕگەی (١٤٥) پێش کۆتاییەکەی (ڕوونکردنەوەیەکی پێویست).

[٢٥٠] بڕوانە: فتح الباری, ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (١٥٦٨) و (١٧٨٥).

[٢٥١] بۆ جیاوازی زانایان لە بارەی حەج کردن لە سەر شێوەی (تمتع), هەروەها بڕوانە: المحلی، ج، ص٥٧-٦٢, ٧٠, ١٠١. ١٠٥.

[٢٥٢] بڕوانە: تفسیر القرطبی، ج ٢، ص ٣٨٨ و ٣٩٢.

ڕوونکردنەوەیەک:

زانایان ڕا جیاییان هەیە، بۆچی بەو جۆرە حەجەی, کە دەوترێ "تەمەتوع" و ئەو کەسەی بەو جۆرە ئەم حەجە دەکات دەڵێن: "موتەمەتیع"؟.

(ابن القاسم) دەڵێ: "بۆیە وای پێوتراوە، چونکە کاتێ ئەو کەسە کارو باری عەمرە تەواو دەکات، ماوەیەک پشووی هەیە، تا ئەو کاتەی ئیحرام بە حەج دەبەستێ".

کەسانی تریش، جگە لەو, وتویانە: "بۆیە وای پێیدەوترێ, چونکە بەیەک سەفەر ئەوەی لە کۆڵ دەکەوێت جارێکی تر بێتەوە بۆ سەردانی مەککە". بەلام (قورتوبی) دەڵێ: "بۆچونی یەکەم گشتگیر ترە، چونکە لەو ماوەی پشووەدا هەرچی بەهۆی ئیحرامەوە لێی قەدەغە بووە، بۆی ڕەواو حەلاڵ دەبێ".[254]

تەواوکارییەک:

ئەو جۆرە تەمەتوعەی حەج، کە هەموو زانایان یەکدەنگن لە سەری, هەروەها لە ئایەتی ﴿ فمن تمتع بالعمرة الى الحج.... ﴾ البقرة /١٩٦شدا ئاماژەی بۆ کراوە, ئەوەیە، کە لە مانگەکانی حەجدا ئیحرام بە حەج و عەمرە پێکەوە دەبەستێ، ئەویش چەند مەرجێکی هەیە:

١- دەبێ حەج و عەمرەکە پێکەوە کۆ بکرێتەوە. ٢- بە یەک سەفەر بێت. ٣- لە یەک ساڵدا بێت. ٤- لە مانگەکانی حەجدا بێت (ذو القعدة، ذو الحجة، دەیەی یەکەمی شەوال). ٥- کرداری عەمرەکە پێش بخرێت. ٦- تێکەڵاوییان نەکات، واتە: سەرەتا ئیحرام بە عەمرە ببەستێ و پاش تەواو بوون، ئینجا ئیحرام بە حەج دابەستێ . ٧- دەبێت هەردوو کاری عەمرەو حەجەکە یەک کەس ئەنجامی بدات . ٨- خەڵکی دەرەوەی شاری مەککە بێت.[255]

پەیوەندی ئەمە بە باسەکەوە گەلێ گرنگە، چونکە ئەو "متعة الحج"ی مەریوان دەستکاریی تێدا کردووە و وای دەرخستووە، کە بریتییە لە یەکپارچە سێکس و جووتبوون، وەهانییە، بەڵکو "متعة الحج" شتێکە بەدەر لەو بۆچوونە سەقەتانە، "موتعەی حەج" کارێکە پەیوەندی بە خودی پایەکانی (حەج) و (عەمرە)وە هەیە، نەک درامای سێکسیی و خەیاڵی سەقەتی مەریوان، کە هەموو شتێ لە چوار چێوەی جەستەی ئافرەتدا دەخوێنێتەوەو دەبینێ!.

١٥٢ - لە لاپەڕە (٢٨٥)دا، لە باسی موتعەی تەڵاقدراو, بە نەزانیی خۆیی و ئارەزووە سێکسییەکەی خۆی, دەیەوێ وا لە خوێنەر بگەیەنێت, کە "موتعة" چەند جۆرێکە، بەڵام ئەو پێی خۆش بێت، یان نا، زانست و بەڵگەکان لەگەڵ مەریواندا نین، پاشان هەندێ ئایەتیش بە عەقڵە کورتە تۆز لەسەر نیشتووەکەی دێنێ و ڕاڤەی دەکات, بێئەوەی لەم بەشەدا ئاماژە بەیەک سەرچاوە بکات.

١- ئایەتی: ﴿لا جناح عليكم إن طلقتم النساء مالم تمسوهن أو تفرضوا لهن فريضة ومتعوهن على الموسع قدره وعلى المقتر قدره متاعاً بالمعروف حقا على المحسنين﴾ البقرة /٢٣٦. پاش ڕاڤە کردنەکەی, دەنوسێ: "شوێنی وشەی موتعە لە ئایەتەکەدا (ومتعوهن على الوسع قدره)، لەم بەشەدا موتعە بە مانای بەخشیش دێت، بەخشیشی مێردێک بۆ ژنەکەی خۆی، کە پێش ئەوەی بچێتە لای و لەگەڵی ڕابوێرێ تەڵاقیداوە".

دەڵێین:

پێشەکی زانایان ئاوها پێناسەی "موتعەی نیکاح"یان کردووە:

(ڕاغب ئەسفەهانی) دەڵێ: "مەتاع و موتعە، بەو شتە دەوترێ, کە دەدرێ بە ئافرەتی تەڵاقدراو، تا لە ماوەی عیدەکەیدا سوودی لێ ببینێ".[256]

[254] تفسير القرطبي، ج ٢، ص ٣٩٥ .

[255] تفسير القرطبي، ج ٢، ص ٣٩١ .

[256]مفردات ألفاظ القران، مادة /متع .

(إبن حزم) دەڵێ: "موتعە، فەرزو پێویستە لەسەر هەر پیاوێك، كە ژنەكەی تەڵاق بدات، جا یەك یان دوو، یان سێ تەڵاقی بدا, چوبێتە لای یان نا، مارەیی بۆ دانابێ، یان نا، پێویستە لەسەر پیاو موتعەی ژنەكەی بدات، دادوەر (حاكم) زۆر لە پیاوەكە دەكات لەسەر ئەمە، جا پیاوەكە پێی خۆش بێت، یان پێی ناخۆش بێت".[٢٥٧]

وە ئەم ئایەتە لەسەر پیاوان پێویست دەكات، كە ئەو كارە بكەن، ئەمەش بۆچونی (ابن عمر، علی بن أبی طالب، حسن بن أبی الحسن، سعید بن جبیر، أبو قلابة، زوهری، قتادة، ضحاك بن مزاحم)ە.[٢٥٨]

ئەوەی بوترێ "موتعە" لە سەر پیاوان پێویستە (واجب)، ئەمە شیاوترو پەسەند ترە، وەك پێشەوایان (إبن حزم) و(قورتوبی) باسی لێدەكەن.[٢٥٩]

كەواتە:

١ – قسەی مەریوان، كە دەڵێ: "موتعە بەمانای بەخشیش دێت، بەخشیش ...هتد". لە گیرفانە ڕزیوەكەی خۆی بە كوڵێ تەپو تۆزەوە دەریهێناوە، هیچ كاتێكیش نەبووە قسەی كەڵە زانایانی وەك (راغب) و (ابن حزم) و (قورتوبی) و كەسانی وەك ئەوان, بەرابەری پێ بكرێ بە سەر قسەی كەسێكی عاشق بە سێكسیی ئافرەت و جەهل و سەر لێشێواویدا!.

٢ – ئەم پەیامە ڕێزی ئافرەت دەردەخات، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان جیا بۆوە، واجب كراوە لەسەر پیاو، دەبێ شتێكی بداتێ, كە هیچ نەبێ لە ماوەی سێ مانگدا بتوانێ خۆی پێ بژیەنێت، نەك ئەوەی مەریوان پێیوایە ئەم خۆشیی‌و لەزەت دەدات بە پیاو و بە خراپەش بگەڕێتەوە بۆ ژن (وەك لە كتێبەكەیدا لاپەڕەكانی ٢٨٦و ٢٨٧دا دەڵێ)، چ "ڕێباز و مەریوان"ێك دەستوری وا ڕێك دەتوانێ دابنێ بۆ ئافرەتێك, كە بە هەر هۆیەك بووە, ناتوانێ لەگەڵ مێردەكەی هەڵكات، ئەزانم مەریوان و ئەو كەسانەی وەك ئەو وان, دەڵێن: "جا قەیچێكە با ئافرەتەكە بچێت لە .... پارە پەیدا بكات و بژێویی خۆی دابین بكات!".

٣ – گەر چی لە ئەندازەی ئەو بڕە شتەدا، كە پیاوەكە پێویستە لە سەری بیدات بە ژنەكە، زانایان ڕای جیا جیایان هەیە، كە ئەمە مەبەستی سەرەكی ئێمە نییە لێرەدا، بەڵكو ئەوەی مەبەست بێت بە هەڵەدا نەچوونی خوێنەرە لە وڕێنەرەكانی مەریوان.

٤ – وشەی "ومتعوهن" مەبەست لەوەیە، كە ئافرەتەكە دەبێ سوودمەند بێت لێی‌و ئەو ماوەیەی پێ بباتە سەر.[٢٦٠]

١٥٣ – لە لاپەڕە (٢٨٧)دا, ئایەتی ﴿وللمطلقات متاع بالمعروف حقا علی المتقین﴾ البقرة/ ٢٤١، دێنێ و وا ڕاڤەی كردووە "بۆ ژنانی تەڵاق دراو بڕێك سامان وپارە پێویستە ......".

دەڵێین:

ئەمە ڕاستێتی قسەكەی ئێمە دەردەخات، كە لە سەرەتاوە باسی "موتعە"مان كرد، نەك گومانە لێڵاوییەكەی مەریوان، چونكە زانایان یەكێك لەو بەڵگە قورئانییانەی دەیهێننەوە بۆ پێویست (واجب) بوونی "موتعە" ئەم ئایەتەیە.[٢٦١]

١٥٤ – لە هەمووی سەیرتر, مەریوان لە لاپەڕە(٢٨٧)دا, ئاوها ڕاڤەی ئایەتی: ﴿ یاایها النبي قل لأزواجك اِن كنتن تردن الحیاة الدنیا و زینتها فتعالین أمتعكن و أسرحكن سراحاً جمیلاً ﴾الاحزاب/ ٢٨. دەنوسێ: "ئەی پەیامبەر بە

---

[٢٥٧] المحلی، ج١١، المتعة مسألة (١٩٨٨).

[٢٥٨] تفسیر القرطبی، ئایەتی ٢٣٦ البقرة المسألة السادسة .

[٢٥٩] بڕوانە: المحلی، ج١١ المسأله (١٩٨٨)، تفسیر القرطبی، ئایەتی ٢٣٦ البقرة المسألة السادسة.

[٢٦٠] بڕوانە: تفسیر الجلالین، تفسیر القرطبی, ئایەتی ٢٣٦ البقرة المسألة السابعة .

[٢٦١] بڕوانە: هەمووی ئەو سەرچاوانەی لەم بارەوە نوسیومانن.

هاوسەرانت بڵێ: ئەگەر ئێوە تەنها ژیانی دنیاو ڕازاوەییەکەیتان دەوێت، وەرن با هەندێك شتومەك و پارەو سامانتان پێببەخشم، لەوە دواش تەڵاقتان بدەم و بە جوانترین شێوە دەستبەردارتان ببم".

دەڵێین:

قسەی ئێمە لە سەر ئەو نوسینەیەتی، کە نوسیویەتی: "وەرن با هەندێك شت و مەك و پارەو سامانتان پێببەخشم" (أمتعكن).

من دەڵێم ئەمە تەنها قسەی مەریوانە، دەنا گەر ئەو کەسێکی هەق بێژو ڕاستی ئاشکرا دەکات (کە ئەمە تەنها لەودا بوونی نییە) بۆ ئاماژەی بە تەنها یەك سەرچاوەی ئەم ڕاڤە سەقەتەی نەکردووە؟!!

(ابِن کثیر)، لە بارەی "أمتعكن" دەنوسێ: "بێن با مافەکانی خۆتان بدەمێ". "أی أعطیكن حقوقكن".[٢٦٢]

مەریوان، وا دەزانێ ئەو خەڵکە نانی بە شاخەوە خواردووە، نە ئاوەدانییان بینیوە و نە کتێب، خەڵکانێك زۆر لەوە ژیرترن نەخوێندەوارێکی بێ شەهادەو دەروون نەخۆش بیان خەڵەتێنێ.

١٥٥ – لەمە سەیرتر، مەریوان لە لاپەڕە (٢٨٦)دا، لە ئایەتی (٤٩)ی سورەی (الاحزاب) بەشی "فمتعوهن" نوسیویەتی: "هەندێك دیارییان پێشکەش بکەن".

دەڵێین:

قوڕ بەسەر ئەوەی گوێ بۆ قسەو (تحليل)ەکانت دەگرێت، کەی "موتعەی تەڵاق" دیارییە؟، بەڵکو گەر مێردەکە نەیدا (حاکم) بۆی هەیە بە زۆری ..... لێی بستێنێ، وەك لە پێشەوە باسمان کرد.

١٥٦ – لە لاپەڕە (٢٨٧)دا, لە باسی "موتعەی ژن"دا, ئایەتی (٢٤ی سورەتی النساء) دێنێ‌و بەم جۆرە ڕاڤەی دەکات: "جگە لە کەنیزەك و ئەوانەی کە باسکران بڕیاری خوا لەسەرتانە و حەڵاڵکراوە بۆتان، ماڵ‌و داراییتان لە داوێنپاکەکاندا، نەك لە داوێن پیسەکان، خەرج بکەن‌و پاشان ئەوەی لەگەڵیان ڕادەبوێرن و چێژیان لێوەردەگرن ئەو کرێیەیان بدەنێ، کە لەسەری ڕێککەوتوون، هیچ گوناهیشی تێدا نییە، دوای تەواوبوون و پێدانی کرێکەی, جارێکی دی لە نێوان خۆتان دا ڕێکبکەونەوە ....".

دەڵێین:

ئەمە دەقی ئایەتەکەیە ﴿ والمحصنات من النساء إلا ما ملكت أيمانكم كتاب الله عليكم وأحل لكم ما وراء ذلكم أن تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين فما استمتعتم به منهن فآتوهن أُجورهن فريضة، ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة إن الله كان عليماً حكيماً ﴾ النساء/٢٤.

ئەمەش واتاکەیەتی بە کوردی:

"هەروەها ئەو ئافرەتانەشی، کە مێردییان هەیە, قەدەغە کراوە لەسەرتان بیهێنن، جگە لەو ئافرەتانە نەبێت، کە لە جەنگدا دەستتان دەکەوێت، ئەم قەدەغە کردنی ئافرەتانە بڕیارو فەرزێکە خوا لەسەر ئێوەی داناوە، ئیتر لەپاش ئەمانە (واتە ئەوانەی کە لە ئایەتەکەی پێشوودا باسکران، لە ئایەتی پێش ئەم ئایەتەدا, باسی کۆمەڵی ئافرەت دەکات، کە لە سەر باوەڕداران حەرامن. (حرمت عليكم أمهاتكم .... ٢٣ النساء) بۆتان ڕەوایە، کە بە هۆی ماڵ و سامانەکانتانەوە بچن بگەڕێن ئافرەت بخوازن، تا ببنە خاوەن هاوسەرو داوێن پیس نەبن، کەوایە گەر چێژو خۆشیتان وەرگرت لێیان بە نیکاحی دروست, ئەوا ئەو مارەییەیان بدەنێ کە دیاری کراوە، وە هیچ خراپەیەکتان لەسەر نییە، گەر خۆتان لە نێوان خۆتاندا ڕازی بوون, واتە پیاو و ئافرەتەکە لە پاش دیاری کردنی مارەییەکە، مارەییەکە، کەمبکەنەوەو لێی دابشکێنن لە ئەندازەکەی، یاخود لایبەرن, بەڕاستی خوا زاناو دانایە".[٢٦٣]

بەڕێزان:

[٢٦٢] ابِن کثیر، ئایەتی ٢٨ الاحزاب .

[٢٦٣] بڕوانە: تفسير الجلالين، قورتوبی، إبن كثير، مختصر تفسير الطبري، روائع البيان في تفسير ايات الاحكام من القران (محمد علی صابونی).

١- بڕوانن لەو جیاوازییەی لەنێو ڕاڤەکەی ئێمە، کەپشت بەستووە بەو سەرچاوانەو ڕاڤە سەقەتەکەی مەریوان، کە پشت بەستووە بەخولیای سێکسیی خۆی، چەندە جیاوازیان زۆرە!، بۆ ڕوونی سەقەتی ڕاڤەکەی مەریوان ئەمانە دەنوسین:

أ- ڕاڤەی "المحصنات" لە سەرەتای ئایەتەکە نەکراوە.

ب- "جگە لە کەنیزەک" ئەم ڕاڤەیە بۆ "ما ملکت ایمانکم" سەقەتە تاسەر ئێسقان، ئەمە ڕای مەریوان خۆیەتی.

٢- "محصنین غیر مسافحین" مەریوان وای زانیوە (سیفەتی ئافرەتە)، ئەمەش زۆر سەقەتە، چونکە:

أ- بۆ مێینە دەوترێ "محصنات غیر مسافحات" هەرواش لە قورئاندا دەربڕدراوە، بۆ نمونە: خوای گەورە لە ئایەتی (١٢٥)ی سورەی (النساء) بۆ مێینە وا دەفەرمێت، هەروەها بۆ مێینە "محصنات" هاتووە، بڕوانە ئایەتی (٥)ی سورەی (المائدة)، هەروەها ئایەتەکانی (٤ و٢٣)ی سورەی (النور)، هەروەها چەندین جێگەی تر.

ب- (قورتوبی) دەڵی: "محصنین غیر مسافحین" دوو بۆچوون هەڵدەگرێت:

یەکەمیان، واتە هاوسەرگیریی و دوور لە داوێن پیسی، بە ڕێگەو گرێبەستی نیکاح، واتاکەی وای لێ دێتەوە: ئێوە ئەی پیاوان دەستی خۆتان بخەن و بگەڕێن بۆ چێژ وەرگرتن لە ئافرەت بەماڵ وسامانتانەوە، بەڕێگەی نیکاح و هاوسەرگیریی، نەک لە ڕێی داوێن پیسییەوە.

دووەمیان: هەڵدەگرێ "محصنین" سیفەت بێ بۆ ئافرەت، بەڵام بۆچوونی یەکەم شیاوترو گشتیترە، چونکە لە سەر بۆچوونی دووەم وا دەبێت، کە زیناکارەکان حەڵاڵ نەبێ نیکاحیان، ئەمەش پێچەوانەی کۆڕای زانایانە.[٢٦٤]

٣- "دوای تەواو بوونی و پێدانی کرێکە.....هتد" پێچەوانەی دەق و وتەی زانایانە، چەندین بزرکاندنی تریش، گەر سەرنج لە ڕاڤەکەی ئێمە بدرێ بۆ ئایەتەکە، ئەو خەلاَفاویانەی مەریوان دەردەکەوێ.

١٥٧- وەرن بادرۆیەکی تری مەریوان ئاشکرا بکەین، لە لاپەڕە(٢٨٨)دا، ئەم دەقە دەهێنێ: "قال: سألت ابن عباس عن متعة النساء قال: اما تقرأ سورة النساء ؟ قال: قلت: بلى، قال: فما تقرأ فيها فمااستمتعتم به منهن الى أجل مسمى؟ قلت: لا، لو قرأتها هكذا ماسئلتك، قال: فانها كذا". پاشان وەک سەرچاوە دەنوسێ: (صحيح البخاري، كتاب النكاح، باب نهى رسول الله عن المتعة) .

دەڵێین:

درۆزن ئەگەر شەرمیشی نەما، ئەوا دەستی لێ بشۆ!. بەڕێزان، ئەوە (صحيح البخاري) باوەڕ بکەن شتی وابوونی هەرنییە، من وا دەزانم مەریوان لە ڕووی دەروونییەوە زۆر نەخۆش بێت، دەنا چۆن شتێ لە جێگەیەکدا نەبێت، دەنووسێ لەوێدا هەیە!؟.

بیرەوەرییەک:

بیرم دێ لە ڕاپەڕینەکەدا، پێشمەرگە لە کەرکوک کشابوونەوەو هەر هێزبوو دەهاتنە ناوشار، خەڵکیش شپرزەو جارجارەش دەنگی تۆپ دەهات، سلێمانی ببووە هەڵاو هاوار، دەنگۆ وا بڵاوبوەوە، کە (عزت ابراهیم) گیراوەو وا لە (مزگەوتی عەلی کەمال)، هەندێکی تریش دەیانوت: لە قوتابخانەیەکدا لە نزیک ئەو مزگەوتە دەستبەسەرە، بە هەرحاڵ ئەوەی ئێستاش سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەوەبوو ئافرەتێکی خەڵکی گەڕەک و هەم ناسیاو، بە شپرزەیی هات و وتی: فلانە کەس گیراوەو بەم چاوانەی خۆم بینیومە، تەنانەت پارچە ئێسقانێکیشم بۆ فڕێداوەو پێموتووە "پشە سوور، هابخۆ بە دەردت بێ.....", بەڵام هێشتا ئێوارە دانەکەوتبوو، خەڵکی بۆیان دەرکەوت ئەم قسانە درۆیە، کەوتنە ماڵپێچانەوە بۆ ڕاکردن بەرەوسنورەکان، چونکە حکومەتی بەعس بەرەو سلێمانی دەکشا، پاڵەوانی مەیدانیش ئەوکەسە بوو بۆی دەرچی!.

---

[٢٦٤] القرطبي، ئایەتی ٢٤ النساء، المسألة السادسة.

ئای لەو ڕۆژەی, درۆکانی مەریوانیش بەچەشنی ئەودرۆیانە بۆخەڵك ئاشکرا دەبێت، بەلاَم بەلای مەریوانەوە, ئەمانە هیچ نین, چونکە شتێك نییە لای ئەو بەهاو پیرۆزی هەبێت, بەتایبەتی شتێکی بەنرخی وەك (شەرم و شکۆ)! .

١٥٨- لە لاپەڕە(٢٨٩-٢٩٠)دا، لە باسی مانای گشتی (المحصنات وما ملكت ایمانكم) دەدوێ و لە سەر وشەی (المحصنات) دەنوسێ: "واتە: داوێن پاکەکان، مەبەستی ئەو ژنانەیە، کە عەورەتی خۆیان لە زینادا پاراستوە....بەپێی ڕاڤەکان کە هەموویان لە سەر ئەوە هاوڕان، ئەگەر ژنێك (١٠٠)ساڵ و زیاتر، یان تەنها یەك جار لەگەڵ مارەبڕێکی خۆیدا نووستبێت وسێکسی حەرامی نەکردبێت، ئەوە پێی دەڵێن ژنی داوێن پاك (محصن) بەپێی ئەم ئایەتە (کچ) ناکەوێتە ناو ئەم حوکمەوە, چونکە شوی نەکردووە".

دەڵێین:

١- "المحصنات" لەم ئایەتەدا, واتە: ئایەتی (والمحصنات من النساء..) النساء ٢٤، مەبەست ژنێکە پیاوی هەبێت، جا چووبێتە لای یان نا، ئەمە ڕاڤەکاران وا ڕاڤەی دەکەن، بێئەوەی بچن بەلای ئەوەی ئەو ژنە مێردداره، داوێنپاکە, یان زیناکار.[٢٦٥]

٢- لە واتای "محصن" زۆر بە هەڵەدا چووە, کاتێك کە تەنها تایبەتی کردووە بە (داوێنپاك) (ژنی شووکردووی داوێنپاك) ئەمە دوورە لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکانەوە، چونکە لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکاندا, وشەی "محصن" بەم واتایانە هاتوە:

أ- ئافرەتی مێرددار، وەك لە ئایەتی (٢٤ النساء)دا هەیە, بێئەوەی باسی داوێنپاك، یان پیسبکات.

ب- داوێنپاك، وەك لە ئایەتی (٢٥ النساء)دا هەیە.

ج- ئافرەتی ئازاد، واتە: ژێردەستە نەبێت، وەك لە ئایەتی (٥/المائدة)دا هەیە.

د- واتە (ئیسلام) گەرچی ئەمەیان لە قورئاندا نەهاتووە، بەلاَم لەفەرموودەی ساغدا هاتووە.[٢٦٦]

٣- کە مەریوان دەڵێ: "بە پێی ڕاڤەکان کە هەمویان ......پێی دەڵێن ژنی داوێن پاك". قسەی خۆیەتی و ئەو مەرج و شەرتانە, بەس مەریوان قسەی لەسەر کردووە، دەنا ئەگەر ڕاستی دەکرد, سەچاوەیەکی متمانەپێکراوی هیچ نەبوایە دەهێنا، کەواتە ئەو قسەیە "قەڵبە", ماڵی "قەڵب"یش سەری بێمێشکی خاوەنەکەیەتی!

١٥٩- لە سەر وشەی "ماملكت ایمانكم" لە لاپەڕە(٢٩٠)دا، دەنوسێت: "واتە: ئەو ژنانەی کە کەنیزەکتانن وکۆیلەو موڵکی خۆتانن, ئەمانە داوێن پاکنین، چونکە نەیانتوانیوە عەورەتی خۆیان بپارێزن......".

دەڵێین:

واتاکردنی "ماملكت ایمانكم" زۆر سەقەتە, وەك لە پێشیشەوە باسمان کرد، واتاکەی ئەمەیە "ئەو ئافرەتانەیە، کە لە جەنگدا دەست موسڵمانان دەکەوێت و مێردیشیان هەیە, بەلاَم مێردەکانیان (مشرك)ن".[٢٦٧]

ئەوەی ئەم بۆچوونەش بەهێزدەکات، هۆی هاتنە خوارەوەکەیەتی، کە کاتێك لە ڕۆژی غەزای (حونەین)دا, پێغەمبەر دەستەیەك لە سوپاکەی نارد بۆ (أوطاس)... . پاشان سەرکەوتن بە سەردوژمنانداو چەندین ئافرەتیشیان بە دیل گرت، هەندێ لە هاوەڵان بە لایانەوە گران بوو, کە بچنە لایان, چونکە هاوسەریان هەبوو لە بێباوەڕەکان (واتە ژنەکان ژنی بێباوەڕەکان بوون) جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی نازڵ کرد: (والمحصنات من النساء الا ماملكت ایمانكم.....).[٢٦٨]

---

[٢٦٥] بروانە: تەفسیر الجلالین، قورتوبی، ابن کثیر، ئایەتی٢٤ النساء .

[٢٦٦] تفسیر القرطبی، ئایەتی٢٤ النساء، المسألة الاولی، والنهایة فی غریب الحدیث والاثر، ج١ مادة(حصن)، والرسالة للشافعی، الفقرة ٣٩٢، ولسان العرب والتفسیر الکبیر، ج١٠, ص٣٩.

[٢٦٧] تفسیر الجلالین، قورتوبی, ئایەتی٢٤ النساء.

[٢٦٨] صحیح مسلم، کتاب الرضاع، باب/ جواز وطء المسبیة بعد الاستبراء.......رقم(١٤٥) .

واتە: "ئەو ئافرەتانەی، کە مێردیان هەیە لێتان حەرامن، جگە لە وانەیان نەبێ، کە لە شەڕدا دەگیرێن".[٢٦٩]

١٦٠- لە لاپەڕە (٢٩٠)دا، لە بارەی "موتعە"وە، دەنوسێت: "هەر کات خاوەندار، ویستی موتعە لەگەڵ کەنیزەکێکی خۆی بکات پێویستی بە مە نەبووە بزانێ داوێن پاکە، یان نا، تەنها ئەوەندە بەس بوە کە کەنیزەک بوە، کچ بێت یا کوڕ، مێردی هەبێت یان نا........".

دواتر وەك سەرچاوە دەنوسێت (صحیح البخاری وتفسیر الجلالین وابن کثیر......).

دەڵێین:

ئەگەر مەریوان وا بزانێت، کاتێك خەڵکی ئەم دەستەواژانەیان بینی، ناگەڕێنەوە سەر ئەو سەرچاوانە، ئەوا خەیاڵی، نەك خاوە، بەڵکو بابزانێ، خەڵکی سەیریشیان دەکات و بە درۆکانی هەڵناخەڵەتێن، ئەوە بۆ مەریوان ئەو ئەرکەشی نەکێشا، تەنها نمونەیەکی لەو سەرچاوانەدا، بۆ خوێنەر نەهێناو نەنوسی، کە "خاوەندار موتعە لەگەڵ کوڕدا بکا"؟!

من دەڵێم، لەوانەیە ئەم نوسینانەی کاتێك نووسی بێت، کە لەوپەڕی مەستی و خەیاڵی سێکسیدا بوو بێت، دەنا کەسی ژیر شەکری وا قەت ناتوێنێتەوە!.

١٦١- لە لاپەڕە (٢٩١)دا، دەنوسێ: "بەپێی ڕاوییەکان، هەر کەنیزەکێك لە بازاڕەکاندا بفرۆشرێت، بەو فرۆشتنە تەڵاقی لە مێردەکەی کەوتووە".

پاشان لە پەراوێزەکەدا، ئەم دەقەی نووسیوە: "اذا بیعت الامة ولها زوج فسیدها احق ببضعها".

دەڵێین:

١- "بەپێی ڕاوییەکان..". ئەمە تەنها قسەی خەیاڵدانی پڕ سێکسیی مەریوان خۆیەتی، چونکە:

أ- ئەم بابەتە واتە: تەڵاق کەوتنی کە نیزەك بە فرۆشتن، لە نێوان زانایاندا جیاوازی هەیە، کە ئایا بە تەڵاق دادەنرێ یان نا؟، کەواتە، بابەتەکە بەو ڕەهاییەی مەریوان نییە، کە باسی کردووە.

ب- جەماوەر (جمهور)ی زانایان لە سەر ئەوەن، کە بە فرۆشتنی کەنیزەك تەڵاقی پێناکەوێ، ئەمە بۆچوونی گەلێك لە هاوەڵانیشە، وەك (عمر بن خطاب)، (عبدالله ی کوڕی عومەر)، (عروة بن مسعود) و کەسانی تر، ئەم بۆچوونەش پەسەندە.

ج- هەتا پێشەوا (بخاری) لە صەحیحەکەیدا، سەر باسێکی نووسیووە، بە ناونیشانی: (لایکون بیع الامة طلاقاً) بە هیچ جۆرێك فرۆشتنی کەنیزەك تەڵاق ناگەیەنێت. پاشان بەسەرهاتەکەی (بریرة) دەهێنێ.[٢٧٠]

٢- ئەو دەقەی، کە مەریوان نوسیویەتی، لەگەڵ نووسینەکەیدا یەك ناگرێتەوە، چونکە واتای دەقەکە ئاوایە: "ئەگەر کەنیزەك فرۆشراو مێردی هەبوو، ئەوا خاوەن (سید)ەکەی شیاوترە بەو مارەییەی بۆی دادەنرێ".

١٦٢- لە هەمان لاپەڕەدا، دەنوسێ: "(ابن عباس) دەڵێ: بە پێنج شت تەڵاقی کەنیزەك لە مێردەکەی دەکەوێت....".

پاشان وەك سەرچاوە، ئەمە دەنوسێ: (صحیح البخاری، کتاب النکاح، الطلاق)....تاد).

دەڵێین:

١- بەڕێزان باوەڕ بکەن (صحیح البخاری)، تەنانەت بە شەرحە گەورەکەی (ابن حجر)یشەوە لەسەری گەڕاوم، شتی وام نەبینی، کە مەریوان نوسیویەتی، جا نازانم تۆ بڵێی (مەریوان) خۆی "صحیح"ێکی خۆی هەبێت، بە سیلسیلەی سەنەدی خۆی، بچێتەوە سەر (بخاری)؟!، پەنا دەگرم بەخوا، لەوەی کە نەزانێکی وەك مەریوان، هەر بشزانێ "سەنەد" چییەو چۆنە؟!.

---

[٢٦٩] ابن کثیر، جلالین، قرطبی و مختصر تفسیر الطبری، ئایەتی ٢٤ النساء.

[٢٧٠] بڕوانە: صحیح البخاری، بشرح فتح الباری، ج٩، باب/ لایکون بیع الامة طلاقاً، والمحلی لابن حزم، ج١١، المسالة (١٩٤٤).

٢ – بەڵكو ئەو وتەیەی (ابن عباس)، (ابن جریر)دەیهێنێ و(ابن كثیر)یش لە تەفسیرەكەیدا بەم جۆرە دەینوسێ: "وقال ابن جریر: حدثني یعقوب، حدثنا ابن علیه عن خلید، عن عكرمة، عن ابن عباس، قالَ: طلاق الامة ست". پاشان تەنها پێنجیان باسدەكات.[٢٧١]

دەڵێم، زۆر شوورەییەو نەنگییە، كەسێك بە ناو، خۆی بە نووسەر بزانێ، شتی وا قێزەونی لێبوەشێتەوە، زۆر حەیفە، كەسێكی دەروون ڕووخاو و نەخۆش، تا سەر ئێسقان ئالوودە بەسێكسەوە و فاشل لە ژیاندا، قەڵەم دەخاتە سەر كاغەزو خۆی بە شت بزانێ، ئاخر ئەوە تواناو ویژدانی مەریوانە، لەم سەردەمەدا، خەڵكی بە جۆرێكە، كە جوڵەی لێو دەخوێننەوە، كەچی تازە نەفامێكی وەك مەریوان دێت و دەیەوێت "خۆڵ بكاتە چاوی خەڵكی"و شیری "بەراز" بە شیری "مەڕەسپی" بە خەڵكی بفرۆشێت!.

١٦٣– لە لاپەڕە (٢٩٢)دا، لە باسی هۆی نازڵبوونی ئایەتی (٢٤/النساء)دا دەنوسێ: "هۆكاری دەركەوتنی ئەم ئایەتە (اسباب النزول) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی، كە لەمەو پێش باسمان كردوون، كە گرنگترینیان دووخاڵە". پاشان دووخاڵەكە دەنووسێ، كە بە كورتی یەكێكیان "سروشتی سێكسیی مرۆڤە"، دووەمیشیان "گەرمی شوێنەكە".

دەڵێین:

زانینی هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی قورئان، دەبێت لە ڕێی گواستنەوە (نقل)ی ساغ و دروستەوە بێت لەو كەسانەوە، كە ئاگاداری هاتنە خوارەوەی قورئان بوون و ئاگاداری هۆیەكەی بوون، كەواتە ڕەواو حەڵاڵ نییە، قسەكردن لە هۆی هاتنە خوارەوەی هەر ئایەتێك، گەر بەم جۆرە نەبێت، وەك (واحیدی) دەڵێ.[٢٧٢]

كەچی مەریوان، هاتووە باسی ژینگەو سروشتی مرۆڤ دەكات، كە ئەمە ئەوەندە لاوازە، ئەوەی سەرەداوێك، شارەزایی لە قورئان و زانستەكانی هەبێت، پەی پێدەبات.

١٦٤– لە لاپەڕە (٢٩٣)دا، ئەم دەقە دەنووسێ: "وكان ابن عباس وابي بن كعب وسعد بن جبیر والسدی) یقرؤن (فما استمتعتم به منهن الی اجل مسمی فاتوهن اجورهن فریضة) وقالَ مجاهد: نزلَت فی نكاح المتعة". هەروەها وتەیەكی تری (مجاهد)یش دەنوسێ، دواتر وەك سەرچاوە دەنوسێ: "هەمان سەرچاوەو ناونیشان".

دەڵێین:

١–مەبەست لەوەی، كە نووسیویەتی "هەمان سەرچاوەو ناونیشانی پێشوو"، واتە (صحیح البخاری، كتاب/ نكاح، الطلاق)، چونكە لە لاپەڕە (٢٩١)دا، ئەم ناونیشانەی داوە.

٢– ئەم جارەش، وەك جارەكانی تر دەقی واو شتی وا لە (صحیح البخاری)دا نییە.

٣– ئەو دەقە لە تەفسیری (ابن كثیر)دا هەیە، بەڵام (ابن كثیر) دەنوسێ: "بەڵام جەماوەری زانایان بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوەن، واتە ئەوەی، كە دەڵێ: ئەم ئایەتە لە بارەی موتعەی نیكاح هاتووە".[٢٧٣]

٤– ڕاستیی نازڵبوونی ئایەتی (٢٤/النساء):

ئەوەی فەرموودەی ڕاست و دروست پشتگیریی دەكات ئەوەیە، كە ئەم ئایەتە دەربارەی "موتعە" نەهاتۆتە خوارەوە، بەڵكو:

أ– لە جەنگی (اوطاس)دا، كاتێك چەند ئافرەتێك دەگیرێن و دەكەونە دەستی موسوڵمانان، هەندێك لە هاوەڵان بە لایانەوە گران دەبێت بچنە لایان، چونكە خاوەنی مێردن (مێردەكانییان بێباوەڕ بوون)، كە لەو بارەیەوە پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) دەكەن، ئایەتی﴿والمحصنات من النساء الا ماملكت ایمانكم....﴾ دادەبەزێ.[٢٧٤]

---

[٢٧١] ابن كثیر، ئایەتی ٢٤ النساء.

[٢٧٢] عومەر كەمال: پوختەیەكی بە سوود لە زانستەكانی قورئان، لاپەڕە ٤٤–٤٥.

[٢٧٣] ابن كثیر، ئایەتی٢٤ النساء.

[٢٧٤] صحیح مسلم، كتاب الرضاع، باب/ جواز وطء المسبیة بعد الاستبراء... رقم (١٤٥٦) ورواه ابو داود والترمذی والنسائی.

ب- لە وەشدا, کە خوا دەفەرموێت ﴿ولا جناح علیکم فیما تراضیم به بعد الفریضة﴾ هەندێك لە پیاوان هەبوون، کە مارەییان دیاری دەکرد بۆ ژنەکانییان، لەوانە بوو گران بکەوتایە لە سەریان و بۆیان نەدرایەوە, ئەوە بوو, ئەمە نازڵبوو ﴿ولا جناح علیکم فیما تراضیم به بعد...﴾.[٢٧٥]

١٦٥- لە لاپەڕە (٢٩٤)دا، چەند ئایەتێك دێنێ، کە وشەکانی "متاع " و "تمتع" و داتاشراوەکانی ئەم وشانەی تێدایە, لە سەرەتاوە دەنوسێ: "بەپێی دەق هەموو ئەو شتانەی، کە موتعەیان تێدایە کاتین و بۆ ماوەیە، نەك هەتا سەر بێت, ئینجا ئەو چەند ئایەتە دەهێنێتەوە".

دەڵێین:

ئەگەر مەبەست لەو قسەیە دونیا بێت, ئەمە وەهایە, چونکە شتەکانی دونیا هەمووی کاتیین, قورئانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە, بەڵام گەر مەبەستی بە ڕەهایی هەموو شتەکان بێت, ئەوە مەریوان درۆی کرد, چونکە (بەهەشت) خۆشییەکانی نەبڕاوەیەو بێکۆتایە, دەقیش تەنها لە بارەی خۆشیی دونیاوە هاتووە, کە (کاتی)یە, نەك دواڕۆژ، ئەمەش زۆر بەڕوونیی لەو ئایەتانەدا دیارە, کە باس لە خۆشییەکانی بەهەشت دەکەن.

١٦٦- لە لاپەڕە (٢٩٥)دا، لە باسی مەرجەکانی "موتعە"دا, لە پاش باسکردنی وتەی ژن و پیاوەکە, دەنوسێ: "بەم جۆرە ئەو ژن و پیاوە دەبنە حەڵاڵی یەکتری و مەرج نییە، هیچ شاهیدێك لەو کاتەدا ئامادە بێت, یا ژنەکە ئارەزوی خۆیەتی پرس بە کەسوکاری بکات، یان نەیکات".

دواتر سەرچاوەیەکی (شیعە) بە بەڵگە دەهێنێتەوە.

دەڵێین:

ئەگەرچی, ئێمە لە دواتر باس لە حەرامێتی "موتعە" دەکەین, بەڵام لێرەدا ئەوەی, کە مەریوان نوسیوویەتی:

"مەرج نییە هیچ شاهیدێك...". ئەمە وانییە، چونکە (ابن عطیة) باسی "موتعە" دەکات, دەڵێ: "موتعە وەختی خۆی بەم جۆرە بووە، پیاوەکە ئافرەتەکە مارە دەکات بە شاهیدی دوو شاهید وبە ئیزنی کەس و کار.......".[٢٧٦]

ئەوەی مەریوان باسی لێوە کردووە، داوێنپیسیی تەواوە!, ئەمەش هیچ کات ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئیسلامدا ڕەوانە بووە, هەر بۆیە (عومەر) دەیوت: "هەر کەسێك بهێنن و موتعەی کرد بێت لە ژێر بەردا دەیشارمەوە".[٢٧٧]

١٦٧- لە لاپەڕە (٢٩٢)دا، ئەم دەقە دەنوسێ: "ایما رجل وامراة توافقا فعشرة ما بینها ثلاث لیال فان احبا ان یتزایدا او یتتارکا تتارکا". بەم جۆرە دەیکات بە کوردی "هەر پیاو و ژنێك ڕازی بن بۆ یەکتر بن لە سەر درێژی کاتەکە ڕێك نەکەوت بوون نەیان توانی، یاخود نەیان زانی کاتەکەی دیاری بکەن، ئەوا من بۆیان دیاری دەکەم کە (سێ) شەوەو دوای ئەوە ئەگەر ویستیان و ئارەزویان کرد زیاد یان کەمی بکەنەوە".

دەڵێین:

١- دەقەکە زیادەیەکی هەیە, مەریوان نەیهێناوە, فەرموودەکە لە (سەلەمە)وە دەیگێڕێتەوە, کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی "ایما رجل وامراة توافقا فعشرة ما بینها ثلاث لیال فان احبا ان یتزایدا او یتتاکا تتارکا, فما ادری اشی کان لنا خاصة ام للناس عامة قالَ ابوعبدالله وبینه علي عن النبی (ﷺ) انه منسوخ".[٢٧٨]

واتە: هەر پیاو و ژنێك ڕێککەوتن، ئەوا ماوەی پێکەوە مانەوەیان (سێ) شەوە، جا ئەگەر پێیان خۆشبوو لە دوای تەواو بوونی ئەو ماوەیە, ماوەکە زیاد بکەن, با زیادی بکەن, یان ئەگەر ویستیان جیا ببنەوە, با جیا ببنەوە, (سەلەمە)دەڵێ: جا نازانم, ئەوە شتێك بوو, تەنها تایبەت بوو بە ئێمەوە, یان گشتی بوو بۆ خەڵکی تریش؟ (بوخاری)

[٢٧٥] بڕوانە: اسباب النزول للسیوطی، بزیل تفسیر الجلالین.

[٢٧٦] القرطبی, ئایەتی٢٤/ النساء, المسالة الحادیة عشرة.

[٢٧٧] القرطبی، ج٥, ص ١٣٢ المسالة الحادیة.

٢٧٨رواه البخاری, باب/ نهی رسول الله عن نکاح المتعه اخیراً, رقم (٥١١٩).

کە کونییەکەی (ابوعبدالله)یە دەڵێ: عەلی ڕوونی کردۆتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، کە نیکاحی موتعە هەڵوەشێنراوەتەوە، واتە منسوخە.

٢- لە گێڕانەوەیەکی (بەیهەقی)دا، بەڕاشکاوانە لە (ابوذر)ەوە باس لەوە دەکات، کە (ابوذر) وتویەتی: "نیکاحی موتعە، تەنها بۆ ئێمەو هاوەڵان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ حەڵاڵ بوو، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێکرد". (انما احلت لنا اصحاب رسول الله (ﷺ) متعة ثلاثة ايام، نهى عنها رسول الله (ﷺ). [٢٧٩]

کەواتە:

١- "لە سەردرێژی کاتەکە ڕێك نەکەوتن...". خەیاڵی مەریوان خۆیەتی و لە دەقەکەدا شتی وانە هاتووە.

٢- لەدەقەکەدا، هاتووە لە دوای تەواو بوونی ماوەی سێ شەو، گەر ویستیان ماوەکە زیاد بکەن، بەڵام مەریوان شتێکی تری نوسیووە.

٣- "یتتارکا" واتە جیابینەوەو وازبهێنن لە یەکتر، کەچی مەریوان بە "کەم کردنەوە" واتای کردووە!. [٢٨٠]

١٦٨- لە هەمان لاپەڕەدا (٢٩٢)، مەریوان، لە پەراوێزەکەدا، وتەیەکی (سُدی) دێنێ و دوایی دەنوسێ: (صحیح البخاري، کتاب الحج، باب/التمتع: ١٥٧١).

دەڵێین:

١- ئەوەی، کە مەریوان لە (سدی)یەوە نوسیویەتی لە (صحیح البخاري)دا نییە، بەڵکو لە تەفسیری (ابن کثیر)دایە، لە ڕاڤەی ئایەتی (٢٤/النساء) دەیهێنێ.

٢- ئەوەی لە (صحیح البخاري)دا، بەژمارە (١٥٧١) باسی جۆرێ لە جۆرەکانی حەج دەکات، کە پێی دەوترێ: "تەمەتوع" کە لە پێشەوە لەسەر ئەمە قسەمان کرد. [٢٨١]

١٦٩- لە لاپەڕە (٢٩٧)دا، دەنوسێ: "دەبینین موتعە، یان زەواجی کاتی شەرعی و حەڵاڵەو هەتا مردنی پەیامبەریش ئەم جۆرە زەواجە حوکمی شەرعی ئایەتی هەیەو پەیڕەو کراوە". پاشان ئاماژە دەدات بە (صحیح البخاري) فەرموودەی ژمارە(١٥٧٧).

دەڵێین:

١- نەفامیی، سەرلێشێواویی، نەخۆشی دەروونیی و فاشلبوون لە ژیاندا، چی ناودەنێی لە مەریوان ناوی بنێ!، مەریوان، پێیوایە بە هۆی زاڵبوونی سێکسەوە بە سەریدا، ئەگەر سەیری ئاوو ئاگریش بکات، تەفسیری دەکات بە ئەندامێکی سێکسیی ئافرەت، بۆ نا، ئەوە تا (ئیحرام شکاندن بە عەمرە و پاشان ئیحرام بەستنەوە بەحەج) بەکاری سێکسیی لە قەڵەم دەدا!.

٢- ئەوەی مەریوان ئاماژەی پێکردووە لە(صحیحی البخاري)دا، لەگەڵ قسەکەیدا یەك ناگرێتەوە، چونکە ئەوەی لە (بوخاري)دا هەیە، باس لە "تەمەتوعی" حەج دەکات، کە لە پیشتر بە ڕوونیی باسی ئەوەمان کرد. [٢٨٢]

١٧٠- لە لاپەڕە (٢٩٧)دا، لە بارەی ئەوەی چەند جار "موتعە" حەڵاڵ وحەرام کراوە، مەریوان سێ جاری نوسیوە:

١- فەتحی مەککە. ٢- شەڕی (اوطاس). ٣- حجة الوداع.

دواتر دەنوسێ "بەم پێیە چەندین جار حەرامکراوەو حەڵاڵ کراوەتەوە .... شافعی و کۆمەڵێك لەزانایان وای بۆ دەچن دووجار حەڵاڵ و حەرام کراوەتەوە ...".

---

[٢٧٩] فتح الباري، شرح صحیح البخاري، ج٩، ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە(٥١١٩).

[٢٨٠] بۆ ڕاڤەی فەرموودەکە بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢٨١] بڕوانە: بڕگەی ١٤٥و دواتر.

[٢٨٢] بڕوانە: بڕگەی ١٤٥ودواتر .

دەڵێین:

پێویستە لێرەدا, زۆر بە پوختیی لە سەر ئەم باسە بدوێم، داواشم لە خوێنەران ئەوەیە، کە ئەوەی ئێستا لە بارەی "نیکاحی موتعە"وە دەینوسم, زۆر بەوردیی و وریاییەوە بیخوێننەوە, چونکە هەوڵمداوە لێرەدا باسی "موتعە" ڕوون بکەمە, ئەوەش لە پێناو ئەوەدا, کە دواتر چوومە سەر تەواوی وەڵامەکانی تری مەریوان, خوێنەر وەڵامەکانی بە لاوە گران نەبێت.

نیکاحی موتعە

پێناسەکەی: "بریتییە لەو گرێبەستی هاوسەرییەی بۆ ماوەیەك دەکرێت, گەر ئەو ماوەیە تەواو بوو, ئیتر جیابوونەوەش لە نێوان ژن و پیاوەکەدا ڕوودەدات".[٢٨٣]

حوکمەکەی:

یەکدەنگیی زانایانی لە سەرە، کە "نیکاحی موتعە" لە سەرەتادا بۆ ماوەیەك ڕەوا بووە, پاشان حەرام کراوە, تا ڕۆژی دوایی, هەرکەس ئەو جۆرە نیکاحە بکات, نیکاحەکەی بەتاڵە, هەندێ لە زانایانیش بە (زینا)ی دادەنێن.[٢٨٤] هەروەها کردنی ئەم کارە یەکێکە لە گوناهە گەورەکان.[٢٨٥]

کەی و چەند جاریش حەڵاڵ وحەرام کرا؟

زانایان قسەیان لە سەر ئەم باسە زۆر کردووە, بەڵام لە هەموویان وردترو گشتگیرتر (ابن حجر)ە، لەویش ڕوونتر، کە قسەی لە سەر کرد بێت (ابن القیم)ە, کە بەڕاستی مافی تەواوی بەم بابەتە داوە.

من هەوڵ دەدەم, زۆر بە پووختیی, وتەو قسەکانی ئەم دوو کەڵە زانایە لەو بارەیەوە بهێنم, کە پێموایە تا ئێستا کەس بەم جۆرەی ئەم دوو بەڕێزە, لەسەر ئەم بابەتە شتەکانیان شی نەکردۆتەوە, بۆیە دەڵێم:

١- پێغەمبەر (ﷺ) لەساڵی فەتحی مەککەدا، فەرمووی: "ئەی خەڵکینە, من لەمەو پێش مۆڵەتم دابوون, کە (موتعە) بکەن لەگەڵ ئافرەتاندا, بەڵام ئیتر ئەوە خوای گەورە تا ڕۆژی دوایی حەرامی کرد".[٢٨٦]

کەواتە, لە ساڵی (فەتحی مەککە)دا, حەرام و قەدەغەکرا بۆ هەتا هەتایە, واتە لە سەرەتادا ڕێدراوەو یەکجاریش بۆ هەتا هەتایە قەدەغە کراوە, ئەمە لە هەموو بۆچوونەکانی تر, ڕاستترە.[٢٨٧]

پرسیار:

گەر بوترێت، ئەی چی دەکەیت لەو فەرموودەیەی لە (بخاری و مسلم)دایە، کە (عەلی) بە (ابن عباس) دەڵێ: "پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کرد لە موتعەی ئافرەتان و خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵیی لە ڕۆژی خەیبەردا". "ان النبي (ﷺ) نهى عن متعة النساء وعن لحوم الحمر الاهلية زمن الخيبر".[٢٨٨]

زانایان لە وەڵامی ئەم فەرموودەیەدا, دەڵێن:

---

[٢٨٣] فتح الباری, ج٩, باب/ نهی رسول لله (ﷺ) عن نكاح المتعة اخيراً. رحمة الامة، ص٣٩٨, المحلى/ مسالة (١٨٥٨).

[٢٨٤] رحمة الامة، ص٣٩٨, المحلى, المسالة (١٨٨٥), فتح الباری، ج٩، ص ١٩٩, مذكرة اصول الفقه، ص١٦٤.

[٢٨٥] الزواجر عن اقتراف الكبائر، ج٢, الكبيرة (٣٦٣-٣٦٨) .

[٢٨٦] رواه مسلم (١٤٠٦), ٢١.

[٢٨٧] زاد المعاد، ج٣، ص ٤٥٩ -٤٦٠ .

[٢٨٨] رواه البخاری, (٥١١٥), (مسلم (١٤٠٧) .

ئەوەی وا دەردەکەوێ، وەها نییە، چونکە ئەوانەی وا دەڵێن و پێیانوایە "زمن خیبر" دەچێتەوە بۆ هەردوو کارەکە، بەڵام لە ڕاستیدا "زمن خیبر" یان "یوم خیبر"، وەك لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە، تەنها دەگەڕێتەوە بۆ "لحوم الحمر الاهلیة".

(سفیان بن عیینة)، کە ساڵی(١٠٧ك) لە دایکبووە (١٩٨ك) مردووە، دەڵێ: "یوم خیبر" پەیوەستە بە گۆشتی گوێدرێژەوە، نەك موتعە.

(سوهەیلی) دەڵێ: ئەوەی، کە دەوترێ لە ڕۆژی خەیبەردا، نەهی لە موتعە کراوە، ئەمە شتێکە هیچ یەکێك لە زانایان بە سیرەو ڕاوی گێڕانەوەکان لە لایان زانراو نییە.

(ابن عبدالبر) لە ڕێگەی (قاسم بن اصبغ)ەوە، ئەوە باس دەکات، کە (حومەیدی) لە (ابن عیینة)ەوە باسی دەکات، کە وتویەتی: نەهییەکە لەسەردەمی خەیبەردا لە گۆشتی گوێدرێژبووە، بەڵام نەهی موتعە لە غەیری ڕۆژی خەیبەر بووە.

هەروەها (ابن عبدالبر) دەڵێ: "زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی لە سەر ئەم بۆچوونەن (وعلی هذا اکثر الناس)".

(ابوعوانة) لە (صەحیحە)کەیدا، دەڵێ: "گوێم لە ئەهلی (عیلم) بووە، کە وتویانە: فەرموودەکەی (عەلی) باسی نەهییە لە گۆشتی گوێدرێژ، بەڵام نەهی لە موتعە ئەوە لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا بووە".[٢٨٩]

گەر بوترێت: ئەی بۆچی هەردوو بابەتەکەی پێکەوە باس کردووە؟

وتراوە: کاتێ، کە (ابن عباس) لەگەڵ (عەلی)دا، لە سەر ئەو دوو بابەتە موناقەشە دەکەن، (عەلی) بە (ابن عباس) دەڵێ: "تۆ کەسێکی سەرت لیشێواوەو سەر لە بابەتەکە دەرناکەیت، پێغەمبەر (ﷺ) موتعەی حەرام کردووەو گۆشتی گوێدرێژی ماڵیشی لە ڕۆژی خەیبەردا، حەرام کردووە، ئەوەتا (عەلی) باسی موتعەکە تایبەت ناکات، بەڵام خواردنی گۆشتەکە دیاری دەکات، جا هەندێك خەڵك وا تێدەگەن، کە مەبەست هەر دووشتەکە بێت لە یەککاتدا، بەڵام عەلی وەك موناقەشە ئەم دوو بابەتەی باسکردووە".

ابن القیم، دەڵێ: "زۆربەی خەڵکی لە سەر ئەو بۆچوونەن".[٢٩٠]

ڕوونکردنەوەیەك

هەندێك کاتیتر باسکراوە لە بارەی حەرامبوونی "موتعە"، بەڵام هیچیان لە ڕەخنە بەدەر نین، بە گشتی پێنج جێگەیان باسکردووە:

١- هەندێك وتویانە گوایە لە (تەبوك)دا، حەرامکرا، بۆ ئەمە لە (ابوهریرة)وە فەرموودەیەك ڕاگوێز دەکەن، بەڵام (ابن حجر) جگە لەوەی وەڵامی دەداتەوە، ئاماژەش بەوە دەکات، کە فەرموودەکە لاوازە (ضعیف)ە، چونکە لە ڕێگەی (مؤمل بن اسماعیل) لە (عکرمة بن عمار)ەوەیە، کە هەردووکیان قسەیان لەسەرە.[٢٩١]

دەڵێم، ئەوەی کە (ابن حجر) لە بارەی ئەو کەسەوە وتویەتی، مەبەستی لەوەیە کە:

أ- (مؤمل بن اسماعیل) کەسێکی لاوازە، چونکە وەك (ابن حجر) خۆی لە (التقریب)دا، دەڵێ: "صدوق سیء المحفظ" واتە: ڕاستگۆیە، حیفزی خراپە، (ابو حاتم)و کەسانی تریش دەڵێن: هەڵەی زۆرە (کثیر الخطأ).[٢٩٢]

ب- (عکرمة بن عمار)یش، کەسێکی زۆر لاوازە (ضعیف جداً) وەك (ابن حزم) دەڵێ.[٢٩٣]

---

[٢٨٩] فتح الباري، ج٩، ڕاڤەی فەرموودەی (٥١١٥)، زاد المعاد، ج٣، ص٤٦٠-٤٦١.

[٢٩٠] زادالمعاد، ج٣، ص٤٦٦ .

[٢٩١] فتح الباري، ج٩، ص١٩٥.

[٢٩٢] سلسلة الاحادیث الضعیفة والموضوعة للالباني، ج١، ص ١٣١ و ج٤، ص، ٤٥٥ .

[٢٩٣] المحلی، ج١٣، ص١٣ .

تێبینی: ئەم دەستەیە فەرمووده‌یەکی تر دەهێننەوە، کە (جابر) ڕیوایەتی دەکات، بەڵام ئەمیش لاوازە, چونکە لە ڕشتە (سند)ەکەیدا (عباد بن کثیر)ی تێدایە, کەسێکە زانایان وازیان لە گێڕانەوەی هێناوە (متروك)، وەك (ابن حجر) دەڵێ.[٢٩٤]

(بخاري) لە بارەیەوە, دەڵێت: "وازیان لێهێناوە (ترکوه)", (نەسائی) دەڵێت: "متروك", (طبرانی) دەڵێ: "متروك الحديث", (احمد) دەڵێ: "فەرمووده‌ی درۆ دەگێڕێتەوە (روی احاديث كذب)".[٢٩٥]

٢- هەندێك دەڵێن لە (حجـه الـوداع)دا حەرامکراوە، بەڵام ئەمەش زانایان قسەیان لە سەر کردووەو وەڵامیان داوەتەوە، کە (ربيع بن سبرة) بە وەهم و هەڵەدا چووە لە جیاتی بڵێ: سەردەمی (فەتحی مەککە) وتویەتی (حجة الوداع) وەك (ابن حجر، ابن القيم و ئەلبانی) ئاماژەیان پێداوە.[٢٩٦]

ئەوەی، کە جاریوایە (ڕاوی) بە هەڵەدا دەچێ، سەردەمێك دەگوێزێتەوە بۆ سەردەمێکی تر, جێگەیەك دەکات بە جێگەیەکی تر, یان ڕووداوێك بە ڕووداوێکی تر, ئەمە زۆرێك لە شارەزایان تووشی دەبن, چ جای ئەوەی کەسانێك, کە لە پلەدا لە خوار ئەمانەوە بن، وەك (ابن القيم) دەڵێ.[٢٩٧]

٣- هەندێکی تر دەڵێن: لە جەنگی (اوطـاس)دا حەرامکراوە، کە (مسلم) دەیگێڕێتەوە, ئەمەش زانایان وەڵامیان داوەتەوە, بەوەی، کە مەبەست لە (عـام اوطـاس) (عـام الفتح)ە، چونکە هەموو لایەك دەزانن، کە جەنگی (اوطـاس) ڕاستەوخۆ بە دوای فەتحی مەککەدا هات، هەروەها ئەوەش دوورە، چونکە وەك لە فەرمووده‌ی ساغدا هاتووە، کە لە فەتحی مەککەدا لە بارەی (موتعه)وە, پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: "هەتا هەتایە تا ڕۆژی دوایی حەرامە".[٢٩٨]

بۆیە جێی خۆیەتی (عام اوطاس) مەبەست لە (عام الفتح) بێت.[٢٩٩]

٤- هەندێك دەڵێن: لە (عمرة القضاء)دا حەرامکراوە، بەڵام ئەم گێڕانەوەیە لاوازە, لە (مراسيل)ی حەسەنی بەسرییە, مەعلومیشە، کە هەموو (مراسيل)ەکانی (حسن) لاوازن.[٣٠٠]

کەواتە:

ئەوەی، کە لە ڕەخنە دەربازی بووە و ڕەخنەی زانستیی زانا بەڕێزەکان نایگرێتەوە، تەنها (فەتحی مەککە)بوو، ئەو گێڕانەوەیەی, کە دەڵێت "موتعه لە فەتحی مەککەدا حەرامکرا". ڕاشکاوەو بێ پێچ وپەنا دەرچوو.

(ابن القيم) لە سەر "موتعه" لە ڕۆژی خەیبەردا دەڵێ: "لە ڕۆژی خەیبەردا بەهیچ جۆرێ هاوەڵان لەگەڵ ئافرەتە جوولەکەکاندا موتعەیان نەکردووە. وەداوایان لە پێغەمبەر(ﷺ) نەکردووە, کە مۆڵەتیان بدات, وە هیچ کەسێکیش شتی وای لەم جەنگەدا نەقڵ نەکردووە".[٣٠١]

بۆ درێژەی ئەم بابەتە: بڕوانە: فتح الباري، ج٩، باب/نهی رسول (ﷺ) عن نكاح المتعة اخيراً, زاد المعاد, ج٥، ص١١١-١١٢، وە ج٣, ص٣٤٣-٣٤٥, ٤٥٩-٤٦٤ .

---

[٢٩٤] فتح الباری، ج٩، ص١٩٥ .

[٢٩٥] سلسله الاحاديث الضعيفة، ج٤، ص ١١,١١٤, ٢٤٢, ٣٢٥ .

[٢٩٦] زاد المعاد، ج٣، ص٤٥٩, فتح الباری، ج٩، ص١٩٥, ضعيف سنن ابی داود رقم (٤٤٧).

[٢٩٧] زاد المعاد،ج٣، ص٤٥٩ .

[٢٩٨] رواه مسلم باب/ نكاح المتعة .

[٢٩٩] زاد المعاد، ج٣, ص٤٦٢, فتح الباری، ج٩، ص١٩٥ .

[٣٠٠] فتح الباری، ج٩، ص١٩٥ .

[٣٠١] زادالمعاد، ج٣، ص٣٤٤-٣٤٥.

پاش ئەمە، ئێستا دێینەوە سەر وەڵامەکانی (مەریوان)، کەواتە قسەکەی مەریوان، کە دەڵێ: "چەندین جار حەڵاڵ کراوەو حەرام کراوە"، وانییە، ئەوەشی لەو بارەوە دەوترێت، دەبێت بەو جۆرە لێک بدرێتەوە، کە زانایانی وەک (ابن حجر و ابن القیم) لێکیان داوەتەوەو ئێمەش پوختەکەیمان نووسی.

هەر لێرەوە، مەریوان، هەرچییەك بنووسێت و بڕیاری لێدەربهێنێ، هەواڵەی ئەم وەڵامەی دەکەین، کە پێشتر نووسیمان.

١٧١– لە لاپەڕە (٢٩٩)دا، فەرموودەکەی خەیبەر باس دەکات.

دەڵێین: لە بڕگەی (١٧٠)ودواتر، زۆرمان لە سەر نوسیووە، دەتوانن بگەڕێنەوە سەری.

١٧٢– لە هەمان لاپەڕەدا(٢٩٩)، ئەم قسەیەی (جابر)و (سەلەمە) دێنێ، کە دەڵێن: "کنا في جیش فاتانا رسول رسول الله (ﷺ) فقال: انە قد اذن لکم ان ستمتعوا فاستمتعوا". پاشان ئاوا ڕاڤەی دەکات: "لە ناو سوپاکەدا وەستا بووین، پەیامبەر هاتە لامان وتی: ڕێگەم پێدان کە موتعە بکەن... بڕۆن ڕابوێرن".

دەڵێین:

ماڵی درۆت کوێر بێتەوە بۆ خۆت‌و چ درۆ کردنێکت، دەزانم خەڵکانێك، کە وەك مەریوان نەزانن و کتێبەکەی دەخوێننەوە، ئیتر چوزانن شتەکانی ڕاستە یان نا، باوەڕ ناکەم مەریوان بە خەیاڵیدا هاتبێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئاوا سڕی هەڵماڵدرێت!.

ئەمە ڕاستەکەیەتی:

"ئێمە لە نێو سوپاکەدا بووین، نوێنەرەکەی پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامان وتی: ڕێگەتان پێدراوە، کە موتعە بکەن، کەوایە بچن موتعە بکەن".

ئەو سوپایەی ئەو دوو هاوەڵەی تێدا بوون، هەرچەندە نازانرێ بە تایبەتی لە چ غەزایەکدا بووە، بەڵام لەوانەیە غەزای (اوطاس) بوو بێ، چونکە وەك لە (صحیح مسلم)دا هەیە، سەلەمە دەڵێ: پێغەمبەر لەو ساڵەدا سێ ڕۆژ مۆڵەتیدا موتعە بکرێ، دواتر نەهی لێکرد.[٣٠٢]

(ابن حجر)یش ئاماژە بەمە دەکات.[٣٠٣]

ساڵی (اوطاس)، کە پێشی دەوترێت (حنین)، چونکە کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەتحی مەککە بووەوە، لە بەرە بەیانی (١٧)ی ڕەمەزانی ساڵی (٨–ك)دا، چووە ناو مەککەوە، پاشان لە (٦)ی مانگی شەوالی ساڵی (٨) کۆچی بەرەو (حنین) کەوتە ڕێ، هەندێکیش دەڵێن: دوو شەوی مابوو لە مانگی ڕەمەزان، کە تەواو ببێ، وە بە غەزای (حنین)یش دەوترێت غەزای (اوطاس)، چونکە کاتێ (هوازن) تێکشکان، بەشێکییان پەنایان بردە بەر (دۆڵی اوطاس).[٣٠٤]

مەبەست:

مەبەستم لە باسکردنی ئەمە، بە هێزکردنی ئەو ڕاستییەی پێشەوە بوو، کە ئاماژەمان بۆ کرد، لە بارەی (موتعە)وە، کە لە جەنگی (اوطاس)دا، حەرامکراوە، مەبەست لێی ساڵی فەتحی مەککەیە، چونکە (موتعە) لە فەتحی مەککەدا، بە هەتا هەتایی حەرامکرا.

١٧٣– لە لاپەڕە (٢٩٩)دا، ئەم دەقە دەهێنێت "سمعت ابن عباس سئل عن متعة النساء، فرخص، فقال لە مولی لە انما ذلك في الحال الشدید وفی النساء قلّة او نحوە، فقال ابن عباس نعم".

---

[٣٠٢] صحیح مسلم، باب/ نکاح المتعة.

[٣٠٣] فتح الباری، باب/ نهی رسول (ﷺ) عن نکاح المتعة، رقم(٥١١٧–٥١١٨) .

[٣٠٤] فتح الباری، ج٨، باب/ قول الله تعالی (ویوم حنین اذ اعجبتکم....) وباب/ غزوة اوطاس، زاد المعاد، ج٣، ص٤٦٥، غزوة حنین، الرحیق المختوم، ص٤٢٨–٤٢٧ .

ئاوهاش دەیکات بە کوردی: "پرسیاریان لە (ابن عباس) کرد, دەربارەی (متعة) لە وەڵامدا وتی: ڕێگەی پێدراوە، بەڵام لە کاتی ناچاری و کەمی ژندا".

دەڵێین:

بە کوردی کردنی دەقەکە بە ڕاستیی، وەك خۆی ئاوەهایە: "ابی جمرة (کە ڕاوی ئەم باسەیە) دەڵێ: گوێم لێبوو پرسیار لە (ابن عباس) کرا, لە بارەی موتعەی ئافرەتان, ئەویش ڕووخسەتو مۆڵەتیدا, جا خزمەتکارێکی (ابن عباس) هەبوو بە (ابن عباس)ی وت: ئەم ڕووخسەتدانە تەنها لە حاڵەتی زۆر زەرووریدا دەبێ و کاتێکیش ئافرەتان کەم بن؟, یان هاوشێوەی ئەم قسەیەی پێوت, (ابن عباس)یش پێیوت: بەڵێ".

<u>ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:</u>

ئەم فتوایەی، کە (ابن عباس) داویێتی لە حاڵی زۆر ناچاریدا دەبێت, وەك چۆن لە حاڵەتی زۆر برسێتیدا دروستە (مردارەوەبوو) و(خوێن)و گۆشتی (بەراز) بخورێت, ڕیوایەتەکان ئەمە لە (ابن عباس)ەوە پشتڕاست دەکەنەوە.

(بەیهەقی) بەراشکاویی لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە، کە وتویەتی: "موتعە ڕووخسەتێك بووە لە سەرەتای ئیسلامەوە بۆ کەسێك کە ناچاربێت بۆی, وەك ناچاری (مردارەوەبوو) و (خوێن) و (گۆشتی بەراز) خواردن. "انما كانت (يعنى المتعة) رخصة فى اول الاسلام لمن اضطر اليها كالميتة و الدم والخنزير".[٣٠٥]

هەتا (سعيد بن جبير)، وەك سەرزەنشتێك پێی دەڵێت: "کە بە هۆی فتواکەی تۆوە, خەڵکی دەستیان کردووە بە (موتعە)"، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "سوێند بە خوا من فتوای وام نەداوە, بەڵکو موتعە وەك گۆشتی (مردارەوەبوو) وەهایە, ڕەوانییە, تەنها بۆ کەسێك کە ناچار بێت.[٣٠٦]

بە پوختیی, وەك (ابن حجر) دەڵێ: "موتعە، تەنها کە ڕێگەی پێدرابوو, سەرەتا بە هۆی بێ ژنییەوە بوو لە کاتی سەفەر کردندا, وە ئەمەش (موافيق)ی فەرموودەکەی (ابن مسعود)ە".[٣٠٧]

فەرموودەکەی (ابن مەسعود)یش, ئەمەیە "وەختی خۆی کە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەچووین بۆ غەزا, هیچمان نەبوو، (خێزانمان نەبوو) وتمان بۆ خۆمان نەخەسێنین, ئەوەبوو ئەم کارەمان لێ قەدەغە کرا، پاشان ڕێگەمان پێدرا, کە (ئافرەتان) مارە بکەین بۆ کاتی دیاریکراو".[٣٠٨]

کەواتە:

ئەوەی (ابن عباس) تەنها بۆ کاتی ناچاریی فەتوای داوە, بەڵام کاتێك خەڵکی ئەو سنوورەیان شکاندو تێیانپەڕاند, وازی لەم فتوایە هێناو پەشیمان بووەوە لێی.

١٧٤- لە هەمان لاپەڕەدا, فەرموودەکەی (صحيح البخارى) بە ژمارە (٥١١٩) دەنوسێ.

دەڵێین: ئەو فەرموودەیە لە بڕگەی (١٦٧)دا, قسەمان لێکردووە.

١٧٥- لە لاپەڕە (٢٩٩)دا, ئەو فەرموودەیە دەنووسێ‌و دەڵێ: "کە ئایەتی موتعە لە قورئاندا نازڵ بووە لەگەڵ پەیامبەردا کردوومانە...".

دەڵێین:

ئەو فەرموودەیە (عمران بن حصين) دەیگێڕێتەوە لە (صحيح البخارى)دا بە ژمارە(١٥٧١) وە (٤٥١٨), بەڵام باسی موتعەی سێکسیی نییە, بەڵکو باس لە "تەمەتوع"ی حەج دەکات, لە بڕگەی (١٤٥)دا و دواتر بە درێژیی باسی ئەو شێوە حەجەمان کردووە, بگەڕێرەوە سەری .

---

[٣٠٥] فتح البارى, ج٩, ڕاڤەی فەرموودەی ٥١١٦.

[٣٠٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣٠٧] سەرچاوەی پێشوو.

[٣٠٨] رواه البخارى (٥٠٧٥)وە مسلم (١٤٠٤) .

نەفامیی مەریوان و بێشەرمییەکەی لە خەڵکی و دەوروبەری وای کردووە هەر چۆنێك بێت, شتێك بێنێتە ئاراوە, کە درۆکانی پێپینە بکات, وە خەڵکی نەزانی وەك خۆی پێهەڵبخەڵەتێنێت, ئاخر ئەندازەی گەردیلەیەك هەستی ڕاستی تێدا بوایە, خۆ بێگومانم لەوەی شەرحە بەناو بانگەکەی (صحیح البخاری, واتە فتح الباری) لابووە, سەیرێکی بکردایە, لەوەش دڵنیام سەیری کردووە, بەڵام کە سەرنجی داوە "تمتع"ی حەجە, هەوڵیداوە کە لەو ڕاستییە ڕابکات و ئەو دەقە بشێوێنێت!.

١٧٦- ئێستا یەکێکی تر لە هەرە ناپاکیەکانی مەریوانتان بۆ دەنووسم, کە کردوویەتی, جا خۆتان چی پێدەڵێن سەر پشك بن, چونکە هەڵدەگرێ, چی سیفەتی دوور لە نووسەرو ئەهلی قەڵەمە بیدرێتە پاڵی.

لە لاپەڕە (٢٩٩-٣٠٠)دا, دەنوسێت: "(عبدالله بن عباس) دەگێڕێتەوە لەگەڵ پەیامبەردا لە جیهاد بووین, وە ژنەکانمان لەگەڵ نەبوو نەمان دەزانی بەچی خۆمان خاڵی بکەینەوە, بە پەیامبەرمان وت, کە خۆمان خاڵی بکەینەوە؟, سەرەتا ڕێگری لێکردین, دوای کەمێك هاتە لامان و وتی بڕۆن خۆتان خاڵی بکەنەوە لە بری پارە, جل وبەرگیان پێبدەن, دوای ئەوە ئەم ئایەتەی بۆ خوێندینەوە: (یاایها الذین امنوا لاتحرموا طیبات ما احل الله لکم...".

دەڵێین:

ئەو فەرموودەیە لە (بوخاری و مسلم)دایە, کە (عبد الله بن مسعود) دەیگێڕێتەوە: "کنا نغزو رسول الله (ﷺ) لیس لنا نساء فقلنا الا نستخصي؟, فنهانا عن ذلك، ثم رخص لنا ان ننكح المراة بالثوب الى اجل, ثم قرأ عبدالله: (یاأیها الذین آمنوا لاتحرموا طیبات مااحل الله لكم ...)".[٣١٠]

واتە: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) غەزامان دەکرد, ئافرەتیشمان نەبوو, واتە (ژنمان نەبوو) وتمان: ئەوە بۆ خۆمان نەخەسێنین, ئەوە بوو پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێکرین لە خۆخەساندن, پاشان مۆڵەتیداین ئافرەتان مارە بکەین, تا ماوەیەکی دیاریکراو, بەرامبەر بە پۆشاك و جلوبەرگ, پاشان (عبدالله) ئەم ئایەتەی خوێندەوە (یاأیها الذین آمنوا لاتحرموا طیبات مااحل الله لکم..).

جا بەڕێزان سەرنج بدەن, مەریوان چەند ناپاکیی کردووە, کە من زۆر بە خێرایی هەندێکی دەست نیشان دەکەم:

أ- "عبدالله بن عباس" نییە, بەڵکو (عبدالله بن مسعود)ە.[٣١١]

جگە لەو بەڵگەیە, ئەوەی, کە بچوکترین ئاشنایی بە ژیانی هاوەڵان هەبێت, دەزانێت, کە (عبدالله بن عباس) بە سێ ساڵ پێش کۆچ بۆ شاری مەدینە لە دایکبووە, کاتێکیش پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد, تەمەنی ١٣ ساڵان بوو.[٣١٢]

لە کاتی (فەتحی مەککە)دا, تەمەنی (١١) ساڵان بووە, لەو ساڵەشدا "موتعە" حەرام کرا, دەی ئەو کاتە زۆر منداڵ بووە, کە (موتعە) ڕەوایی هەبووە, مەریوان چاك دەزانێ, منداڵێ کەمتر لە (١١) ساڵ تەمەنی بوو بێت, ئایا کاری سێکسیی پێکراوە؟ ئەمە ئەگەر دابنێین, کە راوییەکە (ابن عباس)ە, بەڵام راوییەکە (عبدالله بن مسعود)ە.

ب- "نەمان دەزانی بە چی خۆمان خاڵی بکەینەوە...". درۆی مەریوان خۆیەتی, لە دەقەکەدا شتی وای تێدا نییە!.

ج- "سەرەتا ڕێگری لێکردین.." ئەمەش وانییە, بەڵکو ئەوەی, کە ڕێگرییان لێکراوە لە (نەکردنی خۆخەساندن) بووە.

د- "دوای کەمێك هاتە لامان..." درۆیەکی ئاشکراو ڕوونە, سەرنج بدە.

هـ- "دوای ئەمە ئایەتی بۆ خوێندینەوە..." وا دەردەخات, کە پێغەمبەر (ﷺ) خوێندبێتییەوە, بەڵام خوێندنی ئایەتەکە (عبدالله) خۆی بووە, نەك پێغەمبەر (ﷺ), ئەمەش لە دەقەکەدا بە ئاشکرا دیارە.

بەڕێزان, خۆ نەفامیی و خەیاڵپلاویی مەریوانتان بۆ دەرکەوت, کە چەندە کەسێکی نزمە لە هەموو بوارێکی زانستیی و ڕەوشتدا!.

---

[٣١٠] رواه البخاری (٥٠٧١ و ٥٠٧٥) وە مسلم (رقم(١٤٠٤) / نكاح المتعة.

[٣١١] بڕوانە: فتح الباری, ج٩, ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (٥٠٧٥) باب/ مایكره من التبتل والاخصاء.

[٣١٢] بڕوانە: صفة الصفوة, م١/ ژیانی عبدالله بن عباس.

١٧٧- لە لاپەڕە (٣٠٠)دا، دەنوسێ: "(عبدالله بن عباس) دەگێڕێتەوە لەگەڵ پێغەمبەردا لە غەزادا بوون...".

دەڵێین:

ئەم فەرموودەیە، هەمان ئەوفەرموودەیەیە، کە لە بڕگەی (١٧٦)دا بە درێژیی قسەمان لێکردووە، بگەڕێرەوە سەری.

١٧٨- لە لاپەڕە (٣٠٠)دا، دەنوسێ: "دەفەرمووێت لەگەڵ پێغەمبەردا زەواجی موتعەمان کردووە، بەڵام عومەر حەرامی کرد". پاشان ئاماژە بە (صحيح مسلم) دەدا.

دەڵێین:

ئەم ریوایەتە دەقەکەی ئاوهایە: ﴿كنا نستمتع بالقبضة من التمر والدقيق، الايام، على عهد رسول الله (ﷺ) وابوبكر حتى نهى عمر﴾.[٣١٣]

واتە: "ئێمە (ئەمە قسەی جابرە) موتعەمان دەکرد، بە مشتێ خورماو ئارد بۆ چەند ڕۆژێ، لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺو ئەبوبکردا، تا ئەوەبوو عومەر نەهی لێکرد".

روونکردنەوەیەك:

(ابن القيم) دەڵێ: "ئەوەی جابر وتویەتی ئەوەیە، کە نەهییەکەی پێغەمبەری ﷺپێنەگەیشتووە، بەڵکو موتعە تا سەردەمی عومەر زۆر بڵاونەبۆوە، بەڵام کاتێك بڵاوبووەوە، جیاوازی کەوتە نێوان خەڵکەوەو جارێکی تر حەرامییەکەی ئاشکراو بڵاوبۆوە".[٣١٤]

هەروەها (عومەر) لە خۆیەوە نەهی لێنەکردووە، بەڵکو پشت بەستوو بە نەهی پێشتر، کە لە پێغەمبەرەوە ﷺدەرچوو بوو، تەنها (عومەر) لە سەردەمی خۆیدا تازەی کردەوەو بڵاوتری کردەوە، بە بەڵگەی:

١- (ابن عمر) دەڵێ: کاتێ عومەر دەستەڵاتی گرتە دەست، وتاریدا، وتی: "پێغەمبەر ﷺبۆ ماوەی سێ ڕۆژ مۆڵەتی موتعەی بۆ ئێمەدا، پاشان قەدەغە و حەرامی کرد".[٣١٥]

٢- (ابن المنذر) و (بيهقى) لە (ابن عمر)ەوە، ڕاشکاوانەتر ئەم باسە دەگێڕنەوە، کە (ابن عمر) وتویەتی: (عومەر) سەرکەوتە سەر مینبەرەکەو پاش سوپاس وستاییشی خوا، وتی: "ئەوە چیانە! هەندێك پیاوان دەچن ئەم جۆرە موتعەیە دەکەن، لە پاش ئەوەی، کە پێغەمبەر ﷺنەهی لێکردووە".[٣١٦]

١٧٩- لە هەمووی خۆشترو سەیرتر، (مەریوان) خۆی لەو خەڵکە دەکات بە فەرموودەناس و قسە لە (تضعيف وتصحيح) دەکات، وا دەزانێ، کە ئەمەش دروستکردنی (شهادة)ی تەزویری پۆلی سێی ناوەندییە، تا لە جێگەیەك خۆی پێدابمەزرێنێت، لە لاپەڕە (٣٠١)دا، لە بارەی فەرموودەکەی، کە باس لە حەرامییەتی موتعە دەکات لە فەتحی مەککە و لە (صحيح مسلم)دا هاتووە، مەریوان بەدڵی نییەو ئاوا ڕەخنەی لێدەگرێت و دەنووسێت:

"بەڵام لەم ریوایەتەدا یەکەم: باوکی راوی بۆ ئەو گوتەیەی (محمد) دیارنییەو ئێمەش ناتوانین بیکەینە دەستەواژەیەکی رەسمی، دووەم: راویەکە دەڵێت باوکم بۆی باس کردووم، ئەم جۆرە ریوایەتانەش بە هەند وەرناگیرێ، سێهەم: ئەم ریوایەتە ووتراوە ئینجا ئایەتەکە دەرکەوتووە".

دەڵێین:

بیانووەکانی مەریوان، دەربارەی ئەم فەرموودەیە ناتەواوەو ئەوەندە بەسە، کە کەڵەزانایەکی وەك (مسلم) بە چەندین ڕێگە ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە، جگە لەوەی مەریوان هیچ پێشینەیەکی نییە لە وتەی زانا بەڕێزەکان، بەدەر لە خەیاڵی سەقەتی خۆی، هیچی دیکە نییە، دەربارەی ئەو سێ بڕزکاندنەشی دەڵێم:

---

[٣١٣] (صحيح مسلم) باب/ نكاح المتعة.

[٣١٤] زاد المعاد، ج٣، ص٤٦٣-٦٤، فتح البارى، ج٩، ص١٩٨.

[٣١٥] رواه ابن ماجه. هەروەها فتح البارى، ج٩، ص١٩٨.

[٣١٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١– كە دەڵێ: "باوكی ڕاوی بۆ ئەو گوتەيەی (محمد) ﷺ ديار نييە, ئەمە هەر زۆر ناتەواوە، چونكە ئەگەر مەبەستی لە (محمد) پێغەمبەرە ﷺ, كە من وای بۆ دەچم، چونكە مەريوان زمانی لاڵە لە بەڕێز ڕاگرتنی ئەو سەروەری مرۆڤايەتييە ﷺ، ئەگەر مەبەستی ئەو بێت، ئەمە وانييە، چونكە ڕاوييەكە كە (ربيع)ی ناوە, باوكی ناوی (سبرة بن معبد)ە، كە بە ئاشكرا لە ڕشتەكەدا هەيە، چونكە (مسلم) بە چەند ڕێگەيەك تا دەگاتەوە سەر پێغەمبەر ﷺ گێڕاويەتييەوە، بۆ نموونە:

لە ڕشتە (سند)ێكيا (مسلم) دەڵێ: "حدثنا محمد بن عبدالله بن نمير حدثنا ابی، حدثنا عبدالعزيز بن عمر، حدثنی الربيع بن سبرة الجهنی ان باه حدثه، انه كان مع رسول الله ﷺ...........".[٣١٧]

٢– لە بارەی ڕەخنەی دووەمی مەريوانيش، كە دەڵێ: "باوكم بۆی ......ئەم دەستەواژەيەش........" ئەم قسەيە سەد لە سەد, پێچەوانەی زانستی فەرمووده‌ناسييە، چونكە لە زانستی فەرمووده‌ناسيدا, كە (بەرزترين پلە لە گێڕانەوە لە كەسێكی ترەوە ئەوەيە, كە ڕاويەكە دەڵێت: "سمعت، حدثنا، حدثنی" واتە: "بيستم، بۆی گێڕاينەوە، بۆی گێڕامەوە"، وەك (خەطيبی بەغدادی) و (ابن كثير) دەڵێن: "بەڵكو بەرزترين دەستەواژە لەم سيانەدا دەستەواژەی (حدثنی)يە (بۆی گێڕامەوە)".[٣١٨]

٣– كە دەشڵێت: "ئەم ريوايەتە ووتراوە، پاشان ئايەتەكە دەركەوتووە". ئەمەش وانييە, چونكە:

أ– گەر مەبەست ئايەتی (٢٤)ی سورەتی﴿النساء﴾ە، وانييە, چونكە هەتا زانايان ڕاجياييان هەيە, كە ئەو ئايەتە, ئەو ئاماژەيەی تێدابووە لە سەرەتاوە بە كردنی موتعە يان نا؟ هەتا زانايەكی وەك (خووەيز مەنداد) دەڵێ: "دروست نييە ئەم ئايەتە ئاوا لێكبدرێتەوە، كە بووترێت بەڵگەيە لە سەر ڕەوايەتی موتعە".[٣١٩]

ب– هيچ ئامارژەيەكی ڕاشكاو و دروست نييە باس لەوە بكات، كە ئەو ئايەتە لە دوای فەرموودەكەوە دەركەوتووە، هيچ شتێكيش بە گومان ناچەسپێت، ئەوە تەنها بۆچوونی سەقەتی پڕ لە سێكسيی مەريوانە بۆ شتی وا دەچێت، گەر نا, بۆ نەيتوانيوە لە سەر ئەم درۆيانەی، گەر بە فێڵيش بێت, (وەك هەمووجارەكانی تر) ئامارژەی دەدا بە سەرچاوەيەك، بەڵام كە نەيكردووە، پێی نەكراوە!.

<u>تێبينی:</u>

مەريوان، لە لاپەڕە (٣٠١–٣٠٢)دا، ناوی چەند سەرچاوەيەكی نووسيوە، منيش لێرەوە, داوا لە هەموو ئەو كەسانە دەكەم، كە توانايەكی زانستييان هەيە, بگەڕێنەوە سەر ئەو سەرچاوانە, تا لەوێدا ريسوايی و شەرمەزاريی مەريوانتان بۆ ئاشكرابێت.

١٨٠– لە لاپەڕە (٣٠٣)دا, لە بارەی "موتعە"وە, دەڵێ: "ئوممەی ئيسلام بە (فيقه) و زانايان و مەزهەبەكانەوە لە سەر ئەوە هاوڕان، كە ئەم جۆرە زەواجە.....خوا شەرعيەتی پێداوە و ئەم زەواجە شەرعيەو يەكێكە لە حوكمە چەسپيوەكانی قورئان".

دەڵێين:

ئەو قسەيە وەهانييە بەو ڕەهاييە، چونكە خيلاف و ڕاجيايی هەيە, كە ئايا لە قورئاندا باسی "موتعە" هاتووە، يان نا؟ ئەمەش لە ئايەتی (٢٤/النساء)دا, سەرچاوە دەگرێ, كە هەندێك دەيكەنە بەڵگە بۆ ڕەوايی و باسكردنی "موتعە"، بەڵام لە بەرامبەردا دەستەيەكی زۆر لە زانايان ئەمە ڕەتدەكەنەوە, كە مەبەست لێی "موتعە" بێت، گەورەترين بەڵگەش هۆی هاتنە خوارەوەكەيەتی, كە بە هيچ جۆرێك باس لە "موتعە" ناكات.

---

[٣١٧] صحيح مسلم (١٤٠٦), ٢١.

[٣١٨] تدريب الراوی، ج١, ص٤١٩/ اقسام طرق تحمل الحديث، الباعث الحثيث، ص٣٢٨–٣٢٩ تعليق/محمد ناصرالدين الالبانی وتحقيق/عبدالحميد علی حسن: انواع تحمل الحديث.

[٣١٩] القرطبی، ج٥، ص١٢٩ المسألة التاسعة.

ا- (ابوسعیدی خدری) دەڵێ: "پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی (حنین)دا، دەستەیەك لە سوپاكەی نارد بۆ (اوطاس) و لەوێ تووشی دوژمن دەبن و لەگەڵیاندا بە شەڕدێن و سەردەكەون، چەند ئافرەتێكیان لێ بەدیل دەگرن، هەندێك لە هاوەڵان بە لایانەوە گران بوو, بچنە لای ئەو ئافرەتانە، چونكە خاوەنی مێرد بوون لە بێباوڕان، ئیتر ئەم ئایەتە (والمحصنات من النساء الا ما ملكت ايمانُكم) دابەزی".[٣٢٠]

ب- هەندێك لە پیاوان مارەیان دانابوو بۆ ژنەكانییان، جا ئەوەكو لە دوایدا تووشی هەژاریی ببن و نەتوانن ئەو مارەییە بدەن، خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە ﴿ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به﴾النساء/[٣٢١] ٢٤.

ج- (ابن كثير) لە تەفسیری ئەم ئایەتەی سورەتی (النساء)دا, وتەیەكی (مجاهد) دێنێ، كە دەڵێ: "ئەم ئایەتە لە بارەی نیكاحی (موتعە)وەیە"، بەڵام (ابن كثير) وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: "بەڵام جەماوەری زانایان بە پێچەوانەی ئەمەوەن".[٣٢٢]

د- (ابن خويز منداد) دەڵێ: "دروست نییە ئەم ئایەتە وا لێكبدرێتەوە، كە بوترێت بەڵگەیە لە سەر دروستی موتعە".[٣٢٣]

هـ- هەتا پێغەمبەر ﷺ زۆر بەڕوونیی لە فەتحی مەككەدا بە خەڵكی دەڵێت: "ئەی خەڵكینە من لەوەو پێش مۆڵەتمدان (موتعەی) ئافرەتان بكەن، وەخوای گەورە تا ڕۆژی دوایی ئەمەی حەرام كرد"، (يا ايها الناس اني قد اذنت لكم في الاستمتاع من النساء، وان الله قد حرَّم ذلك الى يوم القيامة).[٣٢٤]

و- (ابن المنذر) دەڵێ: "لە هەندێك لە پێشینەكانەوە گێڕدراوەتەوە, كە (موتعە) رووخسەت دراوە، بەڵام ئەمڕۆ كەسێك نازانم ڕێ بەم (موتعە)یە بدات، جگە هەندێك لە (رافيزى)یەكان، هەر وتەیەكیش پێچەوانەی قورئان وسوننەت بێت بێمانایە".[٣٢٥]

مەبەست:

مەبەست لە باسكردنی ئەمانە ڕەتكردنەوەی ئەو قسەیەیە، كە مەریوان نووسیوەتی گوایە یەكدەنگی هەیە, كە لە قورئاندا باسی (موتعە) هەبێ.

كەواتە ئەو بانگەشەیە وا دەرنەچوو، هەر شتێكیش جیاوازی تێدا بوو, بانگەشەكردنی كۆدەنگی لە سەری, كارێكی نادروست و نازانستییە، بەڵكو ئایەتەكە لە سەر بۆچوونی (جەماوەر)ی زانایان باس لە مارەیی و هێنانی ئافرەتێك دەكات، كە لە جەنگدا دەگیرێت، وەك لە هۆی نازڵبوونەكەیدا زۆر بە ڕوونی دیارە.

هەروەها بەڵگەی تر لە سەر ئەوەی، كە ئەو ئایەتە مەبەست لێی "نیكاحی موتعە" نییە:

ا- خاوەنی (تفسير الواضح) كە یەكێكە لە زانا بەناوبانگەكانی ڕاڤەی قورئان, لە تەفسیرەكەیدا, ئەو ئایەتەی سورەتی (النساء) بەوە لێك دەداتەوە, كە باس لە نیكاحی دروست "صحيح" دەكات نەك "موتعە".[٣٢٦]

ب- خاوەنی تەفسیری (ايات الاحكام) -شێخ محمد على السايس-ی بەناوبانگ, دەڵێ: "وتەی پەسەند ئەوەیە، كە ئەم ئایەتە لە بارەی (موتعە)وە نییە (والراجح ان الاية ليست فى المتعة)".[٣٢٧]

---

[٣٢٠] صحيح مسلم باب/ جواز وطء المسبية بعد الاسبراء(١٤٥٦).

[٣٢١] لباب النقول في اسباب النزول، للسيوطى بزيل تفسير الجلالين.

[٣٢٢] ابن كثير, تەفسیری ئایەتی(٢٤)النساء.

[٣٢٣] القرطبى، ج٥، ص١٢٩.

[٣٢٤] صحيح مسلم، باب/ نكاح المتعة و بيان انه أبيح ثم نسخ..... .

[٣٢٥] فتح البارى، ج٩، ص١٩٩.

[٣٢٦] تفسير الواضح، ج٥، ص٣-٤ محمد محمود حجازى.

[٣٢٧] تفسير ايات الاحكام، ص٧٦, محمد على السايس.

ج- (ابن الجوزی) کە یەکێکی ترە لە کەڵەزاناکانی تەفسیر, دەڵێ: "بە ڕاستی هەندێك لە موفەسیرین زۆریان لە خۆیان کردووە، کە وتویانە ئەم ئایەتە مەبەست لێی "نیکاحی موتعە"یە، پاشان بە سوننەت نەسخ بۆتەوە، بە ڕاستی ئەمە زۆر لە خۆکردنێکە، کە پێویست بەوە ناکات، چونکە پێغەمبەر ﷺسەرەتا ڕێی بە موتعەدا، پاشان قەدەغەی کرد، کەواتە وتەکەی نەسخ کردووە بە وتەکەی خۆی، بەڵام سەبارەت بە ئایەتەکە, ئەوە بە هیچ جۆرێك دروستی (موتعە) لە خۆ ناگرێت, بەڵکو مەبەست لە ئایەتەکە, چێژ وەرگرتنە لە نیکاحێکی (صحیح)".[٣٢٨]

د- هەروەها خاوەنی تەفسیری (خازن)یش باس لەوە دەکات, کە ئەم ئایەتە باس لە "نیکاحی شەرعی" دەکات و دواتر وتەکەی (ابن الجوزی) کە پێشتر نووسیمان، ئەویش دەهێنێ و دەیکاتە بەڵگە.[٣٣٩]

هـ- (فەخری رازی) کە مەریوان وەك سەرچاوە ئاماژەش بەمە دەدات، لە تەفسیرەکەیدا زۆر بە درێژیی و بەڵگەی جوان لە سەر ئەو ئایەتە دەدوێ و دەربارەی ئایەتەکە, دەڵێ: "وتەی زۆربەی هەرە زۆری زانایانی ئوممەتی ئیسلام, لە سەرئەوەیە، کە مەبەست لەو ئایەتە ئەوە بێت، کە بچن بە دوای ژندا بگەڕێن و پارەی تێدا خەرج بکەن بە ڕێگەی هاوسەرگیریی (النکاح) پاشان باسی مارەی دەکات".[٣٣٠]

و- (مازەری) وەك لە شەرحی (صحیح مسلم)دا, پێشەوا (نەوەوی) وتەکەی دەهێنێ، دەڵێ: "جێگیرو یەکلابۆتەوە کە (نکاح المتعة) لە سەرەتای ئیسلامدا هەبووە، پاشان بە چەندین فەرموودەی ساغ ودروست یەکلابۆتەوە، کە هەڵوەشاوەتەوە، پاشان یەکدەنگی لە سەر حەرامێتییەکەی کراوە، کەس پێچەوانەی ئەمە نییە، جگە لە دەستەیەك لە بیدعەچییەکان......، وە ئەوانەی ئەو ئایەتە (فما استمتعتُم....) دەکەنە بەڵگەو بە خوێندنەوەی (ابن مسعود) کە خوێندویەتییەوە (الی اجل مسمی) ئەمە شازەو ناکرێتە بەڵگە, نە وەك قورئان، نە وەك هەواڵ، نە وەك کار پێکردن".[٣٣١]

ز- خاوەنی (سبلُ السلام) دەڵێ: "ئەم فەرموودەیەی (سەلەمە)، - واتە ئەوەی لە (صحیح مسلم)دایەو باس لە جەنگی (أوطاس) دەکات، کە لە پێشەوە باسمان کرد- ئەوە دەگەیەنێت, کە پێغەمبەر ﷺڕێگەی (موتعە)ی داوەو پاشان نەهی لێکردووە، وە ئەم نەهییەش بەردەوام بووەو ڕێپێدانەکە نەسخ بۆتەوە، کە ئەمەش نەسخ بۆتەوە, جەماوەری زانایان لە پێشینەو پاشینەکان لە سەرئەمەن".[٣٣٢]

ح- هەروەها خاوەنی (الفقه الواضح)یش وای بۆچووە، کە ڕەوایی‌و قەدەغەکردنی "موتعە" بە سوننە بووە، واتە پێغەمبەر ﷺخۆی, سەرەتا بە ڕەوای بینیوە لە کاتی ناچاریدا بۆ خەڵکی و دوایی قەدەغەی کردووە.[٣٣٣]

ط- هەروەها (سیوطی) لە تەفسیرەکەیدا, پشت بەستوو بە سێ هۆکاری هاتنە خوارەوەی دروست، ئەو ئایەتە بە (نیکاحی ئاسایی) تەفسیر دەکات.[٣٣٤]

ی- (ابن الحزم) لە (المحلی)دا، لە باسی "موتعە"دا, ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺڕەوابووە، بەڵام پاشان خوا لە سەر زاری پێغەمبەرەکەیەوە هەڵیوەشاندۆتەوە بە هەتا هەتایی، تا ڕۆژی دوایی، بە بێ ئەوەی باسی ئەو ئایەتەی (النساء) بکات.[٣٣٥]

- لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە لە (المحلی)دا (ابن حزم) لە (١٥) جێگەدا, ئەو ئایەتەی (النساء)ی هێناوەو کردویەتییە بەڵگە بۆ بابەتی جیا جیا، بەڵام بە هیچ جۆرێك نەیکردۆتە بەڵگە، یان تەنانەت هەر باسیشی نەکردووە بۆ

---

[٣٢٨] روائع البیان، ج١، ص٤٦٠, محمد علی صابونی.

[٣٢٩] تفسیر الخازن المسمی، لباب التأویل في معانی التنزیل: علاءالدین علي بن ابراهیم البغدادي المعروف بالخازن, ج١, ص٣٤٣-٣٤٤.

[٣٣٠] التفسیر الکبیر، ج١٠، ص٤٩.

[٣٣١] شرح مسلم، باب/ نکاح المتعة و بیان انه أبیح ثم نسخ....للنووی.

[٣٣٢] سبل السلام/ نکاح المتعة حرام، ج٦، ص٦١-٦٢.

[٣٣٣] الفقه الواضح، ج٢، ص٨٥، د.محمد بکر اسماعیل.

[٣٣٤] تفسیر الجلالین و بزیله لباب النقول فی اسباب النزول.

[٣٣٥] المحلی، ج١١، مسألة (١٨٩٨).

باسی "نکاحی موتعه"، پێموایه، ئەگەر بە ئەستەمیش بیزانیبایە، ئەو ئایەتە دەستدەدا بۆ کردنە بەڵگەیەك، یەك چرکە لێی ڕانەدەوەستاو دەیکردە بەڵگە، یان هیچ نەبێت لەو بابەتەدا باسی دەکرد.

ك- (نەوەوی) لە سەر فەرموودەکەی (فەتحی مەککە)، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: "خەڵکینە من کاتی خۆی ڕێگەم دابوون "موتعه" بکەن، بەڵام ئیتر وا حەرامم کرد....". دەڵێ: "ئەم فەرموودەیە بە ڕاشکاوانە ئەوەی تێدایە، کە (ناسخ و منسوخ)ەکەش لە وتەی پێغەمبەرن ﷺ".[٣٣٦]

ئەمە کورتەیەکی پوخت بوو، لە سەر ئەو گومانانەی، کە مەریوان لە سەر ئایەتی (٢٤)ی سورەتی (النساء) هێنابووی، کە گوایە "یەکدەنگی لەسەرە". ڕاستی ئەوەش دەردەخات، کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە، ئەگەر چی هەندێکیش وا گومان بەرن!.

١٨١- سەبارەت بە هەندێك گومانی تریش، کە گوایە (عومەر) دواتر "موتعه"ی قەدەغە کردووە، لە لاپەڕە (٣٠٣) بەدواوە، چەند شتێك لەو بارەیەوە دەهێنێت، کە گوایە یەکەم کەس "موتعه"ی حەرام کرد (عومەر) بووە، ئەمەش وانییە، چونکە:

١- چەندین دەق لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، کە "موتعه"ی حەرام کردووە، کە لە (صحیح البخاری ومسلم)دا، باسیان هاتووەو هەندێکیشمان لەپێشەوە نووسی.

٢- ئەوەی کە دەووترێ: "لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و أبوبکرو عومەردا موتعەکراوە"، بەو جۆرە لێك دەدرێتەوە کەسانێك کردوویانە، کە نەسخەکەیان پێنەگەیشتووە، وەك (نەوەوی) و دواتریش (ابن الحجر)و پێش ئەویش (ابن القیم) ئاماژەیان بۆ کردووە.[٣٣٧]

زۆر ئاساییە، کە چەندین کەس هەبێ، پاش ماوەیەکی دوور، ئینجا بڕیارێکی پێگەیشتبێ، بۆ نموونە: ئەوەتا (عمر)، پاش چەندین ساڵ و تا سەردەمی خەلافەتی خۆی، ئەو فەرموودەیەی نەبیستبوو وەپێی نەگەیشتبوو، کە باس لە دەستووری ئەوە دەکات: "گەر سێ جار لە دەرگاتاندا کەس وەڵامی نەدانەوە، بڕۆن"، تا (ابو موسی) و دەستەیەك لە هاوەڵان پێی دەڵێن.[٣٣٨]

٣- بەڵکو ئەوەی (عومەر) کردوویەتی، تەنها زیاتر توندکردنی بڕیارەکە بووەو بڵاوبوونەوەی زیاتری بووە لە ناو خەڵکیدا، ئەوەتا بە ڕاشکاوانە (عومەر) لە وتارەکەیدا بۆ خەڵکی، دەڵێت: "أن رسول الله ﷺ أذن لنا في المتعة ثلاثا ثم حرمها والله لا اعلم احدا تمتع وهو محصن الا رجمته بالحجارة".[٣٣٩]

واتە: "پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتیدا بۆ ئێمە، کە تا سێ ڕۆژ موتعە بکەین، بەڵام دواتر حەرامی کرد، سوێند بە خوا، هەر کەسێك بزانم کاری وا دەکات و خێزانی هەبێت، ئەوا بەرد بارانی دەکەم".

ئەمە، زۆر بەڕوونیی ئەوەی تێدایە، کە عومەر دەڵێ: "دواتر حەرامی کرد".

هەتا لە گێڕانەوەی کوڕەکەیدا، هاتووە: کاتێ عومەر دەچێتە سەر مینبەر، دەڵێ: "ئەوە چییە هەندێك لە پیاوان (موتعە) دەکەن، لە پاش ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ نەهی لێکردووە".[٣٤٠]

کەواتە، عومەر، پشتبەستوو بە نەهیەکەی پێغەمبەر ﷺ نەهی لە خەڵکەکە کردووە، دەبێ بەم جۆرە لێك بدرێتەوە، دەنا دژایەتی لە نێوان دەقەکاندا ڕوودەدات.

شتێکی زۆر سەیرە، (عومەر) خۆی بە دەمی خۆی، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ نەهی لێکردووە، کەچی خەڵکیکی عەقڵبەستوو بڵێن (عومەر) بووە!.

---

[٣٣٦] شرح صحيح مسلم، باب/ نكاح المتعة.....

[٣٣٧] شرح صحيح مسلم، باب/ نكاح المتعة......، زاد المعاد، ج٣، ص٤٦٣، فتح الباري، ج٩، ص١٩٨، ڕاڤەی فەرمووده (٥١١٧-٥١١٨).

[٣٣٨] صحيح مسلم/ كتاب الاداب، باب/ الاستئذان.

[٣٣٩] سنن ابن ماجه، رقم(١٩٦٣).

[٣٤٠] رواه ابن المنذر البيهقي، فتح الباري، ج٩، ص١٩٨، ڕاڤەی فەرمووده (٥١١٧و٥١١٨).

٤ – خستنەپاڵی نەسخی "موتعە" بۆ لای (عومەر)، بە بێئەوەی عومەر ئەمەی لە پێغەمبەر ﷺ وەرگرتبێ، کافر کردنی (عومەر) دەگەیەنێت، شتی واش هەرگیز نابێت، چونکە (عومەر) لە هەموو کەس دوورترە، گەر شتێ لە پێغەمبەرەوە ﷺ نەبیستێ، لە خۆیەوە حەرامی بکا.[٣٤١]

کەواتە، عومەر تەنها بابەتەکەی ئاشکراتر و بڵاوترو توندتر کرد.

حەرامییەتی "موتعە" یەکدەنگییەو بایەخ بە جیاوازیی (شیعە) نادرێ

وەك ئەهلی سوونە "موتعە" حەرام و قەدەغەیە، تا ڕۆژی دوایی، ئەمە وەك یاسایەك دەبێ پەیڕەویی لێبکرێ، گەرچی، لە سەرەتاوە، جیاوازییش هەبوو بێ، دواتر بەیەکدەنگیی هەموو زانایانی ئیسلام (بەدەر لە شیعە، کە شیعە بایەخ بە بۆچوونەکانییان، لەو بارەوە نادرێت) لە سەر ناڕەوایی "موتعە" دامەزراون.

(مازەری) دەڵێ: "یەکدەنگیی لە سەر حەرامییەتی (موتعە) هەیە، کەس پێچەوانەی ئەمە نییە، جگە لە دەستەیەك لە (بیدعەچییەکان)".[٣٤٢]

(قاضی عیاض) دەڵێ: "یەکدەنگیی زانایان لە سەر حەرامییەتی هەیە، جگە لە (ڕافیز)ەکان".[٣٤٣]

(خەطابی) دەڵێ: "حەرامبوونی (موتعە) وەك یەکدەنگیی وایە، تەنها هەندێك لە (شیعەکان) نەبێت، کە لایان ڕەوایە".[٣٤٤]

(قورتوبی)دەڵێ: "گێڕانەوەکان هەر هەموویان لە سەرئەوەن، کە زەمەنی (موتعە) زۆری نەخایاند، کە دوایی حەرام بوو، پاشان یەکدەنگیی پێشینەو پاشینە (السلف والخلف) لە سەر حەرامییەتی دامەزراوە، جگە لە هەندێك لەو کەسانەی، کە ئاوڕ لە بۆچوونەکانییان نادرێتەوە لە (ڕافیزە)کان".[٣٤٥]

(صدیق حەسەن خان) دەڵێ: "لە (شرح السنة)دا هاتووە، کە حەرامێتی (موتعە) وەك یەکدەنگیی هەموو موسوڵمانان وەهایە".[٣٤٦]

<u>**تێبینییەك:**</u>

ئەوەی، کە گوایە (ابن عباس) بە ڕەوای بینیووە، زۆرێك لە سەرچاوە ڕەسەنەکان باس لەوە دەکەن، کە دوایی پەشیمان بۆتەوە

بۆ ئاشنابوونی زیاتر لە سەر "موتعە" بڕوانە:

١ – فتح الباری شرح البخاری، ج٩، ص ١٩١–٢٠٠، باب/ نهی رسول ﷺ عن نكاح المتعة اخيراً.

٢ – شرح صحيح مسلم للنووي، باب/ نكاح المتعة و بيان انه ابيح ثم نسخ...، ص٣٠٠–٣٠٨.

٣ – تفسير القرطبي، ج٥، ص١٢٩–١٣٥.

٤ – ابن كثير، ج١، ئایەتی (٢٤)ی النساء.

٥ – تفسير الجلالين.

٦ – مختصر تفسير الطبري، ج١، ص١٤٧.

٧ – تفسير الخازن، ج١، ص٣٤٣–٣٤٤.

٨ – التفسير الكبير، ج١٠، ص٤٨–٥٣.

---

[٣٤١] التفسير الكبيرج١٠، ص٥٠.

[٣٤٢] شرح مسلم، باب/ نكاح المتعة..... .

[٣٤٣] هەمان سەرچاوە.

[٣٤٤] فتح الباری، ج٩، ص١٩٩.

[٣٤٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣٤٦] الروضة الندية شرح الدرر البهية، ص٣٤، فصل الثانى الانكحة المحرمة.

٩- تفسير الواضح، ج٥، ص٣-٤.

١٠- تفسير ايات الاحكام، ص٧٦.

١١- روائع البيان تفسير ايات الاحكام، ج١، ص٤٥٧-٤٦٠.

١٢- بداية المجتهد، ج٢، ص٦٨، ابن رشد.

١٣- زاد المعاد في هدى خير العباد، ج٣، ص٣٤٣-٣٤٥ و ص٤٥٩-٤٦٤ و ج٥، ص١١-١١٢.

١٤- المحلى لابن حزم، ج١٤١، المسألة (١٨٥٨).

١٥- الفقه الواضح، ج٢، ص٨٥-٨٦.

١٦- سبل السلام الموصلة الى بلوغ المرام، ج٦، ص٦١-٦٢.

١٧- وبل الغمام على شفاء الاوام، ج٢، ص٢٣-٢٥.

١٨- الروضة الندية شرح الدرر البهية، ج٢، ص٣٤-٣٦.

١٩- رحمة الامة في اختلاف الائمة، ص٣٩٨.

٢٠- الآم، م٣، ج٥، ص٨٥-٨٧، نكاح المحلل ونكاح المتعة.

پاش ئەمە، ئێستا دەگەڕێینەوە سەر وەڵامەکان، کە پێموایە لە بارەی "موتعە"وە، مافی خۆیمان دابێتێ، بۆیە گەر زۆر پێویست نەکات، ناچمەوە سەر ئەو چەمکە.

١٨٢- لە لاپەڕە (٣٠٣-٣٠٤)دا، دەنوسێ: "یەکەم بەڵگەی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە خەلیفەی دووەم لە تەمەنی شەش ساڵەی خەلیفایەتی خۆیدا ئەم دیاریدەیەی حەرام کرد، (سیوطی) دەڵێ: یەکەم کەس (موتعە)ی حەرام کرد عومەر بوو". پاشان وەك سەرچاوە ئاماژە بە (تأريخ الخلفاء)ەکەی (سیوطی) دەدا.

دەڵێین:

ئەمە وەها نییە، چونکە:

أ- لە (تاريخ الخلفاء)ەکەی (سیوطی)دا، ساڵەکە دیاری ناکات.

ب- (سیوطی) لەو کتێبەیدا، (فصل)ێکی نوسیووە، دەربارەی ئەوانەی (عومەر) دەستپێشخەریی تێدا کردووە، پاشان لە (العسكري)یەوە دەگێڕێتەوە...یەکەم کەسیش "موتعە"ی حەرام کرد (عومەر) بوو.[٣٤٨]

ئەوەی لاوازیی ئەم گێڕانەوەی (العسكري) دەردەخات ئەوەیە، کە باسی دوو شتی زۆر دیاری کردووە، کە گوایە (عومەر) یەکەم کەس بووە ئەنجامی داوە:

١- چوار (الله اكبر) کردن لە نوێژی مردوو.

٢- وتنی: "اطال الله بقاءك" گوایە کە (عومەر) بە (عەلی) وتووە.[٣٤٩] أ- سەبارەت بە یەکەمیان، وەهانییە، چونکە پێغەمبەر ﷺ، نوێژی مردووی لە سەر چەندین کەس کردووەو چوار (الله اكبر)یشی کردووە، بۆ نموونە: کاتێ نوێژی لە سەر گۆڕی ئافرەتێك کرد، کە نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبوو، پاشان مرد.[٣٥٠]

یان کاتێ، کە نوێژی مردووی بە غائیبی کرد بۆ (نەجاشی) چوار (الله اكبر)ی کرد.[٣٥١]

یان ئەو پیاوەی، کە پێغەمبەر ﷺ سەردانی دەکردو کاتێ مرد، لە نوێژەکەیدا، چوار (الله اكبر)ی لە سەر کرد.[٣٥٢]

هەروەها چەندین فەرموودەی تر لەم بارەوە، کە ئەو قسەیەی (العسكري) پووچ دەکەنەوە.[٣٥٣]

---

[٣٤٨] تاريخ الخلفاء، فصل في اوليات عمر.

[٣٤٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣٥٠] رواه (البيهقي والنسائي)، احكام الجنائز، ص١١٥، للالباني.

[٣٥١] صحيح مسلم (٩٥١) باب/ في التكبير على الجنازة.

[٣٥٢] احكام الجنائز، ص١١٢.

ب – وتنی"اطال الله بقاءك" ئەمە باش نییە بوترێ, وەك (ابن القیم) باسی دەكات، كە یەكێكە لەو لەفزانەی كەراهەتی هەیە بوترێ, هەتا(اسماعیل بن اسحاق) دەڵێ: "یەكەم كەسێك كە (اطال الله بقاءك)ی نووسیووە و دایهێنا بێدینەكان (زەندیق) بوون".[٣٥٤] جا وشەیەك كە باش نەبێت، چۆن كەسێكی وەك عومەر بەكاری دێنێت، بە تایبەت كە بێدین بەكاری بێنێت

١٨٣ – لە لاپەرە(٣٠٤)دا, ئەم دەقە دەنوسێ: "عن بن عباس: ان عمر بن ﷺالخطاب نهى عن المتعة, و قال انما احل الله ذلك للناس على عهد رسول الله". پاشان دەیكات بە كوردی, وەكو سەرچاوەش ئاماژە بە (سنن الدار قطنی) –دەدات.

دەڵێین:

ئەمەش یەكێكیترە لە چەواشەكارییەكانی, ئەو دەقەی مەریوان هێناویەتی و دەیكاتە بەڵگە, گوایە (عومەر) "موتعە"ی حەرام كردووە, ئەمە وانییە, چونكە ئەو دەقە لە (سنن الدار قطنی)دا, بڕگەی تری لەگەڵدایە, كە مەریوان بە درۆ دەخاتەوە, بەڵام مەریوان بە مەبەست نەیهێناوە, ئەمە تەواوی دەقەكەیە:

"عن ابن عباس ثم ان عمر نهى عن المتعة التي في النساء, وقال: انما احل الله ذلك للناس على عهد رسول الله ﷺ, والنساء يومئذٍ قليل, ثم حرم عليهم بعد....".[٣٥٥]

واتە: عومەر, نەهی كرد لە "موتعە"ی ئافرەتان, وە دەیوت: خوا ئەمەی لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺحەلاڵ كرد, وە ئافرەتیش كەمبوو لەو ڕۆژەدا, بەڵام دوایی حەرامی كرد لە سەریان. . .

جا بەڕێزان:

ئەمە ناپاكیی نییە بەرامبەر بە مێژوو, مەریوان, لەم قسەیەی (عومەر)دا وەك ئەو كەسەی لێهات, كە لەگەڵ كەسێكی تردا موناقەشەی دەكرد, بەرامبەرەكەی ویستی بڵێ: "لا الە الا الله", كاتێ كە وتی "لا الە...". هێشتا تەواوی نەكردبوو, كابراكە پێیوت: تۆ كافر بوویت, چونكە وتت: "هیچ خوایەك نییە", كابراكەش پێی دەڵێ: ئاخر تۆ ماوەت نەدام, وشەكە تەواوكەم, من دەمویست بڵێم: "لا الە الا الله", بەڵام تۆ لە "لا الە"دا ، منت ڕاوەستان!.

١٨٤ – لە هەمان لاپەڕەدا, خەڵكی بەشتێكی تر چەواشەكردووە, كە دەنووسێ: "هەروەها (ڕازی) باسی ئەوەی كردووە, كە عومەر موتعەی حەرام كردووە". پاشان ئاماژە بە تەفسیرەكەی (ڕازی) دەكات.

دەڵێین:

(ڕازی), لە تەفسیرەكەیدا بە دوورو درێژیی, باسی "موتعە"ی كردووە, زۆر بە ڕێك و پێكی وەڵامی ئەو گێڕانەوەی (عومەر) دەداتەوە, كە ئەوەی پێیوایە (عومەر) موتعەی حەرام كردووە, ئەوە تۆمەتی كافركردن دەداتە پاڵ (عومەر), چونكە (عومەر) شتێ لە خۆیەوە حەرام ناكات, ئەگەر ڕابووردوویەكی لە پێغەمبەرەوە ﷺنەبێ, بە درێژیی باسی ئەوە دەكات, كە "موتعە" لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺحەرام بووە, وە بەو جۆرەش وتەكەی (عومەر) ڕاڤە دەكات و دەڵێ: واتە منیش نەهی لێدەكەم, چونكە لە لام یەكلابۆتەوە, كە پێغەمبەر ﷺنەسخی موتعەی كردۆتەوە. كەواتە, بەم جۆرە ئەمە دەبێتە بەڵگە بۆ ئێمە.[٣٥٦]

تەفسیری (ڕازی), هەموو بۆچوونەكانی هێناوەو گفتوگۆی كردووە, كەچی مەریوان, هاتووە لە ناو هەموو بەڵگەكاندا ئاماژە بە(ڕازی) دەكات, كە باسی كردووە, ئەی بۆچی بۆ خەڵكی ڕوون نەكردۆتەوە, كە ئایا (ڕازی) چۆن وەڵامی داوەتەوە؟!, یان ئەوەتا پیلانەكەی مەریوان سەری نەدەگرت, وەك سەریشی نەگرتووە!.

---

[٣٥٣] بروانە: احكام الجنائز (الصلاة على الجنازة).

[٣٥٤] زاد المعاد،ج٢، ص ٤٧٣, الاذكار, ص٢٢٥، (للنووي) تحقيق/ بشير محمد عيون.

[٣٥٥] سنن الدار قطني, ج٣, ص٢٥٨ رقم(٥٣).

[٣٥٦] التفسير الكبير, ج١٠, ص٥٤, ئایەتی٢٤ النساء .

١٨٥- لە لاپەڕە(٣٠٤)دا, بەڵگەیەكی تر دەهێنێتەوە, كە عومەر نەهی لە موتعە كردووە. لە پێشەوە بە ڕوونیی وەڵامی ئەوەمان داوەتەوە, لە بڕگەی (١٨١) بەدواوە, بەڵام مەریوان ئاماژە بە سەرچاوەی (سنن الكبرى)ی (بەیهەقی) دەكات, وەك سەرچاوەی قسەكەی.

دەڵێین:

١- خۆ هەر لە هەمان باس و لاپەڕەدا, (بەیهەقی)باسی ئەوەی كردووە, كە نەهییەكەی (عومەر) موافیق و هاوتای نەهییەكەی پێغەمبەر ﷺ بووە, وەك بە دەق دەڵێ: "فكان نهى عمر بن الخطاب (رضى الله عنه) عن نكاح المتعة موافقا لسنة رسول ﷺ ".[٢٥٧]

٢- هەروەها (بەیهەقی) وتەكەی (ابن عمر) باس دەكات, كە باوكی, واتە (عومەر) لە سەر مینبەر دەڵێ: "ئەوە چییە پیاوانێك موتعە دەكەن, كە پێغەمبەر نەهی لێكردووە, سوێند بە خوا هەر كەس ئەمە بكات, ڕەجمی دەكەم".[٢٥٨]

كەواتە, مەریوان ویستویەتی خوێنەر بەوە چەواشە بكات, كە شتی لەم جۆرە هەیە, بێئاگا لەوەی, كە كەسانێك دەچنەوە سەر ئەو سەرچاوانە فێڵەكانی پووچ دەكەنەوە!.

نموونەی مەریوانم, وا دێتە پێش چاو, وەك كەسێك بچێتە نێو باخێك سێوەوە, بگەڕێ, كامەی نەخۆش و ڕزیوە, ئەوە بهێنێت و دوایی بە خەڵكی بڵێ: ئەو باخە هەر ئەم سێوانەی تێدایە!.

لە سەر موتعەو بۆچوونەكان, قسەمان زۆر كرد, بۆیە بە پێویستم نەزانی لەوەو دوا درێژەی پێبدەم, چونكە ئەوانەی مەریوان دواتر هێناونی, هەندێ شتی هەر دووبارەیە.

١٨٦- لە لاپەڕە (٣٠٥)دا, دەنوسێ: "(خولة بنت حكيم), كە یەكێكە لەو ژنانەی خۆیان پێشكەش بە پەیامبەر كردبوو, دەچێتە لای عومەرو پێی دەڵێ: (ربیعة) موتعەی كردووەو ئێستا حەرامم بكردایە, ڕەجمم دەكرد". دواتر ئاماژە بە (الموطأ) و (سنن البیهقی) دەدات.

دەڵێین:

١- (خەولە), ڕاستە خۆی پێشكەش بە پێغەمبەر ﷺ كرد, بەڵام خۆ پێغەمبەر ﷺ, نەیویست و پێشكەش كردنەكەی, ڕەتكردەوە, دواتر (عثمان بن مضعون) مارەی كرد.[٢٥٩]

مەبەستی مەریوان, كە نووسیویەتی "یەكێكە لەو ژنانەی....". ڕوون و ئاشكرایە مەبەستی بووە, كە بڵێ هاوسەری پێغەمبەری خوا ﷺ بووە, بەڵام نازانێ, خەڵكێكی زۆر لەو زیرەكتر هەن, كە ئەو دەیەوێت چەواشەیان بكات, هەر زوو دەچنە بنج و بناوانی ئەو بابەتە و دەگەڕێن, بزانن پێشكەش كردنەكە چۆن بووە, دواتر چی بەسەر هاتووە.

٢- دەقەكە ئاوەهایە "ان خولة دخلت على عمر بن الخطاب, فقالت: ان ربيعة استمتع بأمراة, فحملت منه, فخرج عمر فزعا يجر رداءه, فقال: هذه المتعة, ولو كنت تقدمت فيها لرجمت".[٢٦٠]

واتە: "خەولە, چوو بۆ لای عومەر و پێی وت: (ڕەبیعە) موتعەی لەگەڵ ئافرەتێكدا كردووەو سكی پڕ كردووە, عومەریش بە پەلەو شڵەژاوییەوە, چووە دەرەوەو پۆشاكەكەی بەدوای خۆیدا ڕادەكێشا, وتی: ئەم كارە موتعەیە, ئەگەر من پێشتر لە بارەی موتعەوە بڕیارم بدایە, ئەوا ڕەجمم دەكرد".

كەواتە, لەبەر ئەوەی "موتعە" لە پێش عومەردا حەرام و قەدەغە كراوە, كە پێغەمبەرە ﷺ و ئەویش هیچ سزایەكی دیاری كراوی بۆ دانەناوە, بۆیە عومەر وا دەڵێ. جا سەرنج بدە!.

١٨٧- لە لاپەڕە (٣٠٦-٣٠٧)دا, دەنوسێ: "(عومەری كوڕی خەتتاب) دوو دڵ بوو لەوەی, كە لەدوای مردنی پەیامبەر بهێڵێت ژنەكانی پەیامبەر بچن بۆ عەمرەو حەج..., ئەوەی شایەنی باسە لە هەموو ساڵەكانی خەلافەتیدا تەنها ڕێگەی لە دوو ژنی پەیامبەر نەگرتووە, كە حەج و عەمرەو سەفەر بكەن, ئەو دوانەش (زەینەب)ی خۆشەویست

---

[٢٥٧] سنن الكبرى, ج٧, ص٢٠٦ رقم (١٣٩٤٩).

[٢٥٨] سنن الكبرى, ج٧, ص٢٠٦ رقم(١٣٩٤٩).

[٢٥٩] تفسير القرطبي, ج١٤, ص ١٦٩.

[٢٦٠] الموطأ, ص٥٤٢, رقم (١١٣٠) سنن الكبرى, ج٧, ص ٢٠٦ رقم(١٣٩٥٠).

بوو, لەگەڵ (سەودە)ی پیرو پەککەوتە, ئەوانیش سەفەریان نەدەکرد". (فکان کلهن یسافر الا زینب وسودة فانهما قالتا لاتحرکنا دابة) سوێندیان خواردبوو لە دوای پەیامبەر هیچ حەیوانێك نەیان جوڵێنێت, واتە: "لە دوای محمد کەس جووتیان نەبێت" ئەمەش وای کرد لە عومەر, کە مۆڵەتیان بداتێ هەر ساڵێك بیانەوێت, ئازادن لەوەی سەفەر بکەن, یان حەج وعەمرە بەجێ بهێنن, جگە لەو دوو ژنە, هەتا دواین ساڵەکانی خەلافەتیش هەر نەیهێشتووە ژنەکانی دیکە بچن بۆ عەمرەو حەج و سەفەر, بۆ ئەوەی کەس لەگەڵیان جووت نەبێت....,عوسمان و عبدالرحمن لەکاتی عەمرەدا هاواریان بۆ ئیماندراران کردووە, کە هیچ کەسێك موتعەی دایکانی باوەڕداران نەکات, "جووتیان نەبن"و کەسیش نزیکیان نەبێتەوە, کەسیش سەیریان نەکات". دواتر ئاماژە بە(صحیح البخاری) و(سنن الکبری)ی بەیهەقی دەدات.

دەڵێین:

لە سەر ئەم باسە, ئەم چەند ڕەخنەیەمان هەیە:

١–ئەوەی لە (صحیح بوخاری)دا هاتووە, بەو درێژییە نییە, کە مەریوان نووسیویەتی, بەڵکو هەر ئەوەندەیە:

"اذن عمر (رضی الله عنه) لازواج النبي ﷺ فی آخر حجة حجها, فبعث معهن عثمان بن عفان وعبدالرحمن بن عوف".[٣٦١]

واتە: عومەر, لە کۆتا حەج کردنی خۆیدا ڕێگەیدا بە هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ, کە بچن بۆ حەج, (عوسمان و عبدالرحمن)ی لەگەڵدا ناردن.

٢– کە مەریوان دەنووسێ: "تەنها ڕێگەی لە دوو ژنی پەیامبەر نەگرتبوو...". ئەمە قسەی خۆیەتیو شتی وا لە گێڕانەوەکەدا نییە, بەڵکو ئەوەی, کە هاتووە ڕاوی, دەڵێ: "هەموو هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ حەجیان دەکرد, جگە لەو دوانەیان نەبێت".[٣٦٢]

کەواتە, ئەو دوانە, هەر بۆ خۆیان بڕیاریاندا بوو, کە هەر بۆ هیچ جێگەیەك سەفەر نەکەن, نە وەك ئەوەی مەریوان نووسیویەتی!.

پاشانیش, ئەوە گێڕانەوەکەی (بەیهەقی) کوا شتی وادەڵێ؟؟!, کە بە دەق دەڵێ: "فکان کلهن یسافرن الا زینب وسودة, فانهما قالتا: لا تحرکنا دابة". ئیتر لە کوێدا مۆڵەتی عومەر باس دەکات؟!.

٣– لێکدانەوەی "لە دوای محمد کەس جووتیان نابێت" بۆ " لا تحرکنا دابة". زۆر سەقەتەو تەنها بیری سێکسیی مەریوانە, شتی وا قبوڵ دەکات, ئەوان دەڵێن: "هیچ گیانلەبەرێك لە جێگەی خۆمان (ماڵ وشوێنی خۆمان) نامان جوڵێنێ بۆ سەفەر". دەی ئیتر باسی جووتبوون و لێکدانەوەی سێکسیی, بە ڕاستی هەم بوختانە، هەم نەخۆشی دەروونییە!, ئاخر تاکە یەك سەرچاوەی ڕەسەن و دروست و شارەزا بە زمانی عەرەبی, لێکدانەوەی وای تا ئێستا نەکردووە."ان هذا لشيء عجاب".

٤– "ئەمەش وای کرد عومەر مۆڵەتیان بداتێ....". لە کوێدا ئەمەی تێدایە, یان ئەمەش تێچەنە چەواشەکارییەکانی مەریوان خۆیەتی!.

٥– "بۆ ئەوەی کەس لەگەڵیان جووت نەبێت". تەنها بۆچوونە سێکسییەکانی مەریوانە, دەنا (عومەر) کاتێ, کە نەیهێشتووە, هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ سەفەر بکەن, لەناویشیاندا چوون بۆ حەج, چونکە ئەو پێی وابووە, کە ئەم ئایەتەی فەرمان دەکات بە مانەوەی هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەکانی خۆیاندا, کە دەفەرمووێ: "وقرن في بيوتكن) الاحزاب/٣٣. گشتییەو نابێت بچنە سەفەریش, بەڵام پاشان کە بۆی دەرکەوتووە وەها نییە, ڕێگەی پێداون.

[٣٦١] صحيح البخاري, باب/ حج النساء, رقم(١٨٦٠).

[٣٦٢] فتح الباري, ج٤, ص٨٦.

هەتا (سودە)، یەکێکە لەو کەسانەی، کە ئەم ئایەتەی "وقرن في بیوتکن...) الاحزاب/٣٣، دەکردە بەڵگە، کاتێك پێیانوت ئەوە تۆش بۆ وەکو دەستە خوشکەکانت حەج ناکەیت؟ ئەویش دەڵێ: "من حەج و عەمرەشم کردووە، خوای گەورەش فەرمانم پێدەکات لە ماڵی خۆمدا ئۆقرە بگرم".[٣٦٣]

کەواتە، تێگەیشتنەکەی (عومەر)یش، وەك ئەوەی (سودة) وابووە، بەڵام عومەر دواتر بۆی دەرکەوتووە، کە ئایەتەکە بەو جۆرە گشتی نییە، نەك خەیاڵە سەقەتەکەی مەریوان!.

٦- "هیچ کەسێ موتعەی دایکانی.... جووتیان نەبن". لە دەقە عەرەبییەکەدا شتی وای تێدانییە، بەڵکو ئەوەی هەیە "کەس لێیان نزیك نەبێتەوە". (لا یدنوا منهن احد).

ئەمەش کارێك بووە، هەر تایبەت نەبووە بە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە (سەلامی خوای لێبێت)، بەڵکو عومەر نەهی کردبوو، لەوەی پیاوو ژن پێکەوە تەوافی بەیت بکەن، هەتا جارێك، پیاوێك دەبینێ لەگەڵ ئافرەتەکاندا تەوافی بەیت دەکات، بە (گۆپاڵ)ەکەی دەستی لە پیاوەکە دەدات.[٣٦٤]

ئەم دەستوورەی عومەر (واتە بە جیا تەوافکردنی ژن و پیاو)، کەسانی تریش لە خەلیفەو دەستەڵاتدارەکانی دوای عومەر، پەیڕەوییان لێکردووە، بۆ نموونە: (ابن هشام) کە (خاڵی هشام بن عبدالملك) بوو لە سەردەمی خەلافەتی (هیشام)ی خوشکەزایدا ئەمیری حەج بوو، ئەوەی قەدەغەکردبوو، کە ئافرەتان بە شێوەیەکی ڕەها لەگەڵ پیاواندا تەوافی بەیت بکەن.[٣٦٥]

یەکێك لەو کەسانەی پەیڕەوی ئەمەی کردووە (خالد بن عبدالله القسري) بوو، کاتێ کە ئەمیری مەککە بوو لە سەردەمی خەلافەتی (عبد الملك بن مروان)، کە ئەمەیان زۆر پێشتر بووە لە سەردەمی (ابن هشام).[٣٦٦]

١٨٨- لە لاپەڕە (٣١١)دا، دەنوسێ: "زەواجی کاتی بۆماوەیەکی دیاری کراو بە پارەیەکی دیاری کراو... لە ئاینی ئیسلامدا دیاریدەیەکی شەرعی و حەڵاڵە (فما استمتعتم به فهن فاتوهن اجورهن فریضة) النساء/٢٤، گرنگ ئەوەیە ژن ڕازیبێت و پیاویش کرێکەی بدات، لەلای ئیسلام موتعە نیکاحێکی حەڵاڵە وەك لە پێشدا بە فەرموودەو دواجاریش بە قورئان شەرعییەتی پێدراوە". پاشان ئاماژە بە (تفسیر القرطبي، ج٥، ص١٣٠) دەکات.

دەڵێین:

١- لەوەو پێش، زۆر لە سەر موتعە ڕۆیشتین، بۆیە بە پێویستی نازانم قسەکان دووبارە بێتەوە. (بڕوانە بڕگەی١٧٧و دواتر).

٢- ئەوەی مەریوان ئاماژەی پێکردووە لە (تفسیر القرطبي)دا، وانییە و بە هیچ جۆرێك (قورتوبی) قسەی وا ناکات، بەڵکو (قورتوبی) بەڵگە لە سەر ناشەرعیی بوون و نەسخی موتعە دەهێنێتەوە، هەر بۆ نمونە: لە (سەعید بن المسیب) دەگێڕێتەوە، کە وتویەتی: "ئایەتی (٢٤ النساء) بە ئایەتێ، کە باس لە میرات دەکات، هەڵوەشاوەتەوە، واتە بە ئایەتی(١٢/النساء)".[٣٦٧]

هەتا لە (عائشة و قاسم بن محمد) دەنووسێ: "کە ئەم دووانە وتویانە بە ئایەتی (والذین هم لفرجهم حافظون الا علی ازواجهم او ماملکت ایمانهم فانهم غیر ملومین) المؤمنون/٥-٦، نەسخ بۆتەوە".[٣٦٨]

ئیتر کەی (قورتوبی) ئەو قسە لووس و چەواشەکارییانەی نوسیووە؟!.

٣- هەتا پێغەمبەر فەرموویەتی: "بە نیکاحو طلاق و عیددەو میرات، (موتعە) حەرام بوو، یان ڕووخا".[٣٦٩]

---

[٣٦٣] تفسیر القرطبي، ج١٤، ص١٨٠-١٨١.

[٣٦٤] فتح الباري، ج٣، ص٥٤٤، ڕاڤەی فەرموودەی ژمارە (١٦١٨)باب/ طواف النساء مع الرجال.

[٣٦٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣٦٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٣٦٧] تفسیر القرطبي، ج٥، ص١٣٠.

[٣٦٨] سەرچاوەی پێشوو.

بە کورتی:

مەریوان, لە لاپەڕەکانی دوایی, هەمان چەواشەکاریی و بزرکاندنەکانی دووبارە دەکاتەوە, کە گوایە موتعە ڕەوایە, ئێمەش لە پێشتر وەڵامی ئەمانەمان داوەتەوە, پێموایە بۆ کەسی ژیرو فامیدە, ئەوەندە بەسە, گەر بە وردیی سەرنج لەو باسە بدات, کە نوسیوومە, جا ئیتر مەریوان هەر بە زۆری هێزی سێکسییو نەفامیی هەر سوور دەبێت لە سەر ئەو گومانە سێکسییەی خۆی, ئەوە تەنها بۆچوونی پەتیی خۆیەتیو هەموو ئەو سەرچاوانەش, کە مەریوان ئاماژەی پێدەکات, تەنها بۆ چەواشەکردنی هەندێ لە خوێنەرە لاوازو بیر تەسکەکانی وەکو خۆیەتی, دەنا گەر دەچیتەوە سەر ئەو سەرچاوانە, بە پێچەوانەی مەبەستە ئاوەژووەکانی مەریوانەوەیە!.

بەسەرهاتێك

بیرم دێت, شەوێك گەنجێك لە مزگەوت دانیشت بوو, چەند لاوێکی لە دەوروبەربوون, باسی (عوزەیر)ی بۆ دەکردن, کە سەرنج دەدەم, خۆش خۆش, دەڵێ: "عەزیز" وای کرد "عەزیز" وا چوو. منیش زۆرم پێ سەیربوو, دەموت داخۆ "عەزیز" و گوێدرێژەکەی, بۆ وا باس دەکات!, چاوەڕوانیم کرد, تا لێبۆوە, بانگم کردو لێم پرسی: ئەوە باسی "عەزیز" بوو, یان "عوزەیر"؟ وتی: "عەزیز", وتم جا شتی وا هەیە؟ وتی: بەڵێ: مامۆستا ئەوە (ابن کثیر)ە, سەیری بکە!, خۆش لەوەدا بوو, تەفسیری (ابن کثیر)یشی پێبوو لە دەرسەکەیدا کردبوویەوەو قسەی دەکرد, منیش سەیرمکردو وتم: برا ئەوە نووسراوە "عوزەیر" نەك "عەزیز", کاتێ سەیری کرد, وتی: وەڵڵا ڕاست دەکەی وایە, تومەز, چاوی ڕەشکەو پێشکەی کرد بوو,"عوزەیری" لێبوو بوو بە "عەزیز"!.

مەریوانیش, هەر هەمان شتم دێنێتەوە یاد!.

١٨٩– لە هەمووی خۆشتر, هەر بۆ نووکتە, ئەم نەفامییەی مەریوانتان بۆ دەنوسم, لە لاپەڕە(٣١٨)دا, دەنوسێ: "لە شاری مەککە ژنێك بەناوی (صفیة) کە قوڕەیشی دەبێتماڵەکەی خۆی تەرخان کرد بوو بۆ ئەم جۆرە لەش فرۆشییە....". دواتر وەك سەرچاوەی ئەم قسەیە, ئاماژە بە (اخبار النساء)ی (ابن القیم) دەکات.

دەڵێین:

بەڕێزان, زۆر ورد سەرنج بدەن, (ابن القیم) لە کتێبی (اخبار النساء)ەکەیدا, ئاوها دەنوسێ: "کان بمکة (سفیه) یجمع بین النساء والرجال علی اقبح الریب, وکان من قریش, ولم یذکر اسمه....".[٣٧٠]

(ابن القیم) قسەی (ابوالحسن المدائني) دەگێڕێتەوە, کە وتویەتی: "لە مەککە کەودەن (کاڵفام)ێك دەبێ, ئافرەتان و پیاوان لە سەر ناشرینترین شێوە کۆ دەکاتەوە, ئەم کەسە لە هۆزی قوڕەیش بوو, وە(ابوالحسن) ناوی ئەم کەسەی باس نەکردووە".

بەڕێزان:

ئاگاتان لێیە چۆن "سفیه" دەکات بە "صفیة"!, نێر دەکات بە مێ, ئاخر سەد ڕەحمەت لە کوڕەی لاو, کە"عوزەیری" دەکرد بە "عەزیز", بەس نەبوو, هەر بە نێرینەیی دەیهێشتەوە, ئەمەیە سەرئەنجامی نەزانیی و نەفامییو نەخوێندەواریی!.

"سفیه", بە کەسێك دەڵێن: "کەداناو ژیر نەبێت, واتە عەقڵ سووك (کاڵفام, کەودەن) بێت".[٣٧١]

---

[٣٦٩] سنن الدار قطني, ج٣, ص٢٥٩, رقم(٥٤), تفسیر القرطبي, ج٥, ص١٣٠.

[٣٧٠] اخبار النساء, من احادیث المؤلفین, ص٢٠٨ .

[٣٧١] مختار الصحاح, مادة / س ف ه.

بەڕێزان:

تا ئێرە, ئەمە ئەو جێگەو شوێنانە بوون, کە مەریوان دەستکاریی دەقەکانی کردبوو, جا یان لە خۆیەوە لێی زیاد کردبوون, یان لێی قرتاندبوون, یاخود بە جۆرێك واتای لێکدابوونەوە, کە لە بنەمادا وانییەو بە پێچەوانەی مەبەستە ناڕاستەکانی مەریوانەوە بووە!.

مەبەستیشم:

دەرخستنی ئەندازەی پلەی "زانستیی", "ئەمانەت نەپارێزیی" و "هەڵخەڵەتاندنەکان"ی مەریوانە, تا خوێنەر بزانێت, کەسێك ئەوەندە کلۆڵ و چاونەترس بێت لە ناپاکیی کردن لە گواستنەوەی شتەکان, شیاوی ئەوەیە, قسەو بۆچوونەکانی وەرنەگیرێت و لەڕووی "زانستیی" و "ئەخلاقی "ەوە, متمانەی پێنەکرێ, چونکە لەم بەشەدا, نەك هەر دەردەکەوێت, کە "زۆر نەزان"ە, بەڵکو دەریشکەوت, کە "چەواشەکار", "ناڕاست" و "بوختانچی "یشە. کوردیش دەڵێ: "دار هەڵبڕە سەگی دز بۆ خۆی دیارە!".

هیوادارم, ئەم بەشەتان زۆر بە وردیی خوێندبێتەوە, چونکە زۆر گرنگە, بۆ کەسی ژیر, گەر بەشەکانی تریشی نەبینیبێت, ئیتر دەزانێ "مەریوان" کێیە!!.

بەشی دووەم
وتە لاوازو بێ بنەماكان

سەرەتا, بەم وتەیەی پێشەوا مالیك دەست پێدەکەم, کە دەڵێ: زانست لە چوار کەس وەرناگیرێ:

١ – لەو کەسە وەرناگیرێ, کە لە دیندا شتی تازە دادەهێنێت و بانگەشەی بۆ دەکات "مبتدع".

٢ – کەسێ, کەودەن و کاڵفام و عەقڵسووك بێ, بە جۆرێ, کە ئاشکرا بێت. ٣ – کەسێك درۆ بە دەم خەڵکییەوە بکات، ئەگەرچی لە وتەکانی پێغەمبەریشدا (ﷺ) ڕاست بکات.

٤ – کەسێك, کە لەم بوارەدا شارەزا نەبێت (واتە زانستیی فەرمووده).

"لا يؤخذ العلم عن أربعة، لا يؤخذ عن مبتدع يدعو إلى بدعته، ولا عن سفيه يعلن بالسفه، ولا عمن يكذب في احاديث الناس، وإن كان يصدق في أحاديث النبي (ﷺ)، ولا عمن لا يعرف هذا الشأن".[٣٧٢]

مەریوان, دەکەوێتە بەر جۆرەکانی (٢,٣,٤) خۆ گەر بڵێین: هەموو ئەو سیفاتانە لەودا بوونی هەیە, هیچ دوور نییە، چونکە ئەو سیفەتانە لە بەشی یەکەمی نووسینەکانیدا, زۆر بە ڕوونیی دیاربوو.

ئەوەی لەم بەشەدا, دەمەوێ بیخەمە بەرچاوی خوێنەران ئەوەیە, کە مەریوان هەندێ شتی هێناوەو کردوونیەتە بەڵگەسازیی بۆ نووسینەکانی, کە یان "لاوازن" یان "بێبنەمان" و شتی واش, لە لای ئیسلام بێبایەخەو نرخی نییە، هەرچەندە باسکردنیشی لە زۆر شوێندا هاتبێت, ئەوەی تاڕادەیەك جێی سەرنج بوو لە لام, ئەوەبوو, کە مەریوان لەیەك دوو جێگەدا, باس لەوە دەکات, کە فلانە شت زەعیفە, بۆیە نایکەینە بەڵگە, بۆ نمونە: وەك لە لاپەرە (٣٦)دا, باسێك لە بارەی خوشکی عومەرەوە دێنێ ودواتر دەنووسێ: "بەڵام ئەم ڕیوایەتە لە مەنهەجی ئیسلامدا زەعیفە و ئێمە پشتی پێ نابەستین".

کەواتە, مادەم مەریوانیش باوەڕی بە شتی "زەعیف" نییە، من ئەو شتانەی کە "زەعیف"ن و مەریوان هێناونی, لێرەدا دەست نیشانییان دەکەم, تا هەموو لایەك پشتییان پێ نەبەستن.

١ – لە لاپەرە (١١٧)دا, دەنووسێ: "وروى ابوداود عن أم عطية إن إمرأة كانت تختن النساء بالمدينة"، باس لەوە دەکەن کە لە شاری مەدینەدا ژنێك هەبوو تایبەت بووە بە خەتەنەکردنی ژنان . پاشان ئاماژە دەدات بە (تفسير القرطبي,ج٢, ص١٠٠).

دەڵێین:

بەداخەوە!, ئەی بۆ وتەکەی (قورتوبی)ت نەنوسی, کە ئەم دەقە بە لاواز دادەنێت؟!.

(قورتوبی) لە پاش باسکردنی ئەم فەرموودەیە, کە (ابو داود) گێڕاویەتییەوە، وتەکەی (ابو داود) دەنوسێ و دەڵێ: (ابو داود) دەڵێ: ئەم فەرموودەیە لاوازەو ڕاوییەکەی نادیارە".[٣٧٣]

هەروەها (ابن حجر)یش, ئەم فەرموودەیە بە لاواز (ضعيف) دادەنێ.[٣٧٤]

دەبێ مەریوان گلەیی نەکات, چونکە ئەویش وەك ئێمە متمانەی بە شتی لاواز نییە!.

٢ – لە لاپەڕە (١١٧ – ١١٨)دا, هەمان فەرموودەی پێشووتر دەهێنێ و دەنوسێ: "هەر بۆیە پەیامبەر بەو ژنەی وتووە کەمێك دەست بەرز بکاتەوە". پاشان هەروەك سەرچاوە ئاماژە بە (تفسير القرطبي, ج٢, ص١٠١).

دەڵێین:

١ – ئەوە هەمان فەرموودەی پێشوترە.

٢ – پاشانیش (ص١٠١) نییە، بەڵکو (ص١٠٠)ەو یەك دێڕ خوار فەرموودەکەی پێشووترە.

[٣٧٢] سير اعلام النبلاء, ج ٨/ص٦٨للذهبی.

[٣٧٣] تفسير القرطبي, ج ٢, ص ١٠٠.

[٣٧٤] تلخيص الحبير, ج ٤, ص٨٣.

٣ – لە لاپەڕە (١١٩)دا, دەقێك دێنێ بەم جۆرە: "ان النبي (ﷺ) ولد مختوناً". دەنوسێ: "تەنانەت خودی پەیامبەریش خەتەنە کراوە".

دەڵێین:

ئەو فەرموودەیە لە ڕشتە (سند)کەیدا (محمد بن سلیمان الباغندی) تێدایە، کە زانایان بە لاوازیان داناوە، (دار قطنی) دەڵێ: "کەسێك بووە چەواشەکاریی زۆر بووە (وەك مەریوان) کە گوێی لێ نەبووەو گێڕاوییەتەوە، زۆر جارانیش فەرموودەی دزیوە".[375]

پاشانیش, هەر فەرموودەیەك باس لەوە بکات, کە پێغەمبەر (ﷺ) بە خەتەنەکراوی لە دایکبووە "دروستکراوە" یان "زۆر لاوازە".[376]

٤– لە هەمان لاپەڕەدا, ئەم فەرموودەیە دەنوسێ: "الختان سنة للرجال، مکرمة للنساء ". پاشان ئاماژە بە (تفسیر القرطبی, ج٢, ص١٠٠ دەکات).

دەڵێین:

(قورتوبی) دەڵێ: "لە ڕشتە (سند)کەیدا (حجاج بن ارطاة)ی تێدایە، ئەم کەسە لەو کەسانە نییە, کە بەڵگەسازیی پێ بکرێ".[377]

چونکە "(مدلس)ە، واتە چەواشەکارەو شت دەگۆڕێ".[378]

دەبوایە مەریوان, قسەکەی (قورتوبی) بهێنایە، بەڵام بۆیە نەیهێناوە, چونکە ڕیسەکەی دەبوەوە بە خوری!.

٥– لە لاپەڕە (١٨٠)دا, ئەم دەقە دەنوسێ: "عن عائشة قالت: قدم زید بن حارثة المدینة و رسول الله (ﷺ) في بيتي فقرع الباب فقام اليه رسول الله (ﷺ) عريانا يجر ثوبه، والله ما رأيته عريانا قبله ولا بعده فاعتنقه وقبله". پاشان ئاماژە بە (تفسیر القرطبي) دەدات.

دەڵێین:

ئەم دەقەی مەریوان هێناوییەتی, لە ڕووی زانستی فەرموودەناسیەوە "زۆر لاوازە, ضعیف جدا"، چونکە سێ هۆی لاوازیی لە ڕشتەکەیدا هەیە.[379]

٦– لە لاپەڕە (١٨٢)دا, چەند ڕیوایەتێك باس دەکات, کە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) جوانییەکەی (زینب), سەرسامی کردووە, کە بیخوازێت، بۆ نمونە دەنوسێ: "پەیامبەر زەینەبی زۆر خۆش دەویست, ئەگەر ماوەیەك دیار نەبوایە هەواڵی دەپرسی، جارێکیان دوا دەکەوێت و پەیامبەر بۆ هەواڵ پرسین دەچێت بۆ ماڵی (زید) لەو کاتەدا (زینب) لە ناوەڕاستی ژورەکەی خۆیاندا دانیشتووە، خەریکی کوتینی گیای بۆن خۆشە، کە پەیامبەر دەچێتە ژورەوەو بەو شێوەیە دەیبینێ دەڵێت: (سبحان الله خالق النور تبارك الله احسن الخالقين)". هەروەها ڕیوایەتێکی دیکەش دێنێ, کە لەویاندا وتویەتی: "سبحان الله مقلب القلوب".

دەڵێین:

---

[375] تحفة المودود, ص١٦٢, الفصل الثالث عشر.

[376] زاد المعاد, ج١, ص٨١ فصل ختان (ﷺ), تحفة المودود الفصل الثالث عشر, الاستيعاب, ج١, ص١٥ رقم (٢٢٤).

[377] تفسیر القرطبي, ج٢, ص٩٩.

[378] سلسلة الاحاديث الضعيفة والموضوعة, ج٤ , ص١٣١ و١٦٢ و ٤٠٧، والمحلى, ج٢, ص ١٢, ج ٥ , ص٢٨ و ١٥١.

[379] ضعيف الترمذي رقم (٥١٦) للالباني.

ئەم گێڕانەوانە, سەراپا هەمووی لاوازە و لە ڕووی زانستییەوە متمانەی پێناکرێ، گەرچی هەندێ لە ڕاڤەکارانیش هێناویانە, لە ناویاندا, (زمخشری) و (طبری) و (قوتوربی) و کەسانی تر، کە بوار بۆ مەریوان خۆش بووە (نانی بە سەرەوە پەیدا بکات).

(ابن حجر) لە (تخریج الکشاف)دا, باس لەو گێڕانەوەیە دەکات و دەڵێ: "ئەم ڕیوایەتە (ثعلبی) بە بێ ڕشتە (سند) باسی کردووە".[٣٨٠]

پاشان:

ا – ریوایەتەکەی (ثعلبی) مادەم بە بێ ڕشتە باسی کردووە, بێبایەخەو لە ڕووی زانستی فەرمووودەناسییەوە هیچ نرخێکی نییە.

ب – لە گێڕانەوەیەکی تردا, بە ڕشتە (سند)ەوە هاتووە, بەڵام لە نێو ڕشتەکەیدا (عبدالرحمن بن زید بن أسلم)ی تێدایە، ئەم کەسەش زۆر لاوازەو پێشەوایان (ئەحمەد) و (نەسائی) و (ابن المدینی) و کەسانی تر بە لاوازیان داناوە و هیچ کەسێ بە متمانەداری نەزانیوە.[٣٨١]

ج – هەروەها (سیوطی) لە (الدر المنثور) ئەم باسە دێنێ لە دوو ڕێگاوە:

یەکەم, دەڵێت: "(ابن سعد) و (حاکم) لە ڕێگەی (محمد بن یحی بن حبان)ەوە, گێڕاویانەتەوە".

دووەم, دەڵێ: "(عبد بن حمید) و (ابن المنذر) لە (عکرمە)ەوە, گێڕاویانەتەوە".[٣٨٢]

منیش دەڵێم:

یەکەمیان: (محمد بن یحی بن حبان) ئەم گێڕانەوەیە زۆر لاوازە, چونکە (مرسل)ە, (مرسل: بریتییە لەوەی کە (تابیعی)یەك شتێك دەداتە پاڵ پێغەمبەر, صەحابی باس ناکرێ, ئەم جۆرە بە (ضعیف) دادەنرێ).[٣٨٣]

هەروەها لە ڕشتەکەیدا (محمد بن عمرو الواقدی) تێدایە، کە ئەمەش کەسێکی زۆر لاوازە، بە کەسێکی درۆزن لە لای زانایان ئەژمارکراوەو هیچ دڵ بەگێڕانەوەکانی خۆش ناکرێ.[٣٨٤]

دووەم گێڕانەوەشیان هەر لاوازە, چونکە گێڕانەوەیەکی (مرسل)ە.

پاشانیش ئەو دوو گێڕانەوەی, کە (سیوطی) باسی کردووە, واتە: سەنەدەکەی (عبد بن حمید) و (ابن المنذر), هەردووکیان وون بوون و ئێستا لە هیچ جێگەیەکدا دەست ناکەون, تا زیاتر سەرنج لە نێو کەسی ڕشتەکەی بدرێت, وەك (بشیر محمد عیون)دەڵێ.[٣٨٥]

هەروەها (ابن کثیر) لە تەفسیرەکەیدا, لە باسی ئەم ڕووداوەدا, دەڵێ: "(ابن ابی حاتم و(ابن جریر) لێرەدا هەندێك گێڕانەوەیان باس کردووە, ئێمە پێمان خۆش بوو ڕووی لێوەرگێڕین, چونکە ڕاست نین بۆیە نایان هێنین".[٣٨٦]

(ابن حجر)یش, هاوشێوەی قسەکەی (ابن کثیر) دەکات و دەڵێ: "پێویست نییە خۆ سەر قاڵکردن بەو جۆرە گێڕانەوانەوە".[٣٨٧]

---

[٣٨٠] تفسیر الکشاف, ج٣, ص٤٢٧, للزمخشری، تخریج ابن حجر العسقلانی، ئایەتی ٣٧ الاحزاب.

[٣٨١] بۆ زانیاری زیاتر سەر ئەم کەسە, بڕوانە: سلسلة الاحادیث الضعیفة, ج١, ص٣٩ و ٤٠ و ٣٤٠ و ج٤. ص٦٢ و ١١٢ – ١١٣, المحلی, ج٢, ص١١٩ و ج٥, ص١٥٣.

[٣٨٢] الدر المنثور, ئایەتی ٣٧ الاحزاب.

[٣٨٣] تدریب الراوی, ج١, ص٢١٩– ٢٢٠.

[٣٨٤] سلسلة احادیث الضعیفة, ج٩, ص١٣,١٨٥, المحلی, ج٩, ص١٤٩, ج١٣, ص٩.

[٣٨٥] تحقیق کتاب الداء والدواء, ص٢٣٧.

[٣٨٦] ابن کثیر, ئایەتی ٣٧ الاحزاب .

[٣٨٧] فتح الباری, ج٨, ص٦١٤ .

٧- لە لاپەڕە(١٩٣)دا، دەنووسێ: "لە (اخبار النساء)دا هاتووە: ڕۆژێك پیاوێكی كوێر بەناوی (ابن ام مكتوم) هاتە لای ماڵی پەیامبەر لەو كاتەدا دوو لەژنەكانی لەگەڵیدا دانیشتبوون، پەیامبەر پێی وتن هەستن بچنە ئەودیو، ژنەكانیش ووتیان ئەی پەیامبەر خۆ ئەوە كوێرە وچاوی نابینێت، پەیامبەریش پێی وتن: ئەو كوێرە خۆ ئێوە كوێر نین". پاشان ئاماژە بە (اخبار النساء)ی (ابن القیم) دەدات.

دەڵێین:

ئەم فەرموودەیە (ابوداود) ڕیوایەتی دەكات، بە ژمارە(٤١١٢)، بەڵام فەرموودەیەكی لاواز (ضعیف)ە، لێكۆڵەرەوانی فەرموودەناسی بەلاوازیان لە قەڵەم داوە، چونكە لەڕشتەكەیدا (نبهان) خزمەتكاری (ام سلمة)ی تێدایە، ئەمەش كەسێكی نادیار (مجهول)ە لە لای زانایان.[388]

٨- لە لاپەڕە(٢٣٩-٢٤٠)دا، دەنوسێ: "وقد جاء صریحا من حدیث عمرو بن شعیب عن ابیه عن جده عن النبی ﷺ اذا نكح الرجل المراة فلا یحل له ان یتزوج امها، دخل بالبنت اولم یدخل، واذا تزوج الام فلم یدخل بها ثم طلقها فان شاء تزوج البنت". دوایی ئاماژە بە تەفسیری (القرطبی) ئایەتی٢٣ سورەتی (النساء) دەكات.

دەڵێین:

ئەم ڕیوایەتە لە ئە صڵدا (طبرانی) ڕیوایەتی دەكات، بەڵام لاوازە(ضعیف)ە، چونكە ئەو ڕاوییەی لە عومەرەوە دەیگێڕێتەوە، كەسێكە بە ناوی (المثنی بن الصباح)، ئەم كەسە، (ئەحمەد)و جەماوەری زانایانی فەرموودەناس بە لاوازیان داناوە، هەتا (یحی) و(عبدالرحمن) بە كەسێكی واز لێهێنراو (متروك) ناوزەدیان كردووە، (ابن حزم)یش دەڵێت زۆر لاوازە.[389]

٩- لە لاپەڕە (٢٤٢-٢٤٣)دا، دەنوسێ: "پیاوێكی ئەنصاری و پیاوێكی (ثقفی) كە كۆچەری "مهاجر" بوو پەیامبەر لەمەدینە كردبوونی بەبرا، جارێكیان پەیامبەر دەچێ بۆ غەزا پیاوە (انصارییە)كە لەگەڵ خۆی دەبات، پیاوە كۆچەرییەكە لە لای ماڵو منداڵی ئەنصارییەكە جێدەهێڵێ ئاگای لەمناڵەكانی بێت و.... ڕۆژێك كۆچەرییەكە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ ژنی براكەی خۆی شتووەو قژی بەڕەڵاكردووە، بەمەش ئارەزووی دەجووڵێو پەلاماری براژنەكەی دەداو دەست دەكات بەماچ كردنیو ئەم هەواڵەش دەگاتەوە بە پەیامبەرو ئایەتی: (والذین اذا فعلوا فاحشة....)آل عمران/١٣٥ی بۆ نازڵ دەكات". پاشان ئاماژە بە (اسباب النزول)ی (الواحدی) ص٣٠ دەكات.

دەڵێین:

ئەم گێڕانەوەیە، لە ڕێگەی گێڕانەوەی كەسێكەوەیە بە ناوی (محمد بن السائب)، كە ناسراوە بە (الكلبی) و یەكێكە لەو كەسە لاوازانەی لە كتێبەكاندا، بە چەندین ناو و سیفەتی جیا ناوی هاتووە،[390] ئەم كەسە بە كەسێكی"درۆزن " ناسراوە لای زانایانی فەرموودەناس، هەتا (ابن حبان) لە بارەیەوە دەڵێ: "بۆچوون و ڕوونیی درۆكردنی لە دیندا زۆر ئاشكراترە لەوەی وردبینەوە لە وەسفیدا".[391]

هەتا (ابن حزم)، دەڵێ: "(كەلبی) مەشهورە بە درۆكردن".[392] ١٠- لە لاپەڕە (٢٥٩)دا، پاش ئەوەی باس لە بەسەرهاتێك دەكات، كە كوڕێك حەز لەژنی باوكی دەكات.... دواتر لە لاپەڕە(٢٠٦)دا، دەنوسێ: "صەحابەیەك بە ناوی (الاعصمی) باسی حاڵەتێكی تری لەم شێوەیە دەكات و دەڵێت: ئەگەر عومەر بە گەورەیی

---

[388] حجاب المراة المسلمة، ص٦٦، غایة المرام فی تخریج احادیث الحلال والحرام، ص١٣٩، ضعیف سنن ابی داود رقم(٨٨٧)، المحلی، ج١٢، ص١٥٧.

[389] سلسلة الاحادیث الضعیفة والموضوعة، ج٤، ص١٥٣، المحلی، ج٩، ص٢٩١ .

[390] بڕوانە: تدریب الراوی، ج٢، ص ٧٤٦-٧٤٧، النوع الثامن والاربعون.

[391] سلسلة احادیث الضعیفة والموضوعة، ج١، ص١٤٤، ج٤، ص٥٣و٢١٧ .

[392] المحلی، ج٨، ص١١٨، ج١٢ص٢٢٢.

خۆشەویستی نێوان ئەم دوانەی بزانیبایە, لێکی جیا نەدەکردنەوە". پاشان ئاماژە بە (اخبار النساء)ی (ابن القیم, ص١٣) دەکات.

دەڵێین:

١ – تەحەددای مەریوان دەکەم, کە لە (اخبار النساء)دا, چیرۆکی وای تێدا بێت.

٢ – دەقەکەی (اخبار النساء) بەم جۆرەیە: "عن ابو الحسن المداینی عن الاصمعی قال: عمر بن الخطاب (رضي الله عنه): لو ادرکت عفراء و عروة لجمعت بینهما".[٣٩٣]

واتە: (ئەصمەعی) دەڵێ: عومەر وتویەتی, گەر بگەیشتمایە بە (عفراء) و(عروة) پێکم دەگەیاندن و کۆم دەکردنەوە, بەڵام چیرۆکەکەیان چۆنە؟ باس نەکراوە.

٣ – (الاعصمی) نییە, وەك مەریوان دەڵێ, بەڵکو (الاصمعی)یە, لە هەموو (اخبار النساء)دا, ناوی (الاعصمی) گەر بەر چاوکەوت, ئەوە مەریوان ڕاستی نووسیوە, بەڵام شتی وای تێدا نییە!.

٤ –(صەحابی) نییە, وەك مەریوان نووسیویەتی, ناوی تەواوەتی (عبد الملك بن قریب بن عبدالملك بن علی بن اجمع), کەسناو(کنیة)ەکەی (ابوسعید)ە, یەکێکە لە زاناو ئەدیب و شارەزاکانی زمانی عەرەبی ومێژوو, لە ساڵی (١٢٠ك) لەدایکبووە و (٢١٦ك) وەفاتی کردووە.[٣٩٤]

٥ – شتێکی زانراویشە, کە چینی (صەحابە) بە ڕەهایی بە مردنی (ابو الطفیل) کۆتایی دێت, کە لە ساڵی (١٠٠ك) وەفاتی کردووە, هەندێکیش دەڵێن (١٠٢ك) وەفاتی کردووە, هەندێکی تر دەڵێن: کەمێك زیاتر, درێژترین ماوە, کە وتویانە لە سەر مردنەکەی (١١٦ك) بووە.[٣٩٥]

کەواتە:

هەر چۆنێك بێت, (الاصمعی) (تابعی)یش نەبووە, چ جای صەحابی, ئەمەش لاوازیی تێگەیشتنی مەریوان دەردەخات, لە باسکردن و نووسینی شتەکاندا, کە چەندە ئاستی زانستیی ئەو کەسە لاوازو سەقەتە, وەك کوردیش دەڵێت: "جام چی تێدا بێت, هەر ئەوەی لێدەڕژێت", من لەو باوەڕەدام, کەسێك ئەوە ئاستی خوێندنەوەو نوسین و تێگەیشتنی بێت, ئەستەمە ناوی لێبنرێت "قەڵەمبەدەست", بەڵکو گەر وردتر هەڵیبسەنگێنین, دەتوانم بڵێم: مەریوان, کەسێکە پیتە کوردییەکان دەناسێتەوە, نەك پیتە عەرەبییەکان!.

١١ – لە لاپەڕە (٢٧٨)دا, دەنوسێ: "مێژوونووسەکان دەڵێن (عمر بن لحی الخزاعی) ناوێك, گەشتێکی بۆ شام کردووەولەوێ بینیوێتی, کە خەڵکی خوایەکی لە بت دروستکراو وەك هێما دەپەرستن, ئەویش لەگەڵ خۆیدا سێ بت دەباتەوە بۆ مەککە, بە ناوەکانی (اساف, نائلة, هبل), "هبل" لە ناو کەعبەدا دادەنێ, "اساف" لە بەرزایی صەفا و "نائلة" لە بەرزایی مەڕوە جێگیر دەکات...".

دەڵێین:

ئەم وتەو باسە لە هەر کەسێکی وەرگرت بێت, لاوازە, چونکە:

١ – (عمرو بن لحی) کە سەفەری شام دەکات, دەگاتە (مەئاب) لە (بلقاء), کەسانێك دەبینێ, چەندین بت دەپەرستن, نەك وەك مەریوان دەڵێ "خوایەکی لە بت دروستکراو..".

٢ – (عمرو) داوایان لێدەکات, بتێك لەو بتانەی بدەنێ, ئەوانیش تەنها یەك بتی دەدەنێ, بە ناوی "هبل" نەك سێ بت!.

[٣٩٣] اخبار النساء, باب/ یذکر فیه من صیره العشق الی الاخلاط والجنون, ص٧٠.

[٣٩٤] سیر اعلام البنلاء, ج١٠, ص١٧٥.

[٣٩٥] تدریب الراوی, ج٢, ص ٦٩١-٦٩٢ معرفة الصحابة, فتح الباری, ج٧, ص٨.

٣- ئەمە گێڕانەوەی (ابن اسحاق)ی گەورە زانای مێژووناسە, لەگەڵ پێشەوا (ابن كثير)دا, نەك وەك مەریوان, كە لە كەسی وەهاوە شت دەهێنێ, كە وەك خۆی سێكس پەرستن!.[٣٩٦]

٤- دەربارەی "اساف" و"نائلة", (عمرو بن لحی)ی نایانخاتە بەرزاییەكانی (سەفا) و (مەڕوە), وەك مەریوان نووسیویەتی, بەڵكو (عمرو) لە سەر بەرزاییەكان دایان دەگرێت و لەلای بیری (زمزم) دایان دەنێ.[٣٩٧]

١٢- لە هەمان لاپەڕەدا, لە سەر (اساف) و (نائلة) دەنووسێ: "گوایە (اساف و نائلة) دوو كەسی حەقیقی عاشق بوون, چوونەتە ناو كەعبەوەو مومارەسەی سێكسیان كردووە, لەبەر قووڵیو عەشقی زۆری نێوانیان, خوانەیهێشتووە بمرن, بەڵكو كردوونی بە بەرد, تا خەڵكی حیكایەتی خۆشەویستیان بگێڕنەوەو هەرگیزاو هەرگیز لە یادی نەكەن".

دەڵێین:

ئەمە درۆ و بوختانە بە دەم خواو پاشان مێژووەوە, (عائشة) دەگێڕێتەوە, دەڵێ: "بەردەوام ئێمە وامان بیستووە, كە (اساف) و (نائلة) پیاو و ئافرەتێك بوون لە هۆزی (جورهوم) و لە نێو كەعبەدا كاری خراپیان كردووەو خواش كردوونی بە دوو بەرد".

هەندێكیش وتویانە: "خوای گەورە مۆڵەتی پێنەداون, كە ئەو كارە خراپە بكەن, هەردووكیانی كردووە بە بەرد".[٣٩٨]

ئەمە ئەگەر ئەفسانەش بێت, سەرچاوە باوەڕ پێكراوەكان, ئەوەندەیان لە بارەوە وتووە, جا ئەوەی مەریوان بە دەم خواوە دروستی كردووە "كە خوا بۆیە نەیمراندوون و كردوونی بە بەرد تا....لە یادی نەكەن", بوختانە, چونكە خوای گەورە هیچ كات فەرمانی نەكردووە بە خراپەكاریی و داوێن پیسی, ئایە بۆ شتێ بە ناوی خواوە دەڵێن لە كاتێكدا هیچ زانستێكتان پێی نییە, خوا ئەو پەیامەی لە قورئانەكەیدا بۆ هەموو لایەك ڕوون كردۆتەوە, وەك دەفەرموێت: (قل ان الله لا یأمر با لفحشاء اتقولون علی الله مالا تعلمون) الاعراف /٢٨.

١٣- لە لاپەڕە (٢٨٩)دا, دەنووسێ: "سعید بن جبریش دەڵێ: من ئایەتەكەم لە كاتی خۆیدا (واتە لە سەردەمی پەیامبەردا) بەم شێوەیە دەخوێندەوە: (فما استمتعتم به منهن الی اجل مسمی فاتوهن اجورهن)".

دەڵێین:

ئەگەر ئەو وتەیەی (سعید), مەبەستی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ بێت, وەك مەریوان لێكی دەداتەوە, ئەوە بێگومان لاوازە, چونكە (سعید) لە ساڵی (٩٥)ی كۆچی بە دەستی (حجاج) كوژراوە.[٣٩٩]

تەمەنی (سعید) لای ژوورەكەی (٥٧) ساڵێك ژیاوە, هەندێك دەڵێن (٤٩)و هەندێكی تریش دەڵێن (٤٢).[٤٠٠] ئەگەر (٥٧) دابنرێت بە تەمەنی كەواتە ساڵی (٣٨ك) لە دایك بووە، ئاشكراشە كە پێغەمبەر ﷺ ساڵی (١٠ك) وەفاتی كردووە.

ئیتر كامە "سەردەمی پەیامبەر" وەك مەریوان دەڵێ؟!.

مەریوان, نەك هەر لە بواری ئایەت و حەدیس و ڕێزمانی عەرەبیدا كۆڵەوارە, بەڵكو لە بواری مێژووشدا هیچی پێنییە, "تووتی" ئاسا هەر دەڵێو تێشناگات!, (سعید بن جبیر)ێك, تا ئەو ئەندازەیە ژیانی لای مەریوان نادیارو شاراوە بێ, ئەی ماڵوێرانی بۆ ئەو كەسەی, كە مەریوان دەكاتە پێشەنگ بۆ نووسینی تر دژی پەیامی خوا, "ظلمات بعضها فوق بعض".

بەڕێزان:

---

[٣٩٦] بڕوانە: البداية والنهاية, م١, ج٢, قصة خزاعة (عمرو بن لحی) و (عبادة العرب للاصنام), مختصر سيرة الرسول, ص١٢.

[٣٩٧] البداية والنهاية, م١, ج٢, باب/ جهل العرب.

[٣٩٨] البداية والنهاية, م١, ج٢, باب/ جهل العرب.

[٣٩٩] سير الاعلام النبلاء, ج٤, ص٣٢١ .

[٤٠٠] صفة الصفوة, م٢, ج ٣, ص ٤٣.

ئەم بەشەش تەواو, مەبەستیشم لەم بەشە زیاتر ئەوە بوو, کە بیسەلمێنم (مەریوان) ڕاستگۆ نەبووە لەو بانگەشەیەی, کە لە چەند جێگەیەك لە نوسینەکانیدا باسی لێوە کردووە, کە "فلأنە شت لاوازە, بۆیە متمانەی پێناکات" چونکە:

١ – لە زانستی ناسینی کەسەکاندا و لە فەرموودەناسیدا "گەردیلە "یەك زانیاری پێنییە, تا بتوانێ "زەعیف"و "صحیح" لێك جیا بکاتەوە!.

٢ – لە لای مەریوان گرنگ ئەوەیە, ئەو بابەتە لەگەڵ ویستە سێکسییەکانیدا یەکبگرێتەوە, جا زەعیف بێت, یان نا, مەبەست نییە بە لایەوە, لە بەشی یەکەم و ئەم بەشەشدا نموونەگەلێکی زۆر هەن, کە مەریوان دەربەستی نەبووە, چ لە باسکردنی, چ لە هێنانی!.

٣ – مەریوان نەخوێندەوارە بە واتا زانستییەکەی, ئەم بەشەش نموونەیەکی دیارە بۆ ئاشکراکردنی مەبەستە پلان بۆ داڕێژراوەکانی.

بـــەشی سێیەم

پێغەمبەران و خێزانەکانییان تۆمەت و خراپە خستنە پاڵییان

سەرەتا دەمەوێت لەوێوە دەست پێبکەم, کە مەریوان لە لاپەرە (٣٢–٤٧)دا, باس لەوە دەکات, گوایە پێغەمبەرانی وەك (لوط) یان (ابراهیم) کاری سێکسییان کردبێت, سەرچاوەی ئەم بوختانەشی (تەورات)ە, (ئێمە قسەمان لەسەر تەوراتە, بۆیە باسی ئەو دەکەین, دەنا ئینجیل و زەبورو تەواوی کتێب و پەڕاوەکانی تر دەستکاریی کراون), جا پێش ئەوەی بچینە سەر باسی پێغەمبەران وخێزانەکانیان, دەبێ بپرسین, ئایا (تەورات)و تەواوی کتێبە ئاسمانییەکانی تر, تا چەند جێی متمانەن لە ئیسلامدا؟.

ئێمە وەك مسولمان باوەڕمان وایە, کە (تەورات) لە لایەن بەرژەوەندی پەرستەکان و شوێنکەوتوانی دنیا (جوولەکەکان) گۆڕانکاریی زۆری تێدا کراوە, خۆیان چۆن ویستیان لێی بووە, بەو جۆرە دەقەکانی نێویان گۆڕیوە.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قل من انزل الکتاب الذی جاء به موسی نوراً وهدی للناس تجعلونه قراطیس تبدونها وتخفون کثیرا......﴾ الانعام/٩١.

واتە: ئەی موحەمەد پێیان بڵێ: کێ ئەو تەوراتەی ناردۆتە خوارەوە, کە موسا پێی هات, کە ڕووناکیو ڕێنمونی بۆ خەڵکی تێدا بوو, ئەی کۆمەڵ ودەستەی (جوولەکە) ئێوە لە نێو پەڕاودا داتان دەناو دەتان نووسییەوەو ئاشکراتان دەکرد بۆ خەڵکی, وە زۆرێکتان لەو سیفەتانەی (محمد) و یاسایانەی, کە تیادا بوو, دەتان شاردەوە.[٤٠١]

ئەوەتا لێرەدا, خوای گەورە, بە ئاشکرا باس لەوە دەکات, کە (جوولەکە) تەوراتیان گۆڕیوە و شێواندویانەو بە دەم خواوە شت هەڵدەبەستن.

وە خوای گەورە بە باوەڕداران دەفەرموویت: ﴿افتطمعون ان یؤمنوا لکم وقد کان فریق منهم یسمعون کلام الله ثم یحرفونه من بعد ما عقلوه, وهم یعلمون﴾ البقرة /٧٥.

خوای گەورە, لێرەدا, باوەڕداران بێ هیوادەکات لەوەی, کە جوولەکە باوەڕ بهێنن و پێیان دەفەرمووێت: ئایا ئێوە چۆن هیواو ئومێدتان بەو جوولەکانە هەیە, کە باوەڕ بهێنن و گوێڕایەڵیتان بۆ دەر ببڕن, لە کاتێکدا ئەوانە دەستەیەکیان گوێبیستی وتەی خوا بوون "واتە تەورات", پاشان دەیان شێواندو بە پێچەوانەوە مەبەستەکەیان دەگەیاند, لە پاش ئەوەی, کە خۆیان لێی تێدەگەیشتن و دەشیانزانی, کە ئەمە وەها نییە.

ئەوەی جوولەکە دەیان گۆڕیو دەیان شێواند, زۆرشت بوو, لە هەموویان دیارتر "سیفەتی پێغەمبەر (ﷺ) و حەلاڵ وحەرام بوون", (ابن ز ید) دەڵێ: "ئەو تەوراتەی, کە خوا بۆی ڕەوانە کردبوون, دەیان شێواند, حەلاڵیان تێدا حەرام دەکردو حەرامیان تێدا حەلاڵ دەکرد, ڕاستییان دەکرد بە بەتاڵ و بەتاڵیان دەکرد بە ڕاست, ئەگەر خاوەن مافێك بهاتایە بۆ لایان و ڕەشوەو بەرتیلی بە زاناکانیان بدایە, تەوراتیان بۆ دەهێنا, هەروەها گەر کەسێکیش لە سەر ناحەقی بوایە, هەر تەوراتیان بۆ دەهێناو پێیان دەوت, کە لە سەر حەقە, گەر کەسێکیش پرسیاری لێبکردنایە, کە حەق نەبوایەو بەرتیلی پێ نەبوایە, فەرمانیان بە ڕاستی پێدەکرد.[٤٠٢]

چەندین دەقی تر لە قورئاندا ئەوە دووپات دەکاتەوە, کە (تەورات) شێوێندراوە, وەك ئایەتی ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ ......﴾١٣/المائدة.

وە خوای گەورە دڵنیایی دەدات بە پێغەمبەرەکەی, کە دڵگران نەبێت بە بێباوەڕی هەندێك لە خەڵك, پاشان سەرزەنشتی جوولەکە دەکات, کە تەوراتیان شێواندووە, وەك دەفەرمووێت: ﴿یاأیها الرسول لایحزنك الذین یسارعون فی الکفر من الذین قالوا آمنا بافواههم ولم تؤمن قلوبهم ومن الذین هادوا سماعون للکذب سماعون لقوم اخرین لم یاتوك یحرفون الکلم من بعد مواضعه﴾ المائدة/٤١.

---

[٤٠١] مختصر الطبری, ج١, ص ٢٣٩, القرطبی, ج٧, ص٣٧ .

[٤٠٢] ابن کثیر, تەفسیری ئایەتی ٧٥ی البقرة.

زانا جوولەکەکان بەدەستی خۆیان شتیان دەنووسی‌و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد, کە هی خوایە, خوای گەورەش هەڕەشەی توندی ئاڕاستە کردن, بۆیە ئەمەشیان دەکرد, تا هەندێ بە هاو نرخی کەمیی دنیایان دەست بکەوێت, وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فويل للذين يكتبون الكتاب بأيديهم ثم يقولون هذا من عندالله ليشتروا به ثمناً قليلاً...﴾ البقرة/٧٩.

پێغەمبەریش (ﷺ) ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت, کە ئێمە وەك مسوڵمان نە باوەڕ بە ئەهلی کیتاب بکەین و بە درۆشیان بزانین. (ئەبو هورەیرە) دەڵێ: "خاوەننامەکان (واتە جوولەکەی مەبەستە تەوراتیان بە عیبرانی دەخوێندەوە و بە عەرەبی بۆ مسوڵمانانیان ڕاڤە و تەفسیر دەکرد, پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: قسەکانی ئەهلی کیتاب نە بەڕاست بزانن, نە بە درۆشیان بخەنەوە, وە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿قولوا آمنا بالله وما انزل الينا ....﴾ تا کۆتایی ئایەتەکە..".[٤٠٣]

(ابن حجر) لە ڕاڤەی: "نە بە ڕاستیان بزانن و نە بە درۆشیان بخەنەوە". دەڵێ: "بە درۆیان مەخەنەوە لە شتێکدا, کە لەوانەیە لە واقیعدا وا بێ, یان بڕوایان پێمەکەن لەوانەیە درۆ بێت, بەڵام بە هیچ جۆرێك نەهی کردن نەهاتووە لە بە درۆ خستنەوەیان لە شتێکدا, کە لە شەرعی ئێمەدا پێچەوانە بێت, ئەمەش پێشەوا شافیعی ئاگاداری لە سەر داوە".[٤٠٤]

مەبەست لەمە ئەوەیە, گەر شتێك باسکراو لە شەرعی ئێمەدا باسی نەهاتبوو, لەم کاتەدا دەبێت نە ئەو شتە ڕەت بکەینەوە نە بیچەسپێنین, دەبێت ئەوە هەڵوێستمان بێت.

(ابن کثیر) لە سەر گێڕانەوەی شت لە بەنی ئیسرائیلەوە, دابەش کردنێکی کردووە, بەم جۆرە:

١- گەر ئەو شتانەی, کە لە بەردەستی خۆماندان, بوونە بەڵگە بۆ ڕاستییەتی ئەو شتەی, کە لە بەنی ئیسرائیلەوە وەردەگیرێن, ئەوە ڕاستە.

٢- ئەوەی پێچەوانەی ئەو شتانە بێت, کە لای ئێمەیە ئەوە دیارە, کە درۆیە.

٣- ئەوەی, کە بێدەنگی لەسەر کراوە, نە لە بەشی یەکەمە و نە لە بەشی دووەمە, ئەوا نە بە درۆی دەخەینەوە نە بە ڕاستیشی دەزانین.[٤٠٥]

لە ئیسلامیشدا نەهی کراوە لەوەی پرسیار لە ئەهلی کیتاب بکرێت, بەتایبەتی جولەکە لەو شتانەی, کە لای ئوممەتی ئیسلام هەیەو باسکراوە. جارێکیان عومەر نووسراوێکی پێدەبێت, کە لە هەندێك خەڵکی ئەهلی کیتابەوە دەستی کەوتبوو, هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) بۆی خوێندەوە, پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو, فەرمووی: "بە ڕاستی من شتێکم بۆ هێناون سپی‌و پاکو ڕوونە, پرسیار لە ئەهلی کیتاب مەکەن لە شتێ هەواڵتان بدەنێ, کە خۆی ڕاستەو ئێوە بە درۆی بزانن, یان خۆی درۆ بێت و ئێوە بە ڕاستی بزانن, سوێند بە خوا, گەر ئێستا (موسا) زیندوو بوایە, هیچ مۆڵەت و ماوەیەکی نەبوو, جگە لە شوێنکەوتنی من نەبێ". (ان عمر اتى النبي (ﷺ) بكتاب اصابه من بعض اهل الكتاب, فقراه عليه, فغضب, وقال: لقد جئتكم بها بيضاء نقية, لا تسألوهم عن شيء فيخبروكم بحق فتكذبوا به, او بباطل فتصدقوا به, والذي نفسي بيده, لو ان موسى كان حياً ما وسعه الا ان يتبعني). رواه احمد, وابن ابى شيبة.

(ابن حجر) لە سەر ئەم فەرموودەیە, دەڵێت: "هەموو کەسەکانی نێو ڕشتەکەی متمانەپێکراون, جگە لە "مجالد" نەبێ, کە لاوازییەکی تێدایە.[٤٠٦]

بەڵام, لاوازییەکەی زۆر نییە و لەو جۆرەیە, کە پڕدەکرێتەوە, هەر بۆیە زانای بەناوبانگی فەرموودەناس (محمد ناصرالدين الالباني) ئەم فەرموودەیەی بە پلەی "حسن" داناوە.[٤٠٧]

---

[٤٠٣] صحيح البخاری, باب / قولوا امنا بالله وما انزل الينا, رقم (٤٤٨٥).

[٤٠٤] فتح الباری, ج٨, ڕاڤەی فەرموودەی (٤٤٨٥).

[٤٠٥] بڕوانە: پێشەکی تەفسیری (ابن کثیر).

[٤٠٦] فتح الباری, ج١٣, باب/ قول النبی (ﷺ) لاتسالوا اهل الكتاب.

وە(عبدالله) * دەڵێ: "ئێوە پرسیار مەکەن لە ئەهلی کیتاب, چونکە ئەوان ڕێگەتان پێ نیشان نادەن و ڕێنمونیتان ناکەن, ئەوان بۆ خۆیان بە ڕاستی گومڕا بوون". [٤٠٨]

(ابن عباس) دەڵێ: "ئەی گرۆی مسوڵمانان, چۆن پرسیار لە ئەهلی کیتاب دەکەن, لە کاتێکدا ئەو پەڕاوەی, کە هاتۆتە خوارێ بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ), هەواڵەکانی لەلای خواوە زۆر نزیکە, کە خۆشتان دەیخوێننەوە, هیچ شتێکی تێکەڵاو نەبووە, بە ڕاستی خوا بۆی باس کردون, کە ئەهلی کیتاب نامەو پەڕاوی خوایان گۆڕیوەو ئەوان دەیانوت: ئەمە لەلایەن خواوەیە, تا هەندێ بەها و نرخی کەمی پێبکڕن, ئایە مەگەر نەهیتان لێنەکراوە, کە پرسیاریان لێنەکەن؟ سوێند بە خوا هیچ یەکێکمان لەوانە نەبینیوە, کە پرسیارتان لێبکەن لەوەی بۆتان ڕەوانە کراوە". [٤٠٩]

ئەوەتا (ابن عباس) سەرزەنشتی مسوڵمانان دەکات, کە پرسیار لە جوولەکە نەکەن, چونکە لەو پەڕاوەی, کە لە بەردەستیاندایە, کە (تەورات)ە, گۆڕانکارییان تێدا کردووە.

بەکورتیو پوختی:

زانایان هەموویان یەکدەنگن لە سەر ئەوەی, کە (تەورات) دەستکاریی کراوەو بە جۆرێك ڕاڤە کراوەو واتاکانی لێکدراوەتەوە, کە پێچەوانەی مەبەستەکانی خوایە, نموونەی زۆریش لەم بارەیەوە هەیە, هەر لە شاردنەوەی ڕەجم کردن, کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) یەك دوو حاڵەت ڕوویداو پێغەمبەر (ﷺ) ئەو نهێنییەی پێ ئاشکرا کردن, کەسێ, گەر خانەوادەو سەردار بوایەو دزی بکردایە, دەستیان نەدەبڕی, ئەمەش بە پێچەوانەی (تەوراتەوە)بوو. وەکردنی (اسحاق) بەو کوڕەی, کە (ابراهیم) ویستوویەتی سەری ببڕێ, لە بنەمادا (اسماعیل)ە, نەك (اسحاق) و چەندین شتی تر. [٤١٠]

کەواتە:

ئەوەی مەریوان, لە تەوراتەوە ڕاگوێزی کردووەو خوێنەری پێچەواشە کردووە لە سەر پێغەمبەران و هاوسەرانیان, سەراپا هەمووی لە ئیسلامدا ڕەتدەکرێتەوە و یەك پارچەیە لە درۆ و بوختان, ئێمە وەك مسوڵمان بڕوامان بە یەك پیتی نییە, چ جای باسەکە خۆی, چونکە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پاکی پێغەمبەردا, شتی وا باسی نییە و لەو ڕووەوە خۆیان و هاوسەرەکانیشیان زۆر پاکن, گەرچی هەندێکیشیان لە سەر دینی مێردەکانیان نەبوون, جا ئێمە وەکو مسوڵمان, پێمانوایە هەر شتێك لەگەڵ قورئان و فەرموودەی پیرۆزی پێغەمبەردا دژ بێت, ئەوە جگە لە درۆ و بوختان وچاوبەستەکی کردن لە خەڵکی, هیچی دیکە نییە, جا با هەندێك هەر کاری وا بکەن و شتی وا بڵێن, ئیسلام هیچ باکی نییە, ئەو کارانەی ئەوانیش, وەکو دەڵێن: "وەڕینی سەگە بە مانگە شەو".

باسی پێغەمبەران (ﷺ) و هاوسەرەکانیان لە ڕوانگەی قورئان و سوونەتەوە:

١- پێغەمبەر (ابراهیم)(سەلامی خوای لە سەر بێت)

خوای گەورە, لە بارەی (ابراهیم)ەوە, دەفەرمووێت: ﴿واذا ابتلى ابراهيم ربه بكلمات فاتمهن قال اني جاعلك للناس اماماً قال ومن ذريتي قال لا ينال عهدي الظالمين﴾البقرة/١٢٤.

واتە: بیری ئەو کاتە بکەنەوە, کە خوای گەورە ئیبراهیمی بە چەند داوایەك تاقی کردەوە, پاشان (ابراهیم) لە سەر تەواوترین شێوە هەموویانی بە جێهێنا, پەروەردگاری پێی فەرموو: دەتکەم بە پێشەوا بۆ خەڵکی لە کاری چاکە و

---

[٤٠٧] بڕوانە: ارواء الغليل, رقم(١٥٨٩), سلسلة احاديث الصحيحة, رقم (٣٢٠٧).

* گەر ناو (عبدالله) بە ڕەهایی هات, مەبەست (عبدالله بن مسعود)ە, وەك مەعلومە لە زاراوەی فەرموودەناسیدا.

[٤٠٨] فتح الباري, ج١٣, باب/ قول النبي (ﷺ) لا تسالوا اهل الكتاب عن شيء.

[٤٠٩] صحيح البخاري, باب/ لايسال اهل الشرك عن الشهادة وغيرها, رقم (٢٦٨٥).

[٤١٠] بڕوانە: البداية والنهاية, م١, ج٢, تحريف اهل الكتاب وتبديلهم اديانهم, صحيح البخاري, باب/ اقامة الحد ورد على الشريف والوضيع, و باب/ الرجم في البلاط, صحيح مسلم باب/ قطع السارق الشريف وغيره, وباب/ رجم اليهود, اهل الذمة في الزنى.

باشەدا, تا چاوت لێبکەن و شوێن پێت هەڵبگرن, ئەویش فەرمووی: ئەی پەروەردگار لە نەوەکەشمدا, خوای گەورەش پێی فەرموو پێشەوایەتی و کاری چاکەو پێغەمبەرایەتی ئەو کەسانە بە دەستی ناهێنن, کە ستەمکارن.[٤١١]

خوای گەورە لەم ئایەتەدا, ئاگاداری لە سەر شەرەف و گەورەیی (ابراهیم) دەدا, کە خوا دەیکاتە پێشەوا بۆ خەڵکی و لە هەرچی تاقیکردنەوەدا هەیە, سەرکەوتوانە بڕی (لە سەر ئەم ئایەتە شتی زۆر جوان وتراوە, کە باسی ئێمە نییە لێرەدا, بڕوانە تەفسیری ابن کثیر).

وە لە چەندین جێگەی دیکەدا, خوای گەورە باسی (ابراهیم) دەکات بەوەی, کە (پشتی لە هەموو کوێرەڕێیەکان هەڵکردووە و رووی لە ڕێگەی ڕاست و پاك ناوەو لە بێباوەڕان نەبووە). ﴿ما كان ابراهيم يهودياً ولا نصرانياً ولكن كان حنيفاً مسلماً وما كان من المشركين﴾ آل عمران/٦٧.

"هەر لەمنداڵییەوە خوای گەورە سەلیقە و ژیریی و تێگەیشتنی پێبەخشیوە". (ولقد آتينا ابراهيم رشده من قبل) الانبياء/٥١. "ڕاستگۆ و پێغەمبەری خوابووە". (واذكر في الكتاب ابراهيم انه كان صديقاً نبياً) مريم/٤١. "ئاهو ناڵەو کڕوزانەوەی بۆ لای خوا زۆر بووە, کەسێکی ڕەوشت بەرز و هێمن و لە سەرخۆ بووە". (انه لأواه حليم) التوبة/١١٤. "بە تەنها خۆی بۆ خۆی ئوممەتێك بووە, گوێڕایەڵی خوای خۆی بووە". (ان ابراهيم كان امة قانتاً لله...) النحل/١٢٠. "خوا هەڵیبژاردووە بۆ کاری پێغەمبەرایەتی و ڕێنمویی کردووە بۆ ڕێگەی ڕاست". (اجتباه وهداه الى صراط مستقيم) النحل/ ١٢١, وە چەندین وەسف و پیاهەڵدانی تر.

کەسێ, خاوەنی ئەم هەموو وەسفە بەرز و پیرۆزە بێت, دەگونجێ "لاشیپان"ی خێزانی خۆی, وەك مەریوان ناماقوڵییەکەی کردووە, بە کاربهێنێت بۆ هەندێك ماڵ ودارایی دنیایی؟!, هەرگیز نەخێر, پاشان مەریوان تا چەند ئامادەیە ئەم کارە بە هاوسەری خۆی بکات؟!, لە کاتێکدا مەریوان لە هەموو ڕەوشتێکی بەرز و پاکو جوان زۆر بە دوورە!. دەنا چۆن ئەمە بۆ کەسێکی لەو پەڕی ئەندازەی پاکیدا, بە ڕەوا دەبینێت؟, جگە لە "تەورات"ە شێوێندراوەکە و بیری پڕ لە سێکسیی خۆی, چ شتێکی دیکە هەیە وا بکات, وەها بۆچوونێکی هەبێت؟, گەر دەڵێ: بەڵێ, بۆ هاوسەرەکەی شتی وا بە ڕەوا دەبینێ, کاری بەو جۆرەی پێوە بکات, ئەوە ویستی مەریوان خۆیەتی, ئەمە لە ڕەوشتی (ابراهیم)ەوە, زۆر دوورە.

سەبارەت بە خاتوو (سارە)ی هاوسەری بەڕێزیشی, پێغەمبەر تەنها یەك ڕووداو دەگێڕێتەوە, بەڵام نەك, وەك خەیاڵە سێکسییەکەی مەریوان, بەڵکو ڕاست, وەك خۆی دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت:

"(ابراهیم) جگە لە سێ جار, قسەی ناڕاستی بە کار نەهێناوە, دوانیان لە بەر خوا و یەکێکیشیان لە بەر (سارە), یەکەم, کاتێ پێیانوت تۆش وەرە دەرێ, وتی: نەخۆشم. دووەم, لە بارەی شکاندنی بتەکانەوە, وتی: بتە گەورەکەیان وای لێکردوون. سێیەم, کاتێ لەگەڵ (سارە)ی خێزانی دەچنە ولاتی یەکێك لە دەستەلاتدارەکان, زۆردارێك لە زۆردارەکان, (سارە)ی زۆر بە جوان دێتە پێش چاو, لە ڕاستیشدا (سارە) هەر زۆر جوان بووە, دەچن بە پاشاکە دەڵێن پیاوێك هاتووە, ناوی (ابراهیم)ە, ژنێکی زۆر جوانی پێیە, پاشاش دەنێرێت بە شوێن (ابراهیم)داو لێی دەپرسێت ئەو ئافرەتە کێیە لەگەڵتا؟, دەڵێ: خوشکمە, پاشان (ابراهیم) دەگەڕێتەوە بۆ لای (سارە) وپێی دەڵێ: من بەمانەم وتووە, کە تۆ خوشکمی, گەر لەم بارەیەوە لێیان پرسی بە درۆم مەخەرەوە. تۆش پێیان بڵێ, کە خوشکی منی, چونکە لە ڕاستیدا بە ئیسلام تۆ خوشکی منی, خۆ گەر بزانن, کە ژنی منی, ئەوا لە منت داگیر دەکەن, مسوڵمانانیش هەموو براو خوشکی یەکترن, سوێند بە خوا, لەم سەر زەویەدا, جگە لە خۆم وخۆت, مسوڵمانێکی دیکە شك نابەم, پاشان پاشا دەنێرێ بە دوای سارەداو دەچێت بۆ لای, جا هەر کە (سارە) دەچێتە ژوورەوە, کابرای زۆردار خۆی پێناگیرێ ودەست دەبات بۆ دەستی, (سارە)ش لە خوا دەپاڕێتەوە, خوای گەورەش زۆردارەکە دەستبەجێ لە پەلوپۆ دەخات و هەناسەی دەگیرێ ودەست دەکات بە لرخە لرخ, تەنانەت دەست دەکات بە لینگە فرتێی مەرگ, کابرا بە (سارە) دەڵێ: داوا لە خوا

---

[٤١١] مختصر تفسير الطبري, ج١, ص٤٣ .

بکە چاکم بکاتەوە, پەیمان بێت زیانت پێنەگەیەنم, (سارە)ش لە خوا دەپاڕێتەوە و پاشا چاك دەبێتەوە, بەڵام عار نانێ و دیسانەوە دەست بۆ (سارە) درێژ دەکاتەوە, بەڵام دیسانەوە وای لێدێت, دەست دەکاتەوە بە لرخە لرخەکەی پێشوو, کابرا دەڵێت: لە خوا بپاڕێرەوە چاکم بکاتەوە, زیانت لێنادەم, ئەویش بۆی دەپاڕێتەوە و چاك دەبێتەوە, ئەم حاڵە سێ جار دووبارە دەبێتەوە, لە نێوان (سارە)و کابرای زۆرداردا, لە جاری سێهەمدا, کابرا دەڵێ: "بەخوا ئەمەی ئێوە بۆ منتان هێناوە, جنۆکەیە دەست لە مرۆڤ دەوەشێنێت, بیبەنەوە بۆ ابراهیم". تا درێژەی فەرموودەکە.[٤١٢]

کەواتە:

بە پێی سەرچاوەی ڕاست و دروستی ئیسلام, (سارە) خاتوون, یەك جار ڕووبەرووی کاری وا بۆتەوە, بە بێ ویستی خۆی, بەڵام خوا پاراستویەتی و ڕزگاری کردووە, بە کوێرایی چاوی پادشای ستەمکارو مەریوان و هاوبیرەکانی, ئیدی هەر شتێکی دیکە بوترێت لە بارەی (سارە) خاتوونەوە, نەفامیی و چەواشەکارییە.

٢ – دەربارەی (لوط) پێغەمبەرش, خوای گەورە بە جوانترین شێوە دەربارەی دەدوێت, نەك وەك مەریوان, کە پێیوایە (لوط) لەگەڵ کچەکانیدا ڕاببواردووە, وەك لە لاپەڕە (٣٨ –٣٩)دا, خێزانەکەشی تاوانبار دەکات بە کاری بە دڕەوشتی, هەروەها لە لاپەڕە(٦٥ –٦٧) کتێبەکەیدا باسی لێوە دەکات.

أ– ئێمە وەك باسمان کرد (تەورات) ئەو شتانەی, کە تێیدایەو پێچەوانەیە لەگەڵ دەقێکی قورئان, یان سوونەت, ڕەتی دەکەینەوە بە بێ چەندوچوون, چونکە باوەڕی تەواومان هەیە بەوەی, کە پێغەمبەران زۆر لەو جۆرە کارانەوە دوورن, مەریوانیش بەو ختانەی, کە تەوراتی کردۆتە بەڵگە, ئێمەش لە سەر تەورات قسەی خۆمان کرد, ئەوەی, کە دەمێنێتەوە باسی (هاوسەرەکەیەتی), مەریوان لە ڕاڤەی ئەو ئایەتانەی قورئاندا, کە باس لە چیرۆکی هۆزەکەی (لوط)دەکەن, تەنها یەك تەفسیریشی بە کار نەهێناوە, جگە لە بیری پڕ سێکسیی و ئاژەڵپەرستیی و نەزانیی خۆی!.

خێزانەکەی (لوط), وەك گەلەکەی, تووشی سزای خوا هات و ئەویش, وەك ئەوان لە ناوچوو, چونکە گەر میوانێك بهاتایە بۆ ماڵی (لوط), خێزانەکەی دەچوو هەواڵی دەدا بە خراپەکاران, کە فلانە میوان هاتووە بۆ ماڵی ئێمە, بە تایبەت کاتێ, کە فریشتەکان هاتن و (لوط) پێشوازی لێکردن, خێزانەکەشی چوو هەواڵیدا بە خەڵکی, خەڵکەکەش بەرەو ماڵی (لوط) ڕۆیشتن, یان وەك هەندێك دەڵێن: هەندێ هێماو ئاماژە لە نێوان خێزانەکەی و گەلەکەیدا هەبوو, گەر کەسێك بهاتایە بۆ ماڵیان, بەو ئاماژە و هێمایە تێدەگەیشتن, کە ماڵەکەی (لوط) میوانی لێیە, جا کە خەڵکەکە دەچن, (لوط) ڕێگرییان لێدەکات و قسەیان لەگەڵ دەکات, یەکێك لەو قسانە ئەوەیە, کە پێیان دەڵێ: (هؤلاء بناتي هن اطهر لکم) هود/٧٨.

واتە: ئەوە ئافرەتان، ئەوە بۆ ئێوە پاکترە, بۆیە بە ئافرەتانی هۆزەکەی وتوە کچەکانم, چونکە ئەوان وەك کچی وەها بوون.

(موجاهد و قەتادە) و کەسانی تر دەڵێن: "مەبەست پێی ئافرەتی هۆزەکەی بووە, چونکە هەموو پێغەمبەرێك باوکی هۆزەکەیەتی".[٤١٣]

وە (سعید بن جبیر) هەمان بۆچوون و وتەی هەیە.[٤١٤]

هەروەها بۆچوونی پێشەوای موفەسیرین, (طبری)یشە.[٤١٥]

(ابن جریج) دەڵێ: "(لوط) فەرمانی پێکردوون, کە ژن بهێنن, نەك ڕێگەیان پێشاندا کاری خراپە بکەن".[٤١٦]

[٤١٢] صحیح البخاری, (٢٢١٧, ٢٦٣٥, ٣٣٥٧, ٣٣٥٨), ومسلم/ باب من فضائل ابراهیم الخلیل .

[٤١٣] ابن کثیر, ئایەتی/٧٨هود, تفسیر القرطبی, هەمان ئایەت .

[٤١٤] تفسیر القرطبی, ئایەتی ٧٨/ هود .

[٤١٥] مختصر تفسیر الطبری, ج١, ص٣٨٢ .

[٤١٦] ابن کثیر, هەمان ئایەت.

گەرچی هەندێك دەڵێن: "واتە ئەوە کچەکانی خۆم, وەرن با لێتان مارە بکەم, چونکە وەختی خۆی هەندێك لە سەردارەکانی هۆزەکەی, چوونە داوای کچەکانی (لوط), بەڵام ئەو ڕازی نەبوو بیانداتیٚ". وەك (ابن عباس) دەڵێ.[٤١٧]

ئەمە ڕاستی مەسەلەکەیە, نەك ئەوەی مەریوان بە عەقڵە شڵەقاوەکەی خۆی, لە بارەی ئەم ئایەتەوە نوسیویەتی.

سەبارەت بە ئایەتی ﴿انه مصیبها ما اصابهم ﴾ هود/٨١.

واتە: "تەنها خێزانەکەی لەگەڵ ئێوەدا ڕزگای نابێت, چونکە لە سزاکەدا ئەویش, وەك هۆزەکەی تووش دەبێت".[٤١٨]

هەروەها (طبری) و تەواوی ڕاڤەکارانیش, هەمان بۆچوونی (قرطبی)یان هەیە.[٤١٩]

ب – دەربارەی هەردوو خێزانی (لوط) و (نوح), خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێ:

"ضرب الله مثلاً للذین کفروا امراة نوح وامراة لوط کانتا تحت عبدین من عبادنا صالحین فخانتاهما فلم یغنیا عنهما من الله شیئاً وقیل ادخلا النار مع الداخلین" التحریم/١٠.

واتە: خوای گەورە نموونە دەهێنێتەوە بۆ ئەوانەی بێباوەڕ بوون بە ژنەکەی (نوح) و بە ژنەکەی (لوط), کە هاوسەر و خێزانی دوو بەندەی چاکی ئێمە بوون, کە (نوح) و (لوط)ن, بەڵام ئەو دوو ژنە ناپاکییان لە دیندا کردووە و باوەڕیان بە خوا نەهێناوە, بەڵکو بێباوەڕ و موشریك بوون, (نوح) و (لوط) نەیانتوانی لە لای خوا سوودیان پێبگەیەنن, وە پێیان وتراوە (بەو دوو ئافرەتە) کە بچنە دۆزەخەوە لەگەڵ ئەوانی تردا.[٤٢٠]

مەبەستی سەرەکی لەم ئایەتە ئەوەیە, گەرچی ئەو دوو ژنە, هاوسەرەکانیان پێغەمبەر و کەسانی چاك بوون, بەڵام چاکی ئەوان, سوودبەخش نەبووە بۆیان, گەر خۆیان باوەڕدار نەبن, واتە هەر کەسە و کردەوەی خۆی فریای دەکەوێت.

ئەوەی جێگەی مشتومڕی باسەکە بێت, وشەی "فخانتاهما"یە لە ئایەتەکەدا, کە مەبەست داوێنپیسییە, یان بێدینی؟.

(قورطبی) دەڵێ: واتە خیانەت کردنیان لە دیندا, نەك لە سەرجێیی, چونکە ژنەکەی (نوح) هەواڵی دەدا, کە (نوح) شێتە و پێیدەوت: دەی بۆ خواکەت یارمەتیت نادات؟ (نوح)یش دەیوت: یارمەتیم دەدا, پێیدەوت: جا کەی؟ (نوح) دەیوت: هەر کاتێك ئاو فوارەی کرد و لە ناو تەنورەوە هاتە دەرەوە, ژنەکەشی دەچووە دەرەوە و بە خەڵکەکەی دەوت: ئەی گەل سوێند بە خوا مێردەکەم شێتە, وا گومان دەبات, کە خواکەی یارمەتی نادات, تا ئاو لە تەنورەوە فوارە نەکات, دەی ئا ئەمە "خیانة" ناپاکییەکەی بوو, ژنەکەی (لوط)یش خەڵکی لە میوانەکانی ئاگادار دەکردەوە.[٤٢١]

(ابن کثیر)دەڵێ: "واتە لە باوەڕدا ناپاکییان لەگەڵ دەکردن, وەك ئەوان یەکدەنگ نەبوون لە باوەڕداو پەیامەکانیان بە ڕاست نەدەزانین... مەبەستی "فخانتاهما"ش ناپاکیی و داوێنپیسیی نییە, بەڵکو هی دینە, چونکە خێزانی پێغەمبەران, لە ڕوودانی کاری داوێنپیسیی پارێزراو و دوورن, لە بەر ڕێزی پێغەمبەران, وەك لە سورەتی (النور)دا باسەکەیمان ڕابوورد.[٤٢٢]

(شەوکانی) دەڵێ: "واتە ناپاکییان تیادا دەرکەوێت. (عکرمة) و (ضحاك) دەڵێن: واتە بێباوەڕ بوون. وتراویشە: ژنەکەی (نوح) بە خەڵکی دەوت, کە (نوح) شێتە, ژنەکەی (لوط)یش هەواڵی دەدا لە میوانەکان.

---

[٤١٧] تفسیر القرطبی, ج٩, ص٧٦.

[٤١٨] تفسیر القرطبی ج٩, ص٨١.

[٤١٩] تفسیر الجلالین, ابن کثیر, مختصر تفسیر الطبری, ئایەتی ٨١/ هود .

[٤٢٠] مختصر تفسیر الطبری.

[٤٢١] تفسیر القرطبی, ج٩, ص٤٧ .

[٤٢٢] ابن کثیر, ئایەتی ١٠ / التحریم.

هەروەها یەکدەنگی زانایان هەیە لە سەر ئەوەی، کە هیچ یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەران، ڕۆژێك لە ڕۆژان، داوێنپیسییان نەکردووە.[٤٢٣]

(خازن) لە تەفسیرەکەیدا، دەڵێ: "(ابن عباس) وتویەتی: خێزانی هیچ پێغەمبەرێك داوێنپیسیی نەکردووە، بەڵکو خیانەت و ناپاکییەکەیان ئەوە بووە، کە وەك مێردەکانیان لە سەر دینی ئەوان نەبوون، (واتە ژنەکەی نوح و لوط). وتراویشە: بە سەر زارەکی باوەڕیان دەربڕیوە، بەڵام دووڕوو بوون".[٤٢٤]

(سیوطی) دەڵێ: "واتە خیانەتیان لە دیندا کردووە، کاتێك بێباوەڕ بوون، ئەویان بە خەڵکەکەی دەوت. کە (نوح) شێتە، ئەویتریان هەواڵی دەدا لە میوانەکانی (لوط)، گەر بە شەو بهاتنایە، دەچوو ئاگری دەکردەوە، گەر بە ڕۆژیش بهاتنایە، بە (دووکەڵ) ئاگاداری دەکردنەوە.[٤٢٥]

خۆ گەر بوترێت: چۆن دەگونجێ خێزانی پێغەمبەرێك بێباوەڕ بێت و بەڵام کاری داوینپیسیی نەکردبێت؟.

دەڵێین:

مەرج نییە هەر کەسێك بێباوەڕ بێت، ئیدی دەبێت کاری داوێنپیسیی بکات، پاشانیش خوای گەورە پێغەمبەرانی بۆ لای بێباوەڕان ناردووە، تا بانگیان بکەن و دڵیان ڕابکێشن بە لای خۆیاندا، بۆیە پێویستە ئەو پێغەمبەرە شتێکی وای پێنەبێت، کە خەڵکی دوورەپەرێزیی لێبکەن و نامۆ بێت بە لایەنەوە، هەر لەبەر ئەمەشە، کە دەبینی پێغەمبەرێکی وەك (نوح) یان (لوط)، خێزانەکانییان بێباوەڕ بوون، تا ئەوە لابچێت لە هزری خەڵکیدا، کە پێغەمبەران ناتوانن هەڵبکەن، لەگەڵ کەسێك، کە جیاواز بێت لە ڕووی هزر و بیرو باوەڕەوە، بۆیە بێباوەڕی لای ئەو هۆزانە، شتێك نەبووە لێی دوور بکەونەوە بە هۆیەوە لە پێغەمبەرەوە، بەڵام کاری داوێنپیسیی، ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە و یەکێکە لەو تاوانانەی خەڵکی خۆی لێدەپارێزێت، پێشەوایان (زمخشری) و (رازی) و (نەسەفی)یش، ئاماژە بە وەڵامێکی هاوشێوەی ئەمە دەکەن.[٤٢٦]

خێزانی هیچ پێغەمبەرێك داوێنپیسیی نەکردووە:

(ابن عباس) دەڵێ:"ما بغت امراة نبي قط".[٤٢٧]

دەربارەی (یوسف) پێغەمبەر، خوا دانایی و زانستی پێداوە ﴿اتيناه حكماً و علماً﴾یوسف/٢٢.

خوا پاراستوویەتی لە هەموو کارێکی خراپ و داوێنپیسیی، چونکە ئەو یەکێك بووە لە بەندە چاك و هەڵبژاردەکانی خوا بۆ گوێڕایەڵیی و پێغەمبەرایەتی، ﴿كذالك لنصرف عنه السوء والفحشاء انه من عبدنا المخلصين﴾ یوسف/٢٤ .

خوا لە سەر زاری (ژنەکەی سەرداری میسر) یوسف، لە داوێنپیسیی وکاری خراپ بە دوور دەگرێت، وەك ژنەکەی دەڵێت: "ئێستا ڕاستی دەرکەوت من هەوڵی خراپەم لەگەڵدا داوە، ئەو ڕاست دەکات"، ﴿قالت امراة العزيز الآن حصص الحق انا راودته عن نفسه وانه لمن الصادقين﴾یوسف/٥١. پێشتریش هەموو ئەو ئافرەتانەی دەستی خۆیان بڕی، کاتێ چاویان بە (یوسف) کەوت: وتیان: درورد و پاك و بێگەردی بۆ خوا، لە هەموو کەم و کورییەك، بە ڕاستی هەرچی بوترێت خراپە لە (یوسف)دا شك نابەین، ﴿قلن حاشا لله ما علمنا عليه من سوء﴾ یوسف/٥١.

بە کورتی

---

[٤٢٣] فتح القدير، ج٥، ص٢٤٨.

[٤٢٤] تفسير الخازن، ج٤، ص٢٨٨.

[٤٢٥] تفسير الجلالين .

[٤٢٦] بڕوانە: تفسير الكشاف، التفسير الكبير، تفسير النسفى، ئایەتی ١٠/ التحريم.

[٤٢٧] تفسير القرطبى، ج٩، ص٤٦.

تەواوی پێغەمبەران و خێزانەکانیان دوور بوون لە کاری خراپەو پەیامی پیرۆزی ئیسلام، پێغەمبەران بە پیرۆزترین و پاکترین کەس دادەنێت، هەرچیش پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە، لە لای ئیسلام بێبایەخ و بێ بەهایە، جا هەر کەسێك بیڵێت، یان لە هەر جێگەیەکدا نووسرابێت.

لە بارەی پێغەمبەرانەوە (سەلامی خوایان لە سەر بێت) بە پێویستم نەزانی زۆر لە سەری بڕۆم، چونکە قورئان بە تایبەتیو فەرموودەی ساغی پێغەمبەر (ﷺ)، لەم بارەوە گەلێك دەوڵەمەندە، ڕوون و ئاشکرایە لە بارەیانەوە چی هاتووە، بۆیە زیاتر بە وەڵامدانەوە و قسە کردن لە سەر "تەورات" کۆتایی بەم بەشەش هات.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەم وەڵامە زیاتر وەڵامێکی زانستیانەیە لە ڕووی یەکلاکردنەوەی بابەتەکان، مەبەستی سەرەکیش لێی، دەرخستنی خودی تێگەیشتن و بۆچوونە سەقەت و خوارەکانی مەریوانە، هەروەها تاکو ئەم وەڵامە ببێتە بەر چاو ڕۆشنکەرەوەیەك بۆ هەموو لایەك، کە هەر کات نووسراوێك نووسرا، بە تایبەتی لەبارەی ئیسلام وموسوڵمانانەوە، یەکسەر باوەڕی پێی نەکەن، تا نەچنەوە سەر بنەماو سەرچاوەی بابەتەکە، مەبەستم نەبوو، کە دێڕ بە دێڕ، وەڵامی مەریوان بدەمەوە، چونکە بە پێویستم نەزانی، کە قسەی لە سەر بکەم لە بەر بێبایەخی باسەکە لە ڕووی زانست و ژیرییەوە، بۆ نموونە: ئەو ناماقوڵییەی، کە لە لاپەڕە (١٤٤)دا، نوسیویەتی: "مێژوو باسی سێکسی پەیامبەر پێش زەواجەکەی لە خەدیجە ناکات وپێم وایە مێژوونوسان درێغیان کردووە، کە ئەم باسەیان نەکردووە، چونکە جێی گومان و سەر سوڕمانە ئادەمیزادێك لە ناوچەیەکی ئاوەها گەرم و لە ناو کۆمەڵگایەکی ئاوەها سێکسسبازداو لە کەلتورێکی پڕ لەبێبەهای ژندا، جگە لە خەدیجە سێکسی نەکردبێت!!".

مەریوان، بە ئاشکرا دەڵێ: پێغەمبەریش (ﷺ) داوێنپیسیی کردووە!.

پەنا بە خوا، ئەمە ئەوەندە بێبایەخە، مەگەر تەنها هزرە پڕ لە سێکسییەکەی مەریوان قبوڵی بکات، دەنا ئەمە شتێکە، ئەوەی ئەندازەیەك ڕۆشنبیریی هەبێت باوەڕ بەمە ناکات!.

بۆیەش زیاتر ئەو لایەنانەی، کە رابورد ئاماژەم بۆیان کرد و قسەم لە سەرکردوون، تا ئەو شتانەی، کە مەریوان لە سەر دەقەکان داپڕشتووە، دەرکەوێ، کە دەقەکان بەو جۆرە نین، ئەو کات خودی مەریوان و نووسینەکەشی بێبەها دەمێنێتەوە.

بەشی چوارەم
ناڕێکی و دژایەتی لە نێوان نووسینەکانیدا

بەم بەشە کۆتایی بە وەڵامەکانم دێنم، ئەم بەشە هەندێك شت لە خۆدەگرێ، کە دووفاقیی بە قسەکانی مەریوانەوە دەردەکەوێ و دژایەتییەکی زۆر و جیاواز لە نێو قسەکانیدا دەردەکەوێت، من تەنها وەك نموونە، هەندێکی دەخەمە ڕوو، کە سەرەتا قسەی یەکەمی دەهێنم، پاشان پێچەوانەکەی بە دوایدا دەنووسم، مەبەستیشم ئەوەیە، کە خەڵکی بزانن مەریوان لە نووسینی ئەو کتێبەدا بیر و هۆشی لای خۆی نەبووە!.

١- لە لاپەڕە (٦٥)دا، لە بارەی ژنەکەی (لوط)ەوە دەڵێ: "تەنانەت ژنەکەی خۆیشی لە دەست دەداو ئەویش فێری هەمان ڕەوشت دەبێ ...".

دژەکەی: کەچی لە لاپەڕە (١٣٤)دا، دەنوسێ: "ئەم نەتەوەیە لە کونی دواوە سێکسبازیان کردووە، بەڵام نەك لەگەڵ ژنان، بەڵکو لەگەڵ کوڕان".

جا بیر لەم دوو نوسینە بکەرەوە!.

٢- لە لاپەڕە (١٥٠)دا، لە بارەی (عائیشە)وە، دەنوسێ: "عائیشە یەکێك دەبێت لە چاوکراوەترین ژنانی پێغەمبەر، دوور لە وتاری ئاینیو کاریگەری عەقیدە، پێویستە خوێندنەوەیەکی تایبەت و قوڵ بۆ ئەم ژنەی ناو کۆمەڵگایەکی جاهیل و دواکەوتوو بکەین".

دژەکەی: کەچی لە هەمان لاپەڕەدا، بە چەند دێڕێك لە خوارتر نووسیویەتی: "هیچ ڕیوایەتێك باس لە لێهاتوویی و زیرەکیو مافناسی (عائیشە) وەك خاوەن هەق و وەك مرۆڤێك ناکەن ".

دەکرێ بپرسین، گەر هیچ ڕیوایەتێك نەهاتووە، ئەی مەریوان چۆن زانی یەکێکە لە چاوکراوەترین...هتد؟!.

٣- لە لاپەڕە (١٦٧)دا، دەنوسێ: "ئەوەی کە مێژووی ئیسلام باسی ناکات، ئەوەیە کە تاکە خاڵێك هەموو ژنەکانی کۆکردبێتەوە، جگە لە(سەودە)جوانی بووە".

دژەکەی: کەچی لە بارەی (خەدیجە)وە، دەنوسێ: "بەڵکو خەدیجە ناودارێکی ناسراو و سەروەت و سامانێکی گەورە و بێئەندازەی هەبووە".

لە لاپەڕە (١٤٣) و (١٧١)دا، لە بارەی (حەفصە)وە، دەنوسێ: "بە پێی سەرچاوەکان جوان نەبووە".

جا بەڕێزان، دوو فاقیی لەمە زیاتر چی، لە لایەك پێیوایە، هەموو ژنهێنانەکانی لە بەر جوانییان بووە، جگە لە (سەودە) نەبێ، لە لایەکی تریشەوە، پێچەوانەکەی باس دەکات !.

تێبینییەك/ بەڕێزان، لە بەر گەڕانەوەی کات، من تەعلیقەکانم بە جێدەهێڵم بۆ ئێوە، من تەنها نووسینە دژ بەیەکەکانی مەریوان دەنووسم و ئەوەی تر واز لێدێنم بۆ خوێنەر!.

٤- لە لاپەڕە (١٧٤)دا، دەنوسێ: "پێم وایە ڕابواردنی مارییە لەگەڵ مابوری ئامۆزای ڕووداوێکی ڕاستەقینە بێت".

دژەکەی: چەند دێڕێك لە سەروو ئەوەوە، ڕیوایەتێك دێنێ: "کە لێی دەکۆڵیتەوە بۆتی دەردەکەوێت، کە مابوری چارەڕەش خەسێنراوە و هەردوو گونی دەرهاتووە و خوا شتێکی پێ نەداوە، کە لە پیاو بچێت".

٥- لە لاپەڕە (٢٤٥)دا، دەنوسێ: "هەر کات لەلایەن پەیامبەرەوە تەکبیری شەڕ لێدرا بێت، بە هەزاران ئیماندارو صەحابە ئامادەیی خۆیان نیشان داوە و بەبەردێك چەندین نیشانەیان شکاندووە، .... لەلایەکیشەوە دەتوانێ چەندین سەبایاو کەنیزەکیشی دەست کەوێتو بۆ ماوەیەك هەرچی پاڵنەرە سێکسییەکەی هەیە دایمرکێنێتەوە".

دژەکەی: کەچی لە لاپەڕە (٢٤٧)دا، لە پەراوێزەکەی خوارەوەدا، بە ژمارە (١٠٩) نوسیویەتی: "نەچوونی صەحابەکان بۆ جیهاد بەشێکی گرنگی پەیوەندی بە سێکسەوە هەبووە".

٦- لە لاپەڕە (٢٦١)دا، لە بارەی ژنی جوان و هێنانییەوە، دەنوسێ: "ئەم ڕووداوانە پەیوەندی بە باوەڕو بڕوا هێنانەوە (العقیدة والایمان) نییە، پەیوەندی بە پشت و هۆز و کەڵکە بوونی سامانەوە نییە".

دژەکەی: دەی کەوایە, ئیتر بۆ مەریوان کۆمەڵێ شت, کە پەیوەندییان بە دینەوە نییە, لە سەر دین حسابی دەکات, بەو قسەیە بێت, تەواوی نوسینەکەی پووچ و بێ کەڵکە!.

٧- لە لاپەڕە (٣٠٣)دا, لە بارەی (موتعە) و سەرچاوەکانی و باسی موتعە, دەنوسێ: "ئێمە زیاتر پشت بە دەقە سەرەکییەکان دەبەستین, ئەویش یەکەم: قورئان, دووەم: سوننەیە".

دژەکەی: مەریوان لە باسی پێغەمبەراندا پشت بە قورئان و سوننە نابەستێت, چونکە زیانی مەسەلەکەی خۆی تیایە و پشت بە (تەورات) دەبەستێ!.

٨- لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە, کە مەریوان بەم شێوەیە لە بارەی مرۆڤەوە دەنوسێ: "ئێمەی مرۆڤ دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین, کە جیاکردنەوەی خوو ڕەوشتی مرۆڤانەی خۆمان لە ئاژەڵ بەو مانایە دێت, کە سروشتیانە مامەڵە لەگەڵ دیاردە سروشتییەکان ناکەین".

لە لاپەڕە (٢٣٦)یشدا, شتێکی وا دەنوسێ, کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

دژەکەی: گەر کەسێکی ئایینی پاڵپشت بە ئایەت و فەرموودە, وتی: "سێکس سنوری هەیەو ئەم سنورەش دیاری کراوەو نابێت مرۆڤ بیبەزێنیت, ئەم جۆرە بیرکردنەوانە ناچنە ناو ڕەهەندەکانی بیر کردنەوەو خواستەکانی حەزو ئارەزوی مرۆڤەوە, وەك ئەوە وایە پێت بڵێن: مرۆڤ مەبەو ڕەوشتی ئاژەڵانەت هەبێ".

٩- لە لاپەڕە (٣٨)دا, لە بارەی (لوط)ەوە, دەنوسێ: "بە خەڵکەکە دەڵێت: ئەوەتا دوو کچم هەیەو پیاو نەچووە بەلایاندا".

دژەکەی: کەچی یەك دوو دێڕ دوای ئەمە, نوسیویەتی: "دوو میوانەکەش بە (لوط) دەڵێن: خۆت و ژنەکەت و کچەکانت و زاواکانت ...".

١٠- لە لاپەڕە (١٣٣)دا, دەنوسێ: "هەر چۆنێك بێت ئیمانداران و صەحابەکانی سەردەمی پەیامبەر لە کونی دوواوە چونەتە لای ژنەکانیان".

دژەکەی: هەر لە هەمان لاپەڕەدا، ئەم گێڕانەوەیە دەنوسێ: "صەحابەیەك لە کونی دواوە دەچێتە لای ژنەکەی و خەڵکی پێیان ناخۆش دەبێت"!.

ئایا ئەمانە لە سەر خۆچوون و شپرزەیی عەقڵی مەریوان دەرناخەن؟.

سەرچاوەکان

سەرچاوە عەرەبییەکان

١- قورئانی پیرۆز.

٢- الجامع الاحكام القرآن، ابو عبدالله محمد بن احمد الانصاري القرطبى، دار احياء التراث العربى، بيروت، ١٩٨٥م.

٣- تفسير القرآن العظيم، ابو الفداء اسماعل بن كثير القرشى الدمشقي، طبعة الاولى، دار يوسف، ١٩٨٣م.

٤- تفسير الجلالين، جلال الدين محمد بن احمد الحلي و جلال الدين عبدالرحمن بن ابي بكر السيوطى، دار الفكر، ١٣٨٥هـ.

٥- التفسير الكبير، للامام الفخر الرازي، طبعة الثانية، دار الكتب العلمية، طهران.

٦- تفسير الواضح، محمد محمود الحجازي، طبعة الخامسة، مطبعة الاستقلال الكبرى، ١٩٦٤م.

٧- تفسير الخازن السمى الباب التأويل في معاني التنزيل وعلاءالدين علي بن محمد بن ابراهيم البغداد الصوفي المعروف بالخازن، دار المعرفة، بيروت - لبنان.

٨- مختصر التفسير الطبري, اختصار محمد علي الصابوني والدكتور صالح احمد رضا، دار اليوسف.

٩- التفسير القيم، للامام ابن القيم، جمعه محمد اويس الندوى، حققه محمد حامد الفقي، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان، ١٩٧٨م.

١٠- فتح القدير محمد بن علي الشوكاني، دار الوفاء المنصورة، حققه وخرج احاديثه د. عبدالرحمن عميرة، طبعة الثانية، ١٩٩٧م.

١١- زاد المسير في علم التفسير ابن الجوزي، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان, طبعة الاولى ١٩٩٤م. تخريج احمد شمس الدين.

١٢- تفسير ايات الاحكام محمد بن علي السايس، مطبعة محمد علي صبيح.

١٣- روائع البيات تفسير ايات الاحكام، محمد علي الصابوني، دار الاحسان، طهران - ايران.

١٤- لُباب النقول في اسباب النزول، جلال الدين عبدالرحمن بن ابي بكر السيوطي، بزيل تفسير الجلالين.

١٥- مفردات الفاظ القرآن، راغب الاصفهاني، تحقيق صفوان عدنان داودى, طبعة الاولى ١٩٩٢م. دار القلم و الدار الشامية.

١٦- صحيح البخاري، محمد بن اسماعيل البخاري، مع فتح الباري, دار الحديث - القاهرة.

١٧- صحيح مسلم، ابو حسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسنابوري، دار احياء التراث العربي, طبعة الاولى, بيروت - لبنان, ٢٠٠٠م .

١٨- صحيح سنن ابى داود، محمد ناصرالدين الالباني، مكتبة المعارف، الرياض, ٢٠٠٠م.

١٩- سنن ابي داود، سليمان بن اشعث بن بشير السجستاني، دار الفكر, تحقيق محمد محىالدين عبدالحميد.

٢٠- سنن الترمذي، أبو عيسى محمد عيسى بن سورة، دار احياء التراث العربي - بيروت، تحقيق احمد محمد شاكر و آخرون.

٢١- سنن النسائي، أحمد بن شعيب بن علي، دار الفكر, بيروت - لبنان ١٩٩٥م.

٢٢- سنن أبن ماجة، أبو عبدالله محمد بن يزيد بن ماجة القزويني، دار المعرفة, بيروت - لبنان، طبعة الاولى ١٩٩٨م. حقق اصوله وخرج احاديثه و رقمه خليل مأمون شيحا.

٢٣- سنن الدار قطني، أبو الحسن علي بن عمر بن أحمد، دار المعرفة، تحقيق: السيد عبدالله هاشم يماني المدني، ١٩٦٦.

٢٤ – السنن الكبرى، أحمد بن شعيب علي، دار الكتب العلمية, بيروت، ١٩٩١م, طبعة الاولى، تحقيق: د. عبدالغفار سليمان البنداري، سيد كسروى حسن.

٢٥ – السنن الكبرى، أبو بكر البيهقي، مكتبة دار الباس ١٩٩٤م تحقيق محمد عبدالقادر عطا، مكة المكرمة.

٢٦ – سلسلة الاحاديث الصحيحة، محمد ناصرالدين الالباني، مكتبة المعارف، الرياض ١٩٩٥م.

٢٧ – سلسلة الاحاديث الضعيفة والموضوعة، المكتب الاسلامي, طبعة الخامسة، بيروت ١٩٨٥م.

٢٨ – صحيح الجامع الصغيرة و زيادته، مكتبة المعارف, طبعة الاولى ١٩٨٧م. الرياض.

٢٩ – أرواء الغليل، محمد ناصرالدين الالباني.

٣٠ – فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، دار الحديث القاهرة، عن الطبعة التي حقق اصلها عبدالعزيز عبدالله بن باز، رقم كتبها و ابوابها واحاديثها محمد فؤاد عبد الباقي.

٣١ – شرح صحيح مسلم، للامام النووي، دار التراث العربي، طبعة الاولى ٢٠٠٠م، رقمه و خرج احاديثه محمد فؤاد عبد الباقي، حققه الشيخ عرفان حسونة.

٣٢ – الموطأ، للإمام مالك، دار احياء التراث العربي، مصر، ت: محمد فؤاد عبدالباقي.

٣٣ – عون المعبود شرح سنن أبي داود، أبو عبدالرحمن شرف الحق محمد أشرف الصديقى العظيم ابادى، دار احياء التراث العربي, طبعة الاولى ٢٠٠٠م, ت, و,ع و تصحيح: عبدالرحمن محمد عثمان.

٣٤ – شرح سنن النسائي، بشرح السيوطي وحاشية السندي، دار الفكر، ضبط وتوثيق صدقى جميل العطار ١٩٩٥ بيروت – لبنان.

٣٥ – سبل السلام الموصولة إلى بلوغ المرام، للامير آل صنعاني، ت: محمد صبحى حسن حلاق، طبعة الاولى ١٤١٨هـ. دار ابن الجوزية.

٣٦ – اسد الغابة في معرفة تميز الصحابة، ابن الاثير عز الدين ابي الحسن.

٣٧ – النهاية في غريب الحديث، إبن الاثير، دار الفكر, طبعة الاولى ١٩٩٧م, بيروت – لبنان.

٣٨ – المحلى لابن حزم الظاهري، دار احياء التراث العربي، ت: احمد محمد شاكر, طبعة الثانية ٢٠٠١م.

٣٩ – زاد المعاد في هدى خير العباد، إبن القيم الجوزي، ت، خ، ع: شعيب الارناؤط و عبدالقادر الارناؤط, مؤسسة الرسالة، ن.ط: ٢٦، ١٩٩٢م بيروت.

٤٠ – صفة الصفوة، إبن الجوزي، المكتبة التوفيقية، اشراف: توفيق شعلان.

٤١ – تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، للسيوطي، ت: ابو قتيبة نظر محمد الفاريابى، طبعة الثالثة، دار الكلم الطيب ١٤١٧هـ. بيروت.

٤٢ – الباعث الحثيث، أحمد شاكر، تعليق محمد ناصرالدين الالباني، ت: عبدالحميد علي حسن، مكتبة المعارف، الرياض، طبعة الاولى ١٩٩٦م.

٤٣ – ضعيف سنن ابي داود، محمد ناصر الدين الالباني، المكتب الاسلامي, طبعة الاولى ١٩٩١م. اشراف: زهير الشاويش.

٤٤ – رحمة الامة في إختلاف الائمة, محمد بن عبدالرحمن الدمشقي، مؤسسة الرسالة، ت: على الشربجي و قاسم النوري، طبعة الاولى ١٩٩٤م. بيروت.

٤٥ – الأم، محمد بن إدريس الشافعي، دار الفكر بيروت – لبنان ١٩٩٠م.

٤٦ – الرحيق المختوم، صفى الرحمن المبار الكفورى، دار الخير, طبعة الثالثة دمشق – بيروت.

٤٧ – بداية المجتهد ونهاية المقتصد، إبن رُشد، ت. ص: محمد سالم محيسن وشعبان محمد اسماعيل، مكتبة الكليات الازهرية ١٩٧٤م.

٤٨ – فتوح البلدان، للبلاذري.

٤٩- البداية والنهاية، إبن كثير، مكتبة المعارف، بيروت، ١٩٩٠م.

٥٠- أخبار النساء، إبن القيم الجوزي، مكتبة التحرير، ١٩٨٨م.

٥١- جلباب المراة المسلمة, محمد ناصرالدين الالباني، المكتبة الاسلامية، طبعة الاولى، ١٤١٣هـ. عمان – الاردن.

٥٢- غاية المرام تخرج أحاديث الحلال والحرام، محمد ناصرالدين الالباني، المكتب الاسلامي، طبعة الثالثة، ١٩٨٥م, بيروت – دمشق.

٥٣- رفع الخفا شرح ذات الشفا، محمد بن الحاج حسن الالاني الكردي، ت: حمدى عبدالمجيد السلفي و صابر محمد سعدالله الزيباري.

٥٤- مختار الصحاح، محمد بن أبي بكر الرازي، دار الرسالة، كويت، ١٩٨٢م.

٥٥- مختصر سيرة الرسول، محمد بن عبدالوهاب، طبعة الاولى، الصناعات المطبعية والمكتبية، ٢٠٠١م.

٥٦- مذكرة أصول الفقه، محمد الامين الشنقيطي، ت.ع: ابي حفص سامي العربي، داراليقين، طبعة الاولى ١٩٩٩م.

٥٧- الاذكار للامام النووي، ت، خ، ع: بشير محمد عيون، مكتبة دار البيان، طبعة الثالثة ٢٠٠٣م.

٥٨- سير اعلام النبلاء، للامام الذهبي، طبعة التاسعة، مؤسسة الرسالة، ت: شعيب الارناؤط و محمد نعيم العرقوسي، ١٤١٣هـ.

٥٩- الزواجر عن إقتراف الكبائر، إبن حجر الهيتمي، الزهراء للاعلام العربي، راجعة وخرج احاديثه محمد محمد تامر، طبعة الاولى ٢٠٠٤م.

٦٠- الداء والدواء، إبن القيم الجوزي، ت, خ, ع: بشير محمد عيون، مكتبة دار البيان، طبعة الرابعة ١٩٩٦م، دمشق – بيروت.

٦١- تحفة المودود بأحكام المولود: إبن القيم الجوزي، ت: كمال علي الجمل، مؤسسة التاريخ العربى.

٦٢- مختصر صحيح مسلم، للمنذري، ت: ع, خ: د. مصطفى ديب البغاء، دار العلوم الانسانية، دمشق، حلبونى.

٦٣- تلخيص الحبير فى احاديث الرافعي الكبير، ابن حجر العسقلاني، ت: السيد عبدالله هاشم اليماني المدني، المدينة المنورة ١٩٦٤م.

٦٤- الدر المنثور، للسيوطى.

٦٥- الاستيعاب فى معرفة الاصحاب، أبو عمر بن عبدالبر، طبعة الاولى، دار الجيل, بيروت ١٤١٢هـ. ت: على محمد البجاوي.

٦٦- ضعيف سنن الترمذي، محمد ناصرالدين الالباني، المكتب الاسلامي، طبعة الاولى ١٩٩١م، بيروت – دمشق.

٦٧- المجموع للامام النووي، دار احياء التراث العربي، حققه و علق عليه و اكمله: محمد نجيب المطيعي، ١٩٥٠م.

٦٨- وبل الغمام على شفاء الاوام، محمد بن على الشوكاني، ت: محمد صبحي حسن حلاق، طبعة الاولى ١٤١٦هـ. مكتبة ابن تيمية.

٦٩- الروضة الندية شرح الدرر البهية، صديق حسن خان، ت: محمد صبحي حسن حلاق، طبعة الخامسة، مكتبة الكوثر، ١٩٩٥م. الرياض.

٧٠- الفقه الواضح، د. محمد بكر إسماعيل، طبعة الثانية ١٩٩٧م. دار المنار، القاهرة.

٧١- أحكام الجنائز، محمد نصرالدين الباني، مكتبة المعارف، الرياض ١٤١٢هـ.

٧٢- المعجم الكبير للطبراني، دار مكتبة العلوم والحكم، الموصل، ت: حمدى عبدالمجيد السلفي، طبعة الثانية ١٩٨٣م.

٧٣– اخبار الحمقى والمغفلين، إبن الجوزي، تقديم و تعليق: رضوان جامع رضوان، طبعة الاولى ١٩٩٧م ، دار الفكر، بيروت – لبنان.

٧٤– المسند، للامام أحمد بن حنبل، مؤسسة قرطبة، مصر.

٧٥– الشمائل المحمدية، إختصار و تحقيق: محمد ناصرالدين الالباني، المكتبة الاسلامية، طبعة الاولى ١٤٠٥ھ، عمان – الاردن.

٧٦– وفيات الاعيان إبن الخلكان.

٧٧– الاصابة في تميز الصحابة، إبن الحجر العسقلاني، طبعة الاولى، بيروت، دار الجيل، ١٩٩٢م، ت: على محمد البجاوي.

٧٨– تأريخ خلفاء الراشدين، د. على محمد محمد الصلابي، دار ابن كثير، طبعة الثانية ٢٠٠٥م ، دمشق – بيروت.

٧٩– مقدمة فتح الباري، إبن حجر العسقلاني، دار الحديث، القاهرة، ٢٠٠٤م.

٨٠– الرسالة، محمد بن ادريس الشافعي، ت، ش: احمد محمد شاكر، المكتبة العلمية، بيروت– لبنان.

٨١– المستدرك على الصحيحين، محمد بن عبدالله ابو عبدالله الحاكم النيسابوري، طبعة الاولى, دار الكتب العلمية ١٩٩٠م – بيروت، ت: مصطفى عبدالقادر عطا.

٨٢– تأريخ الخلفاء، للسيوطي.

٨– تفسير الكشاف للزمخشري بتخريج إبن حجر العسقلاني، طبعة الثالثة ٢٠٠٣، دار الكتب العلمية، بيروت لبنان.

٨٤– نوال المنى فى إثبات عصمة امهات وازواج الانبياء من الزنى، محمد نسيب الرفاعي، طبعة الاولى ١٩٩٨م.

٨٥– لسان العرب، ابن منظور، دار احياء التراث الاسلامي، مؤسسة التاريخ العربي، بيروت– لبنان، طبعة الثالثة ١٩٩٩م.

٨٦– المعجم الوسيط.

سەرچاوە کوردییەکان:

٨٧– شەریعەتی ئیسلام: مەلا عبدالکریمی المدرس، چاپی دووەم، دار المثنى للطباعة و النشر، بغداد.

٨٨– تەجریدی صەریحی بوخاری، بە کوردی کردنی: نوری فارس حەمە خان.

٨٩– ئیسلام و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی: د. محسن عبدالحمید.

٩٠– پوختەیەکی بە سوود لە زانستەکانی قورئان: عومەر کەمال دەروێش، چاپی یەکەم, سلێمانی ٢٠٠٦.

٩١– سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا: مەریوان هەڵەبجەیی, بێ ساڵ و شوێنی چاپ.

ناوەڕۆک